له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

خەرمانانی ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

پێڕست:

١- قادر وریا: دێموکراسیی زۆرایەتی ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا وەڵامدەر بێت...
دیمانە: شەهرام سوبحانی ٥
٢- شێرپەنجەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی (لە فتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی خومەینییەوە هەتا بەبارمتەگرتنی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست).. ناسر ساڵحیئەسڵ ١٢
٣- شکستی هۆشیاری: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ فاشیزمی دیجیتاڵی و پاشەکشەی بەهاکانی شۆڕش.....................
ئاسۆ مینبەری ١٧
٤- دوای هەشتا و چەند ساڵ! (لە پاشخانی جەماوەرییەوە هەتا فرەچەشنی لە خەباتدا)........... ڕەزا دانشجوو ٢٢
٥- دێموکرات دەڵێ چی و چیی دەوێ؟.. عەلی لەیلاخ ٢٨
٦- بە یەکگرتوویی سیاسی و ئامادەکاریی مەیدانی لە گۆڕانکارییەکاندا مافەکانمان مسۆگەر دەکەین................ ٣٣
٧- حیزبی دێموکرات؛ سیمبولی خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی..........................
هەردی سەلیمی ٣٥
٨- «یەکپارچەیی خاکی ئێران» یان مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان؟................ حەسەن قارەمانی ٣٨
٩- مستەفا مەولوودی: ناچینە نێو شەڕێکەوە مافی کوردی تێدا مسۆگەر نەبێت... ٤٤
١٠- مستەفا هیجری: بەردی بناغەی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێت پێش ڕووخانی ڕێژیم دابڕێت.......... حەل نێت ٤٩
١١- پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی ئاڵۆزدا.. ئیبراهیم لاجانی ٥٨
١٢- کۆماری ئیسلامی و هونەری «ژیان بەبێ کەلوپەل».. دارسمە ٦٣
١٣- خەباتی مەدەنی، بەرگریی چەکداری و پێوەندییان بە ڕووخاندنی ڕژیمە سەرەڕۆکانەوە..............................
د. کامران ئەمینئاوە ٦٦
١٤- کاردانەوەکانی بەرزبوونەوەی نرخی «دۆلار» لە بەرامبەر «ڕیاڵ»دا........................ ناسر ساڵحیئەسڵ ٧٤
١٥- دیپلۆماسی بە بێ دەوڵەت: (گوزار لە پارادیپلۆماسییەوە بۆ ڕۆلگێڕانی ستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا)...........
زانیار حوسێنی ٧٩
١٦- بەساڵداچوو بەڵام بەدەماخ و لەسەر پێ؛ ئەرک و ئالەنگارییەکانی بەردەم حیزبێکی هەشتاویەک ساڵە.. د. ئاسۆ حەسەنزادە ٨٥

١٧- چوار گریمانەی هەڵەی واشینگتۆن لە بارەی شەڕی ئێران............. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ٩٥

١٨- ژنانی کورد و فەتحی پێگەکانی بڕیاردان!.. ئیبراهیم لاجانی ٩٩

١٩- شەڕی ئەمریکا و ئێران بەرەو کوێ دەچێت؟.................................... عومەر باڵەکی ١٠٣

٢٠- بێنرخیی گیان و ژیانی کورد لەلای کۆماری ئیسلامی................................ شاڕوخ حەسەنزادە ١٠٧

٢١- وانەکانی ١٧ی خەرمانان و شکۆی حیزبی دێموکرات.................................... عەلی بداغی ١١٠

٢٢- کورد چی دەوێ؟ (لە وڵامی پرسیارەکانی هەیئەتی نێردراوی ڕێژیم بۆ کوردستان)......... مستەفا مەولوودی ١١٣

٢٣- ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە، تەنیا ڕێی مانەوەی کورد لە ئێرانی دوارۆژدایە!................ هەیاس کاردۆ ١٢١

٢٤- نا، ئێران براوە نییە: لە پەردەی چوارەمی جەنگدا، کارتەکانی گوشار لە هورمز لەدەست دەدات.................

.... سی ئێن ئێن - بریێت مەکگورک - و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ١٢٥

٢٥- ئایا شەڕ، قەیرانی ئابووری و ناڕەزایەتیی نێوخۆیی دەتوانن ببنە هۆی ڕووخانی ڕێژیم؟..... کاوە عەبدالی ١٣٠

٢٦- کوردستان لە قەفەزەوە بۆ کارت.. ئازاد مستۆفی ١٣٤

٢٧- ٢١ی خەرمانان؛ ناسنامەی سیاسیی کوردستان.. عەلی لەیلاخ ١٤١

٢٨- ٢١ی خەرمانان؛ دەنگی شاخ و شکۆی شار.. مەنسوور مرووەتی ١٤٦

٢٩- «عەهدی ئێران»؛ عەهد و پەیمان لەگەڵ کێ؟.. ئیبراهیم لاجانی ١٥٠

٣٠- چەمکی ئەخلاق لە پارساندا، بەراورد بە تێڕوانینی ئەخلاقی فەیلەسووف و بیرمەندانی جیهان..........................

.... سارۆ خوسرەوی ١٥٢

٣١- لە مێژوو و میراتەوە بۆ پرۆژەی داهاتوو؛ (حیزبی دێموکرات و نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردەواری)......................

.... عەلی بداغی ١٦٢

٣٢- بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرماناندا - هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران............ ١٦٧

٣٣- مانگرتنی سەرانسەری؛ وەڵامێکی مەدەنی بە بنبەستی سیاسی و قەیرانی هەمەلایەنەی ئێران!.........................

.... ئیبراهیم لاجانی ١٧٠

٣٤- "رفتار مداخلەجویانە" هیچ بە باش نازانین.. دارسمە ١٧٣

٣٥- ژینا؛ ناوێک کە بووە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی.. حەسەن قارەمانی ١٧٦

٣٦- ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٣٤مینساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی.. ١٨١

٣٧- سپاسنامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان......

.... ١٨٦

سەرچاوە
Serchawe

٣٨- بەکاتی ژینا؛ جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی ئازادی................ شاهۆ حوسێنی ١٨٨

٣٩- مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان، دەستمایەیەک بۆ بزووتنەوەی کوردستان................... سمایل شەرەفی ٢٠٠

٤٠- شەڕ کۆتایی نەهاتووە، نۆرەی گەمارۆ و ئابلۆقەی گورچووبڕە................................ ڕەزا دانشجوو ٢٠٣

٤١- دیسان کوردستان!.. عەلی لەیلاخ ٢٠٨

٤٢- ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ د. شەرەفکەندی تێرۆر کرد؟.............................. عومەر باڵەکی ٢١١

٤٣- ڕوانینمان لە پەراوێزی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی.................................... ٢١٦

٤٤- شۆڕشی ژینا؛ شۆڕشێکی نەسرەوتوو تا لووتکەی سەرکەوتن.................................. سۆما ناسری ٢٢٠

٤٥- کورتە وڵامێک بۆ ڕاگەیەندراوی بەناو «لاوان و سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ» لەسەر کوژرانی ئیسلام کاک دەروێشی.. مستەفا مەولوودی ٢٢٤

٤٦- مانگرتن؛ تێچوو، دەستکەوت و تاکتیک................................... شاڕوخ حەسەنزادە ٢٢٧

٤٧- د. کوێستان گادانی: ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و دێموکراسییەکی تەوافوقی دابڕێژرێتەوە... ٢٣٢

٤٨- مانگرتن؛ ڕاپرسییەکی بەردەوام... ئاسۆ مینبەری ٢٣٨

٤٩- ترامپ خەریکی ئامادەکاری بۆ جەنگێکی درێژخایەنە............. ئاتلانتیک – نانسی ئا. یوسف، جاناتان لێمیر.. لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن پوور ٢٤٢

٥٠- ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵ، پێناسەی نەتەوەیەک.. ڕەزا دانشجوو ٢٤٨

٥١- لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە بۆ دروستکردنی هێزی سیاسی.................... گوڵان هیجری ٢٥٢

٥٢- کەماڵ کەریمی: مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەڵات هاوکێشەی مووشەکەکانی قەڵای دێموکراتی پێچەوانە کردەوە...... .... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ٢٥٦

د. قادر وریا: دێموکراسیی زۆرایەتی ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا وەڵامدەر بێت

دیمانە: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ د. قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، لەبارەی مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە ئەنجام داوە. لەو وتووێژەدا، تیشک خراوەتە سەر فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکرات، ئەزموون و دەستکەوتەکانی، کاریگەریی حیزب لەسەر گەشەپێدانی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد، و ئاسۆی تێڕوانینی حیزبی دێموکرات بۆ پێگەی کورد لە ئێرانی داهاتوودا.

شەهرام سوبحانی: فەلسەفەی وجودیی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژدا چی بوو، و چۆن خەباتی کوردی لە قۆناغی نەریتییەوە بۆ خەباتی هاوچەرخی ڕێکخراو گواستەوە؟

د. قادر وریا: دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤(١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥)، ڕووداوێکی لەپڕ و لە

نەکاو نەبوو،

بەڵکوو لە درێژەی سێ ساڵ تێکۆشانی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کۆمەڵەی ژێکاف لە لایەک و لە لایەکی دیکە لەژێر کاریگەریی پێکهاتنی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕی ناوچەیی و جیهانیدا بوو. واتە پێش ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک بێت، ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەری کورد لەم بەشەی کوردستان پێویستیی خەبات دژی بندەستی و بێ مافیی کوردیان هەست پێ کردبوو و ڕێکخستنی نهێنیی تایبەت بە خۆیان پێک هێنابوو. لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندی و بوونی هێزی وڵاتانی هاوپەیمان لەنێو ئێرانیشدا، ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەشانەوەی جووڵانەوەی دێموکراتیک لە ئێراندا. لە کوردستانیش سێ ساڵ خەباتی کۆمەڵەی ژێکاف، وشیاری نەتەوەیی بەرەوژوور بردبوو، بۆیە کاتێک ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی کۆتایی هات، هیوا بە گۆڕانی سیاسی و وەدیهاتنی ویست و ئاواتە لەمێژینە و سەرکوتکراوەکان، لە ناوچە و کوردستان وەها گەشەی کردبوو کە دەبوایە حیزبێکی نوێ بە بەرنامە و قەوارەیەکی سەردەمیانە دابمەزرێ، حیزبێک کە بتوانێ نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لەم بەشە بکات و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەم جۆرە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەڵامدانەوە بە پێویستییەکی مێژوویی بوو. ئەم پێویستییە مێژووییە، بریتی بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مودێڕن بە دنیابینییەکی نوێوە، بە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانە، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە تواندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و جێگیرکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستاندا.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوکات بە خاوەنکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە لایەن ڕێکخراوی سیاسی و دەرهێنانی ڕێبەریی جووڵانەوە لە دەست سەرۆک عەشیرەت و شێخ و تاکەکەس بوو، بە جۆرێک کە بە نەمانی کەسی یەکەم، جووڵانەوە کۆتایی پێ نەیەت و درێژەی هەبێت.

شەهرام سوبحانی: حیزب بە چ ئامرازێک توانی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووژێنێتەوە و داواکاریی نەتەوەیی بکاتە بیروباوەڕێکی گشتگیر؟

د. قادر وریا: وەک باسم کرد سێ ساڵ کوردایەتی و تێکۆشانی سیاسیی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و پێوەندیگرتنیان بە مامۆستایانی ئایینی، شاعیران و پیاوە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و خاوەن نفووزەکان، بە تایبەتی تێکۆشانی فەرهەنگیی ئەو کۆمەڵەیە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" و نووسین و بەڕێوەبردنی شانۆی "دایکی نیشتمان"، هەتا ڕادەیەکی بەرچاو وشیاریی نەتەوەیی پێکهێنابوو. لەگەڵ پێکهاتنی حیزبی دێموکرات و دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ بۆ گشتگیرکردنی وشیاریی نەتەوەیی وپشتیوانی لە ویستی نەتەوەیی درا.

جێخستنی هێما نەتەوەییەکانی وەک ئاڵا و سروودی کوردستان، پێکهێنانی سپای میللی و هێزی پێشمەرگە، داهێنانی نەریتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکان و وتاردان بۆ خەڵک لەم جۆرە ڕێورەسمانەدا، باوەشکردنەوە بۆ بارزانییەکان، ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ کورد و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان و لە بەرامبەریشدا خزمەتی دڵسۆزانەی ئەوان بە کۆماری کوردستان لە بواری پێشمەرگایەتی و پەروەردەدا، بە ڕەسمی کردنی زمانی کوردی و کردنی بە زمانی یەکەم، گرنگیدان بە شاعیران و شێعر و ئەدەبیاتی کوردی، پەرەپێدانی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەڕێخستنی پەروەردە بە زمانی کوردی، وتاردان لە نوێژی هەینی بە زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ تەبایی و یەکگرتوویی و پشتیوانی لە پێشەوای سەرکۆمار و دەوڵەتی جمهوریی کوردستان، بووژاندنەوەی شانۆ، هەر کامیان بە نۆرەی خۆی کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردنی گیانی کوردبوون و وشیاری نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان لەوکاتدا هەبووە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش، بەردەوامی حیزبی دێموکرات لەسەر خەباتەکەی و شێلگیربوونی لەسەر بارهێنانی ئەندامان و لایەنگران و کۆمەڵانی خەڵک بە بیری نەتەوەیی و پاراستنی شوناس و زمانی کوردی، ئەم ئاورگەی بە گەشاوەیی هێشتووەتەوە.

شەهرام سوبحانی: ئەم ئەزموونە سیاسییە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیلهامبەخشین و ئاراستەکردنی خەباتی سیاسی لە پارچەکانی تری کوردستاندا هەبوو؟

د. قادر وریا: کورد یەک نەتەوەیە، بەڵام دابەش کراوە، هەر بۆیە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە کە بەشەکانی کوردستان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت. بەو هۆیەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێش لە بەشەکانی تری کوردستان توانی حیزبی کوردی و حکوومەتی نوێی کوردی دابمەزرێنێت، و لە برگەیەکدا بووە ڕووگەی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی تریش، بەشێک لە دەسکەوتەکان و نەریتەکانی گواسترانەوە بۆ پارچەکانی تر. هەر بۆ نموونە، پێشمەرگە، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی، سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەزاند و بوون بە هێمایی نەتەوەیی. ئەزموونی پێشوازی و پشتیوانی لە کەسایەتییە سیاسییەکان، ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکە - ئەو جار لە لایەن بەشەکانی ترەوە لە پێوەندی لەگەڵ خەباتکارانی ئاوارە و پەرپوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا - خۆی نواندووە. هەرچەند نموونەی تاڵ و چاوەڕواننەکراو و جێگای داخیش لەم بارەیەوە لە هێندێک برگەدا هەبووە، بەڵام ئەم نەریتە جوانەی سەردەمی کۆمار، لە کولتووری خەباتی نەتەوەیی کورددا بە خۆشییەوە هەر ماوەتەوە.

یەکێک لە گرنگترینی ئەو کاریگەرییانە، دروستبوونی حیزبێکی کوردی هاوناوی حیزبی دێموکرات بە ئامانج و ناوەرۆکێکی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان، ساڵێک دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. واتە ئەم قەناعەتە کە بزووتنەوەی کوردی دەبێت بە هۆی حیزبێکی نەتەوەیی و کوردی بەڕێوە بچێت، بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی

کوردستان، بۆ باشووری کوردستانیش پەلی هاویشت. هەروەها بیری قۆستنەوەی دەرفەتە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی کوردی و بەڕێوەبردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گەڕانەوە بۆ سەر ئەزموونەکان و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان، لە برگەکانی دواتر چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چە لە بەشەکانی تردا دووپات بۆوە. بە تایبەتی بە فەرمیکردنی زمان و پەروەردە بە کوردی، ئازادیی چاپەمەنی، ڕێزگرتن و دابینکردنی مافە کولتوورییەکانی کەمایەتییە دینی و زمانی و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی لاوان و ژنان، گرنگیدان بە هونەر و ئەدەبیاتی کوردی... و هتد.

لە گەرمەی ململانێی هێزە چەپەکان و لایەنگرانی سۆڤیەت، حیزبی دێموکرات چۆن توانی مۆدێلێکی نەتەوەیی پێشکەش بکات کە جیاواز بێت لە حیزبی تودە و ئازەربایجان؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دۆخێکی زۆر هەستیاردا لەدایک بوو. لەو کاتدا، ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران کەوتبوونە ژێر سێبەری ململانێی زلهێزەکان (بریتانیا، سۆڤیەت و ئەمریکا) و شەپۆلی حیزبی توودە و بزووتنەوەی "فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان".

شەهرام سوبحانی: حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی نەبێتە پاشکۆی ئەوان، توانی لە چەند خاڵی سەرەکیدا "مۆدێلێکی تایبەت بە خۆی" دابمەزرێنێت:

د. قادر وریا: یەکەم؛ دەستنیشانکردنی پرسی نەتەوەیی وەک پرسی سەرەکیی خۆی. حیزبی دێموکرات بە دروستی پرسی سەرەکیی کۆمەڵ و نەتەوەکەی خۆی دەستنیشان کرد کە ئەویش پرسی نەتەوەیی بوو. کێشەی ئەو کاتی کۆمەڵی کوردستان، ململانێی نێوان چینەکانی کرێکار و سەرمایەدار نەبوو، تەنانەت کێشەی نێوان دەرەبەگ و جووتیاریش نەبوو. ئەوە بەو مانایە نییە کە چەوسانەوەی ڕەعیەت بە دەست دەرەبەگ لە کوردستاندا نەبوو. بەڵێ هەبوو، بەڵام کێشە سەرەکییەکە، بێبەشیی کورد لە سەرەتاییترین مافی نەتەوەیی، ملهوڕی و زۆرداریی دیکتاتۆریی پەهلەوی، تواندنەوەی زمان و ناسنامەکەی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی سەردەستدا بوو. حیزب لەگەڵ ئەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی و حیزبی توودە و فیرقەی دێموکراتی وەک دۆستی خۆی دەدیت، بەڵام نەکەوتە داوی ئایدۆلۆژیای چەپی کلاسیک، و پێناسەکردنی کێشەی کوردستان وەک کێشەیەکی چینایەتی.

دووهەم؛ ڕەتکردنەوەی پاشکۆیەتیی ئازەربایجان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی ئازەربایجانی سۆڤییەت وەهەروەها بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، پێیان خۆش نەبوو کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بسەلمێنێت و خاوەن حکوومەتی نەتەوەیی خۆی بێت (دەیانەویست بە لانی زۆرەوە یەکەیەکی خودموختار لە چوارچێوەی حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا بێت!) بەڵام پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی حیزبی

دێموکرات، کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. ئەوان بە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئەم پەیامەیان بە گوێی دۆست و دوژمن دادا، کە کوردستان و نەتەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، بوونێکی سەربەخۆ لە ئازەربایجانیان هەیە، ویستی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەیە، ڕێبەری و حیزب و حکوومەتی خۆیان هەیە. ئەگەرچی پێوەندیی کۆماری کوردستان بە یەکیەتیی سۆڤیەت، زیاتر لە ڕێگای کاربەدەستانی حیزبی کۆمونیست و کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە بوو، بەڵام ئەمە نەیتوانیبوو ببێتە هۆی کەم بایەخدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار بە هاوپێوەندی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان.

سێهەم، پاراستنی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستان. کوردستان، لە باری شارنشینی، ئابووری و بازرگانی نەگەیشتبووە ئاستی ئازەربایجانی ئەوکات. پێکهاتەی خێڵەکی و سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان زۆر بەهێز بوو. لە باری کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە کوردستان هەلومەرجێکی جیاواز لە ئازەربایجانی هەبوو. ئەمانە وایان کردبوو حیزبی دێموکرات خۆی لە چەپڕەوی و لەبەرامبەر یەکتردا ڕاگرتنی چین و توێژەکان بە دوور بگرێت و ببێتە بەرەیەک بۆ لێک کۆکردنەوە و یەکگرتوویی خەڵکەکەی.

چوارەم؛ جیاوازیی مۆدێلی حکوومەتی. کوردستان تەنانەت لە بنیاتنانی مۆدێلی حکوومەتییشدا لەگەڵ ئازەربایجان جیاواز بوو. ئەو حکوومەتەی لە کوردستان پێکهات، کۆمار (جمهوری) بوو، بەڵام ئەوەی لە تەورێز ڕاگەیەندرا، ناوی حکوومەتی میللی بوو، واتە ڕوون نەبوو چ جۆر سیستەمێکە. ئاشکرایە سیستەمی کۆماری دێموکراتیک ترە و خەڵک ڕۆڵی زیاتریان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکەیدا هەیە.

لە یەک وتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە، بە ژەکی نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی فرچکی گرت و نەبووە پاشکۆی هیچ هێزێکی دەرەکی و لاوەکی. ئەمەیە حیکمەتی پابەند مانەوەی بە پرسی نەتەوەیی و دەرنەچوون لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی.

شەهرام سوبحانی: لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گوشارە دەرەکییەکان، پەیامی ٢٥ی گەلاوێژ بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و بەهێزکردنی نێوماڵی کوردی چۆن دەتوانرێت بە کرداری پەیڕەو بکرێت؟

د. قادر وریا: جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئێستا و ئەو سەردەمەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، هەیە. هەر بۆ نموونە ئەوکات حیزبی دێموکرات حیزبی تاقانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام ئێستا چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن و تێکۆشانیان هەیە. دیارە شتێک کە هەروا لە جێگای خۆیەتی،

ئەو ڕاستییەیە کە ئێستاش وەک ئەوکات نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی بێبەشە. ئێستاش دەوڵەت نەتەوەی ئێران، ئێلیتی ناوەندگەرا و تەنانەت زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بە ناو ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە، ئامادە نین کورد و نەتەوە نافارسەکانی تری ئێران وەک نەتەوە و، کێشەکەیان وەک پرسی نەتەوەیی قبووڵ بکەن وەهەروا خەیاڵی ڕاگرتنی ئەو دۆخەیان هەیە کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان نزیکەی سەدەیەکە لە دژی خەبات دەکەن.

ئێمە ئێستا لە بڕگەیەک لەمێژوودا‌ین کە ناوچەکەمان و وڵاتی ئێران لە بەردەم گۆڕانی گەورەدان. ئەگەر ژیرانە و ئازایانە و بەرپرسانە نەجووڵێینەوە، لەوانەیە دەیان ساڵی تریش لە پەراوێزی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکاندا بمێنینەوە و هیچ بە هیچ نەکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە حوکمی درێژترین مێژووی خەبات و زۆرترین ئەزموونی سیاسی، بە هۆی پێگەی یەکەم و بێ وێنەی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبێ و لێی چاوەڕوان دەکرێت ڕۆڵێکی پێشەنگانەی لە دروستکردنی زۆرترین یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەبێت. پێویستە چ وەک خۆی و چ لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا، جێ پەنجەی بەسەر ڕووداوەکانەوە دیار بێت. پەیامی ٢٥ی گەلاوێژ، لە ئێستاشدا وەک ٨١ ساڵ لەمەوبەرلە ئاستی نێوخۆیی(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا دەبێ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی و لە ئاستی ئێراندا، دروستکردن و لە نوێ نووسینەوەی مێژووی پێکەوەبوون بە کۆتاییهێنان بە نەتەوەی سەردەست و بندەست، بە نەهێشتنی هەڵاواردنی زمانی، دینی و ڕەگەزی، و دوایی هێنان بە دیکتاتۆری و زۆرداری بێت.

شەهرام سوبحانی: هەر لەو پێوەندییەدا و لە درێژەی پرسیاری پێشوو، لەگەڵ بێئومێدبوونی خەڵک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا و نەبوونی ئاسۆی دێموکراسی لە ئێراندا، ئایا دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران هێشتا ستراتیژییەکی ڕیئالیستییە یان پێویستی بە پێداچوونەوەیە؟

د. قادر وریا: دێموکراسی، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا پێویستییەکی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانە، هەروەک پێویستییەکی بنەڕەتیی ژیانی تاکەکەسییشە. وڵاتێکی وەک ئێران، با تاقم و گرووپ و کەسایەتیی ڕەگەزپەرست، کۆنەپارێز و ناوەندگەڕاشی تێدا بێت و چارەی دێموکراسیی ڕاستەقینەیان نەوێت، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا وڵات و کۆمەڵ چ بۆ بڕیاردان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، چ بۆ دیاریکردنی دەستوور و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵ، هەروەها بۆ دابینبوونی مافە کەسییەکان ناتوانێت هەتا هەتایە دژی دیموکراسی بوەستێت و لێی بێبەش بێت. دیارە دیموکراسی لە هەر ناوچە و کۆمەڵێک، پێویستە لەگەڵ سروشتی ئەوێ خۆی بگونجێنێت.

خەرمانانی ٢٧٢٦

ئێـران وڵاتێکـی فـرەنەتەوە، فـرە زمـان، فرەئـایین و فرەکولتـووره، هەر بـۆیە دێموکراسییەکەشـی دەبـێ لە خـزمەت بەرەسمیناسینی ئەم جۆراوجۆریانەدا بێت و بیانپارێزێت. دەسەڵاتی سیاسی و دەستووری وڵات پێویستە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو سروشتە تایبەتانەی وڵاتەکە بن. ئەمەش بە دێموکراسیی ڕێککەوتن (توافقی)، دابین دەبێت. "دیموکراسیی زۆرایەتی" ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێران وەڵامدەر بێت، ئەگینا نەتەوەی سەردەست کە حەشیمەتەکەی لە نەتەوەکانی تری وڵات زیـاترە، بە سـوودوەرگرتن لە ئـامرازی زۆرایەتـی و دەنگـی زۆریـنە، فرەنەتەوەیـی و فرەزمـانی ڕەت دەکـاتەوە، پـێش بە دابینبوونی بنەمای خۆبەڕێوەبەری بۆ ئەو نەتەوانە دەگرێت، فرەزمانی و فرەئـایین و فرەکولتـووری لە بەرژەوەنـدی نەتەوە و زمان و ئـایینی سەردەست، پێخوست دەکـات. ئاکامێک کە دەمەوێ لەم قسـانە وەری بگـرم و وەڵامی پرسیارەکەتی لە یەک ڕستەدا پێ بـدەمەوە ئەوەیە ئێمەوە وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتـا ئەو کـاتەی ئامانجمان چارەسـەری پرسی نەتەوەییمـان لە چوارچێوەی ئێرانـدایە، نـاتوانین دیموکراسی بـۆ ئێـران، دابەشکردنی دەسـەڵات لەنێـوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەکانی تر و، پێکەوەژیانی دێموکراتیکمان نەوێت.

١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

شێرپەنجەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی (لە فتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی خومەینییەوە هەتا بەبارمتەگرتنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)

ناسر ساڵحیئەسڵ

لە سەد ساڵی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێراندا، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەویدا و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەک هەموو دەسەڵات و سەروەت و سامان لە دەست ڕێژیمگەلێکی سەرەڕۆ، دیکتاتۆریی تاکەکەسی،

گرووپ و مەزهەبی شیعەگەریی ویلایەتی فەقێدا بووە، و لە لایەکی دیکەوە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئیتنیکی و ئایینزاییەکان لە هەموو مافە سیاسی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش کراون. هەروەها ئەو سیستەمە ناوەندگەرا و پێکهاتە نادێموکراتیکەی تاران، هەمیشە بە دوور لە بەها کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بووە و هیچ ترووسکەیەکی هیوایش بۆ چاکسازی و ریفۆرمێکی دێموکراتیک و گەلی لە وەها سیستەمێکدا نەبووە.

ئەو سیستەمە ناوەندگەرایە لە ئێرانی فرەنەتەوەدا، ئەگەرچی لە ڕوانگەی هێزی سەربازییەوە خۆی بە زلهێزێکی ناوچەیی دەزانێت کە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ، جبەخانەیەکی مەترسیدار و هەزاران پادگان و شاری مووشەکی و هێزی جۆراوجۆری سەربازی و ئەمنییەتییە؛ بەڵام ئەو هێزە سەربازییەیان تەنیا بۆ پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتداریی خۆیان بەکار هێناوە؛ بۆیە پەنایان بۆ هەموو ئامرازێکی سەرکوتکەری خوێناوی بردووە. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرەڕای ئەو هەموو هێز و جبەخانەیە، چەند سوپا و میلیشیای کرێگرتەی بە تێچوو و سەروەت و سامانی گەلانی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا پێک هێناوە، تا لە کاتی پێویستدا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی ناڕازی و چەوساندنەوەی گەلانی ئێران کەڵکیان لێ وەربگرێت.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، دەرفەتێکی باشی بۆ گەلانی ئازادیخواز و بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەخساند، تاکوو خەباتی خۆی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیاندا بەئاشکرا و لە چوارچێوەیەکی مەدەنی و یاساییدا درێژە پێ بدات. بەم جۆرە بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. بەڵام چونکە هەر لە سەرەتاوە خومەینی و هاوبیرانی باوەڕیان بە ئێرانێکی فرەنەتەوە و ئایینزای جۆراوجۆر نەبوو، هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکان هەڵنەگرت. بەڵکوو باس کردنیان لە مافە سەرەتاییەکانی گەلان بە پیلانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەیان لەقەڵەم دەدا. خومەینی و هاوبیرانی بەرانبەر بە هەلومەرجی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ترسێکی زۆر بوون و بە هەڕەشەیان دەزانی بۆ سەر دەسەڵاتی سەرەڕۆیان. چونکە لە لایەک خودئاگایی نەتەوەیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخێرایی لە پەرەسەندندا بوو، و لە لایەکی دیکەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بوونی فەزایەکی سیاسیی کراوە، ببووە مەکۆ و پەناگەی تێکۆشانی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی گەلانی ئێران کە مەجالی تێکۆشانیان لە ناوچەکانی خۆیاندا نەبووە.

دەسەڵاتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی خومەینی، ڕێگر بوو لەوەی لە بەشێک لە خاکی ئێراندا فەزایەکی ئازاد هەبێت و هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە قیبلەنمای ئازادیخوازان. هەر بۆیە بە زووترین کات هێزە چەکدارەکانی لە کۆمیتەچی،

پاسدار و ئەرتەش ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد تا هەم ئەم فەزا ئازادە لە ناو ببەن و هەم ئاستی خودئاگایی نەتەوەیی کورد بە گرتن، زیندان و ئیعدام کەم بکەنەوە. پیلانەکانی شەڕی نەوروزی خوێناویی شاری سنە، شەڕی نەتەوەیی لە شاری نەغەدە بە دەستووری مەلا حەسەنی (نوێنەری خومەینی لە پارێزگای ورمێ)، شەڕی شاری پاوە لە پارێزگای کرماشان، کوشتن و ئیعدامی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی، هاندانی دەرەبەگەکان بە دژی خەڵکی زەحمەتکێش و کۆڕەوی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان، سەرەتای هێرش و دەستپێکی فەتوا بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران بوون.

لەگەڵ پاوانکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن مەلایانی پەیڕەوی خەتی خومەینی و گۆڕینی چەمکەکە بۆ "شۆڕشی ئیسلامی" و دامەزراندنی باڵی سەربازیی سپای پاسداران، بە هەزاران کەس لە ئازادیخوازان دەستبەسەر، زیندانی و ئیعدام کران یان تووشی ئاوارەیی بوون. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەموو ڕێکخراوە ڕەسەن، سەربەخۆ و دێموکراتەکانی گەلانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند؛ و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ڕەسمی قەدەغە کرد.

ڕێژیم پاش ٣٧ ڕۆژ لە تەمەنی، بە هەڵگیرسانی شەڕی نەوروزی خوێناوی لە شاری سنە (١٣٥٨ی هەتاوی) و هەروەها لە مانگی گەلاوێژی هەمان ساڵدا بە پیلانی بڕێک لە دیارترین ڕێبەرانی، وەک پاسدار مستەفا چەمران و سەید شیرازی، شەڕێکی خوێناوی لە شاری پاوە ساز کرد. پاسدارە چەکدارەکان ژمارەیەک لە خەڵکی سڤیلی پاوەیان کوشت. هەر بۆیە خەڵکی شاری پاوە بە دژی چەکدارانی سپای پاسداران ڕاپەڕین و بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە "قۆری قەڵا"ی نزیک پاوە مانیان گرت. خومەینی دوایە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، حوکمی فتوای جیهادی بە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند. لە بەشێکی فەتواکەیدا دژی نەتەوەی کورد هاتووە: "هۆشدار دەدەمە ئەرتەش، ژاندارمەری و پاسداران، ئەگەر بە تۆپ و تانک و هێزی ئامادەکراوەوە تا ٢٤ کاتژمێری دیکە بەرەو کوردستان وەڕێ نەکەون، هەموویان بە بەرپرس دەزانم."

لەو ڕۆژەدا، خومەینی بە ناوی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامییەوە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بە دوور لە هەموو عورف و پرەنسیپێکی ئایینی و نێونەتەوەیی، فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند. ئەودەستووری دا بە هێزەکانی ئەرتەش، پاسداران و هێزی ئاسمانی، هێرش بکرێتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەژێر ناوی "دژە شۆڕش" خەڵک کۆمەڵکوژ بکەن. خومەینی بۆ جێبەجێکردنی فەتواکەی چەندین مۆرەی وەک مستەفا چەمران (وەزیری بەرگریی ئەوکات)، سەییادی شیرازی (فەرماندەی ئەرتەش)، مەلا حەسەنی و خاڵخاڵیی جینایەتکار (کە بڕیاری ئیعدامی دەیان ڕۆڵەی کوردی لە بێدادگاکاندا دەرکردبوو) وەک بەرپرسی جێبەجێکردنی فەرمانەکە دیاری کرد.

بەمجۆرە شەڕێکی خوێناویی بەربڵاو بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپا کە هەتا ئێستاش بە شێوەی جیاواز درێژەی هەیە. بیانووی خومەینی و دارودەستەکەی، لە واقیعدا بۆ سەرکوت، خەفەقان، کوشتنی ئازادیخوازان، قەدەغەکردنی چالاکیی حیزبەکان و هێرشکردنە سەر نەتەوەکانی ئێران بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی بوو. چونکە نەتەوەی کورد تەنیا داوای مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆی دەکرد، بەڵام داواکارییە ڕەواکانی بە سەرکوتی خوێناوی و فەتوای جیهاد وەڵام درانەوە.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی سەرکوتکەر، بە دامەزراندنی دوو ئۆرگانی سەربازی و ئەمنییەتی بە ناوەکانی "سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی" و "وەزارەتی ئیتلاعات"، دەستی کرد بە خەفەقانی نێوخۆیی و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی ئیسلامی لە ڕێگەی دروستکردنی گرووپی چەکدارەوە. بەمەش هەموو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداری و کۆمەڵگەی قۆرغ کرد. دواتریش بە دامەزراندنی دەیان تاقم لە دەرەوەی سنوورەکان (وەک حیزبوڵڵای لوبنان، جیهادی ئیسلامی، سپای قودس، سپای بەدر و...)، بە کردەوە دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتاندا دەکرد. هەر بۆیە لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دێموکراتیک باش دەزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووەتە شێرپەنجەی سیستەمی نێودەوڵەتی و سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی توندڕەوی و سازکردنی شەڕی مەزهەبی و ئێتنیکی لە ناوچەکەدا.

لە وەها بارودۆخێکدا، داسەپاندنی شەڕێکی ناڕەوا بەسەر خەڵکی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا، چەند ئامانجێکی پاوانخوازانە و چەواشەکارانەی لەسەر ئاستی کوردستان و ئێران بەدوای خۆیدا هێنا:

یەکەم: بڕوادارانی ویلایەتی فەقێ لە بنەڕەتدا هیچ باوەڕێکیان بە فرەنەتەوەیی و ئایینزایی لە ئێراندا نەبووە و نییە؛ هەروەها بڕوایان بە چارەسەرکردنی مافە سیاسییەکانی گەلی کورد نەبووە، بەڵکوو دەستەبەرکردنی ئەو مافانەیان بە هەڕەشە بۆ سەر بازنەی داخراوی دەسەڵاتی خۆیان زانیوە. بۆیە هەمیشە بە سەرکوت، گرتن، زیندان، ئیعدام و هێرشی سەربازی وەڵامی داوا ڕەواکانی کوردیان داوەتەوە.

دووهەم: ڕێژیم دەیویست بە پەلاماردانی سەربازی لە ژێر ناوی جیهاددا، دەنگی ئازادیخوازیی گەلی کورد بە بیانووی بەستراوەیی بە ڕۆژئاوا و "تەجزیەتەڵەبی" کپ بکاتەوە. بەمەش ڕەی گشتیی گەلانی ئێران و حیزبە ئێرانییەکان بەوە چەواشە بکات کە گوایا ڕۆژئاوا و کوردەکان پیلان بۆ هەڵوەشانەوەی ئێران دەگێڕن. ئەو تێڕوانینە چەواشەکارانەیە بۆ سەرکوتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش درێژەی هەیە؛ وەک دیدمان لە هاویشتنی مووشەک و درۆن بۆ سەر بنکە، بارەگا و کەمپی نیشتەجێبوونی بنەماڵە ئاوارەکان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێت.

سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٦

٤٨ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوە باش بزانێت کە لە ڕەوتی مێژووی سیاسیی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورددا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵک و ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەکە سەلماندوویانە کە ئەگەرچی دوژمنان بە شانازییەوە باسی کوشتاری خەڵکی بێدیفاع و حوکمی جیهاد دەکەن و پێیان وایە بە سەرکوت و ئێعدام بە ئامانجەکانیان دەگەن، بەڵام ئەم پەلامارانە تۆزقاڵێک لە ورە و باوەڕی خەڵکی کورد بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی و خۆری ئازادی و دێموکراسی کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر بەگوڕوتینتری دەکات.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦

شکستی هۆشیاری: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ فاشیزمی دیجیتاڵی و پاشەکشەی بەهاکانی شۆڕش

ئاسۆ مینبەری

لە دوای نارەزایەتییەکانی ١٤٠١ و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژیناوە، پرسی «نەوەی زێد «(Gen Z) و گرنگیدان بە خواست، هەست و داواکارییەکانی ئەم نەوەیە زیاتر لە ڕابردوو بوو بە تەوەری سەرەکیی باس و دیالۆگی کۆمەڵایەتی. ئەمە نەوەیەک بوو کە سەرەڕای پەروەردەی چڕی ئایدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر زاڵمترین دەسەڵاتی سەردەمدا

ڕاوەستان؛ ئەوە ئەوان بوون کە گۆڕەپانی خەبات دژ بە دەسەڵاتی سەرکوتکەریان تەنی و توانییان کۆڵەکەکانی ئەو حوکمڕانییە ستەمکارە بخەنە لەرزە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، کچێکی لاو بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەک کە تێیدا بە شێوازێکی تەنزئامێز ئاماژەی بە هونەرمەندی ناوداری گەلەکەمان «ماملێ» کردبوو، بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بووەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیە شەپۆلێک لە تووڕەیی و هێرشی ناڕەوای بۆ سەر ئەم کچە کوردە لێ کەوتەوە، بە شێوەیەک ئەو کچە ناچار کرا لە چەندین پەیامی ڤیدیۆییدا و بە هۆی دەستبردن بۆ سیمبولێکی هونەریی کوردستان داوای لێبوردن بکات.

کێشەکە لەوێوە دەستی پێکرد کە بە پێچەوانەی تاقە ڤیدیۆی یەکەم، ڤیدیۆکانی دیکەی داوای لێبوردنکردنی ئەو کچە هەر نەبینران، و ئەوانەش کە بینران، بە دەیان جنێوی ناشیرین، دەستەواژەی سێکسیستی، هەڕەشەی کوشتن و دەستدرێژی وەڵام درانەوە! لە جیاتی قبووڵکردنی دانپێدانان بە هەڵەیەک و نواندنی لێبوردەیی، ئەوانیش بوونە دەرفەتێکی دیکە بۆ هەڵڕشتنی ڕق و کینەی کەڵەکەبوو بەرامبەر بە کچێکی کورد کە وەک بلۆگەرێک تەنیا مەبەستی گاڵتەکردنێکی ئاسایی و بەرزکردنەوەی ژمارەی بینەرەکانی بوو. ئاکارێک کە لەگەڵ ڕۆحی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و بەتایبەتیش نوێترین شۆڕشی جەماوەری لە کوردستان واتە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»، لە دژایەتییەکی تەواو ئاشکرادایە.

کچێکی سەر بە نەوەی زێد، کە بە زمان و جیهانبینیی سەردەمی خۆی قسە دەکات، دەبێتە قوربانیی عەقڵییەتێکی دۆگماتیک و پیاوسالار کە ناتوانێت جیاوازیی نێوان «کولتووری گاڵتەکردنی دیجیتاڵی» و «سووکایەتیکردنی بەئەنقەست» بکات. زامەکە لێرەدا زیاتر بەسۆیە کە ئەم کۆمەڵگەیە، لەبری پەروەردەکردن و دیالۆگی نێوانەوەیی، پەنا دەباتە بەر هەمان ئەو هێزەی کە ڕۆژانە ئازادییەکانی لێ زەوت دەکات، تا شادەمارەکانی ژیان و بیری سەربەست لە کچێکی لاودا بخنکێنێت.

شەپۆلی بەربڵاوی دژایەتی بەرامبەر بەو کچە و ناڕەزایەتی بەو ڤیدیۆیە وای کرد کە هەژمارەکەی لە ئینستاگرام لە لایەن دەزگای ئەمنیی «پۆلیسی فەتا»وە دابخرێت؛ لە لایەکی تریشەوە هەواڵی دەستبەسەرکرانی، نیگەرانییەکی قووڵی لای ئەو کەسانە دروست کرد کە لانیکەم لە سنوورەکانی ئازادیی دەربڕین، گاڵتەکردن و سووکایەتی تێگەیشتبوون.

ڕۆژانە بە سەدان ڤیدیۆی گاڵتەئامێز لەسەر کەسایەتییە سیاسی، هونەری و کۆمەڵایەتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە و کاردانەوەی جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە؛ بەڵام چی دەبێتە هۆکار کە - ئەگەر ناوی هەڵەشی لێ بنێین -

هەڵەی کچێکی لاو بەو خێراییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبێتەوە و هەستی کۆمەڵگە بریندار دەکات و دەبزوێنێت؟! دەمەوێت ڕووداوەکانی دیکە وەبیر بهێنمەوە؛ هەر لە یەک هەفتەی ڕابردوودا، دوو حاڵەتی تۆقێنەری «ژنکوژی» لە کوردستان ڕوویان دا: یەکێکیان لە سنە و ئەوی تریان لە سەقز! دوو شاری کوردستان کە جگە لە مێژووی پڕ لە شانازییان بۆ خەبات دژی داگیرکەران، ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین هەر لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا گۆڕەپانی پێشەنگ و دیاری خەبات دژ بە ستەمکاری و هزری پیاوسالاریی دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی بوون. هەر لەو دوو شارەدا بە هەزاران ژن هاتنە سەر شەقام تا لەگەڵ هاواری پەنگخواردووی سەرکوتی مێژوویی نەتەوەیەک، لە بەرامبەر بێدادی، هەڵاواردن، سەرکوتی سیستماتیک و نکۆڵیکردن لە شوناسی نەتەوەیی و جێندەرییان ڕاوەستن و دەنگ هەڵبڕن. ئەم مەیدانداررییەی ئەو کات و بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکانی ئەو کات، هێز و وورەیەکی بەرچاویان وەبەر خەڵک و کۆمەڵگە خست، چونکە پاش ساڵانێک سەرکوتی سیستماتیک، ئەوە ژنان بوون کە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و لە گۆڕەپانی شۆڕشەکەدا ڕۆڵیان دەگێڕا و پێشەنگایەتییان دەکرد.

سەرنجدان لە دۆخی ئەو کات و ڕووداوەکەی ئەم ڕۆژانە، ئەم پرسیارە قووڵە دەورووژێنێت کە ئایا شۆڕشی ژینا، تەنیا شۆڕشێک بوو لە بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەر و لەسەر پرسی سیاسی، یان نا - وەک لێکدانەوەکانی ئەو کات - شۆڕشێکی بنچینەیی و ژیاری بوو لە دژی ستەمە بەربڵاوەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ڕوانگەی دژەژنی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا؟ ئایا بەشداریکردنی بەربڵاوی پیاوان لە بزووتنەوەی ژینادا، هۆشیارییەکی قووڵی دژە-پیاوسالاریی سیستماتیک بوو، یان تەنیا نارەزایەتییەکی سیاسی بوو دژی دەسەڵات؟

ئەمە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە پێم وایە لە ساڵانی دوای شۆڕشی ژینادا و هەتا ئەمڕۆ دەکرێت وەک کەلێنێکی مەعریفی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا سەرنجی بدرێت؛ ئەرکە سەرەکییەکە خەسارناسییەکی قووڵ بوو بۆ لایەنە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشەکە کە بە هەر هۆکارێک ئەوەندە کاری لەسەر نەکرا تا ڕێگری لە پاشەکشەی بەهاکان بکرێت. کارەسات لێرەدایە کە هەر ئەو کۆمەڵگە پێشەنگەی قەتڵی حکوومەتیی ژینای کردە هەوێنی شۆڕشێکی بەربڵاو دژی خوێنمژیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ئەمڕۆ لە جیاتی تێگەیشتن لە بیر، زمان و کردەوەی نەوەی زێدی پێشەنگی هەمان شۆڕش، دەبێتە کاتالیزاتۆر و خێراکەری سەرەکیی سەرکوتی ئەو نەوەیە و خنکاندنی کچانی کۆمەڵگە!

ئاکامی هەڵچوونی سۆزداری و نارەوای بەشێک لە خەڵک کە گوایە بۆ پاڵپشتیکردنی هونەرمەندێکی کورد و پێشگرتن لە بێڕێزیکردن بە پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک دەستی پێکرد، وای کرد کە کچێکی کورد بە هۆی ئاکارێک کە ڕێک لەگەڵ تەمەن، شێوازی ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستا هاوتەریب و تەبایە، بکەوێتە داوی هەمان ئەو هێزە سەرکوتکەرانەی کۆماری

ئیسلامی کە چوار ساڵ لەمەوبەر لە گەشتی ئیرشاددا ژینایان شەهید کرد و لە شەقامەکانی کوردستان و ئێراندا بە سەدان کەسیان کوشت و بە هەزاران کەسیان برینداار کرد.

تێفکرین لەم هەڵسوکەوتە، کەلێنی قووڵی ئەخلاقی و دووفاقییەکی سەیر لە بیرکردنەوەماندا بۆ دەردەخات. چۆن دەکرێت نەتەوەیەک کە «ژن، ژیان، ئازادی» نەک وەک دروشم بەڵکوو وەک ڕێڕەو و ڕێبازێکی فیکری و سیاسی بۆ خەباتەکەی دەبینێت، هەڵەی کچێکی کورد - با بلۆگەریش بێت - ئەوەندە زەق بکاتەوە کە ئاکامەکەی ڕادەستکردن و بەندکرانی بێت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دژی سەرەکیی بنەماکانی ژن، ژیان، ئازادین!

ئەوەی کە ئەو کچە لەو ناوەندە سەرکوتکەرەی ڕێژیم چی بەسەر دێت و چۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەکرێت و دوای هاتنەدەرەوەی لە باری دەروونییەوە بەرەورووی چ حاڵەتگەلێک دەبێتەوە، بابەتێکە کە شارەزای بواری خۆی دەبێت قسەی لەسەر بکات؛ بەڵام بێگومان ئاسەوارەکانی ئەو هێرشە بەکۆمەڵە و تیرۆری کەسایەتی، بۆ هەتاهەتایە لە ڕۆح و دەروونیدا دەمێنێتەوە و ڕەنگە لێکەوتەی زۆر قورستریشی بەدواوە بێت.

ئەم هەڵسوکەوتە نیشانی دەدات کاتێک جووڵانەوەکە لە شەقامەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ فەزای مەجازی، زۆرجار بەها بنەڕەتییەکانی وەک ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ژنان و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی لەبیر دەکرێن و هەمان پێوەرە کۆنە پیاوسالاری و خێڵەکییەکان دەبنەوە بە دادوەر و بڕیاردەری سەرەکی.

لەم کاتانەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی ژەهراوی دەخوڵقێنن کە تێیدا خەڵک بەبێ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبنە بەشێک لە شەپۆلێکی ڕق و کینە، و هێرشکردنە سەر کچێک کە هەڵەیەکی کردووە (یان گاڵتەیەکی نەگونجاوی کردووە) دەبێتە ئامرازێکی هەرزان بۆ بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە تا نیشتمانپەروەریی خۆیانی پێ بسەلمێنن، لە کاتێکدا کە بەرامبەر بە تاوانی زۆر گەورە و ڕاستەقینە لە هەمان کۆمەڵگەدا بێدەنگن!

هەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە ڤیدیۆیەکی ئاوا دەیورووژێنێت، چۆنە کە کوشتنی دوو ژنی بێتاوان لە هەمان شارەکاندا نایورووژێنێت؟! تەنیا سەرنجدانێکی سەرپێیی لە دۆسیەی کوژرانی ئەو دوو ژنە، دەریدەخات کە چەندە کەلێنی یاسایی و چەقبەستوویی ئەخلاقی لەو کۆمەڵگەیەدا، توانیویانە لە ئەستاندنی گیانی ژناندا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبێت و بێدەنگیش بەرامبەر بەو کارەساتانە چەندە تاوانێکی قورسە. دەنگهەڵبڕین بەرامبەر بەم تاوانانە کە سەرچاوەی سەرەکییان دەسەڵاتی خوێنمژی کۆماری ئیسلامییە، ئەرکێکی زۆر قورس و پێویستە کە گەلێک لەپێشترە لە پەلاماردانی کچێکی لاو بە

خەرمانانی ٢٧٢٦

ناوی پارێزگاریکردن لە کەسایەتییەکان!

خەبات لە کوردستان بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی گەش، هەر بۆ ئەو کچانە و ئەو لاوانەیە کە ئێستا لە ژێر گوشارەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتێردا دەخنکێن، و ئەرکی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستان ئەوەیە کە لە جیاتی گیرۆدەبوون لە شەپۆلی خنکێنەر و بەدوور لە پرەنسیپی سۆشیال میدیا، بە بیرکردنەوە لە بەها نەتەوەیی و ئینسانییەکانی خۆی و بە سەرنجدانی ئاکامی هەڵسوکەوتی ناشارەزایانە لەم کەشە پڕ لە هەڕەشە و مەترسییەدا، بەستێنێکی لەبار بۆ لێبووردەیی، پێکەوەژیان و تێگەیشتن لە ڕووداوەکان بخولقێنێت.

سەرنجدانی ورد لەم دۆخە، ئاماژەیە بۆ پاشەکشەی بەهاکانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» لە پڕکردنەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا و دەبێت وەک «شکستی هۆشیاری» ناوی لێ ببردرێت.

لە کۆتاییدا دەپرسم:

ئایا ئازادی تەنیا بۆ ئەو بڕیار و قسانەیە کە ئێمە بە دڵمانن، یان پێوەری ڕاستەقینەی ئازادی، لە پاراستنی ماف و کەرامەتی ئەو کەسانەدایە کە جیاواز لە ئێمە بیر دەکەنەوە و دەپەیڤن؟

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە Serchawe

دوای هەشتا و چەند ساڵ؛ (لە پاشخانی جەماوەرییەوە هەتا فرەچەشنی لە خەباتدا)

بەشی دووەم و کۆتایی

ڕەزا دانشجوو

بیرهێنانەوەیەک:

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا، بەکورتی باسمان لەو هۆکارانە کرد کە کاریگەرییان لەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی

سەرچاوە Serchawe

کوردستان هەبووە؛ پاشان چاوێکمان خشاند بەسەر کۆمەڵێک ڕەوتی سیاسی و بزووتنەوەی هاوچەرخدا، تەنانەت ئەو ڕەوتانەی ساڵانێک دوای حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و جیهاندا لەدایک بوون، بەڵام ئێستا بە هۆکاری جۆراوجۆر یان زۆر لاواز و بێدەنگ بوون و پێگەی جەماوەرییان لەدەست داوە، یانیش بە تەواوی هەڵوەشاونەتەوە و تەنیا ناوەکانیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا ماوەتەوە. وێڕای خستنەڕووی کورتەی مێژووی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە، بەراوردمان لە نێوان ئەوان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کرد.

ئێستا لە بەشی دووەمدا، سەرەتا ئاوڕێک دەدەینەوە لە ڕەمز و نهێنی و هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە و مانەوە و زیندوویەتیی حیزبی دێموکرات؛ لە بەشی کۆتاییشدا بەکورتی تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاڵنگاری و بەربەستانەی کە لە دەیەی نۆیەمی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەکرێت ڕووبەڕووی ئەم حیزبە ببنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە هەشت دەیە خەبات و ململانێی سیاسی لەگەڵ دوو دەسەڵاتی گەندەڵ، بێبەزەیی و تاوانباردا، بەرەورووی ئاستەنگ و بەربەستی بێژمار بووەتەوە؛ ئەو ئاستەنگانەی کە وەک پێشتر باسمان لێ کرد، زۆرجار بوونەتە هۆکاری کۆتاییهاتن بە ژیانی سیاسیی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئازادیخواز! بەڵام ئەو تایبەتمەندییە ناوازانە چین کە حیزبی دێموکرات لەو حیزبانە جیا دەکەنەوە؟ و چی وای کردووە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکی دەیەی نۆیەمی تەمەنیدا بەم شێوەیە بەهێز و بەتوانا بمێنێتەوە؟

ڕەمز و نهێنیی ئەم مانەوە و بەردەوامییە چییە؟

١- پێگە و پاشخانی جەماوەری

بێگومان ئەمە گرنگترین و بنچینەییترین تایبەتمەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و هەیە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات وەڵامێکی ئەرێنی بوو بۆ داخوازییەکی ڕەوای کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکراو، ماندوو و بێزار لە ستەم و بێبەشکردنی سیاسی-کۆمەڵایەتی. پێکهاتنی حیزبی دێموکرات دەرئەنجامی ساڵانێک پەراوێزخستن و هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی خۆسەپێنی پەهلەوییەوە بوو؛ درێژەی ئەم خەباتەش لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی و تەنانەت پەرەپێدانی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە دژ بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە پێچەوانەی دەزگای پڕوپاگەندەی چەواشەکاری دوژمنانی گەلی کورد و زۆر بانگەشەی بێبنەمای نەیاران و ناحەزانی

گەلەکەمان، حیزبی دێموکرات بەپێی هەموو بەڵگە مێژووییەکان، هەمیشە حیزبێکی سەربەخۆ و پشتبەستوو بە کۆمەڵگەی کوردستان بووە. هەر بۆیەش نە پشتتێکردنی یەکێتیی سۆڤیەت توانی کۆتایی بە حیزبی دێموکرات بهێنێت و نە گۆڕانی هاوکێشە ناوچەییەکان بچووکترین گۆڕانکاریی لە سیاسەتە سەربەخۆکانی ئەم حیزبەدا دروست کردووە! هەر ئەم پێگە پتەوە جەماوەرییەیە کە خەوی لە چاوی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی زڕاندووە و هەر ئەو داماوییەش وای کردووە کە بەرامبەر بە گەلی کورد هێندە دڕندانە و ستەمکارانە هەڵسوکەوت بکەن.

کێشەی کۆماری ئیسلامی بێگومان تەنیا چەند هەزار پێشمەرگە و کادیری حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان، یان چەند هەزار ئەندام و لایەنگری ئەم حیزبە لە دەرەوەی وڵات نییە؛ هۆی دەرد و ژانی بێبڕانەوەی ڕێژیمی ئاخوندی، پێگەی قووڵی جەماوەریی حیزبی دێموکراتە لە نێو ناخی ملیۆنان کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، و ئەوە ئیرادەی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵات کە وەک قەڵغانێکی مرۆیی و قەڵایەکی داگیرنەکراو حیزبی دێموکراتی پاراستووە و دەیپارێزێت.

٢- زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا

لەسێدارەدان و شەهیدکردنی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی، و گرتن و دەستبەسەرکردنی زۆرێک لە کادیرە دیارەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ دوای دامەزرانی حیزب و سەرکوتکردنی خوێناویی کۆماری کوردستان، دەکرا بە مانای کۆتاییهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێت؛ هەروەک چۆن هەڵاتنی پێشەوەری و کوشتن و دەستبەسەرکردنی سەرکردەکانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو بە کۆتاییی ژیانی ئەو ڕێکخراوەیە! بەڵام بەپێچەوانەی فیرقەی ئازەربایجان، تەنیا چەند ساڵێکی خایاند تا حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرهەڵبداتەوە و دووبارە لق و پۆپەکانی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو، ڕێبەر و کاریزمای گەورەی کورد، و دوکتور شەرەفکەندی، دوو سەرکردەی بلیمەتی حیزبی دێموکرات لە ماوەی تەنیا چەند ساڵێکدا و یەک لە دوای یەک، دەکرا کۆتاییی هەموو شتێک بێت. ئەگەرچی لەدەستدانی ئەو کەسایەتییە مەزنانە خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراو بوو، بەڵام حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو کۆستە گەورانەش هەرگیز چۆکی دانەدا و لەسەر پێ بۆ درێژەدانی خەبات مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی سیاسیی خۆیدا چەندین جار بە هۆی ناکۆکیی نێوخۆییەوە تامی تاڵ و بەئازاری لێکترازان و دابڕانی چێشتووە. هەرچەند ئەو لێکترازانانە بەداخەوە زیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورە بوون، بەڵام

دواجار حیزبی دێموکرات توانیویەتی بە پشتیوانی و ئیرادەی گەل، ئەم قۆناغە مەترسیدارانەش تێپەڕێنێت و جارێکی تر لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات و یادگاری پێشەوا و شەهیدانی کوردستاندا، یەکگرتوویی و تەباییی خۆی دەستەبەر بکاتەوە.

ئەمانە تەنیا بەشێک بوون لەو قەیران و ئاستەنگە بێژمارانەی کە بەدرێژاییی دەیان ساڵ بەسەر حیزبی دێموکراتدا هاتوون. وەک کۆتاییی ئەم بەشە، پێویستە ئاماژەیەک بە دەیان ڕێککەوتن و مامەڵەی ژێربەژێری داگیرکەرانی کوردستان دژ بە حیزبی دێموکرات لە درێژاییی تەواوی ساڵانی خەباتدا بکەین. لە کاتێکدا تەنانەت تەنیا یەکێک لەم بەربەستانە بەس بوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژیانی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی بهێنێت، حیزبی دێموکرات لە دەیەی نۆیەمی ژیانیدا شێلگیرتر و ڕاوەستاوتر لە هەمیشە لە سەنگەری خەبات و کۆڵنەداندایە.

٣- فرەچەشنی لە خەباتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی پێشکەوتنخواز، بناغەی کاری خۆی لەسەر بنەمای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن داناوە؛ دیالۆگ و وتوویژ تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی جگە لە زمانی زەبروزەنگ لە هیچ زمانێکی تر تێناگەن. حیزبی دێموکرات بە باوەڕبوون بەم پرەنسیپە، هەمیشە هەوڵی داوە پێشەنگی دانیشتن، وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانە بێت. پێشەوای نەمر زۆر هەوڵی دا لە ڕێگەی ئاشتییانەوە پرسی کۆماری کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەهلەویدا چارەسەر بکات. دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئاگاداربوون لە سروشتی نامرۆڤانە و دژەئازادیی خومەینی، زۆر تێکۆشا لە دەرگای دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکات، تەنانەت چەندین جار نامەی بۆ نووسی و لە کۆتاییشدا هەر بە هۆی ئەو باوەڕە قووڵەی بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستان، لەسەر مێزی گفتوگۆ لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرا! بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو ناپاکییە، حیزبی دێموکرات هیچ کات باوەڕی خۆی بە دیالۆگ لەدەست نەداوە و دەرگای دانوستانی دانەخستووە.

بەڵام ئەمە تەنیا بژاردەی حیزبی دێموکرات بۆ خەبات نەبووە و نییە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «بەرگریی ڕەوا» بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی خۆی دەزانێت و هەمیشە ئامادەی بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەر پەلامارێکی داگیرکەران بووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە دیالۆگ و بەرگریی ڕەوا دوو باڵی تەواوکەری خەباتی حیزبی دێموکراتن. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات بە هۆی هەلومەرجی هەنووکەیی و بارودۆخی ناوچەیی بە شێوەیەکی کاتی خەباتی چەکداریی ڕاگرتووە، بەڵام لە چوارچێوەی بەرگریی ڕەوادا هەمیشە ئامادەی هەر چەشنە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیەکە.

ڕۆژنامەگەری، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگییەکان یان خەباتی چەکداری! خەبات هەر خەباتە؛ ڕەنگە

سەرچاوە
Serchawe

مەیدانەکان جیاواز بن، بەڵام ئامانج و ڕێبازەکە نەگۆڕ و یەکە. ئەم توانستە بێوێنەیە بۆ مانۆڕکردن لە بوارە جیاجیاکاندا و گۆڕینی مەیدانی خەبات بەپێی بارودۆخ و پێشهاتەکان، یەکێک لە تایبەتمەندییە ناوازەکانی حیزبی دێموکرات بووە و هەیە. سەردەمێک بارگرانیی خەبات لەسەر شانی ماندوونەناسی پێشمەرگەکانی شاخ بوو، سەردەمێکی تر بەرهەمی قەڵەم و نووسین، و سەردەمێکی تریش بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی؛ زۆر کاتیش هەرسێکیان پێکەوە: چەک، قەڵەم و شەقام!

ئەم تایبەتمەندییە ناوازانە هێمای دینامیزم و زیندوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن. بەڵام حیزبی دێموکرات لە دەیەی نۆیەمی تەمەنیدا،

بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی جدییە کە پشتگوێخستنیان دەتوانێت لێکەوتەی نەخوازراوی بۆ حیزب هەبێت:

ئاڵنگارییە دەرەکییەکان

ژیان لە جوگرافیای ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، خۆی لە خۆیدا ئاڵنگارییەکی زۆر گەورەیە؛ ناوچەیەک کە لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەیان شەڕ، کودەتا و شۆڕشی بەخۆیەوە بینیوە و هەرگیز ڕەنگی ئاشتی و ئارامیی بەردەوامی نەدیوە. ئێرە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە؛ جبەخانەیەک پڕ لە باڕووت کە چاوەڕێی پریشکێکە! بە دڵنیاییەوە چالاکیی سیاسی لە جوگرافیایەکی ئاوا نائارام، گرژ و پڕ لە مەترسیدا زۆر سەخت و پڕ لە ڕووداوی نەخوازراوە.

ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان، ئەگەر لەسەر هەموو شتێک ناکۆک بن، هەمیشە لەسەر یەک شت یەکدەنگ و هاوپەیمانن: دژایەتیکردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد! هاوپەیمانیی نەگریسی داگیرکەران هەمیشە بە هەموو هێزیانەوە دژی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بووە.
لە لایەکی دیکەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دواییەی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ناوچەکەدا خوڵقاندووە. ئێستا بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لووتکەی ناڕوونی و ناسەقامگیریدایە و چارەنووسی ناوچەکە بە موویەکەوە بەستراوەتەوە. تێگەیشتن لەم بارودۆخە ئاڵۆزە و هەبوونی نەخشەڕێگەیەکی گشتگیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکان، پێویستییەکی بنەڕەتی و چارەنووسسازە.

ئاڵنگاریی نێوخۆیی و ڕێکخراوەیی: پرسی نەوەکان

بەدەر لە قەیرانە ڕێکخراوەییەکان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەردەم ئاڵنگارییەکی نێوخۆییی زۆر گرنگتردایە: جیاوازیی نەوەکان!

حیزبێک کە پێکهاتووە لە چەندین بەرە و نەوەی جیاواز؛ تێکۆشەرانێک کە مێژووی خەباتیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی، ئەوانەی ساڵانێک لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شەڕی کۆماری ئیسلامییان کردووە، و لە بەرامبەردا نەوەی نوێ و گەنجانی بوێر کە ئێستا لە شەقام و شاخدا پێشەنگایەتی دەکەن. بە دڵنیاییەوە مرۆڤ ناتوانێت بە هەمان زمان و دەستەواژەی سەردەمی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کەسێکدا بدوێت کە تەنانەت دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووش لەدایک بووە!

ئامراز، زمان و میدیای هەرکام لەم نەوەیە جیاوازن. شیکارییەکی زانستی بۆ ناسینی ئەم جیاوازییانە و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەریەک لەم نەوانەدا، ڕێگەخۆشکەری سەرەکیی داهاتووە. دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش دەتوانێت ئەم جیاوازییە نەوەییە لە مایەی ناکۆکییەوە بگۆڕێت بۆ سەرچاوەی دەوڵەمەندی و دینامیزمی زیاتری حیزب.

کۆتایی:

ئەو نەمامەی پێشەوای نەمر هەشتا و یەک ساڵ لەمەوبەر چاندی و بە خوێنی پاکی خۆی و هاوڕێیانی ئاوی دا، ئێستا بە گیانبەختکردنی هەزاران شەهید لە درێژاییی تەواوی ساڵانی خەباتدا، ڕەگ و ڕیشەی بە پانتاییی تەواوی ئەم خاکەدا وەها داکوتاوە کە ئیتر تەوری هیچ داگیرکەرێک زەفەری پێ نابات؛ درەختێکی چڕ و پڕ بە لق و پۆپی بێژمارەوە کە دەیان زستانی سارد و سەخت و دەیان هاوینی تاقەتپڕووکێنی تێپەڕاندووە.

ئیتر نە لە هێرشی ڕەشەبا و تۆفان و نە لە تووڕەییی لەناکاوی زریان دەترسێت؛ ئەم ڕەگ و ڕیشەیە فێر بوون چۆن ڕاوەستن، چۆن بەرەنگاری تاریکی ببنەوە، چۆن هەستنەوە و چۆن هەرگیز کۆڵ نەدەن! تا ئەو ڕۆژەی ڕۆڵە قارەمانەکانی کوردستان، کچان و کوڕانی ئازادیخواز و نەوەکانی پێشەوا لە ئاگری هەتا دالاهۆ، ئاڵای کوردستان بە دەستێک و دەسماڵی چۆپی بە دەستەکەی ترەوە، لە دەوری ئەم درەختە شکۆدارە ڕەشبەڵەک دەبەستن و سروودی نەتەوەییی «ئەی ڕەقیب» دەچڕن!

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان...

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

دێموکرات دەڵێ چی و چیی دەوێ؟

عەلی لەیلاخ

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، هاوکات بوو لەگەڵ هەشتا و یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان»؛ ئەگەر سێ ساڵەی تێکۆشانی کۆمەڵەی «ژ - ک»یشی وەسەر بخرێت کە حەقی خۆیەتی، دەبێتە ٨٤ ساڵ کە ئەم کاروانە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی و مافی نەتەوایەتیدا بە ڕووسووری ماوەتەوە. حیزبێک کە دواتر بە لەبەرچاوگرتنی وەرچەرخانە سیاسییەکان، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.»

بە تێڕوانینێکی گشتی دەکرێت بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەرییەی کە: حیزبی دێموکراتی کوردستان چی دەڵێت و لە ڕاستیدا داواکانی چین؟ حیزبێک کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا بە ئەمڕۆ، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوو مۆدێلی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە تاراندا، هێشتا بە گرنگترین سەنگەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی سیاسیی کوردستان دەناسرێت.

بۆ لێکدانەوەیەکی کورت و گشتی، دەکرێت داواکانی ئەم حیزبە ڕیشەدار و مێژووییە لە چەند بەشدا تاوتوێ بکەین:

حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی کۆمەڵەی نەتەوەیی «ژ.ک» بوو؛ کاتێک ژمارەیەک لە بیرمەند، پیاوماقوولان و کەسایەتییە بڕواپێکراوەکانی شاری مەهاباد، بە ئیلهاموەرگرتن لە «حیزبی هیوا»، چوارچێوەی سەرەتایی ئەم بزاڤە خەباتکارانەیان لە جەنگەی ململانێکانی شەڕی جیهانیی دووەمدا داڕشت. زۆری پێ نەچوو دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» و دەستکەوتەکانی ئەم کۆمارە - بەتایبەت ڕێزلێنان لە کەمینەکانی شاری مەهاباد - سەلماندی کە ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژیانی سیاسی و ژیاندنەوەی ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتووانە و بەری لە ڕەگەزەکانی فاشیزم لەدایک بووە.

ناوەندگەراییی پشتبەستوو بە قۆرخکاریی سیاسی لەژێر ناوی «تەواوەتیی خاکی وڵات»دا کە لە ڕاستیدا هەمان تەواوەتیخوازی (تۆتالیتاریزم)ی سیاسی و فەرهەنگییە، ئەگەرچی بە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان ئەم دەوڵەتە نوێپێگەیشتووەی ڕووخاند و پەتی سێدارەی لە ملی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆککۆمارەوە تا ئازادیخوازانی دیکەی ئەم خاکە دێرینە هەڵواسی؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە: بە کام تاوان؟!

لە نێوەندی ئەو سەردەمەدا کە ناسیۆنالیزمی خۆسەپێن و هێرشبەری فارس دوای پەهلەویی یەکەم لەگەڵ سەرهەڵدانی عوسمانییە نوێیەکان و پانعەرەبیزمی عەبدولڕەحمان کەواکیبییەکاندا لە کێبڕکێدا بوو، بێگومان بۆ کوردانی گیرۆدەبوو لەم گێژاوەدا، هەبوونی ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی مۆدێرن پێویستییەکی مێژوویی بوو تا بتوانن لە مینبەری ئەو حیزبەوە مافخوازیی خۆیان پڕ بە گەروو هاوار بکەن. ئەم مینبەر و پێگەیە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەندرا و لە هەموو ئاڵۆزی و گێژاوەکانی سەدەی بیستەمدا بەرگەی پەلامار و هێرشەکان، تیرۆر و سڕینەوە، حاشاکردن و هەڵاواردنەکانی گرت و وەک سەنگەرێکی خۆڕاگر هەتا ئێستاش بە بڕشتەوە بە پێوە وەستاوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی ئەم حیزبەدا (لە ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦)، لە هەلومەرجێکدا کە دەزگای تۆقێنەری ساواک و ژاندەرمەکانی «ژ - ٣» لەشان بەگژ هەر جۆرە مافخوازی و دەربڕینێکی ڕەخنەگرانە لە سیستەمی تاجی پاشایەتی و تەختی دەسەڵاتدا دەهاتنەوە و هەر چەشنە دەنگێکی جیاوازیان هەر لە گەروودا دەخنکاند؛ لە سەردەمێکدا کە ئەگەرچی بە

ناوی ئاوەدانی و گەشەپێدانەوە شەقامەکانی تاران و مەزنەشارەکانیان بۆ تاجگوزاری و خۆسەپێنیی دیکتاتۆر دەڕازاندەوە و پاشا خۆی بە «سێبەری خودا» دەزانی و خەڵکانی دیکەش کۆیلە و بێدەسەلاتی ژێر نیری زۆرداری بوون، لەو سەردەمەدا دیسانەوە لە قوتابخانەی هەر ئەم دێموکراتەدا، «شەریفزادە»کان دژی چەوسانەوە، هەڵاواردن و سیاسەتی سڕینەوە ڕاپەڕین و پێش چریکەکانی سیاهکەل بوونە مەشخەڵ و شەودڕی زۆرداری، کە ئاکامەکەشی گەیشتە شۆڕشی ١٣٥٧.

بۆ کورتکردنەوەی کۆی تێڕوانینی ڕێژیمی پاشایەتی لە کۆنەوە تا پەهلەوییەکان کە خەڵکیان بە کۆیلە و ڕەعیەت دەزانی، دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی محەممەد عەلی شای قاجار بکەین کە لە دژایەتی لەگەڵ مەشرووتەدا دەیگوت: «ڕەعیەت هەڵەیە ئەگەر نارەزایەتی دەرببڕێت؛ هەڵەیە ئەگەر داوای دیوانی دادپەروەری بکات؛ هەڵەیە ئەگەر داوای یاسا بکات! ئێمە ڕەعیەتی سەر شۆڕمان دەوێت، ئێمە ڕەعیەتی بەڵێقوربانبێژمان دەوێت...». حیزبی دێموکرات ڕێک بە پێچەوانەی سیاسەتی ناوەندگەرا و تاکڕەو، سەروەریی نیشتمانی و چەسپاندنی مافی خەڵکی دەویست و لە هەموو دەرفەتێکدا بۆ ئەو جێخستنە تێکۆشا. «شا»یەک دیکە هەڵات و ڕێژیمێکی دیکە لە ئێران هاتە سەر کار، بەڵام وەک دەڵێن: «لە ترسی دووپشک پەنایان بۆ مار برد»؛ بەڵێ! سەرمای زەمهەریری کۆماری ئیسلامیی عەباپۆش سێبەری ڕەش و ماڵوێرانیی خۆی خستە سەر ڕەنجەڕۆکراوانی هاڕدراو لەژێر پۆتینی دیکتاتۆریی هۆمایۆنیدا.

دیسانەوە حیزبی دێموکرات لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی خەباتکارانەی خۆیدا، لە هەمبەر هەژموونخوازیی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیدا، لە بەرەیەکدا وەستا کە بە تەواوی لە قازانجی سەرجەم ئازادیخوازانی ئێراندا بوو؛ بەڵام هەم بەرەورووی ڕاوەستان، هەم جەفای لێ کرا و هەمیش حەقانییەتەکەی لە لایەن «حەقانییەکان» و مەلاکانی فەیزییەی قومەوە فەتوای لە دژ دەرکرا.

ساڵی ١٣٥٧ شۆڕشێک کرا و زۆر کەس هەوڵ دەدەن ئەم ڕاپەڕینە وەک «شۆڕشی گەلانی ئێران» پێناسە بکەن؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە شۆڕشێکی مەزهەبی بوو و بنەما سەرەکییەکەشی لەسەر تێڕوانینی «مەحرەم و نامەحرەم»ەکەی خومەینی بینا کرابوو. لەو نێوەدا حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری سێکۆلاریزم لە ئێراندا، باجی ئەم تێڕوانینە ڕەخنەگرانەیەی بۆ حکوومەتی نوێ بە خوێن و فیداکاری دا؛ و دوای نزیکەی پێنج دەیە، گەلانی دیکەش گەیشتنە ئەم ڕاستییە گرنگە کە بەختیاریی گشتی لە گرەوی سەروەریی یاسادایە نەک سەرەڕۆیی ئایینی، لەسەر بنەما و جێخستنی دێموکراسیدایە نەک ئۆلیگارشیی مەزهەبی؛ هەر ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەیگوت و ئێستاش لەسەری سوورە.

لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا کۆنگرەی ١٣یەمی حیزبی دێموکرات، دروشمی سەرەکیی ئەم ڕەوتە ڕیشەدار و جەماوەرییە

«دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بوو؛ واتە خودموختارییەکەی گرێ دابووەوە بە جێگیربوونی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا! چ ڕوانینێکی بەنرخە؛ لەمە بالاتر چی هەیە کە حیزبێک نەتەوەکانی دیکەش لە نیعمەتی دێموکراسی بێبەش نەبینێت؟!

حیزبی دێموکرات دەرفەتێکی مێژوویی بۆ چەسپاندن و بەدامەزراوەییکردنی پرەنسیپەکانی دێموکراسی لە ئێرانێکدا خولقاند کە هەمیشە لێی بێبەش بووە. ئەم حیزبە لە کاتێکدا بۆ بەها دێموکراتیکەکان فیداکاریی دەکرد کە پاش سێ دەیە، لە سەردەمی دەوڵەتی دووەمی ئەحمەدینەژاددا، کۆمەڵێک لە بیرمەندانی فارس کە لە نەبوونی دێموکراسی لە ئێران ماندوو ببوون، کەوتنە ڕاوێژ و گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە لە هیچ جۆرە حکوومەتێکدا لە ئێران - چ شا و چ شێخ! - دێموکراسی بوونی نەبووە و ئالقەیەکی ونبوو بووە. هەرچەند دیواری حاشاکردنیش بەرز بێت، بەڵام بە سووکەئاورێک لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات دەردەکەوێت کە چەندە لە پێناو ئەم بەها مرۆییەدا باجی قورسی داوە.

ڕستە سادە و لە هەمان کاتدا پڕنێوەڕۆکەکەی د. قاسملوو، ڕێبەری بیرمەند و کاریزماتیکی ئەم حیزبە لە گەرمەی ئاڵۆزییە سیاسی و گرژییە سەربازییەکانی ئێران و کوردستاندا، لە ئێستاشدا شایانی تێڕامانە کە دەیگوت: «شێوازی خەباتی ئێمە بەستراوەتەوە بە جۆری سیاسەت و تێڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندییەوە». لێکدانەوەی سادەی ئەم وتەیە ئەمەیە: ئەگەر بنەما لەسەر ڕێزگرتنی دوولایەنە بێت، کورد ئامادەیە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە؛ ئەگەر درێژە بە دوژمنکاری، حاشاکردن، سڕینەوە و کوشتوبڕ بدەن، تفەنگی خەباتکارانەمان لە مێژە بە میرات پێ گەیشتووە. بە وتەی شاعیری لوڕ: «گورگەکان باش بزانن کە لەم خێڵە غەریبەدا، ئەگەر باوکیش مردبێت، تفەنگی باوکانە هێشتا ماوە!». بە تێڕوانینێکی گشتی بۆ مێژووی خەباتکارانەی حیزبی دێموکرات - بەتایبەت دوای شۆڕشی ١٣٥٧ - دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکرات ئەوەی بۆ خۆی ویستووە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوانی دیکە و نەتەوەکانی دیکەشی بە ڕەوا زانیوە.

کاتێک دەڵێین خەباتی نەتەوەیی – دێموکراتیک، باس لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین؛ حیزبێک کە لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا، ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەیەکی ڕەوا بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلان بووە؛ لە خودموختارییەوە هەتا فیدرالیزم، واتە سڕینەوەی هەر جۆرە بێدادی و هەڵاواردنێک کە لە ناوەندگەراییەوە سەرچاوەی گرتبێت، و هەروەها هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی، گەشەپێدانی چالاکییە مەدەنییەکان و بایەخدان بە سندووقی دەنگدان، نەک ئەوەی خۆت بە «نائیبی بەرحەق» بزانیت. لە دێڕێکدا: حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلانی دیکە لە جوگرافیای ئێراندا، لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە دەرفەت بووە و لە ئێستاشدا دەلاقەیەکە بەرەو پانتایی پێکەوەژیان و وەک ئەڵتەرناتیڤێک دادەنرێت بۆ دیالۆگ و مامەڵەی سیاسییانە، لەبری بەربەرەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی

مالۆیرانکەری سەربازی.

بۆیە دەتوانین بڵێین کۆی مافە سروشتی و مرۆییەکان کە بەرچاوترینیان مافی چارەی خۆنووسینە – و هیچ کام لەو مافانەش نکۆڵی لەوانی دیکە ناکات، بەڵکوو دەتوانێت بانگەوازی پێکەوەژیانیش بێت بۆ گەلانی دیکە – وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە: حیزبی دێموکرات چی دەوێت؟

هاوکات لەم ڕۆژانەدا لەملاولا باس لەوە دەکەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، با لە پرۆسەی وتووێژدا و بە دانانی چەک کێشەکەیان چارەسەر بکەن. بە کورتی دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات هەر وەک چۆن لە سەرەتاوە بۆ ژیانی ئازاد و سەربەرزانە دامەزراوە، هەمیشە وەک پرەنسیپێک چاوی لە «وتووێژ» کردووە و تەنانەت سەری سکرتێرەکەشی لەو ڕێگە دیپلۆماسییەدا داناوە. چەکەکەی سەرشانیشی جیا لەوەی چەکی بەرگرییە، چەکی پرسیارخوڵقێنە کە: ئەم گەلە چیی دەوێت؟

کاتێک ئەو حیزبە دەیگوت وەرن با بە «نیازپاکی» کێشەکان چارەسەر بکەین و لە جیاتی سەنگەرگرتنی سەربازی پەرە بە سندووقی دەنگدان بدەین، هەر لەو کاتەدا فەتوای قەتڵی قاسملوو لە لایەن خومەینییەوە تەنیا بەو تاوانەی کە دەنگی متمانەی خەڵکی بەدەست هێنابێ درا؛ ئەمەش دەریخست کە ئەو ڕێژیمە چەندە لەگەڵ کێبڕکێی سیاسی نامۆیە و هاوشێوەی شاکانی قاجار دەڵێت: خەڵک کێیە هەتا ئازادیی بوێت؟!

ئەو کات داواکاریی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتییەکەی پەراوێز خرا؛ ڕاستە فەتوادەر خومەینی بوو، بەڵام بێدەنگبوون و تەماشاکردنی کەسانی دیکەش لە کزبوونی ئەم هاوارەدا بێکاریگەر نەبوو، تا ئەو کاتەی هەمان پەتی فەتوای کوشتنی دێموکرات پەلی کێشا بۆ سەر قەتڵە زنجیرەییەکان و لەناوبردنی جیابیرانی دیکەش. کەواتە ئەگەر ئەو سەردەمە لە جیاتی سەنگەرگرتن لە حیزبی دێموکرات و ئاژاوەنانەوە بە دروستی سەرنجی ڕوانگەکانی درابا، ئێستا ئیتر ئێران ناونیشانی قەتڵ، تیرۆر، زیندان و مافکوژی نەدەبوو.

کۆماری ئیسلامی هەموو دەرفەتەکانی کوشت؛ ئەوەی کە دەبێت گەلانی نێو جوگرافیای ئێران سەرنجی بدەن، ناسین و مامەڵەی سیاسییانەیە لەگەڵ پرسی کورد و حیزبی دێموکراتدا؛ ئەو کات لە بەرفراوانیی دید و تێڕوانینی پێشکەوتووانەی ئەم حیزبە، هەمووان بەهرەمەند دەبن. بە زمانێکی سادە و لە وەڵامێکی کورتدا، داواکارییەکانی حیزبی دێموکرات بریتین لە: مافی نەتەوایەتی، مافی چینایەتی و دادپەروەری، و دێموکراسی.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

بە یەکگرتوویی سیاسی و ئامادەکاریی مەیدانی لە گۆڕانکارییەکاندا مافەکانمان مسۆگەر دەکەین

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە ڕۆژی ٣ی خەرمانان بەڕێوە چوو، هەڵسەنگاندنی گشتگیری بۆ دۆخی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و هەروەها هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە کرد و تیشکی خستە سەر گۆڕانکارییە هەستیارەکان، قەیرانەکانی سیستمی سیاسیی ئێران و ئەو پەرەسەندنە خێرایانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن و تێیدا هەڵوێست و ڕوانگەی خۆی لەبارەی دۆخەکە دەستنیشان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەوەکرایەوە سەرەڕای ئەوەی کە شەڕ و پێکدادانەکان، کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ستراتیژی و بازرگانییەکان و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکان لە ناوچەکەدا ڕەهەندێکی مێژوویییان هەیە، بەڵام دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران لە قۆناغێکی وەرچەرخانی یەکلاکەرەوەدایە و سیستمی حوکمڕانی لە ئێران لە قەیرانێکی قووڵ و بێچارەسەردا دەژی کە ناتوانێت خۆی لە لێکەوتەکانی دەرباز بکات. هەروەها ئاماژە بەوە کرا حکوومەتی ئێران جگە لە

شەڕ ڕووبەڕووی سزا و گەمارۆی قورسی ئابووریی و گوشاری فرەچەشن بووە کە بەرەو لێواری دارمان یان لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر ناوچە جیاوازەکانی دەبات.

لەبەرانبەر ئەم دۆخە و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانەشدا، جەخت لەسەر پێویستیی ئامادەکاریی هەمەلایەنەی مەیدانی، سیاسی و دیپلۆماسی دەکەین و پێمانوایە بزووتنەوەی دیموکراتیک و ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نابێت لەم قۆناغەدا تەنها ڕۆڵی چاودێری هەبێت، بەڵکو پێویستە بە پلانی تۆکمە و ستراتیژییەکی ڕوونەوە ئامادەی هەر پەرەسەندنێک بێت. پێداگری لەوەش دەکەین سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد بەستراوە بە هاوسەنگییەکی دروست لەنێوان ڕەهەندە نەتەوەییەکان، کە بریتییە لە پاراستنی مافە ڕەواکان وبە دەستەبەرکردنی شوناسی نەتەوەیی و مافی بڕیاردان لە چارەنووسو ئیرادەی نەتەوەیی کورد لە ئێرانی داهاتوو لەگەڵ ئازادییەکانی ژنان، پرسی دیموکراسی، داخوازییە مەدەنییەکان و بەها پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە

.

وەک هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جەخت لەوە دەکەینەوە کە هێزەکان و لایەنە سیاسییەکان پێویستە بۆچوون و توانای حیزبی بخەنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان و هەماهەنگییەکانیان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا بەهێزتر بکەن. لەم پێناوەشدا، پێویستە لە بواری سەربازی، ئەمنی، ڕێکخستنی و دیپلۆماسییەوە هەنگاوی هاوبەش بنرێت و هەوڵەکانی هاوپەیمانی خێرا بینەوە و دیالۆگ و لۆبیکردن لەگەڵ ناوەندە بڕیاربەدەستە نێونەتەوەییەکان و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسیخواز لە ئێران بەڕێوە بچێت. لەم پێناوەشدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان بە ئامادەکردنی دۆسیەی تایبەت لەسەر تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دۆخی کوردستان و پێشکەشکردنی بە ناوەندە نێودەوڵەتی و پێوەندیدارەکان، هەروەها بە پێشوازی هاوبەش لە ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی» هەنگاو بەرەو بەهێزترکردنی پێگەی یەکگرتووی خۆی دەنێت.

لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا، هەموو لایەنەکان بە کۆدەنگی جەختیان لەسەر پێویستیی بەردەوامبوون و سووربوون لەسەر هەوڵەکان بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی زیاتری هاوپەیمانی کردەوە. ئەمەش نەک تەنها وەک پێویستییەک بۆ پتەوکردنی یەکگرتوویی لەنێوان لایەنەکاندا، بەڵکو بە مەبەستی خزمەتکردنی هەرچی باشتر بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی ئازاد و دیموکراتیک بۆ داهاتوو دێتە ئاراوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ هێمای خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی



هەردی سەلیمی

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا، بەردەوام پرسی کۆمەڵایەتی بەشێک بووە لە خەمە سەرەکییەکانی. ئەم خەمخۆرییە ئەوکاتە بەڕوونی و بە شێوازێکی داڕێژراو و ڕێکخراوتر دەرکەوت کە حیزب لە سێیەم کۆنفرانسی خۆیدا لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧١ی زایینی)، پەیڕەوێکی پەسەند کرد کە بۆ یەکەمین جار لە

سەرچاوە
Serchawe

مێژووی خۆیدا بە شێوازێکی دیاریکراو، و لەڕێگەی خستنەڕووی ڕێگەچارە و هەڵوێستوەرگرتنەوە سەرنجی خستە سەر ئەم پرسە. دیارە پێشتر و لە کۆنگرەی دووەمی حیزبیشدا بەکورتی ئاماژە بەم بابەتە کرابوو، بەڵام وەک ئاماژەی پێ کرا، حەوت ساڵ دواتر و لە کۆنفرانسی سێیەمدا بوو کە ئەم پرسە بووە بابەتێکی جەوهەری.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی پەسەندکردنی بەرنامە و پەیڕەوی خۆی لە ساڵی ١٣٥٠ەوە، بەرنامەکەی لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراندووە کە بریتین لە: پرسی نەتەوەیی و پرسی کۆمەڵایەتی. لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەرانبەر بە هیچ جۆرە هەڵاواردن و چەوسانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبووە؛ بەڵام بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی کار و بەرنامەکانی ئەم حیزبەدا، چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کوردستان ڕەهەندی سەرەکی و لە پێشترینەکانیان بووە. لەبەر ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدا بووە پرسی سەرەکی و جێی باس و مشتومڕ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، نەک پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو خودی پرسی نەتەوەییە. هەر بۆیە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧یش کاتێک ڕێکخراو و حیزبە سیاسییە زۆرەکانی خاوەن ئاراستەی چەپی ڕادیکاڵ هاتنە ئاراوە و سەرجەم کێشە و ئاڵۆزییەکانیان لە چوارچێوەی هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینی و پێیان وابوو پرسی سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەمان پرسە کۆمەڵایەتییەکانە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە بەرنامە ڕێکخراوەکەی خۆی -کە لە ڕۆژی یەکەمەوە چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە بەرانبەر پرسی کۆمەڵایەتیدا بە لەپێشتر دەزانی- ڕێگەی نەدا حیزب لە چەقی ئەم گەردەلوول و تۆفانەدا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو لاڕێچوونانە و بەرەو هەڵدێر بڕوات.

بەڵام سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لەکاتێکدا ئەم حیزبە بە حیزبێکی مارکسیستی - لینینیستی ناناسرێ، بەڵام خەمخۆرییەکانی بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر لەو حیزبانە نەبووە کە پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان وەک خەمی بنەڕەتیی خۆیان دەناساند. لە بەشی یەکەم و ماددەی یەکەمی پەیڕەوی پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەمدا هاتووە کە: «ئێمە حیزبێکی پێشڕەوین»؛ بەکارهێنانی چەمکی "پێشڕەو" دەربڕی ئەو تیۆرییە لینینیستییەیە کە پێی وایە توێژێک لە خەڵک بە تێگەیشتنێکی دروستتر لە پرۆسەی مێژوویی، توانای ڕێبەرایەتیکردنی پرۆژە گرنگ و وەرچەرخانەکانیان هەیە. حیزبی دێموکرات هەروەها لە بەشی ئامانجە سەرەکی و گشتییەکاندا، جێگیرکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەی سۆسیالیستیی کردووەتە هەوێنی تێڕوانینی خۆی بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

سەبارەت بەوەی کە ئەم حیزبە سەر بە کام توێژی کۆمەڵگەیە، دیسانەوە لە بەرنامەکەیدا ڕوون کراوەتەوە و پێداگری لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئەم حیزبە تایبەت نییە بە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، بەڵکوو سەرجەم توێژەکان لەوانە:

خەرمانانی ٢٧٢٦

کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لەخۆ دەگرێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەر یەک لە توێژ و جەمسەرەکانی کۆمەڵگە کە تووشی هەڵاواردن و چەوسانەوە بوونەتەوە، دەتوانن لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا خۆیان ببیننەوە و بەشداری لە چالاکیی سیاسیدا بکەن و بۆ دەستەبەرکردنی مافە پێشێلکراوەکانیان لە ڕیزی خەباتدا بن.

لە ئێستاشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدانی تایبەت بە پرسی ژینگە، کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییەکان و هەروەها کەمینە ڕەگەزی و جێندەرییەکان سەلماندوویەتی کە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن هەڵوێستی مافی مرۆڤی و دادپەروەریپەروەرە، و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی داواکارییە نوێیەکاندا خۆی لەگەڵیاندا گونجاندووە و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی لەم بارەیەوە خستووەتە ڕوو.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە پرسی نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردستان چارەسەر بکات، بەڵام لە تەنیشت ئەم ئەرک و پێشینەیەدا، بەردەوام هەوڵی داوە داکۆکی لە مافی سەرجەم توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش بکات و لە چەوسانەوە و هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکان بێئاگا نەبێت، هەروەها هەنگاو بە هەنگاو لە پێناو سڕینەوەی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەنگاوی ناوە. لەوانەیە ئەو دروشمەی کە دەڵێت **«حیزبی دێموکرات، حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی کوردستانە»، لەم ڕاستییەوە سەرچاوە بگرێت کە لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ سڕینەوەی ئەم جۆرە چەوسانەوە جیاواز و جۆراوجۆرانە هەبووە و لە داهاتووشدا لەسەر ئەم ڕێبازە لە خەباتی خۆی بەردەوام دەبێت.**

٧ی خەرمانانی ٢٧٢٦

«یەکپارچەیی خاکی ئێران» یان مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان؟

حەسەن قارەمانی

لە گوتاری سیاسیی باوی ئێرانی و بەتایبەت لە گەرمەی هەر ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوانکراودا، چەمکی «پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران» وەک هێڵێکی سوور و مەرجێکی بێچەندوچۆن دەخرێتە ڕوو. بۆ ناوەندگەرایان و بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری، «یەکپارچەیی خاک» هاوتای ئاشتی، سەقامگیری و ڕێگریکردنە لە ئاژاوە و شەڕی ناوچەیی. بەڵام بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی غەیرەفارس لە جوگرافیای ئێراندا، دەبێت ئەم مەرجە سیاسییە بە وریایی و لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت: ئایا پاراستنی دەستوورە دەستکردە تۆپۆگرافی و سنوورە

جوگرافییەکانی دەوڵەت پێشینەیە، یان پرسی مافە ڕەواکان، دادپەروەری، ئازادی و خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەکان؟

ئایندەیەکی دیموکراتیک بۆ ئێران هەرگیز بە پیرۆزکردنی «یەکپارچەیی خاک» وەک بەهایەکی باڵاتر لە ئیرادەی سیاسی و شکۆی نەتەوەکان، بنیات نانرێت. ئەگەر قەرار بێت نەزمی جوگرافیایی دەوڵەتێک بە پارێزراوی بمێنێتەوە، دەبێت ئەمە دەرهاویشتەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی ئازادانە و ڕەوا بێت لەنێوان نەتەوەکان و هاووڵاتییانی نیشتەجێی ئەو دەوڵەتەدا؛ نەک پێشمەرجێکی زۆرەملێ کە بەسەر نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا بسەپێندرێت و ناچار بە قبووڵکردنی بن.

لە ئەدەبیاتی سیاسیی ناوەندگەراکاندا، زۆرجار یەکپارچەیی خاک وەک بەهایەکی سروشتی، ئەزەلی و نەگۆڕ وێنا دەکرێت؛ بە چەشنێک کە خاکی دەوڵەت وەک قەوارەیەکی پیرۆز دەبینرێت و سنوورەکانی بەبێ گوێدانە ویست و مافی دانیشتووانەکەی دەبێت بپارێزرێن. کەچی لە فەلسەفەی هاوچەرخی سیاسیدا، خاک خۆی لە خۆیدا خاوەنی ئیرادەی سیاسیی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو ئەوە مرۆڤ، کۆمەڵگە و نەتەوە پێکهێنەرەکانن کە بەها و شەرعیەت دەبەخشنە جوگرافیا و دەسەڵاتی سیاسی.

کەواتە چەمکی یەکپارچەیی خاک چەمکێکی بێلایەن نییە و بەستراوەتەوە بە ناوەرۆکی ئەو پرۆژە سیاسییەی لە پشتییەوە وەستاوە. لە سیستەمێکی فیدراڵ و دیموکراتیکدا، ڕەنگە پاراستنی چوارچێوەی دەوڵەت شانبەشانی ئۆتۆنۆمی، خۆبەڕێوەبەریی فرەوان، یەکسانیی تەواوی زمانەوانی و بەشداریی دادپەروەرانەی سیاسی پێناسە بکرێتەوە. بەڵام لە مێژووی سەد ساڵەی دەوڵەتی ئێراندا، ئەم چەمکە تەنیا کەرەستەیەکی ئایدیۆلۆژیک بووە بۆ شەرعیەتدان بە دیکتاتۆری، سەرکوت و زاڵکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر نەتەوە پەراوێزخراوەکاندا.

بۆیە خاڵی بنەڕەتی تەنیا ئەوە نییە کە سنوورەکانی ئێران وەک خۆیان دەمێننەوە یان نا، بەڵکوو ئەوەیە دەوڵەتی ئایندە لەسەر چ بنەمایەکی فەلسەفی، سیاسی و دەستووری دادەمەزرێت. ئەگەر یەکپارچەیی خاک بەو واتایە بێت کە دەسەڵاتی تاران بەبێ ڕەزامەندیی نەتەوەکان بڕیار لەسەر زمان، پەروەردە، سەرچاوە ئابوورییەکان و چارەنووسی ناوچەکان بدات، ئەوا ئەم دەستەواژەیە چەشنێکی دیکەیە لە شۆڤێنیزم و ناوەندگەرایی نوێ. بەڵام ئەگەر بەو مانایە بێت کە نەتەوەکان بە ویست و خواستی ئازادانەی خۆیان و لەڕێگەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی دیموکراتیکەوە بڕیار لەسەر پێکەوەژیان بدەن، ئەوا دەکرێت لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسدا بگونجێت. ئەم لێکجیاکردنەوەیە بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران ئەوپەڕی گرنگیی هەیە.

پرسی کورد؛ پێگەی نەتەوەیەک نەک کەمینەیەکی پەراوێزخراو

یەکێک لە گرێکوێرە سەرەکییەکانی گوتاری باوی ئێرانی، جۆری پێناسەکردنی کوردە. بەرتەسککردنەوەی پێگەی نەتەوەی کورد بۆ تەنیا «کەمینەیەکی نەتەوەیی» ستەمێکی مێژوویی و هەڵەیەکی مەترسیداری سیاسییە، چونکە مەترسیی پێشوەختە دیاریکردنی پێگەی سیاسیی نەتەوەی کوردی تێدایە. چەمکەکانی «تاک»، «کۆمەڵگە»، «نەتەوە» و «کەمینە» خاوەنی بارستایی و لێکەوتەی مێژوویی و مافناسیی جیاوازن.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوەیەکی ڕەسەن و خاوەن مێژوو، خاک، زمان و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیەتی کە بە زۆر بەسەر جوگرافیای دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا دابەش کراوە. لە ئێراندا، نەتەوەی کورد خاوەن کەسایەتییەکی دانەبڕاوی مێژوویی، کولتووری، زمانەوانی و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی بەردەوامی سیاسییە. کەواتە ناکرێت و ناشێت پرسی کورد تەنیا لە چوارچێوەی مافە مەدەنی و تاکەکەسییەکاندا کورت بکرێتەوە. هەرچەند مافی تاک بنەڕەتییە، بەڵام هەرگیز وەڵامدەرەوەی پرسی هەڵاواردنی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسیی بەکۆمەڵ نییە.

لە پراکتیکدا، ڕەنگە هاووڵاتییەک لە ماڵی خۆیدا بتوانێت بە زمانی دایکی بدوێت، بەڵام کاتێک ئەم زمانە لە سیستەمی پەروەردە، کارگێڕی، دادوەری و بڕیاردانی سیاسیدا قەدەغە و بێبەش کراوە، باس لە چ یەکسانییەک دەکرێت؟ یان تاکەکان لەسەر کاغەز وەک هاووڵاتی یەکسان بن، بەڵام تەواوی سەرچاوە، دەسەڵات و سەروەتەکان لە ناوەندێکی تایبەتدا قۆرخ کرابن. لێرەدا دەبێت جیاوازیی ورد بکرێت لەنێوان یەکسانیی تاکەکەسی و دادپەروەریی سیاسی - نەتەوەیی بەکۆمەڵدا. دەوڵەتێکی دیموکرات دەبێت دان بە بوون و مافی سیاسیی ئەو نەتەوانەدا بنێت کە خاوەنی مێژوو و جوگرافیای خۆیانن و داوای بەڕێوەبردنی کاروباری نیشتمانی خۆیان دەکەن.

کێ مافی دیاریکردنی پێگەی سیاسیی نەتەوەکانی هەیە؟

لە بنەمادا، پرەنسیپی سەردەمیانەی مافی چارەی خۆنووسین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت پێگەی سیاسیی هیچ نەتەوەیەک لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە بسەپێنرێت کە بەسەریدا باڵادەستە.

کورد وەک نەتەوەیەک لە ئێراندا، شوناس و بوونی خۆی لە بڕیاری تاکلایەنەی دەسەڵاتی ناوەندی یان زۆرینەیەک

وەرناگرێت کە هەوڵ دەدات بەناوی «کەمینە» پێگەکەی دابەزێنێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس بەو واتایەیە کە دەبێت پرسە بنەڕەتییەکانی پێوەندیدار بە شوناس، خاک و دەسەڵات، بە شێوازێکی تەواو دیموکراتییانە و بە بەشداریی ڕاستەوخۆی نەتەوەکان چارەسەر بکرێن. ناتەباییەکە لەوەدایە: ئەگەر بڕیار بێت تەنیا گوتاری باڵادەست مافی پێناسەکردنی ئێران وەک دەوڵەتێکی قەومیی یەکدەستی هەبێت و لە کورد و نەتەوەکانی دیکە بخوازێت بێدەنگانە ئەم پێناسەیە قبووڵ بکەن، ئەوا ئەو دەسەڵاتە بەردەوامیدانە بە هەمان سیستەمی کۆلۆنیالیستی و نادادپەروەرانەی ڕابردوو.

مافی چارەی خۆنووسین؛ بژاردەی ئازادانە نەک تەنیا دابڕان

هەندێک لە ناوەندگەراکان بە ئەنقەست یان لە ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستییەوە، هەر جۆرە باسێک لەسەر مافی چارەی خۆنووسین وەک داوای هەڵوەشاندنەوەی ئێران و دوژمنایەتی لێک دەدەنەوە. ئەم لۆژیکە بنەمایەکی زانستی و حقوقیی نییە. مافی دیاریکردنی چارەنووس چەمکێکی گشتگیر و فرەڕەهەندە؛ لە فیدراڵیزمی سیاسی، ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی، دابەشکردنی ناناوەندی دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە سەربەخۆیی تەواو. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نابێت هیچ نەزمێکی دەوڵەتی لە پێشوەختەوە وەک پێشمەرجێکی پیرۆز بسەپێنرێت، بەڵکوو پێویستە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا وەڵامی ئەم پرسیارە چارەنووسسازانە بدرێتەوە:

چ مۆدێلێکی دەوڵەتداری دەتوانێت زامنی یەکسانیی ڕاستەقینەی نێوان نەتەوەکان و هاووڵاتییان بکات؟
چ میکانیزمێک دەتوانێت ڕێگری لە ستەمی نەتەوەیی و ناوەندگەرایی بگرێت؟
چ دەستوورێک دەتوانێت گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی ئازادانە و شەرعی بەرهەم بهێنێت؟

ئەگەر وەڵامەکە ئێرانێکی لامەرکەزی، فیدراڵ یان هەر فۆرمێکی دیکەی پێکەوەژیانی ئازادانە بێت، دەبێت بەبێ تۆمەتبارکردن بە «جیاخوازی» گفتوگۆی ئازادانەی لەسەر بکرێت. ئەگەر بە پێچەوانەوە، دەوڵەتێک مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای زەوتکردنی ئیرادەی نەتەوەکان دابڕێژێت، ئەوا لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ شەرعیەتێکی دیموکراتیک نییە.

باجی مێژوویی ناوەندگەرایی لە ئێراندا

دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران لە سەدەی بیستەمدا بە پرۆسەی قورسی تواندنەوەی زمانی و نەتەوەیی (ئاسیمیلاسیۆن)، داپڵۆسین و دروستکردنی شوناسێکی ساختەی تاکڕەنگدا تێپەڕی. لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەویدا، ناوەندگەراییی توند و سەرکوتی نەتەوەکان کرا بە بنەمای سەرەکیی دەوڵەتسازی.

دوای شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هات و تەنیا بەرگی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتەکەی گۆڕی، بەڵام هەمان ناوەندگەرایی، ستەمی نەتەوەیی و سەرکوتی بە شێوازێکی دڕندانەتر درێژە پێ دا. لەم مێژووەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەنگەری نەبەزینی خەبات بووە دژی هەردوو دیکتاتۆریی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیهی. ئەم مێژووە پێمان دەڵێت: کێشەی سەرەکی تەنیا گۆڕینی کەسەکان و دەسەڵاتداران نییە، بەڵکوو شێوازی پێکهاتە و ناوەرۆکی خودی دەوڵەتە. لەبەر ئەوە، گۆڕینی کۆماری ئیسلامی بە دەسەڵاتێکی دیکەی ناوەندگەرا بەبێ هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی ستەمی نەتەوەیی، تەنیا دووبارەکردنەوەی مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیایە.

ئایا یەکپارچەیی خاک لەگەڵ دێموکراسیدا کۆ دەبێتەوە؟

بەڵێ، بەڵام تەنیا بە مەرجی دادپەروەری و ئیرادەی ئازادانەی نەتەوەکان.

مەرج نییە مافی چارەی خۆنووسین دژ بە پێکەوەژیان بێت؛ دەکرێت دەوڵەتێک لە پێکهاتەی سیاسی و دەستووریی خۆیدا فیدراڵ، فرەنەتەوە، فرەزمان و خاوەنی ئۆتۆنۆمیی بەرفراوان بێت. مەترسیی سەرەکی کاتێک سەرهەڵدەدات کە دەسەڵاتداران سنوورەکان بە پیرۆزتر لە مرۆڤ و مافەکانی بزانن. ئەگەر داواکاریی فیدراڵیزم و مافی نەتەوەکان بە «مەترسی بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی» پێناسە بکرێت، ئەوا هیچ بوارێک بۆ لێکتێگەیشتن و دێموکراسی نامێنێتەوە.

ئەزموونی مێژوو دەریخستووە کە یەکێتیی زۆرەملێ تەنیا ڕواڵەتێکی ساختەی هەیە و لە قەیرانە گەورەکاندا بە خێرایی لەبەر یەک هەڵدەوەشێت. بەڵام یەکێتییەک کە لەسەر بنەمای ئیرادەی سەربەست، یەکسانی، ڕێزگرتن لە فرەچەشنی و گەرەنتیی دەستووریی مافی نەتەوەکان دامەزرابێت، سەقامگیر و بەردەوام دەبێت.

پەیمانی نوێی کۆمەڵایەتی بۆ ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی دەبێت لەسەر ئەم پرەنسیپە نەگۆڕانە بێتە کایەوە:

١- یەکسانیی هاووڵاتیبوون: گەرەنتیی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو تاکێک بەبێ جیاوازی.

٢- دانان بە مافی نەتەوەکان: پاراستن و پەرەپێدانی زمان، کلتوور، پەروەردە و ناسنامەی نەتەوەکانی ئێران.

٣- ناناوەندێتی و فیدراڵیزم: گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، یاسادانان و کارگێڕی لە تارانەوە بۆ هەرێمە

نەتەوەییەکان.

٤- یەکسانیی زمانەوانی: بەفەرمیکردنی زمانە نەتەوەییەکان لە سیستەمی پەروەردە، ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەریی گشتیدا.

٥- مافی چارەی خۆنووسین: بڕیاردانی نەتەوەکان لەسەر چارەنووسی سیاسی و مۆدێلی بەڕێوەبردنی خۆیان.

دەرئەنجام

پرسیاری سەرەکی بۆ ئایندە نابێت ئەوە بێت: «چۆن بە هەر نرخێک بووە یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزین؟» بەڵکوو پرسیاری شۆڕشگێڕانە و ڕاستەقینە ئەوەیە: «چ سیستەمێکی سیاسی و دەستووری دەتوانێت نەتەوەکانی ئێران لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و خواستی ئازادانە پێکەوە کۆ بکاتەوە؟»

بۆ نەتەوەی کورد، بەدەستهێنانی مافەکان «بەخشین یان خێروبێری دەوڵەت» نییە، بەڵکوو مافێکی سروشتی و ڕەوای مێژووییە کە بە خەبات و قوربانیدان مسۆگەر کراوە. ئەگەر ئێران بیەوێت وەک قەوارەیەکی هاوبەش بمێنێتەوە، دەبێت جوگرافیاکەی بەرهەمی ئازادی و ڕەزامەندیی نەتەوەکان بێت، نەک قەفەزێک بۆ چەوساندنەوەیان.

٧ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

مستەفا مەولوودی: ناچینە نێو شەڕێکەوە مافی کوردی تێدا مسۆگەر نەبێت

ئاماژە:

کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ماوەی مانگی ڕابردوودا چ لە وێبینار و چ لە وتوویژە ڕۆژنامەوانی و تەلەڤیزیۆنییەکانیدا، بەرەوڕووی زنجیرەیەک پرسیار بووەتەوە کە سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر پرسە گەرم و ڕۆژەڤە سیاسییەکانی ئێران و کوردستاندا دەردەخەن. ڕۆژنامەی "کوردستان" هەوڵی داوە گرنگترین و هاوبەشترین پرسیارەکانی ئەم وتوویژانە لەگەڵ کاک مستەفا و وەڵامەکانی بەڕێزیان بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە:

پرسیار: **بۆچی حیزبی دێموکرات نە پشتیوانیی لە هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کردووە و نە مەحکوومیشی کردووە؟**

مستەفا مەولوودی: **ئەو پەلامار و هێرشانەی لە سێ قۆناغدا لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کرانە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە مەبەستی داگیرکردنی خاکی ئێران یان هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵک نەبووە؛ بەڵکوو هێرش بووە بۆ سەر ڕێژیمێک کە زیاتر لە چل و حەوت ساڵە وڵات و نەتەوەکانی ئێرانی بە بارمتەی سیاسەتەکانی گرتووە و زۆربەی سامان و تواناکانی وڵاتی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و قەیرانخوڵقێنی لە**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەرخان کردووە. بۆیە لەو سۆنگەیەوە، پەلامار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی هێرش نییە بۆ سەر نەتەوەکانی ئەم وڵاتە، بەڵکوو شەڕە لەگەڵ ڕێژیمێک کە بەڵایەکی گەورەیە بۆ گیانی خەڵک و گرێی شێرپەنجەیە بۆ ناوچەکە؛ کەواتە پێویست ناکات کورد ئەو شەڕە مەحکووم بکات.

لە لایەکی دیکەشەوە، ڕاستە ئەم شەڕە - کە بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە - زیانی زۆر قورسی بە ڕێژیم گەیاندووە، خامەنەیی و زۆر لە بەرپرسانی کوشتووە و زەبری لە ناوەندە سیاسی، نیزامی، ئەمنی و ئابوورییەکان داوە، ئەوەش دەتوانێت دەرفەت بۆ خەبات و ڕاپەڕینی خەڵک بخوڵقێنێت؛ بەڵام بە ڕوونی دەرکەوتووە ئامانجی ئەمریکا بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی ئێران نییە. سەیر کەن، لەو مەرجانەی ئەمریکا لە دەقی «لێکتێگەیشتن»دا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە دایناوە، ڕاشکاوانە هیچی بۆ خەڵکی ئێران تێدا نییە؛ تەنانەت بە شێوەیەکی ڕواڵەتیش باس لە ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی ناکات. نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات کە واقعبینانە سیاسەت دەکەن، سروشتییە نەبنە بەشێک لە شەڕێک کە هیچ گەرەنتییەک بۆ مسۆگەربوونی مافەکانیانی تێدا بەدی ناکرێت.

پرسیار: پێوەندیدار بەوەی دەگوترێ بڕیار بوو لە کوردستانەوە هێرشی وشکانی بکرێتە سەر ڕێژیم، بۆچی ئەو بڕیارە هەڵوەشایەوە؟

مستەفا مەولوودی: جارێ لە بنەڕەتدا ئەمریکا هیچ پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ هێرشی وشکانی و چوونە نێو خاکی ئێران نەبوو و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ڕایانگەیاندبوو کە سەربازەکانیان نانێرنە نێو خاکی ئێران. لەنێوان ئێمە و ئەمریکاشدا هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ پلانێکی لەو چەشنە نەبووە. خۆ ئەگەر بڕیاریش بووایە هێرشی وشکانی بکرێت، لە ڕوانگەی سەربازییەوە کوردستان شوێنێکی گونجاو نییە بۆ دەستپێکردن، بەم هۆکارانە:

پێش هەموو شتێک، کوردستان زۆر دوورە لە پایتەخت و ئەگەر بڕیار هێرشکردنە سەر ئێران بێت، دەبێت هێرش بکرێتە سەر ناوەندە گرنگەکانی ئەم وڵاتە بەتایبەت تاران؛ تاران لە کوردستانەوە زۆر دوورە و گەیشتن بەوێ کات و تێچووی گیانی و ماڵیی زۆری دەوێت. لە لایەکی دیکەوە، شەڕی وشکانی پێداویستیی لۆجستی و تایبەت بە خۆی دەوێت کە لە کوردستان ڕێگەی گونجاو، ئیمکانات و کەرەستەی وا لەبەردەستدا نییە. هەروەها لە کوردستان جیا لە بنکە و بارەگای هێزە سەرکوتکەرەکان (سوپا، ئەرتەش، ئیتلاعات و بەسیج)، هیچ شوێنێکی وەها هەستیاری سیاسی، ئابووری و ئیداریی لێ نییە کە بە هێرشکردنە سەری و داگیرکردنی، زەبری گورچکبڕ لە ڕێژیم بدرێت. لەوەش بترازێ، بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا

شوێنی زۆر گرنگتر هەیە، وەک دوورگە ستراتیژییەکانی باشووری ئێران (دوورگەکانی خارک، کیش، لاوان و هتد).

بۆیە بەپێی ئاگاداریی من، هیچ پلانێک بۆ هێرش لە کوردستانەوە نەبووە و ئەوە تەنیا پڕوپاگەندەی میدیایی بوو کە بە زیانی کورد شکایەوە.

پرسیار: بۆچی ئاڵترناتیڤێکی بەهێز بۆ کۆماری ئیسلامی دروست نابێت، چەشنی ئەوەی لە عێراق پێش ڕووخانی سەدام حوسێن پێکهات؟

مستەفا مەولوودی: ئێران تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە دروستکردنی ئاڵترناتیڤ ئاسان نییە. یەکەم، کۆکردنەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان لەژێر چەتری هاوپەیمانییەکدا بۆ جێگیرکردنی سیستەمێکی فیدراڵی و دێموکراتیک ڕاستە زۆر پێویستە، بەڵام ئاسان نییە. دووەم، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و خواستەکانیان جیاوازە؛ بۆ نموونە نەتەوەی فارس دەڵێن خوازیاری ئازادین، بەڵام کورد جیا لە ئێرانێکی ئازاد، مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆشی دەوێت. سێیەم، خوێندنەوەی هێزەکان جیاوازە؛ لە دێموکرات و چەپەوە تا کۆماریخواز و پاشایەتیخواز، ئەستەمە لە هاوپەیمانییەکدا جێگەیان ببێتەوە.

سەبارەت بە بەراوردکاری لەگەڵ عێراقیش؛ لە سەردەمی سەدامدا ئەمریکا سوور بوو لەسەر ڕووخاندنی بەعس و ڕاستەوخۆ هەموو هێزەکانی شیعە، سوننە و کوردی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ کردەوە. بەڵام تا ئێستا ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرنامە و پلانێکی ڕوونیان بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی نییە، بۆیە بە جیدی کار بۆ دروستکردنی ئاڵترناتیڤ ناکەن. بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە چونکە ئاڵترناتیڤ نییە ڕێژیم دەمێنێتەوە؛ بەپێچەوانەوە، لە دەرفەتی گونجاودا خەڵک توانای شۆڕشیان هەیە و بەبێ ئاڵترناتیڤی پێشوەختەش ڕێژیم دەڕووخێنن.

پرسیار: بۆچی لە "کۆنگرەی ئازادیی ئێران"دا بەشدارن و جیاوازیی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ ڕێککەوتنی "جۆرجتاون" چییە کە حیزبەکەتان دژی بوو؟

مستەفا مەولوودی: دروشمی سەرەکیی حیزبی دێموکرات تێکۆشانە بۆ جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، و یەکێک لە ڕێگاکانیش دیالۆگ لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکانە. هەر بەپێی ئەم سیاسەتە ئەندامانی حیزب بەشداریی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئازادیی ئێرانیان کردووە. ئەم کۆنگرەیە کەسایەتی، ئەکادیمی و

چالاکانی نەتەوە جیاوازەکانی کۆ کردووەتەوە بۆ دۆزینەوەی فۆرموولی هاوکاری. کشانەوەی کاندیداکەی ئێمەش لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی سێ مانگیی کۆنگرەکەدا، لە ڕۆڵی حیزب کەم ناکاتەوە. دیارە حیزب ئەندامی فەرمیی کۆنگرەکە نییە، بەڵام بەشداربوونی کادرەکانمان لە پێناو گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی ڕەوای کوردستانە.

سەبارەت بە جیاوازی لەگەڵ ڕێککەوتنەکەی جۆرجتاون؛ ئەم دووانە لە هەموو بارێکەوە جیاوازن. جۆرجتاون شای داهاتووی ئێرانی دیاری کردبوو و خۆی وەک ئاڵترناتیڤ دەناساند، بەڵام کۆنگرەی ئازادیی ئێران خۆی بە ئاڵترناتیڤ نازانێت و بابەتی شای داهاتووی تێدا نییە. لەبارەی پێوەندیشمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وەک موجاهیدینی خەلق؛ حیزب خۆی بە نەیاری هیچ لایەنێکی ئێرانی نازانێت و لەگەڵ هەر هێزێک هاوپەیمانی دەبەستێت کە بڕوای بە گۆڕینی ڕێژیم و دابینبوونی مافی نەتەوەکان هەبێت و بەکردەوەش بۆی تێبکۆشێت.

پرسیار: ئاستی داخوازییەکانی "پژاک" کە لەگەڵ ئێوە ئەندامی هاوپەیمانییە، بۆ مافی هاووڵاتیبوون دابەزیوە و ئەم لایەنە لەژێر کاریگەریی "کەجەکە"دایە. پێتان وانییە ئەم ئاستە نزمەی داخوازییەکان، کارتی کوردی لەنێو لایەنە ئێرانییەکاندا لاواز کردبێت؟

مستەفا مەولوودی: حیزبی دێموکرات دیالۆگ و هاوکاریی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ یەکتری بە ڕەوا دەزانێت، بەو مەرجەی دەست لە کاروباری یەکتر وەرنەدەن و دەستوەردان لە بەشەکانی دیکەدا نەبێت؛ چونکە هەر بەشێک تایبەتمەندیی سیاسی و حقووقیی خۆی هەیە. ئێمە دەزانین پژاک پێوەندیی تۆکمەی لەگەڵ PKK هەیە و ئیلهامیان لێ وەردەگرێت، بەڵام زۆربەی ئەندامەکانیان کوڕ و کچی ڕۆژهەڵاتن. حیزبی دێموکرات هەمیشە هاوکاری و پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە پێویست زانیوە و ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە دروستکردنی ناوەندی هاوکاری و ناوەندی دیالۆگ کە پاشان «ناوەندی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران»ی لێکەوتەوە. دەمەوێ بڵێم پژاک و حیزبی دێموکرات دوو حیزبی جیاوازن و بەبێ دەستوەردان لە کاروباری یەکتر، کار دەکەن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و سەردەمیش گۆڕاوە، بۆیە پێویستە حیزبەکان بە وریایی و ئاگاییەوە سیاسەت بکەن.

پرسیار: چۆنە هیچ پرۆژەیەکتان بۆ داهاتووی بەڕێوەبردنی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەدا نییە، چونکە هیچتان ڕانەگەیاندووە؟

مستەفا مەولوودی: وا نییە کە پرۆژەمان نەبێت؛ حیزبی دێموکرات ئەزموونی مێژوویی لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا هەیە و

خەرمانانی ٢٧٢٦

چەندین جار بۆشایی دەسەڵاتی لە کوردستان پڕ کردووەتەوە، وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ و پێکهێنانی شۆڕای شار و گوندەکان دوای شۆڕشی ١٣٥٧. حیزبی ئێمە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ لایەنەکانی کۆمەڵە دانیشتووە و لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاویدا ڕێککەوتننامەی لێکتێگەیشتنمان لەسەر ئەم بابەتە ئیمزا کردووە. لە ئێستاشدا کە باسی گۆڕانی ڕێژیم گەرمە، لە ناوەندی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا قسە لەسەر ئەوە کراوە کە چۆن بەیەکەوە کار بکەین بۆ پاراستنی ئاسایش و ژیانی هاونیشتمانییان، چۆن کەڵک لە ئیمکانات وەربگیرێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ پاشماوەکانی ڕێژیمدا بکرێت. ئەم بابەتە بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە و کارکردن لەسەری بەردەوامە.

پرسیار: هەڵوێستتان چی دەبێت ئەگەر پاشایەتیخوازەکان لە ئێرانی داهاتوودا دەسەڵات بگرنە دەست؟

مستەفا مەولوودی: کوردی ڕۆژهەڵات ئەزموونی تاڵی لەگەڵ سیستەمی پاشایەتیدا هەبووە؛ لە سەردەمی ڕەزاخاندا بە پیلان سمکۆی شکاک (ئیسماعیل ئاغای سمکۆ)یان شەهید کرد، و لە سەردەمی محەممەدڕەزا پەهلەویشدا هێرشیان کردە سەر کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدیان لەسێدارە دا. سەرەنجام خەڵکی ئێران بە شۆڕشی ١٣٥٧ کۆتاییان بەو سیستەمە هێنا. لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی ٩ی حیزبیشدا بە ڕوونی سیستەمی پاشایەتی ڕەت کراوەتەوە و تێکۆشان بۆ کۆمارێکی دێموکراتیک کراوەتە ئامانج.

لە لایەکی ترەوە، ڕەزا پەهلەوی کە هیچ دەسەڵاتێک و تەنانەت حیزبێکیشی نییە، لە لێدوان و بڵاوکراوەکانیدا بە هەمان ڕێچکەی باوک و باپیریدا دەڕوات و بڕوای بە دەسەڵاتی ناوەندگەرا هەیە. بۆیە ئەم سیستەمە چانسی سەرکەوتنی نییە و کورد بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی هێنانەوەسەرکاری سیستەمێک نادات کە تاقی کراوەتەوە و هەمیشە دژی مافەکانی بووە.

٨ی خەرمانانی ٢٧٢٦

مستەفا هیجری: بەردی بناغەی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێت پێش ڕووخانی ڕێژیم دابرێت



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی "حەل‌نێت" وڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرینگی دایەوە.

کاک مستەفا هیجری، لەم وتوویژەدا، وێڕای هەڵسەنگاندنی دۆخی لەرزۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شیکردنەوەی ستراتیژیی قۆناغی گواستنەوە، باسی لە دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی فارس کرد و هێڵی سووری ئەم حیزبەی لە هاوپەیمانییەکانی ئۆپۆزسیۆندا بە هاوکاری‌نەکردن لەگەڵ ڕەوتە ناوەندگەراکان ڕاگەیاند.

بەپێی ڕاپۆرتی «حەل‌نێت»، لە بارودۆخێکدا کە قەیرانە ئابوورییەکان و گوشارە ڕوو لە زیادەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، پێگەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان زیاتر لە پێشوو لەرزۆک کردووە، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەم میدیایە، پەرژایە سەر شیکردنەوەی ستراتێژیی ئەم حیزبە بۆ قۆناغی گواستنەوە، پرسی هاوتەبایی لە ئۆپۆزسیۆن و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دەقی تەواوی ئەم وتوویژە لە خوارەوە بخوێننەوە:

تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی ئێستای ئێران و ستراتیژیی گواستنەوە

حەل نیت: لە بارودۆخێکدا کە قەیرانە ئابوورییەکان و نارەزایەتییە قووڵە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوایی و کارامەیی کۆماری ئیسلامییان لە ناوخۆ و دەرەوەدا گەیاندووەتە نزمترین ئاست و زۆر کەس لەو بڕوایەدان ڕێژیمی ئێران لە لێواری ڕووخاندایە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ هەڵسەنگاندنێکی بۆ خاڵی کۆتایی ئەم حکوومەتە هەیە؟ وەک یەکێک لە ڕێکخراوترین حیزبە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئێراندا، ستراتێژی و نەخشەڕێگای ئێوە بۆ بەڕێوەبردنی قۆناغی گواستنەوە و ڕێگریکردن لە دروستبوونی بشێوی لە ڕۆژی دوای ئەرگەری ڕووخان چییە؟

مستەفا هیجری: منیش لەسەر ئەو بڕوایەم کە کۆماری ئیسلامی لە لێواری ڕووخاندایە، بەڵام پێشبینیکردنی کاتی گەیشتن بە کۆتایی ئەم ڕووخانە،

واتە ڕووخانی یەکجاریی ڕێژیم، کارێکی ئاسان نییە؛ چونکە:

ئەم ڕێژیمە سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆری ناوخۆیی وەک ئابووریی دارماو، لەدەستدانی ڕەوایی ناوخۆیی و دەرەکی، دەرکەوتنی کەلێنی سیاسی لە هەرەمی دەسەڵاتدا و هۆکاری تر، هێشتا توانا و ئیرادەی سەرکوتکردنی توندوتیژ و بەربڵاوی نارازییانی ناوخۆی هەیە. سەرەڕای قەیرانی توندی ئابووری، بەڵام هێشتا توانای دابینکردنی دارایی هێزە سەرکوتکەرەکانی هەیە و ئەم سەرکوتکردنانە هەرچەندە بەپێی کات کاریگەرییەکانیان لەدەست دەدەن، بەڵام لە دواخستنی ڕووخانی تا ڕادەیەک کاریگەر بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دواکەوتنی هەر ڕۆژێک لە ڕووخانی ڕێژیم، لەخۆگری دانی تێچووی زیاتری گیانیی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و وێرانبوونی زیاتری وڵاتەکەیە؛ بەڵام لەلایەکی ترەوە دەکرێت دەرفەتێک بێت بۆ یەکیەتی و هاوپەیمانی لەنێوان سەرجەم چین و توێژەکانی وڵاتدا بە هەموو جیاوازییە نەتەوەیی، ئایینی، زمانی، هزری و ڕوانگە سیاسییە جیاوازەکانەوە، لە چوارچێوەی بەڕەسمی ناسینی ئەم جیاوازییانەدا کە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی زیندوو و پرجووڵەیە و بەمەبەستی ڕێگریکردن لە دواخستنی زیاتری کۆتایی ئەم ڕێژیمە و کەمکردنەوەی تێچووی گیانی و وێرانبوونی زیاتری وڵات، هەروەها داڕشتنی بەرنامە و سیاستێکی تر لەسەر بنەمای دادپەروەری، کۆتاییهێنان بە ستەم، هەڵاواردن، پەراوێزخستنی ناوچەکانی دەوروبەر و قوربانیکردنی هەموو شتێک بۆ ناوەند کە لە ماوەی نزیکەی سەدەی ڕابردوودا شاهیدی بووین و ئەنجامی کۆتاییەکەی، بەرهەمهێنانی ڕێژیمێک بوو بە ناوی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی چل و چەند ساڵی ڕابردوودا نە تەنیا بەڵایەکی ماڵوێرانکەر بوو بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکو بووە کێشەیەکی گەورەش بۆ هەموو وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت بۆ جیهانیش.

ئەگەر هەموو خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە ڕابردووی تاڵ و پەرشوبڵاوی ڕابردوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی نگریسی خۆی زۆرترین کەڵکی وەرگرتووە و سوودی لێ بینیوە دەرس وەربگرن، هێشتا دەرفەت هەیە کە دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە، ئێرانێکی ترمان هەبێت.

ئێمەی کورد لەم پەیوەندییەدا هەنگاوی گرنگمان لە پێناو یەکیەتی و هاوپەیمانیدا هەڵگرتووە کە بێگومان حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی کاریگەری لە پێهێنانی ئەم هاوپەیمانییەدا هەبووە؛ سەرباری ئەوەش، لە یەکیەتیدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە حیزب و نەتەوەکانی ئێران وەک عەرەبەکان، بەلووچەکان، تورکەکان و تورکمانەکانیش توانیمان بە تێگەیشتن لە پێویستیی هاوپەیمانی لە دەوری پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش، لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەین. ئێستا لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوەکانی هاووڵاتییانی فارسیشدا لە گفتوگۆداین تا بەستێنی هاوکاریی بەربڵاوتر لەگەڵ ئەوانیشدا دابین بکەین.

ئەم جۆرە یەکیەتییە و ڕێزگرتن لە مافەکانی سەرجەم لایەنەکان بۆ ئێستا، پێش ئەگەری دارمانی ڕێژیم، قۆناغی گواستنەوە و دوای ئەوەش شتێکی گرینگە کە نکۆڵی لێ ناکرێ.

تەوەرەی دووەم: پرسی هاوپەیمانیی سەرانسەری و ئۆپۆزسیۆن

حەل نێت: دوای سەرهەڵدانی «ژن، ژیان، ئازادی»، هەوڵێک بۆ هاوپەیمانی لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا ئەنجام درا کە وەک دەبینین نەگەیشتە ئەنجامێکی بەردەوام. بە سەرنجدان بە قورسایی سیاسیی حیزبی دێموکرات، چوارچێوە و هێڵە سوورەکانی ئێوە بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕەوتە سیاسییە سەرانسەرییەکانی تر (ناوەندگەرا، کۆماریخواز و...) چییە؟ ئایا لە بارودۆخی ئێستادا، دوورەدیمەنێک بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کارامە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا دەبینن؟

مستەفا هیجری: کورد و نەتەوەکانی تری پێکهێنەری پێکهاتەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، شاهیدی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بووین؛ ئەم ڕێژیمانە هەردووکیان لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتدا لێکچوونی زۆریان هەبوو. دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ناوەندگەرییە بریتی بووە لەوەی کە ئێرانی بەربڵاو بە پێکهاتەیەکی جەماوەریی پێکهاتوو لە نەتەوەکان، زمانەکان، بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبیی جیاواز، بە فەرهەنگ و مێژووی جیاواز و جیاوازیی زۆری دیکەوە، بە یەک نەتەوە ئەژمار کراوە و هەموو ئەم جیاوازییانە چاوپۆشییان لێ کراوە. ئەم یەک نەتەوەیە، بریتی بووە لە سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە لە ناوەندی ئێراندا نیشتەجێن، واتە تەنیا هاووڵاتییانی فارس. بۆ وەڕاستگەڕاندنی ئەم گریمانەیە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا هەوڵیان داوە هەموو منداڵانی ئەم نیشتمانە لە هەمان

سەرەتای خوێندنەوە بە زۆر، زمانی فارسی فێر ببن، زۆرترین بودجەی ئاوەدانی و گەشەپێدان بۆ ئەم بەشە تەرخان کراوە و ڕادەیەکی زۆر کەم بۆ بەشەکانی دەوروبەر؛ هەروەها بەرنامەداڕشتنی پرتێچووی زۆر لە ڕاستای دەوڵەمەندکردنی ئەم زمانە یەکگرتووە، فەرهەنگ و مێژووی ئەم یەک نەتەوەیە و توانەوەی زۆرەملێی فەرهەنگ، زمان و مێژووی باقی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم نیشتمانە لە زمانی نەتەوەی یەکگرتووی فارسدا بووە. سەرکوتکردنی هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک بەرانبەر بەم ناداد پەروەری و هەڵاواردنانە لەژێر ناوی ناڕاست و دروستکراوی جیاخوازی، خیانەت، دارەدەستی دوژمنان، سووکایەتیکردن بە زمانەکان، فەرهەنگەکان، مێژوو، بیروباوەڕ و باوەڕە مەزهەبییەکانی جگە لە بووە.

ئەنجامە کردارییەکانی ئەم سیاسەتە لە نەتەوەسازی بریتی بووە لە بێکاری، نەبوونی ناوەندی دۆزینەوەی کار، گەشەسەندنی هەژاری، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، نەبوون یان کەمیی ناوەندی دەرمان و تەندروستی و بەگشتی پاشکەوتوویی لە گەشەپێدان، جۆرەها ئازار و گرفتاریی زۆر لە ناوچەکانی دەوروبەری وڵات کە زۆرینە یان نزیکەی نیوەی جوگرافیا و جەماوەری ئەم نیشتمانە لەخۆ دەگرێت.

هەوڵی حیزبی ئێمە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا لە ڕاستای هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی دێموکراتیک بە هاوکاریی هەموو ئازادیخوازان بەتایبەت نەتەوەکانی ژێر ستەم بووە کە تێیدا، ئێران نە موڵکی تایبەتی کەسێک (شا، وەلی فەقێ) یان گرووپ و نەتەوەیەک بێت، بەڵکوو تێیدا هەمووان خۆیان بە خاوەنی ئەم وڵاتە بزانن، دەسەڵات و دەسەڵاتداریی چڕکراو لە تاراندا لەسەر بنەمای یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیک لەنێوان سەرجەم ناوچە نەتەوەییەکاندا دابەش بکرێت تا ئەم وڵاتە بۆ هەمیشە لە دەستی دیکتاتۆری بە هەر شێوە و ڕەنگێک ڕزگاری ببێت و نیشتەجێبووانی لە ئاسایش، ئارامی و ئازادیدا ژیان بەسەر ببەن.

ئێمە لەگەڵ هەموو حیزب، گرووپ و کەسانێک کە بڕوایان بە دروستکردنی ئێرانێکی وەها هەیە و بۆ وەدیهێنانی خەبات دەکەن، ئامادەی هاوکارین. لە بەرانبەردا، ئامادە نین لەگەڵ ئەو گرووپ و ڕەوتە فکرییانەدا هاوکاری بکەین کە هێشتا لە پێکهێنانی حکوومەتێکی ناوەندگەرای تر لە پاش کۆماری ئیسلامین.

تەوەرەی سێیەم: پێکەوەژیانی مێژوویی؛ کوردەکان و ئازەرییەکان

حەل نیت: جوگرافیای باکووری ڕۆژاوای ئێران بەتایبەت شارەکانی وەک ورمێ، نەغەدە، میاندواو، تیکاب و... شوێنی ژیانی هاوبەش و تێکەڵاوی دوو نەتەوەی کورد و تورکی ئازەرییە. لە مێژووی هاوچەرخدا، ئەم ناوچەیە هەم ئەزموونی زۆر شیرینی یەکیەتیی «کۆماری کوردستان» و «حکوومەتی میلیی ئازەربایجان» (پەیمانی قازی محەممەد و پیشەوەری)ی

دیوە، و هەم ڕۆژانی تاڵی وەک تێکهەڵچوونەکانی سەرەتای شۆڕش و «شەڕی نەغەدە»ی تێپەڕاندووە. کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە لەم جیاوازییانە بۆ ئاژاوەگێڕی کەڵک وەربگرێت. بە سەرنجدان بەوەی جەنابتان ڕۆڵەی شاری نەغەدەن و ئەم ڕاستییانەتان لە نزیکەوە هەست پێکردووە، بەرنامەی ستراتێژیی حیزبی دێموکرات بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم ئاژاوەگێڕییانە چییە؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە لە ئێرانی ئازادی داهاتوودا، لە بەردەم دووبارەبوونەوەی تاڵییەکاندا، شاهیدی بووژانەوەی گیانی پێکەوەژیان و یەکیەتیی سەردەمی قازی-پێشەوەری لەم ناوچانەدا بین؟

مستەفا هیجری: جگە لە پارێزگای ورمێ ناوچەی تریش لە ئێراندا هەن کە نیشتەجێبووانیان لە پێکهاتەی نەتەوە، بیروباوەڕی مەزهەبی و... جیاواز پێکهاتوون و هەرکامیان کەم و زۆر خاوەنی ڕابردووی تاڵ و شیرین لە پێکەوەژیاندا بوون لەگەڵ یەکتردا. گرژییەکان و هەندێک جار دوژمنکارییەکان لەنێوان خەڵکی ئەم ناوچانەدا ڕوویان داوە، ئەنجامی هۆکاری جۆراوجۆر لەوانە سیاستە ئاژاوەگێڕانەکانی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی قۆستنەوەی سیاسی و مەزهەبی بە قازانجی خۆیان بووە. چونکە ئەم حکوومەتانە بەتایبەت کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە یەکیەتی و هاوپەیمانیی خەڵک ترساون و ئەوەیان لە ڕاستای تێکدانی حکوومەتی خۆیان زانیوە، لە ئەنجامدا بەردەوام لە بیری پلانگێڕیدا بوون بۆ ئاژاوەگێڕی و جیاوازی لەنێوان خەڵکدا و لەلایەکی ترەوە نەتەوەپەرستیی توندئاژۆ کە هەندێک جار لە شێوەی شۆڤێنزمیشدا لەنێوان کەسایەتی و گرووپێک لەم خەڵکە و هەستی خۆبەگەورەزانین، ئەم گرژییانەی بەدی هێناوە.

بەرنامەی حیزبی ئێمە بۆ هاووڵاتییانی نیشتەجێی ئەم ناوچەنە دەرس وەرگرتن لە ڕابردووە تاڵەکان و یەکیەتی و هاودڵیی شیرین و پەندبەخشی ڕابردوویە. بیرهێنانەوەی ئەم گرژییانە کە تێیدا سەرجەم لایەنەکان زیانیان بەرکەوتووە و لەسەر بنەمای ئەم ئەزموونانە، بەردی بناغەدانانی یەکیەتی و هاوکاری و لەبیرکردنی مێژووی ناخۆش و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەیانە.

جیاوازیی نەتەوە جیاوازەکان بە بیروباوەڕی جۆراوجۆرەوە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا شتێکی ئاساییە و لە هەر شوێنێکدا بیروباوەڕ و زمانە جیاوازەکان بە فەرمی ناسراون، ژیانێکی پڕ لە ئاشتی، دۆستایەتی و خۆشەویستییان لەگەڵ یەکتردا ئافراندووە.

کۆمەڵگەی تورک و کورد لە پارێزگای ورمێ دەبێت بە سەرنجدان بەم ئەزموونانە لە بەردەم تۆڵەسەندنەوە و دووبەرەکی لەگەڵ یەکتردا، لە بیری دۆزینەوەی ڕێگەچارەی پێکەوەژیان و ئاشتییانە بۆ بەردەوامیدان بە ژیانێکی باشتر لەگەڵ یەکتردا بن.

لە ڕێگەی گەیشتن بەم ئامانجە مرۆییە، سەرجەم ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانی ئەم نەتەوانە بەرپرسیارێتییان لەسەرە. بەتایبەت بەرپرسیارێتیی قورستر لەسەر شانی حیزبە سیاسییەکان، کەسایەتییە ئایینییەکان، مامۆستایان، پەروەردەکارانی قوتابخانەکان، فێرگەکان، ڕۆشنبیران و بنەماڵەکانە کە منداڵانی خۆیان لەم ڕێگەیەدا پەروەردە بکەن.

تەوەرەی چوارەم: یەکگرتوویی ناوخۆیی کورد و هاوپەیمانیی حیزبەکان

حەل نیت: یەکگرتنەوەی دووبارەی دوو بەشی حیزبی دێموکرات (حدکا و حدک) شەپۆلێک لە هیوای لەنێوان خەڵکی کوردستاندا دروست کرد. لە پاڵ ئەم پرسەدا، سەبارەت بە هاوپەیمانیی ئێستای حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی تردا (ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان)، مێکانیزمی وردی هاوکاری و یەکیەتی لەم هاوپەیمانییەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەم یەکیەتییە دەکرێت ببێتە بەستێنێک بۆ پێکهێنانی «بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی»ی ڕێکوپێکتر بۆ بڕیاردانە گەورەکانی داهاتوو؟

مستەفا هیجری: ڕاستییەکی سیاسی کە ئێمە بەردەوام لە کرداریشدا ڕووبەڕووی بووینەتەوە، ئەوەیە کە لە وڵاتانی وەک ئێراندا کە هیچکات دێموکراسی و کاری بەکۆمەڵیان ئەزموون نەکردووە، دروستکردنی هاوکاری و کاری هاوبەش زۆر دژوارە. زۆر کەس لە قسە و دروشمەکانیاندا خۆیان بە دێموکرات دەزانن و لە دێموکراتی دەدوێن، بەڵام لە کرداریشدا لە بەکگراوندی مێشکی هەرکامیاندا بەستێنەکانی دیکتاتۆری وەک خۆبەگەورەزانین، تەنیا خۆ لەسەر سەکۆی حەق و ڕاستی بینین و بیرکردنەوەی ئەوانی تر بە بەتاڵ زانین، بوونی هەیە. بەم هۆیەوە، پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوکاری بە دەگمەن ڕوو دەدات و دوای پێکهێنانیشی زۆربەی جار زوو لە هەڵوەشاندنەوە نزیک دەبێتەوە. ئەنجامی ئیدعای ئەم جۆرە دێموکراسییە درۆیینەیە بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە کۆماری ئیسلامی کە دەزگاکانی دەسەڵاتداری لە پێکهاتەی یەک شێوە بیرکردنەوە و جیهانبینی دروست دەبێت و بیرکردنەوەکانی تر بەرەو پەراوێز دەبرێن یان تەنانەت بە دوژمن ئەژمار دەکرێن. ئەمە لە کوردستانی ئێراندا لەژێر سێبەری حیزبایەتیی دێرینە و ڕاهێنانی زیاتر لە کاری بەکۆمەڵدا، کاریگەریی زۆری لەسەر دروستکردنی یەکیەتی لە کۆمەڵگەدا داناوە. ئەم ئەزموونە لە حیزبی دێموکراتدا بەرچاوتر و ئاشکرایە، بەم هۆیەوە تێگەیشتنەکان و هاوکارییەکان لەنێوان گرووپە جیاوازەکان و کەسایەتییەکانی کۆمەڵگەدا بەربڵاوترە.

مێکانیزمی هاوکارییەکان لەنێوان حیزبەکانی کوردستاندا نە لەسەر بنەمای وەک یەک لێکردنی حیزبەکان، بیرکردنەوە و بەرنامەکانیان، بەڵکوو لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکان دروست دەبێت. ئێمە لەسەر ئەم بابەتە زیاتر کار دەکەین و هەوڵ دەدەین بۆ لادانی کێشەکانی سەر ڕێگا، ڕێگەچارەی دێموکراتیک بدۆزینەوە و مێکانیزمی ئەم ڕێگەچارەیە دیالۆگە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئێمەی گەیاندووەتە ئەم ئەنجامە، تێگەیشتنە لەم ڕاستییەی کە کار و ئامانجگەلێک کە بە هاوکاری و بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ دەتوانین پێی بگەین، بە شێوەی سەربەخۆ یان تاکحیزبی مەحاڵ یان زۆر ئەستەمە. ئێمە لەم ڕێگەیەدا لەگەڵ گرووپ و حیزبە جیاوازەکاندا نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی تری ئێرانیشدا کار دەکەین و ئەو ئەنجامانەی تا ئێستا لەم بوارەدا بەدەستمان هێناوە، هەنگاون بەرەو پێشەوە و بەردەوامییان پێ دەدەین.

تەوەرەی پێنجەم: ڕێککەوتننامە ئەمنییەکان و گوشارە هەرێمییەکان

حەل نێت: ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەنێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی عێراقدا، گوشاری بێوێنەی بۆ چەککردن و سنووردارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان دروست کردووە. حیزبی دێموکرات چۆن هاوسەنگی لەنێوان «پاراستنی هێزی خەباتکاری خۆی»، «لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی هەرێمی کوردستان» و «بەردەوامیی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی» لەم بارودۆخە سەختەدا ڕادەگرێت؟

مستەفا هیجری: سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقێ پێکهاتووە. ئیدئۆلۆژییەک کە جگە لە خۆی، هەمووان بە دوژمن دەزانێت و لەگەڵیاندا بە شێوەیەک لە شەڕ و ململانێدایە. ئەم ڕێژیمە لە هەمان سەرەتاوە دروشمی لەنێوبردنی ئیسرائیلی بەرز کردووەتەوە و لە کرداریشدا بە یارمەتییە ماددی و چەکدارییە بەربڵاوەکان، دەستی کردووە بە بەهێزکردن و پشتگیری لە گرووپە ئیسلامییەکانی دژی ئەم وڵاتە و دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم بە ئامانجی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئاتۆمی.

ئورووپا و ئەمریکاش لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە بەرانبەر ئەم زێدەخوازییانەی کۆماری ئیسلامیدا هێشتا لەگەڵیدا لە مامەڵەدا بوون، بەو هیوایەی کە ئەم بەشە لە سیاسەتەکانی ڕێژیم بگۆڕن تا بەڵکوو کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بتوانێت پەیوەندیی مامناوەند بەدی بهێنێت و لەلایەکی ترەوە ئەوانیش قازانجی بازرگانیی خۆیان لە ئێراندا دابین بکەن؛ بەڵام ئەم ئامانجە وەدی نەهاتووە و لە ئەنجامدا ئەمریکا و ئیسرائیل پەنایان بۆ ئەنجامدانی هێرشی قورس بۆ سەر کۆماری ئیسلامی برد.

ئەم هێرشانە، زەبرێکی قورس بوون کە لە ڕووی سەربازی بەتایبەت ئابوورییەوە، ڕێژیمیان خستە دۆخێکی دژوارەوە. لاوازبوونی ڕێژیم بۆ ئێمەی کورد و بەگشتی بۆ زۆربەی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران کە لە دەستی ئەم ڕێژیمە وەزاڵە هاتبوون، پێشوازیی لێ کراوە؛ چونکە بە لاوازبوونی ڕێژیم لە درێژخایەندا، دەرفەتی زیاتر بۆ خەڵکی ئێران لە خەباتدا

دابین دەکات.

بەڵام داخوازیی خەڵکی ئێران بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕووخانی یەکجاریی ئەم ڕێژیمەیە نە تەنیا لاوازکردنی. بەڵام لە حیساباتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئامانجی سەرەتایی لاوازکردنی ڕێژیمە تا ئەو شوێنەی داخوازییەکانیان قەبووڵ بکات و دژی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا هیچ هەنگاوێک نەنێت.

داخوازی ئێمە و ئازادیخوازان، جێگرتنەوەی ئەم ڕێژیمەیە بە حکوومەتێکی دێموکراتیک کە ئازادییەکان و کەرامەتی مرۆڤەکان دابین بکات. حکوومەتێک کە داهاتەکانی وڵاتی دەوڵەمەندی ئێران بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتنی وڵات، خۆشگوزەرانی و ئارامی خەڵک بەکار بهێنێت؛ حکوومەتێکی ئاسایی کە لەگەڵ دراوسێیان و تەواوی جیهان لە ئاشتی و ئارامیدا بێت. بەم شێوەیە ئێرانێکی تر بێت کە تێیدا لە هەڵاواردن و گوشار دژی خەڵک کەڵک ورنەگیرێت و ئێرانێک کە لە وڵامی پرسیارەکانی پێشووداشدا ئاماژەمان بە تایبەتمەندییەکانی کرد.

بە کورتی، هرچەندە دروستکردنی هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیاستەکانی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا لە ڕاستای کردنەوە و وەدیهێنانی ئاواتەکانی خەڵکدا تەنیا کرینی کاتە و بە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە، دەکرێت هیوامان بە ڕۆژێکی باشتر بێت. دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە ڕووخانی ڕێژیم قۆناغی یەکەمە و ئەم ڕووخانە ناتوانێت ئامانجی کۆتایی بێت، بەڵکوو ئامانجی کۆتایی دروستکردنی ئێرانی ترە بەو تایبەتمەندییانەی کە ئاماژەمان پێ دان.

تەوەرەی شەشەم: گۆشەنیگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیامی کۆتایی

حەل نیت: میدیای ئێمە بڕوای قووڵی بە بەهاکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە، لێبوردەیی و کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و توندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. وەک ڕێبەرێکی سیاسیی خاوەن ئەزموون، ئایا بە پێکهێنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی دێموکراتیک کە تێیدا مافی سەرجەم نەتەوەکان و پێکهاتەکان بێ شەڕ دابین بکرێت، هیوادارن؟ لە کۆتاییدا، پەیامی دیاریکراوی ئێوە بۆ ئەو خەڵکەی کە لە ناوخۆی ئێران و کوردستان لەژێر توندترین گوشاری ئەمنی و ئابووریدا بەرخۆدان دەکەن، چییە؟

مستەفا هیجری: پێکهێنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی دێموکراتیک و ئێرانێکی دێموکراتیک شتێک نییە کە بە دارمانی حکوومەتەکان و شەڕ دابین بکرێت، بەڵکوو هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگەدا لەخۆگری گۆڕانی شێوە بیرکردنەوە، فکر،

خەرمانانی ٢٧٢٦

ڕەفتـار، فەرهەنـگ و نەریتەکـانی ئەو خەڵـکەیە کە لە ڕووخانـدنی ئەم جـۆرە حکوومەتـانەدا ڕۆڵـی بنەڕەتـی دەگێـڕن. گۆڕانکـاری لە شـێوە بیرکـردنەوە، فکـر، ڕەفتـار، فەرهەنـگ و نەریتەکـانی خەڵکیش پێویسـتی بە تێپەڕبـوونی کـات، ئەزموونوەگرتن لە ڕابردوو و قەبووڵکردنی ڕەخنە هەیە.

ئایا نەتەوەکانی ئێران گەیشتوونەتە ئەم قۆناغە لە پێشکەوتنی فکری و جیهانبینی کە بتوانن دوای کۆماری ئیسلامی، ئێرانێکی تر دروست بکەن؟ هیواخوازم وەها بێت.

پەیامی من لەم ڕاستایەدا، یەکیەتی و هاوپەیمانی و بەفەرمیناسینی جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی، مەزهەبی و...ـەکانی یەکتر و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئێرانێکی تر بۆ هەمووان لە سایەی ئازادی و دێموکراسیدایە و هەموو ئەم شتانەش شتێک نین کە بۆ داهاتوو دوا بخرێن، بەڵکوو بەردی بنەغەی ئەوانە دەبێت لە هەر ئێستاوە دابنرێت، هێشتنەوەی ئەم بابەتانە بۆ دوای ڕووخانی ڕێژیم زۆر درەنگ دەبێت و دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەرفەت، کە ئەنجامەکەی دەکرێت سەپاندنەوەی دووبارەی دیکتاتۆری بە ڕەنگ و بۆیەکی تازەوە دوای ڕێژیمی ئێستا بێت.

١٠ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئاڵۆزدا

ئیبراهیم لاجانی

لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کەم پرس هەن بەقەدەر پرسی کورد بە بابەتە بنەڕەتییەکانی وەک ناسنامە، دەوڵەت، دیموکراسی، دادپەروەری و ئاشتییەوە گرێ درابن. نەتەوەی کورد، وەک یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانی جیهان، پاش دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەنێوان ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە دابەش کرا. بەڵام ئەم دابەشکردنە نەیتوانیوە ناسنامەی کوردی بسڕێتەوە یان داواکارییە سیاسی و

نەتەوەییەکانی کورد سەرکوت بکات؛ بەپێچەوانەوە، دابەشکردنی کوردستان پرسی کوردی کردووە بە پرسێکی ئاڵۆزی سیاسی کە نزیکەی سەدەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

پرسی کورد تەنیا داواکاریی پاراستنی زمان و فەرهەنگ نییە، هەرچەند زمان و فەرهەنگ دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامەی کوردن. ئەم پرسە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە مافی بەشداریکردن لە دەسەڵات، یەکسانیی هاونیشتمانان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی هاوسەنگ، خۆبەڕێوەبەری و مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە هەیە. واتە پرسی کورد، پرسی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەیە؛ پرسێکە دەربارەی ئەوەی ئایا دەوڵەت دەتوانێت واقیعییەتی فرەنەتەوەیی، فرەزمانی، فرەئایینی و فرەکولتووریی دانیشتووانی نێو چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی قبووڵ بکات، یان هەر لەسەر بردنەپێشی سیاسەتی یەکسانسازی و سەپاندنی ناسنامەیەکی ناوەندتەوەر بەردەوام دەبێت.

لەگەڵ پەیدابوونی سیستەمی دەوڵەت - نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زۆرێک لە حکوومەتەکانی ناوچەکە هەوڵیان دا ناسنامەیەکی ناوەندتەوەر و یەکدەست بەسەر کۆمەڵگە فرەنەتەوەییەکاندا بسەپێنن. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا، کورد لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ حاشاکردن لە ناسنامە، پیلانەکانی تواندنەوەی کولتووری، قەدەغەکردنی زمانی کوردی، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، پەراوێزخستنی ئابووری و سنووردارکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕووبەڕوو بووەتەوە. شێوازی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەش لە هەر وڵاتێکدا جیاواز بووە، بەڵام دەرئەنجامەکەیان زۆرجار یەکسان بووە: قووڵبوونەوەی بێمتمانەیی لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی کوردی، زیادبوونی نارەزایەتیی سیاسی و بەرهەمهاتنی ململانێی درێژخایەن. لەو کاتەشدا کە ڕێگاکانی بەشداریکردنی ئاشتییانە لە پرۆسەی سیاسیدا دادەخرێن، داواکارییە مەدەنییەکان وەک تاوان دەناسرێن و خەباتی سیاسی بە هەڕەشەی ئەمنی هەژمار دەکرێت، زەمینە بۆ گەشەکردنی توندوتیژی و تەنانەت بەربەرەکانیی چەکداریش خۆش دەبێت.

بێگومان، ئاڵۆزیی پرسی کورد ناتوانرێت تەنیا هەر بە هۆکارێک یان کردارەکانی لایەنێکەوە ڕوون بکرێتەوە. هەروەک دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا سیاسەتی سەرکوت، ئینکار و گۆڕینی دیمۆگرافییان گرتووەتەبەر، هەندێک لە ڕێکخراوە کوردییەکانیش، بەهۆی داخستنی ڕێگای خەباتی سیاسی و کاریگەریی ژینگەی پڕئاژاوە و ململانێی ناوچەکە، ڕوویان لە خەباتی چەکداری کردووە. ئەم بازنەیەی سەرکوت و توندوتیژییە، لە کۆتاییدا زیانی بە هەموو لایەنەکان گەیاندووە؛ هەزاران گیانی لەنێو بردووە، گەشەی ئابووریی دواخستووە و دامەزراوە مەدەنییەکانی لاواز کردوون.

دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە عێراق نموونەیەکی گرنگە لەوەی کە دانپێدانان بە فرەنەتەوەییبوون و دامەزراندنی

جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوخۆیی، دەتوانێت بەشێک لە ململانێی مێژوویی کەم بکاتەوە. فیدراڵیزم لە عێراقدا، بە هەموو کەموکورپییەکانییەوە، دەرفەتی ئەوەی بە کورد داوە زمانی خۆی بە فەرمی بەکاربهێنێت، دامەزراوەکانی خۆی بەڕێوە ببات و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتییەکی دیاریکراوی هەبێت. بەڵام ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەروەها نیشانی داوە کە خۆبەڕێوەبەری بە تەنیا چارەسەری هەموو کێشەکان نییە. ناکۆکیی نێوخۆیی، ململانێی حیزبی، لاوازیی دامەزراوەکان، گەندەڵی، نەبوونی شەفافییەت و پەیوەندیی ئاڵۆز لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ، هێشتا بەربەستی سەرەکین. خۆبەڕێوەبەری تەنیا ئەوکاتە دەبێتە بناغەی ئازادی و سەقامگیری کە لەگەڵ سەروەریی یاسا، دامەزراوەی بەهێز، ئابووریی بەرهەمهێنەر، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزیی ناوخۆیی هاوڕێ بێت.

شەڕی نێوخۆی سووریە و لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی، بارودۆخێکی نوێی بۆ کورد لەو وڵاتەدا پێکهێنا. کورد توانیویەتی لە بەشێک لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە دامەزراوەی خۆبەڕێوەبەری و پاراستنی نێوخۆیی پێکبهێنێت. بەڵام ئەم دەرفەتە لەگەڵ مەترسییە گەورەکاندا هاوڕێیە: نیگەرانیی وڵاتانی دراوسێ، هەستیارییە نێودەوڵەتییەکان، نەبوونی ڕێککەوتنێکی گشتی و بەردەوامیی قەیرانی سیاسی، داهاتووی پرسی کوردیان لە سووریە هەروا بە نادیاری هێشتووەتەوە. ئەگەر داهاتووی سووریە لەسەر بنەمای سیستەمێکی دیموکراتیک، فرەکولتووری و نامەرکەزی بونیاد بنرێت، دەبێت ناسنامە و مافە نەتەوەیی، زمانی و سیاسییەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکە بە ڕوونی لە یاسای بنەڕەتیدا دەستەبەر بکرێن. ئەگەر سووریە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ناوەندگەرایی توند و سیاسەتی ئینکار، نەک هەر پرسی کورد چارەسەر نابێت، بەڵکوو زەمینەی قەیرانێکی دیکەش خۆش دەکرێت.

لە تورکیە، پرسی کورد هێشتا یەکێکە لە قووڵترین کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ماوەیەکی درێژ، دەوڵەت هەوڵی دا بە سیاسەتی یەکسانسازی، بوونی نەتەوەیی کورد و زمانی کوردی ئینکار یا بەرتەسک بکاتەوە. ئەگەرچی لە هەندێک قۆناغدا هەنگاوگەلێک بۆ دانپێدانان بە بەشێک لە مافە زمانی و کولتوورییەکان نراوە، بەڵام نەبوونی چارەسەرێکی بنەڕەتیی سیاسی و یاسایی، وای کردووە کێشەکە بەردەوام بێت.

ئەزموونی دانوستانەکانی ئاشتی لە تورکیە نیشانی دا کە گفتوگۆ بەبێ بنەمای یاسایی، متمانەی گشتی، چاودێریی ڕوون و ئیرادەی سیاسیی بەردەوام، دەتوانێت بە ئاسانی شکست بهێنێت. شکستی هەر پرۆسەیەکی ئاشتی تەنیا گەڕانەوەی دوو لایەن بۆ خاڵی دەستپێک نییە؛ بەڵکوو بێمتمانەیی قووڵتر دەکاتەوە و تێچوونە مرۆیی و سیاسییەکانی ململانێ دەباتە سەرتر.

لە ئێران، کورد بەشێکی بنەڕەتی لە واقیعی فرەنەتەوەیی، مێژوویی و فرەکولتووریی وڵات پێکدێنێت. بەڵام داواکارییەکانی

پەیوەندیدار بە ئازادیی سیاسی، مافی خوێندن بە زمانی دایک، گەشەپێدانی هاوسەنگ، بەشداریی ڕاستەقینە لە بڕیاردان و دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکان، هێشتا بێوەڵام ماونەتەوە.

هەژاری، بێکاری، پەراوێزخستنی کوردستان و بەئەمنیکردنی داواکارییە سیاسی و مەدەنییەکان، بۆشایی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتی قووڵتر کردووەتەوە. هەر چالاکییەکی مەدەنی، فەرهەنگی یان ژینگەپارێزی زۆرجار بە چاوی ئەمنی سەیر دەکرێت و داواکارییە ئاشتیخوازانەکان بە زیندان، تۆمەت و سەرکوت وەڵام دەدرێنەوە. بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە سەرکوت دەتوانێت دەنگێک بۆ ماوەیەک کپ بکات، بەڵام ناتوانێت هۆکارەکانی ناڕەزایەتی لەنێو ببات. پرسی کورد لە ئێران بە سەرکوتی حیزبێک، زینداینکردنی چالاکێک یان داخستنی ڕۆژنامەیەک کۆتایی نایەت؛ چونکە ڕەگ و ڕیشەی ئەم پرسە لە نایەکسانیی پێکهاتەیی، پەراوێزخستن، ئینکاری ناسنامە و نەبوونی بەشداریی دادپەروەرانەدا لە پرۆسەی سیاسیدایە. تا ئەم هۆکارانە بەردەوام بن، پرسی کوردیش بە شێوەی جیاواز خۆی نوێ دەکاتەوە؛ هۆکاری ئەم بەردەوامییەش ڕوونە، چونکە ڕەگ و ڕیشە و هۆکارەکانی ئەم پرسە هێشتا چارەسەر نەکراون. کاتێک حاشا لە ناسنامەی نەتەوەیەک بکرێت، زمانی لە پەروەردەدا شوێنی نەبێت، نیشتمانەکەی لە گەشەپێدان بێبەش بکرێت و لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی نەبێت، ئەو ناسنامەیە لە ژیانی ڕۆژانە و یادەوەریی بەکۆمەڵدا زیندوو دەبێتەوە. سەرکوت ڕەنگە ئارامییەکی کاتی پێکبێنێت، بەڵام ئارامییەک کە بەرهەمی ترس بێت بە مانای سەقامگیری نییە. پرسی کورد بە حیزب یان ڕێکخراوێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە تا بە لاوازکردنی ئەو حیزبە کۆتایی پێ بێت؛ ڕەگەکانی لە مێژوو، زمان، خاک، یادەوەریی هاوبەش و ئەزموونی ڕۆژانەی دەیان ملیۆن مرۆڤدایە. هەر بۆیە، سیاسەتی ئینکار لەبری چارەسەرکردنی پرسەکە، تەنیا شێوەی دەربڕینی دەگۆڕێت.

چارەسەر لە دێموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵاتدایە

چارەسەری پرسی کورد نە بەتەنیا لە دەستی کورددایە و نە دەوڵەتەکان دەتوانن بە تەنیا چۆنیەتیی چارەسەرەکە بسەپێنن. پێویستە دەوڵەتەکان، حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە کوردییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەدوای ڕێگەچارەیەکی سیاسی، دێموکراتیک و ئاشتییانەدا بگەڕێن.

دانپێدانان بە ناسنامەی کورد، دەستەبەرکردنی مافی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی، پاراستنی مافە کولتوورییەکان، بەشداریی دادپەروەرانە لە دەسەڵاتدا، دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان، دەبێت ببنە بەشێک لە هەر پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی چارەسەری. لە هەمان کاتدا، بزووتنەوەی کوردیش پێویستی بە یەکڕیزی،

ڕێکخستنی مەدەنی و داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش، دیموکراتیک و واقیعبینانە هەیە. ناکۆکیی نێوخۆیی و ململانێی حیزبی توانای دانوستان و کاریگەریی سیاسیی کورد کەم دەکاتەوە. هیچ مۆدێلێکی سیاسی، تەنانەت ئەگەر بە ناوی خۆبەڕێوەبەری و دیموکراسیشەوە بێت، نابێت بەبێ ڕەزامەندیی خەڵک و ڕێککەوتنی سیاسی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت. چارەسەری بەردەوام تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کە لەسەر بنەمای مافی یەکسان، گفتوگۆ، ڕەزامەندیی گشتی و ڕێزی دوولایەنە بونیاد بنرێت.

پرسی کورد بابەتێک نییە بتوانرێت بە هەڕەشە، زۆرەملێ و هێزی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بسڕێتەوە. ئەم پرسە لە کاتی حاشالێکردنیدا گەورەتر و لەژێر سەرکوتدا مەترسیدارترە. تا ئەو کاتەش مافەکانی کورد بە شێوەیەکی یاسایی، سیاسی و دامەزراوەیی دەستەبەر نەکرێن و تا دیموکراسی، فرەخوازی و یەکسانی نەبنە بنەمای دەسەڵات لە وڵاتانی ناوچەکەدا، پرسی کورد بەردەوام دەبێت و کاریگەریی خۆی بەسەر هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دەپارێزێت.

چارەسەرکردنی پرسی کورد تەنیا خزمەتکردن بە کورد نییە؛ بەڵکوو هەنگاوێکی بنەڕەتییە بەرەو دیموکراسی، ئاشتی و سەقامگیریی درێژخایەن لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ناوچەیەک کە نەتوانێت ماف و ناسنامەی ملیۆنان کورد قبووڵ بکات، ناتوانێت بانگەشەی ئاشتی و سەقامگیریی بەردەوام بکات؛ چونکە ئاشتیی ڕاستەقینە لەسەر حاشاکردن بونیاد نانرێت، بەڵکوو لە دانپێدانان، دادپەروەری و هاوبەشیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت.

١٠ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کۆماری ئیسلامی و هونەری «ژیان بەبێ کەلوپەل»

دارسمە

وڵاتانی جیهان، بێجگە لەم ئێرانەی خۆمان، زۆر لە کاروان جێ ماون و بەتەواوی لە کولتوور و ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی دوور کەوتوونەتەوە. لەو وڵاتانەدا، بەردەوام هەوڵ دەدرێت خەڵک بە شێوەیەک پەروەردە بکرێن کە بەتەواوی تەنبەڵ و تەوەزەل بار بێن و توانای هیچ کارێکیان نەمێنێت. بەڵام ئەم ئێرانەی خۆمان حیسابی جودایە؛ دەسەڵاتدارانی تارانشین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم قەیرانە جیهانییە، ڕێبازێکی زۆر بێوێنە و داهێنەرانەیان گرتووەتە بەر. ئەوان دەیانەوێت بە بڕینی دەستی تەکنەلۆژیا، خەڵکێکی سەربەخۆ و بێمنەت دروست بکەن و لەو کەرەستە هیچ و پووچانەی مرۆڤ تەنبەڵپەروەر دەکەن، دووریان بخەنەوە.

مرۆڤی وڵاتانی دیکە زۆر ناشوکر و لەخۆبایی بوون. بۆ نموونە، لە کاتێکدا خوای گەورە پەنجە و نینۆکی پێ بەخشیوین بۆ ئەوەی خواردنی پێ پارچەپارچە بکەین و بیخەینە دەممانەوە، ئەوان هاتوون «چەنگاڵ»یان هێناوەتە نێو فەرهەنگی خواردنەوە! لە جیاتی ئەوەی بەم پەنجە خواپێداوانە خواردنەکە بپچڕێنن، بە چەنگاڵ دەیهاوێژنە زاریانەوە. لە لایەکی

دیکەشەوە، تەواوی دەم و ددانی خۆیان خەجاڵەتبار کردووە. کۆمەڵێک دەزگا و ئامێری هاڕین و تێکەڵکەری کارەباییان داهێناوە بۆ ئەوەی دانەوێڵە و خواردنە ڕەقەکانی پێ ورد بکەن و شلی بکەنەوە. بەم کارەش، ددانەکانی نێو دەم بەتەواوی تەنبەڵ و تەوەزەل دەبن، بێ هیچ ئەرکێک لەسەر پووک و پدووەکان پاڵ دەدەنەوە و وەک ئەوەی خەویان لێ کەوتبێت، سەیری ئەو خواردنە شلکراوەیە دەکەن بەسەریاندا تێدەپەڕێت، بە گەروو و سورێنجکدا بەرەو گەدە شۆڕ دەبێتەوە، بەناو دوازدەگرێ و ڕیخۆڵاندا دەچێتە خوار و لەولاشەوە بەشی هەرەزۆری دەبێتە پاشەڕۆ.

جا لێرەدا پەرژینێکی بە گوڵ لە نێوان خۆم و تۆی خوێنەری بەڕێز و خاوەن کەسایەتی دادەنێین، با بە کورتی باسێکیش لە دۆخی پاشەڕۆ و ئاودەست بکەین. جاران کاتی چوونە سەرئاو، لە خوارەوە حەوت جار پڕ بەم مستە جوانە گۆلم گۆلم ئاومان بە خۆماندا دەکرد، ئەگەر هەستمان بکردایە پاک نەبووینەتەوە، دووبارە دەستمان بەکار دەبووەوە. بەڵام ئێستا لە وڵاتانی جیهان، ئاودەستی وایان دروست کردووە دەڵێی نیشانەشکێنی چەکدارە! بێ ئەوەی یەک دڵۆپ دەستت تەڕ بکەیت، بە فشاری ئاو ڕاست ئامانجی خۆی دەپێکێت و خوارەوەت بۆ دەشوات. ئا لێرەدایە دەست و بازووش تەنبەڵ دەبن و لە کار دەکەون و ئیدی مرۆڤ بەتەواوی تەوەزەل دەبێت.

با بێینە سەر بەشەکانی دیکەی ژیان. ئامێری وایان دروست کردووە بە بیستنی ناویان سەرت سوڕ دەمێنێت: فێنککەرەوە، باوەشێنی کارەبایی، هەویرشێل، تێکەڵکەر، ساردکەرەوە، سەهۆڵکەر، جلشۆر، قاپشۆر و سەدان شتی دیکە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە بەکارهێنانی هەموو ئەمانە، ناشوکرییە بەرانبەر بەو جەستەیەی خۆی توانای ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی هەیە.

ئێستا دەسەڵاتدارانی ئێران، بە حیکمەتی خۆیان دۆخێکی وایان ڕەخساندووە بە زۆرەملێ لەو کەرەستە بێبایەخ و زیانبەخشانە دوور بکەوینەوە، جا چەند باشە تۆی هاووڵاتیش هاوکار بیت! ئایا ساردکەرەوە گران بووە و ناتوانیت بیکڕیت؟ زۆر ئاساییە، خۆراک بۆ هەڵگرتن مەکڕە؛ هەر کە کڕیت خێرا بیخۆ و تەواوی بکە. جلشۆرەکەت پەکیکەوتووە و پارەی چاککردنەوویت نییە؟ فەرموو قۆڵت هەڵماڵە و بە دەست جلەکانت بشۆ. گەسکە کارەباییەکەت سووتاوە؟ فەرموو بە گەسکی دار و خۆماڵی ماڵەکەت بماڵە، مەگەر لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی خۆماندا نەگوتراوە: «دوو ڕەشماڵەی ڕەشکۆکە هەڵیان دا لە کوڕەداڵی، دوو کیژی گوارەزێڕن بە جووت پێش ڕەشماڵیان دەماڵی»؟

بەڵام هەر لەو کاتەوەی خەڵکی ئێمە لاسایی وڵاتە تەنبەڵپەروەرەکانیان کردووەتەوە، حەیامان چووە. ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانیش تێیدا ڕاناوەستن و باسی هەموو شتێک دەکەن. ئەوەتا «غەزەل» کە کارمەندێکی بانکە، گلەیی ئەوە دەکات

کە چاککردنەوەی فێنککەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەی نزیکەی بیست میلیۆن تمەنی تێدەچێت. ئەو دەڵێت چەند ساڵێک پێشتر بەم پارەیە ئۆتۆمبێلێکی تەواو دەکڕدرا، کەچی ئێستا تەنیا بەشی ئەوە دەکات چەند ڕۆژێک تۆزێک هەوای فێنک بکاتە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە.

دەی باشە تۆ بڵێ غەزەل خانم، جەنابت لەنێو ئۆتۆمبێلدا فێنککەرەوەت بۆ چییە؟ یان هەر بێ فێنککەرەوە لێی بخورە، یان لە بنەڕەتدا بیفرۆشە و بەپیانیان بە پێ بڕۆ بۆ بانک و ئێواران بگەڕێوە. دەزانی بەم کارە سێ گۆڕانکاریی گەورە لە ژیانتدا ڕوو دەدات؟ یەکەم: گیرفانت پڕ دەبێت. دووەم: ورگت دەپووکێتەوە. سێیەم: ڕان و هەرامەت ئەستوور و بەهێز دەبن! بەهۆی ئەم نیعمەتانەوە، ئێستا زۆربەی ماڵەکان بوونەتە مۆزەخانەی مێژوویی: جلشۆری پەککەوتوو، مایکرۆوەیڤی بێدەنگ، ئوتووی سووتاو و گەسکێکی کارەبایی کە تەنیا وەک مێزێکی بچووک لە گۆشەیەکدا دانراوە. کاتێکیش میوان دێت، خاوەنماڵ بە شانازییەوە ڕووی تێ دەکات و دەڵێت: «قوربان ئەمە جلشۆرەکەمانە، لە ساڵی ١٤٠٢ـەوە بە فەرمی خانەنشین کراوە! ئەمەش مایکرۆوەیڤەکەیە، لەبەر نەبوونی بودجە، ئێستا تەنیا وەک سەعات بەکاریدەهێنین و ژمارەکانی کار دەکەن! »

دەی باشە کاکی خانەخوێ، مادەم وایە، هەر لە سەرەتاوە ئەمانەت بۆچی دەکڕی و ماڵی خۆتت پێ قەرەباڵغ دەکرد؟! لێرەدا سڵاوێکی گەرم لەو دەستەڵاتدارانە هەوڵ دەدەن کەس نەتوانێت ئەم کەرەستە ومەرستە زیادییانە بکڕێت و فێری ژیانی بێ کەلوپەلت دەکات .

١١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

خەباتی مەدەنی، بەرگریی چەکداری و پێوەندییان بە ڕووخاندنی ڕێژیمە سەرەڕۆکانەوە

د. کامڕان ئەمین‌ئاوە

«لەو شوێنەی ئازادی نیە، ئەگەر دەنگدان بیتوانیبایە شتێک بگۆڕێت، بە دڵنیاییەوە هەرگیز ڕێگەیان نەدەدا تۆ دەنگ بدەیت»

مارک تواین

یەکێک لە بابەتە بنەڕەتییەکان لە تیۆری و کردەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا، دیاریکردنی شێوازی گونجاوی خەبات لە بەرامبەر حکوومەتە سەرەڕۆکاندایە. مێژوو پێمان دەڵێت هیچ شێوەیەک لە خەبات، چ مەدەنی بێت و چ چەکداری، لەخۆیدا پیرۆز یان هەمیشە کارامە نییە. ئەوەی دیاریکەرە، بارودۆخی عەینی و زەینیی کۆمەڵگە، هاوسەنگیی هێزەکان، ئاستی ڕێکخستنی خەڵک، توانای سەرکوتکردنی حکوومەت و ئاستی ئامادەیی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە.

بزووتنەوەی سیاسی کاتێک سەردەکەوێت کە شێوازی خەبات بە پشتبەستن بە هەست، ئاوات یان ئاراستە ئایدیۆلۆژییەکان هەڵنەبژێردرێت، بەڵکوو لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی ڕاستبینانەی بارودۆخی هەنووکەیی بێت. ڕەهاکردنی هەر چەشنە شێوازێک، چ جەختکردنەوە لەسەر خەباتی مەدەنی و چ پێداگری لەسەر خەباتی چەکداری، دەتوانێت بزووتنەوەکە تووشی بنبەست بکات.

لە زۆر کۆمەڵگەدا، خەباتی مەدەنی بە یەکەم و بەربڵاوترین شێوەی بەرگریی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. مانگرتنی گشتی، ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام، نافەرمانیی مەدەنی، چالاکییە پیشەیی، میدیایی، کولتووری و سیاسییەکان، هەموو ئامرازگەلێکن کە دەتوانن ڕەوایی حکوومەت لاواز بکەن و کۆمەڵگە بۆ گۆڕان ئامادە بکەن.

بەڵام سەرکەوتنی خەباتی مەدەنیش پێویستی بە مەرج و پێداویستییە سەرەتاییەکان هەیە. بوونی ئاستێکی کەم لە دێموکراسی بۆ ڕێکخستن، پێوەندیی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان، دروستبوونی متمانەی گشتی، ڕابەرایەتیی سیاسی، تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەو هۆکارانەن کە ئەم جۆرە خەباتە کاریگەر دەکەن. لەو حکوومەتانەدا کە هێشتا کەلێن و دەرفەتێکیان بۆ چالاکیی کۆمەڵایەتی تێدا ماوەتەوە، خەباتی مەدەنی دەتوانێت نرخی سەرکوتکردن بۆ حکوومەت بەرز بکاتەوە و بەستێنی تێپەڕین بۆ سیستمێکی دێموکراتیک دابین بکات.

سەرەڕای ئەوە، ئەزموونی زۆر وڵاتی جیهان و لەوانە ئێران نیشانی داوە هەموو حکوومەتە سەرەڕۆکان ئامادە نین گۆڕانکارییە ئاشتیخوازانەکان قبووڵ بکەن. هەندێک ڕێژیم بە پشتبەستن بە دامەزراوە ئەمنی، سەربازی و دادوەرییەکان، هەر جۆرە ڕێکخستنێکی سەربەخۆ، ناڕەزایەتییەکی یاسایی، میدیایەکی ئازاد و چالاکییەکی سیاسی سەرکوت دەکەن و تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتییانیش بە فەرمی ناناسن. لەو بارودۆخانەدا، خەباتی مەدەنی ڕووبەڕووی سنووردارییەکی زۆر دەبێتەوە. ئەگەر حکوومەت هەر جۆرە ناڕەزایەتییەکی ئاشتیخوازانە بە توندوتیژی وەڵام بداتەوە، زۆرێک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەیە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئامرازە مەدەنییەکان بەتەنیا بۆ گۆڕینی بنەمای دەسەڵات بەس نین.

داخراوبوونی تەواوی فەزای سیاسی و نەبوونی دەرفەتی بەشداریی یاسایی، دەتوانێت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرەو شێوازە توندوتیژەکانی بەرگری ڕابکێشێت. ئەمە وەسفکردنی دیاردەیەکە کە لە ئەزموونی مێژوویی وڵاتانی جۆراوجۆردا بینراوە، نەک حوکمێکی گشتی دەربارەی ئەوەی چاکە یان خراپە. بەرگری و ڕاپەڕینی چەکداری زۆرجار لە کۆمەڵە هۆکارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەرچاوە دەگرێت، نەک تەنیا بەهۆی بڕیارێکی ئیرادەگەرایانەی گرووپێکی سیاسییەوە.

بەشێک لە هۆکارگەلی گرنگ کە لە هەندێک وڵاتدا بەستێنی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە پێکدەهێنن، ئەمانەن:

- داخراویی تەواوی فەزای سیاسی و داخرانی هەموو ڕێگە یاساییەکان بۆ گۆڕان
- سەرکوتکردنی بەرفراوان و بەردەوامی ناڕەزایەتییە ئاشتیخوازانەکان
- لەنێوچوونی متمانەی گشتی بە ئەگەری چاکسازی لە بنەمای دەسەڵاتدا
- فراوانبوونی ناڕەزایەتییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان
- دروستبوونی قەیرانی ڕەوایی حکوومەت
- بەرزبوونەوەی ئاستی ڕێکخستنی ئۆپۆزسیۆن و سەرهەڵدانی ئەو هێزە سیاسییانەی خاوەن توانای کۆکردنەوەی جەماوەرن

لەو جۆرە بارودۆخانەدا، لەوانەیە بەشێک لە کۆمەڵگە یان هەندێک هێزی دژبەر بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە بەرگریی چەکداری یەکێکە لە بژاردە بەردەستەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتدا. لە زۆربەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا، هێزی پێشەنگ ئەرکی ڕابەرایەتیی سیاسی، ڕێکخستن، فێرکردن و هاوئاهەنگی لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بە ئەستۆ دەگرێت. بەڵام ئەم هێزانە تەنیا ئەو کاتە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن کە پێوەندییەکی ڕاستەقینە و بەردەوامیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەبێت.

ئەگەر هێزی پێشەنگ بەبێ پشتگیریی کۆمەڵایەتی، بەبێ ناسینی وردی بارودۆخ و تەنیا لەسەر بنەمای ئیرادەگەرایی بچێتە قۆناغێکەوە کە کۆمەڵگە هێشتا بۆی ئامادە نییە، ئەگەری شکستێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی زیاد دەبێت. ئەم دۆخە نەک تەنیا دەبێتە هۆی لاوازبوونی هێزە دژبەرەکان، بەڵکوو ڕەنگە ببێتە هۆی بەهێزبوونی کەشێکی ترس و بێهیوایی لە کۆمەڵگادا. بەپێچەوانەشەوە، ئەو ڕوانگەیەی کە تەنیا چاوەڕوانیی گۆڕانی خۆبەخۆ یان نەرمبوونی هەڵسوکەوتی حکوومەت دەکات، دەکرێت ببێتە هۆی چەقبەستوویی بزووتنەوەکە و بەردەوامبوونی دۆخی هەنووکەیی. بۆیە پێویستە جەخت لەسەر دوورکەوتنەوە لە هەردوو جەمسەری زێدەڕۆیی: سەرکێشیی پڕمەترسی و بێجووڵەیی بکرێتەوە.

ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات کە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی شێوەی خەبات، پێویستیان بە کۆمەڵێک هۆکاری هاوکات هەیە:

- **بەرزبوونی ئاستی ئاگایی سیاسی لە کۆمەڵگەدا**
- **ڕێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان**
- **دروستبوونی متمانەی دوولایەنە لەنێوان خەڵک و هێزی ڕابەرایەتیدا**
- **توانای کۆکردنەوەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە**
- **بوونی میدیا و تۆڕە کاریگەرەکانی پێوەندی**
- **یەکگرتوویەکی ڕێژەیی لەنێوان هێزە دژبەرەکاندا لەسەر ئامانجە هاوبەشەکانیان**
- **لێکدانەوەی ڕاستبینانەی هاوسەنگیی هێزەکان و بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی**

بێ بەدیهاتنی ئەم پێداویستییانە، تەنانەت بەرینترین ناڕەزایەتییەکانیش لەوانەیە نەگەن بە ئەنجامێکی جێگیر ئێران و ئاڵنگارییەکانی تێپەڕین لە سەرەڕۆیی:

(سنووردارییەکانی چاکسازی، هەڵبژاردن و ستراتیژییەکانی گۆڕانی سیاسی)

لەبارەی ئێرانەوە، بۆچوونی جیاواز دەربارەی چۆنیەتیی تێپەڕین لە سیستمی سیاسیی ئێستا هەیە. بەشێک لە هێزە سیاسییەکان تەنیا جەخت لەسەر پێویستیی تێپەڕینی ئاشتیخوازانە و پشتبەستوو بە شێوازە مەدەنییەکان دەکەنەوە؛ بەشێکی دیکەش پێیان وایە بەهۆی داخراویی پێکهاتەی سیاسی، ڕادەی بەرزی سەرکوت و کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەست ئەو دامەزراوە ناهەڵبژێردراوانەی حکوومەتی ئێراندا، ئەگەری گۆڕانکاریی بنەڕەتی تەنیا لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە گەلێک ئەستەمە.

ئەم ناکۆکییە بەشێکە لە باس و بۆچوونێکی بەرفراوانتر دەربارەی شێوەی گۆڕانکاریی سیاسی لە سیستمە دەسەڵاتخوازەکاندا؛ باسێک کە نیشان دەدات نموونەیەکی تاک و پێشدیاریکراو بۆ تێپەڕبوون لە سەرەڕۆیی بوونی نییە و سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ڕێکخراوەیی و سیاسی. هۆگرانی تێپەڕینی ئاشتیخوازانە، زۆرجار جەخت لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، نافەرمانیی مەدەنی و فشارە سیاسییەکان دەکەنەوە. بەڵام لە هەڵسەنگاندنی توانا و کاریگەریی ئەم شێوازانەدا، دەبێت پێش هەموو شتێک سەرنج بدرێتە پێکهاتەی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە ئێراندا. لە کۆماری ئیسلامیدا، پێگەی «ویلایەتی

فەقیە»، دەسەڵاتە فراوانەکانی دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکان (دەستنیشانکراوەکان)، ڕۆڵی «شۆڕای نیگابان» بۆ دیاریکردنی سنووری ململانێی سیاسی و کاریگەریی دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان (بەتایبەتی سوپای پاسداران)، کۆسپەکانی بەردەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە ڕێگە ئاساییە سیاسییەکانەوەن.

لەو جۆرە پێکهاتەیەدا، تەنانەت ئەو هێزانەش کە لە چوارچێوەی سیستەمەکەدا چالاکن، لەوانە هەندێک کەسایەتیی چاکسازیخواز یان بەرپرسی پێشوو، ئەگەر لە هێڵە سوورە دیاریکراوەکان تێپەڕن، ڕووبەڕووی بەرتەسککردنەوە، پەراوێزخستنی سیاسی یان ڕەتکردنەوەی شایستەیی دەبنەوە. بۆیە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: ئایا میکانیزمە فەرمییەکانی ئێستا توانای ڕاستەقینەیان هەیە بۆ چاکسازیی قووڵ و تێپەڕینی ئارام و قۆناغ بە قۆناغ، یان تەنیا یارمەتیدەرن بۆ بەرهەمهێنانەوەی سیستمی سیاسیی هەنووکەیی و بەردەست؟

هۆکارێکی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەگەری تێپەڕینی ئاشتیخوازانە، ئاستی بەرگەگرتنی پێکهاتەی دەسەڵاتە بەرامبەر بە نارەزایەتیی خەڵک و چالاکییە مەدەنییەکان. ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانی داوە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئاشتیخوازەکان لە ئێران، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، ڕووبەڕووی مامەڵەی ئەمنی، دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ، دەرکردنی حوکمی قورس لە لایەن دادگاکانەوە و سنووردارکردنی توندوتۆڵ بوونەتەوە.

بەردەوامبوونی سەرکوتی خەڵکی نارازی، هەڵکشانی ڕێژەی لە سێدارەدانەکان، فشارخستنە سەر دژبەرانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، و بەکارهێنانی تۆمەتە ئەمنییەکان دژ بە ڕەخنەگران، لەو هۆکارانەن کە فەزای چالاکیی مەدەنییان سنووردار کردووە. لەو بارودۆخەدا، ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات کە: ئایا بەبێ گۆڕان لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتدا، ئیمکانی دابینکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان و دروستبوونی پرۆسەیەکی ڕاستەقینە بۆ چاکسازیی سیاسی لە ئێراندا هەیە؟
لە سیستمێکی دیموکراتیکدا، هەڵبژاردن یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی خەڵک، بەشداریی سیاسی و گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات. بەدیهاتنی ئەم ڕۆڵە پێویستی بە بارودۆخێکی وەک ململانێی ئازاد، دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداریی بەربژێران، ئازادیی هەڵبژاردن و چاودێریی سەربەخۆ لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە. بەڵام لە نەبوونی ئەم پێشمەرجانەدا، هەڵبژاردن لە جیاتی ئەوەی ئامرازی دەربڕینی خواستی گشتی بێت، دەبێتە ئامرازێک بۆ جێگیرکردنی پێکهاتەی دەسەڵات.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، «چاودێریی ئیستسوابی»ی شۆڕای نیگابان هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵبژاردنێکی

سەرچاوە
Serchawe

ئـازاد. ئەم دامەزراوەیە بە هەبـوونی مـافی پشتڕاسـتکردنەوە یـان ڕەتکـردنەوەی شایسـتەیی داواخوازان، پانتایی هەڵبژاردنی هاووڵاتییان بۆ ئەو کەسانە سنووردار دەکات کە هاوتەبان لەگەڵ چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و سیاسـەتەکانی سیسـتمدا، بەتـایبەتی بنەمـای ویلایەتـی فەقـیە. لە ئەنجامـدا، بەشێکی بەرچـاوی هێـزە سیاسـییە سەربەخۆکان، ڕەخنەگرانی حکوومەت، هەندێک گرووپی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بەشێک لە ڕەوتە نێوخۆییەکانی سیستمیش، دەرفەتی بەشداریی کاریگەر لە ململانێی هەڵبژاردندا لەدەست دەدەن.

سنووردارییەکانی هەڵبژاردن تەنیا بە ڕەتکردنەوەی شایستەیی کاندیدەکان کۆتایی نایەت. پابەندکردنی کاندیدەکان بە قبووڵکردنی بنەماکانی ئەم دەسەڵاتە وەک پابەندیی کردەیی بە ئیسلام، دەستووری وڵات و ویلایەتـی فەقیە، پێشوەختە چوارچێوە و مەرجی بەشداریی ئەوان دیاری دەکات. هەروەهـا، سنووردارییە سیاسی و یاساییەکان بەرامبەر بە ژنان و هەنـدێک گرووپـی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی، نیشـانەی بـوونی بەربەسـتە بنەڕەتییەکـانن لە ڕێگـای گەیشـتن بە سیسـتمێکی هەڵبـژاردن کە ڕێگە بە کێبڕکێیەکی ئـازاد و بەرامبەر بـدات. لەو ڕوانگەیەوە، کێشـەی سەرەکی تەنیـا ڕێـژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنـدا نییە، بەڵکوو پرسیاری بنەڕەتیتر ئەوەیە کە: ئایا هـاووڵاتی دەرفەتـی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی لەنێوان ڕوانگە و بەرنامە سیاسییە جیاوازەکاندا هەیە، یان نا؟

ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو نیشـانی داوە تەنـانەت لەو مـاوەیەی کە ڕەوتـی چاکسـازیخواز تـوانی بەشێک لە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان وەک سەرۆکایەتیی کۆمار یان مەجلیس بەدەست بهێنێت، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر پێکهاتە سـەرەکییەکانی دەسەڵات و دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکاندا نەهات. پانتایی دەسەڵاتی ڕابەرایەتی، ڕۆڵـی شۆڕای نیگابـان، پێگەی دامەزراوە ئەمنی و سـەربازییەکان، هەروەهـا پێکهـاتەی یاسـایی بەردەست و هەنـووکەیی، کۆسـپێکی جـدین لەبەردەم چاکسـازیی بنەڕەتییەکاندا. لەبەر ئەمە، هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لەوەی ئامرازێک بێت بـۆ گـۆڕینی پێکهـاتەی دەسەڵات، بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی پاراستن و ڕێکخستنی ناوخۆیی هەمان پێکهاتەدا کاری کردووە.

وێـڕای جیـاوازیی بۆچـوون سـەبارەت بە شـێوازەکانی تێپەڕین، خاڵێـک لە زۆربەی ئەزمـوونە مێژووییەکانـدا هاوبەشـە: سـەرکەوتنی بـزووتنەوە سیاسـییەکان زیـاتر لەوەی بەسـتراوە بێـت بە هەڵبژاردنـی شـێوازێکی تـایبەت، پێوەنـدیی بە هۆکارگەلێکی وەک ڕێکخستن، پشتگیریی کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکان، ڕابەرایەتیی کاریگەر و توانـای گونجان لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکاندا هەیە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە قۆنـاغە جیاوازەکـانی مێژوودا، بە پێـی بـارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هاوسەنگیی هێزی دەسەڵات، لە شێواز و ئـامرازە جیاوازەکـان بـۆ پێشبردنی ئامانجەکـانی کەڵکی وەرگرتووە. ئەمەش لە چـالاکیی مەدەنـی، نـاڕەزایەتیی کـۆمەڵایەتی و مـانگرتنی بەرفـراوانەوە دەسـت پێـدەکات و تەنـانەت شـێوە

سەرچاوە
Serchawe

جیاوازەکانی بەرگریی سیاسی و لەو بارودۆخانەی کە ڕێگە ئاشتیخوازانەکان بەربەست کراون، خەباتی چەکداریش لەخۆ دەگرێت.

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە لە ئێرانیش بێبەری لەم یاسایە نەبووە. بۆ وێنە، چەندین مانگ پاش بەشداریی بەرفراوانی جەماوەریی خەڵک لە شەقامەکانی زۆربەی شار و گوندەکاندا، پەرەسەندنی مانگرتنی سەرانسەری و داڕمانی پلەبەپلەی توانای حکوومەت، بەربەرەکانیی چەکداری لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا بوو بە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەی شۆڕش لە ئێراندا. ئەم پێشهاتە، کە بەدوای پەیوەستبوونی بەشێک لە هێزە سەربازییەکان بە خەڵک و دەستبەسەرداگرتنی ناوەندە سەربازی و حکوومەتییەکاندا رووی دا، ڕۆڵێکی گرنگی لە تێکشکانی پێکهاتەی دەسەڵاتی حکوومەتی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشدا گێڕا.

خەباتی مەدەنی و بەرگریی چەکداریی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای شۆڕش، لە پەنای درێژەی خەباتێکی بەرفراوان و جەماوەری کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە شێوەی ناڕەزایەتیی شەقامی، نافەرمانیی مەدەنی و بەتایبەتی مانگرتنە گشتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەری هەڵداوە، نموونەیەکی گرنگە لە پێکەوەگرێدانی دوو شێوازی خەبات، واتە کردەوەی مەدەنی و بەرگریی چەکداری. لەو مۆدێلەدا، هەرچەند بەرگریی چەکداری وەک یەکێک لە ئامرازەکانی خەبات بووە، بەڵام شێوازی خەباتی مەدەنی و جەماوەری ڕۆڵی سەرەکی و دیاریکەری گێڕاوە؛ ئەمەش نیشان دەدات کە ڕەوایی، بەردەوامی و پانتایی کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە هەموو شتێک پشتبەستوو بووە بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی، بەشداریی جەماوەریی خەڵک و بەردەوامیی کردە مەدەنییەکان.

بۆیە هەڵبژاردنی هەر ڕێبازێک بۆ گۆڕانی سیاسی دەبێت لەسەر بنەمای ناسینی وردی پێکهاتەی دەسەڵات، تواناکانی کۆمەڵگە، ئاستی پشتگیریی گشتی و هەڵسەنگاندنێکی ڕاستبینانەی هاوسەنگیی هێزەکان بێت، نەک تەنیا لەسەر بنەمای ئایدیالیزم (ئامانجخوازیی ڕووت) یان وەڵامدانەوە بە هەست و سۆز. تێپەڕین لە سەرەڕۆیی لە ئێراندا ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ئاڵۆز بووەتەوە؛ لە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکانەوە تا سنوورداریی فەزای سیاسی، لاوازیی ململانێ لە ڕەوتی هەڵبژاردن و سەرکوتی بەردەوامی دژبەراندا. لەو بارودۆخەدا، هەڵسەنگاندنی داهاتووی سیاسیی ئێران پێویستی بە سەرنجدانێکی هاوکات هەیە بە پێکهاتەی دەسەڵات، تواناکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵی هەڵبژاردن و ئەزموونی مێژوویی ئەو بزووتنەوانەی کە خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتین.

ئامانجی کۆتایی هەر پرۆسەیەکی دێموکراتیک، بێ لەبەرچاوگرتنی شێوازە بەکارهاتووەکان، دەبێت دروستکردنی

خەرمانانی ٢٧٢٦

سیستمێک بێت کە تێیدا ئەم خاڵانە دابین بکرێن:

دێموکراسی و ئازادی، مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی یاسا، دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سامان، وەڵامدەرەوەیی دەوڵەت و هەموو دامەزراوە حکوومەتییەکان، و لە هەمووان گرنگتر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە ستەملێکراوەکان.

١٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کاردانەوەکانی بەرزبوونەوەی نرخی «دۆلار» لە بەرامبەر «ڕیاڵ»دا



ناسر ساڵحیئەسڵ

لە ماوەی هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای ئەمریکا و ئیسرائیل لە شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٣٩ ڕۆژەدا لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و بەتایبەت پاش ڕاگەیاندنی گەمارۆی «گەڵاڵەی پەراوێزخستنی ئابووریی» ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن سکۆت بێسێنت، وەزیری گەنجینەی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ، هەواڵ و ڕاپۆرت و شرۆڤەی جۆراوجۆر لەسەر بەرزبوونەوەی

نرخی «دۆلار» لە بەرامبەر «ڕیاڵ»دا وەک دراوی نەتەوەیی ئێران، سەردێڕی سەرەکیی ڕاگەیاندنە گشتییەکان بووە. هەر لەو ماوەیەدا نرخ و بەهای ڕیاڵ لە بەرامبەر نرخی دۆلاردا لەچاو تەواوی دراوە بیانییەکاندا زۆر دابەزیوە و زیاتریش دادەبەزێت. لە واقیعدا بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لە بەرامبەر نرخی ڕیاڵدا، ڕاستەوخۆ دەرەنجامی بارگرژی و نەزانی و هەڵەشەیی سیاسەتە دارایی و دراوییەکانی کاربەدەستە باڵاکانی ڕێژیم و نەگونجاوی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی و ناوچەییدایە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی ئۆگۆستی ٢٠٢٦، سکۆت بێسێنت، وەزیری گەنجینەی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ ڕایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترین پەلاماری ئابووری لە مێژوودا بۆ سەر ڕێژیمی ئێران دەست پێدەکات بە ئامانجی بڕینی هەموو ئەو سەرچاوە دارایی و ئابوورییانەی کە ڕێژیمی ئێران لەسەر پێ دەهێڵنەوە. هەروەها وەزیری گەنجینەی ئەمریکا ئاماژەی بەوە کرد، ئەو وڵاتانەی چارەنووسیان بە ڕێژیمی تارانەوە دەبەستنەوە، ڕێگەی گەیشتن بە خۆشگوزەرانی داراییان لێ دەگیرێت و هەر وڵاتێک لە ڕووی ئابووری و داراییەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کار بکات بەرەو ڕووخان دەچێت و دەبێ ئامادەی گۆشەگیرییەکی هاوشێوە بێت.

بەپێی گەڵاڵەی پەراوێزخستنی ئابووریی ڕێژیمی ئێران کە لە لایەن وەزیری گەنجینەی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ ئامادە کراوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێت بەشدار بێت لە بازاڕی کار و بەدەستهێنانی داهاتدا و دەستی بە خزمەتگوزارییە بانکی و داراییە سەرەکییەکان ڕاناگات. ئاکام و ئامانجی ئەم گەڵاڵەیە، بێبەشکردنی ڕێژیمە لە داهاتی نەوتی و نانەوتی و دابڕانی سیستەمی دارایی و بانکیی ڕێژیم لە تۆڕی نێودەوڵەتی؛ کە دەرەنجامی ئەم پەراوێزخستنە ئابوورییە دەبێتە هۆی تێکچوون و ڕووخانی ئابووریی ڕێژیم و لەدەستدانی داهاتی نەوت و گاز کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی بودجەی ڕێژیمە، و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی هەژاری و گرانی و چوونەسەری سەرسووڕهێنەری نرخەکان و دروستبوونی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێران.

ئەم پەراوێزخستنە ئابوورییەی ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدا ڕادەگەیەنرێت کە ڕێژیم بەهۆی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، مووشەکی دوورمەودا، تیرۆریزمی دەوڵەتی، پشتیوانیی دارایی و ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ گرووپە نیابەتییەکان (پرۆکسی) و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، ناوچەکە و جیهاندا، لە لایەن وڵاتانی ئەمریکی و ئەورووپی و ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گەمارۆی دیکەشی بەسەردا سەپاوە.

سەرچاوە
Serchawe

گەلاڵەی گەمارۆی قورسی پەراوێزخستنی ئابووریی ڕێژیم بۆ سەر پیشەسازیی نەوت و گاز و پترۆشیمیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەیە کە ڕێژیم لە لایەک تەسلیمی ویست و داواکارییەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ بۆ دەستپێڕانەگەیشتن بە چەکی ناوەکی بێت، و لە لایەکی دیکەشەوە نەتوانێت تێچووی پیتاندنی ئۆرانیۆم، پیشەسازیی مووشەکی و پشتیوانیی دارایی گرووپە پرۆکسییەکانی دابین بکات. کەواتە گەلاڵەی پەراوێزخستنی ئابووریی ڕێژیم لە لایەن ئەمریکاوە، دابەزینی نرخی «ڕیاڵ»ی دراوی نەتەوەیی لە بەرانبەر نرخ و بەهای دۆلار زۆر خێراتر کردووە. هەروەها ڕێژیمی ئێران لە بواری بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵات لە ئاستی باڵای بەڕێوەبردندا و بەتایبەت پاش چالاککردنی گەلاڵەی پەراوێزخستنی ئابووری، تووشی قەیرانی نەختینەیی و دارایی بۆ کاروباری بەڕێوەبەری بووەتەوە.

لە وەها کەشوهەوایەکدا مافیاکانی ئابووری لە بازاڕی ئێراندا لە بواری بەرهەمهێنان، هەنارده و هاوردەکردن، گەندەڵی و دزیدا وڵاتی ئێرانیان تووشی قەیران و ئاڵۆزی کردووە، کە لە چوونەسەری نرخی دراوە بیانییەکان و بەتایبەت نرخ و بەهای دۆلار و نرخی پشکەکانی بۆرسدا دەستیان هەیە. ئەگەر گەمارۆ نوێیەکەی ئەمریکا و هاوکاریی وڵاتانی کەنداو و دراوسێیانی ڕێژیم کە ئەگەریان لە ئارادایە بە گەلاڵەی پەراوێزخستنی ئابووری زیاد بکەین، هۆکارەکانی بەرزبوونەوە و چوونەسەری نرخ و بەهای دۆلار و دراوی دەرەکی لە بازاڕەکانی ئێراندا زیاتر دەردەکەوێت؛ چونکە لە ئێستادا بەشی هەرەزۆری دابینبوونی سەرچاوەکانی بودجەی وڵاتی ئێران لەسەر داهاتی فرۆشتنی نەوت دارێژراوە. بۆیە پاش کۆنترۆڵ و گەمارۆی گەرووی هورمز لە لایەن هێزی دەریایی سوپای ئەمریکاوە «سێنتکۆم»، ڕێژیمی ئێران تووشی بەربەستی هەناردەکردن و نەفرۆشتنی نەوت بووەتەوە. نەبوونی داهاتی نەوتی و گەیشتنی هەناردەکردنی نەوت و گاز بە ئاستی سفر، کاریگەری لەسەر تەواوی ڕەهەندەکانی سیستەمی بانکی، دارایی و دراویی وڵات دەبێت و بەوەش شایەتی چوونەسەری زیاتری نرخ و بەهای دۆلار لە هەمبەر ڕیاڵدا دەبینەوە؛ هەر وەک چۆن هەتا نووسینی ئەم وتارە بەهای دۆلار لە ٢٢٠ هەزار تمەن تێپەڕیوە.

کاربەدەستانی باڵای ئابووریی ڕێژیم لە وەها فەزایەکی بێداهاتدا، بە بەرزکردنەوەی نەختینەی بانکی ناوەندی لە ڕێگای فرۆشتنی دۆلار بە نرخی گران بە بازاڕ و خەڵک، هەم دەتوانن نەختینە کۆ بکەنەوە و هەم دەتوانن بۆ کورتخایەن تێچووەکان و پارەی یارمەتییە نەختییەکان (یارانە)ی خەڵک دابین بکەن و هەم ڕێگری لە هاتنەسەرشەقامی ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران لە کورتماوەدا بکەن؛ بەڵام لە درێژخایەندا لەگەڵ ناڕەزایەتی و هاتنەسەرشەقامی گەلانی ئێران ڕووبەڕوو دەبنەوە و ئەو شێوە سیاسەتداڕشتنە دارایی و دراوییەی ڕێژیم لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی هەڵاوسانی سەرسووڕهێنەر، گرانیی کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان بەگشتی، و هەژاری و نەداریی زیاتری گەلانی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە چونکە داڕێژەرانی سیاسەتی دارایی و دراویی ڕێژیم، سیاسەتەکانی وڵاتی «چین»یان وەکوو پارادایمی سیاسەتەکانی خۆیان هەڵبژاردووە، لە هەڵەدان؛ چونکە چین وڵاتێکە لە حاڵی گەشەکردندایە و کاڵاکانی لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیدا دەفرۆشرێن؛ لە لایەکی دیکەوە نرخی «یوان»ی دراوی نەتەوەیی چین لە بەرامبەر دۆلاردا لە ئاستی بازاڕەکانی جیهاندا نزم ڕاگیراوە، تاوەکوو نرخی فرۆشتنی کاڵای چینی لە بازاڕدا هەرزانتر بێت. بەڵام وڵاتی ئێران نە کاڵای پیشەسازیی هەناردەیی هەیە تا لە بازاڕە جیهانییەکاندا بیفرۆشێت و نە وڵاتێکە لە حاڵی گەشەکردندا، بەڵکوو وڵاتێکی گەمارۆدراو، شکستخواردوو، وێرانکراو و قەرزدار بە سیستەمی بانکی و چاپکەری دراوی بێ پشتیوان و خاوەن ئابوورییەکی تێکرووخاوە.

ئەم شێوە سیاسەتداڕشتنە دارایی و دراوییەی ڕێژیم، دەرەنجامی بەرزبوونەوە و چوونەسەری نرخ و بەهای دۆلارە لە بازاڕەکانی ئێراندا؛ هەم لەسەر سیستەمی بانکی شوێنەواری نەرێنی دەبێت و هەم دەبێتە هۆی گرانی، هەڵاوسانی ئابووری، بێکاری و هەژاریی ڕۆژبەڕۆژی گەلانی ئێران و لە ئاکامدا ناڕەزایەتیی بەرینی جەماوەریی کۆمەڵانی گەلانی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە بە ئەگەری زۆرەوە گەڵاڵەی پەراوێزخستنی ئابووریی ڕێژیمی ئێران، چوارچێوەی پێکهاتەی دەسەڵاتداری و حوکمڕانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵدەوەشێنێتەوە؛ چونکە لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕێژیمدا دزی و تاڵان و گەندەڵی لە سیستەمی نادێموکراتیکی بەڕێوەبەریدا، بەردەوام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە و بە سیستماتیک کراوە. بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران، لە جیاتی ئەوەی بژێوی و داهاتی سەرانەی خەڵک بەرز بکەنەوە، لە لایەک خەریکی ئاژاوەنانەوە و شەڕ و نەگونجان لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی قەدەغەکراوی ناوەکین و لە لایەکی دیکەشەوە لە بیری دزی و تاڵانی سەروەت و سامانی نەتەوەییدان.

لە چوارچێوەی سیستەمی بەڕێوەبەریی ئیداریی گەورەی وڵاتدا، زۆرترین قازانج و بەرژەوەندیی دارایی بە کەسانی نزیک لە دەسەڵات دەگات. بۆیە دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی وەک زێروو، خوێنی خەڵک و سەروەت و سامانی نەتەوەیی دەمژن. کەواتە لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە لایەک هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی ڕێگری لە دەستپێڕاگەیشتنی ڕێژیم بە چەکی ناوەکی و چەکی کۆمەڵکوژ و ئاژاوەنانەوە و پشتیوانیکردنی گرووپە پرۆکسییەکانی ڕێژیم لە ناوچەکەدا بکرێت، و لە لایەکی دیکەشەوە توانای ڕێگری لە گەندەڵیی سیستەمی ئیداری و دارایی لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا نییە، چونکە گەندەڵیی کارگێڕی لە ڕێژیمدا لەژێر کاریگەریی دوو جۆری دیکەی گەندەڵی، واتە گەندەڵیی سیاسی و گەندەڵیی هەڵبژاردندایە. بۆیە سیستەمی بەڕێوەبەری و ئیداریی دامودەزگا دەوڵەتییەکان بەهۆی تێوەگلان لە گەندەڵی، توانای کۆنترۆڵ و چاودێریی وەزارەتخانەکان، بانکەکان و دامەزراوە ئیداری و داراییەکانی نییە. هەروەها چونکە گەندەڵی لە ڕێژیمی ئێراندا سیستماتیکە، ئەو دامودەزگایانەی وەک: دەزگای دادوەری،

خەرمانانی ٢٧٢٦

هێزی ئینتیزامی، مەجلیسی شوورای ئیسلامی و دەستەی پشکنینی گشتیی وڵات کە بەرپرسیارێتیی خەبات دژی گەندەڵییان لەسەرە، خۆیان لێوانلێون لە گەندەڵی. بەستێنەکانی ڕانتخۆری و گەندەڵیی ئیداری و ئابووری لە ڕێژیمی ئێراندا، لە لێکەوتە ڕاستەوخۆکانی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدان.

پوختەی مەبەست؛

بێ گۆڕانی پێکهاتەی سیاسیی ئێران، خەباتی جیددی و شێلگیرانە دژی گەندەڵیی ئیداری و دارایی، چوونەسەری نرخ و بەهای دۆلار و دراوە بیانییەکانی دیکە، شەڕ و ئاژاوەنانەوە و دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی ئەستەمە. تاکە ڕێگەچارە بۆ دەربازبوون لە گەندەڵیی ئیداری و دارایی، ژیانێکی سەردەمیانە بۆ گەلانی ئێران و سەقامگیریی ناوچەی کەنداو و گەرووی هورمز و جیهان، بە دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵ و دێموکراتیک لە ئێراندایە تا یاسا و پرەنسیپەکانی دێموکراسی ببنە سەرچاوەی بڕیاردان؛ تا هەم ناوچەکە و جیهان بەدوور بن لە سیستەمێکی سەرەڕۆ، ئاژاوەگێڕ و نەگونجاو لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، و هەم سەروەت و سامانی نەتەوەیی بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران بێت، نەک بۆ دەستە و تاقمێکی دیاریکراو.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

دیپلۆماسی بە بێ دەوڵەت: (گوزار لە پارادیپلۆماسییەوە بۆ ڕۆڵگێڕانی ستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا)



زانیار حوسێنی

دوای هەشت دەیە لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گۆڕەپانی سیاسیی ئەو حیزبە لە جوگرافیای نێوخۆیی و سنووره نەریتییەکانی کوردستانی ئێراندا سنووردار نەماوە. پرۆسەی کەڵەکەکردنی ئەزموون و تێپەڕاندنی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان و بەرگەگرتن لەبەرانبەر شەپۆلی قورسی سەرکوتکردن و خۆگونجاندنێکی ژیرانە لەگەڵ

گۆڕانی ڕاستییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیی مۆدێرن، حیزبی لە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی لۆکاڵییەوە گۆڕیوە بۆ ڕۆڵگێڕێکی خاوەن ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان. لە ونبوونی میکانیزمە نەریتییەکانی حوکمڕانی و ئامرازە یاساییەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، ئەو حیزبە هەوڵی داوە بە دروستکردنی "کارایی سیاسیی بەردەوام" لە ناوەندەکانی بڕیاردانی جیهانی لە واشنگتۆن تا برۆکسل ئەو بۆشاییە پێکهاتەییە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی "نەبوونی دەوڵەت"ەوە دروست بووە. ئەم گەشەسەندنە تەنیا ڕێبازێکی تاکتیکی و کاتی نییە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە پارادایمی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا؛ گۆڕانێک لە بەرخۆدانی نێو سنوورەوە بۆ دیپلۆماسیی نێودەولەتی کە هەوڵ دەدا قورسایی ژێئۆپۆلەتیکی و یاسایی پرسی کورد لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەرز بکاتەوە.

بە پێی تێڕوانینە نەریتییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت لە مەکتەبی ڕیالیستیدا جەخت لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی هێز و ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێ و دەوڵەت بە قۆرخکاری ڕەهای دەسەڵات و تاکە ئەکتەرێکی ڕەوا لە سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنرێ. لەم چوارچێوە نەریتییەدا، سەروەریی خاک و قۆرخکردنی ئامرازە ڕێگەپێدراوەکانی توندوتیژی و هەبوونی کورسییەکی فەرمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مەرجی پێویستن بۆ چوونە نێو مەیدانی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە. بەڵام وەرچەرخانی مێژوویی لە سیستەمی وێستفالییەوە بۆ سیستەمێکی جیهانیی ئاڵۆز کە کاریگەریی گلۆبالیزاسیۆن و تەکنۆلۆژییە نوێیەکانی پەیوەندی و ئابووریی سیاسی جیهانی بە توندی ئەم قۆرخکارییەی تووشی ئاستەنگی و چالێنج کردووە.

لە پانتایی سیاسیی هاوچەرخدا، ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتییەکان- لەوانەش بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان، هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆڕە بەهێزەکانی ڕەوەند- بوونەتە کارایی کاریگەر لەسەر بیروڕای گشتیی جیهانی، داڕشتنی نۆرمەکانی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئاراستەکردن بە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان. بۆ گەلانی بێدەوڵەتی سەربەخۆ، پانتایی ئەو ستراکتۆرە نوێیە، دەرفەتێکی گرینگ و مێژووییە بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی ژێئۆپۆلتیکی خۆیان لە ڕێگای دیپلۆماسیی شارومەندی، لۆبی پێکهاتەیی و بەکارهێنانی کەرەستە نوێیەکانی میدیا و دیپلۆماسی پارلەمانی و، هەروەها ڕێگریکردن لە لادانی داواکارییەکانیان لە هاوکێشە شاراوەکانی دەوڵەتان. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ەوە هەتا ئێستا، کەیسێکی دیاری خوێندنەوە و جێی توێژینەوەیە لە پەرەسەندنی ڕۆڵگێڕیی نادەوڵەتیدا. ئەم حیزبە بە تێگەیشتن لە پێشهاتەکانی نێو سیستەمی نێودەوڵەتی، توانیویەتی وردە وردە خۆی لە کۆت و بەستە ژێئۆپۆلیتیکییەکان ڕزگار بکا و خۆی وەک بەردەنگێکی سەقامگیر، بەرپرس و دێموکراتیک لە هاوکێشە ناوچەییەکان بخاتە ڕوو؛ یەک لە هەرە کەرەستە و ئامرازەکانی بەردەمی، ڕێکخراوە مەدەنی و جۆراوجۆرەکانی ئەو حیزبەن، هەر وەک ڕێکخراوی ژنان، لاوان، خوێندکاران و هتد کە لە چوارچێوەی

سیاسەتێکی گونجاووەوە لە تێکۆشان و چالاکی دان.

لە ئەدەبیاتی پسپۆرانەی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چەمکی "پارادیپلۆماسی یان دیپلۆماسیی نافەرمی" وشەی سەرەکییە بۆ شیکردنەوەی ئەم پرۆسەیە. پارادیپلۆماسی ئاماژەیە بۆ چالاکییە دەرەکییەکانی ئەو ئەکتەرانەی کە لە سەروەری فەرمیی دەوڵەت بەهرەمەند نین، بەڵام هاوتەریب یان تەنانەت لە دەرەوەی دیپلۆماسی فەرمیی دەوڵەتان، لەگەڵ پارلەمان و حیزبە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانیان پەیوەندی دادەمەزرێنن.

هەرچەند حیزبێکی سیاسیی بێدەوڵەت ناتوانێ پەیماننامەی نێودەوڵەتیی دوولایەنە واژۆ بکا، باڵیۆزی فەرمی بنێرێ یان وەک دەوڵەتێکی بەهێز لە شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی دەنگدانی هەبێ،

بەڵام کۆمەڵێک ئامرازی کاریگەری دیکەی هەیە کە ئەگەر ژیرانە بەکاری بهێنێ، دەتوانێ کاریگەریی قووڵی هەبێ؛ وەک:

– **دیپلۆماسیی پارلەمانی:** پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ نوێنەرانی پارلەمانە نیشتمانییەکان لە وڵاتانی جیاواز، بەتایبەت پارلەمانی ئورووپا. ئەم ئامرازە ڕێگە بە حیزب دەدا کە داواکارییەکانی خۆی لە شێوەی پێشنیار، پرسیار و بڕیارنامەکانی پارلەمانیدا بخاتە ڕوو و فشاری دیپلۆماسی بخاتە سەر حکومەتەکانی ئەو نوێنەرانە.

– **دیپلۆماسیی حیزبی و هاوپەیمانی:** پەیوەستبوون بە تۆڕە گەورەکانی حیزبە جیهانییەکان، وەک ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست یان هاوپەیمانییە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیکە ناوچەییەکان. ئەو بوونە تۆڕییە، ڕەوایی ئایدیۆلۆژی بە حیزب دەبەخشێ و ڕێگەی پێ دەدا ئەزموونە سیاسییەکان لەگەڵ بزووتنەوە دیموکراتیکەکانی دیکەی جیهاندا هاوبەش بکا.

– **دیپلۆماسیی گشتی و میدیایی:** بە بەردەوامی کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی بیروڕای گشتیی جیهانی، دامەزراوە بەناوبانگەکانی مافی مرۆڤ، زانکۆکان و میدیا جیهانیەکان بۆ تیشک خستنەسەر ڕەهەندەکانی سەرکوتی سیستماتیک، دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ڕوونکردنەوەی بەرنامە سیاسییەکانی حیزب بۆ داهاتووی ئێران.

دامەزراندن، پەرەپێدان و درێژەدان بە چالاکییەکانی "بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی ئێرانی کوردستان"

ورده ورده لەو چوارچێوەیەدا مانادار دەبێ. وەرچەرخان لە پەیوەندییە نەریتی، کاتی و تاکەکەسییەکانی دەیەکانی ڕابردووەوە بۆ پێکهاتەیەکی بروکراتی، تایبەتمەند و سیستماتیک لە بواری دیپلۆماسیدا ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی ڕێکخراوەیی حیزب. پێکهاتەیەکی لەم جۆرە، دڵنیاییە لەوەی کە کارلێکەکانی دەرەکی لە حاڵەتێکی سۆزداری و کاردانەوە دوور دەکەونەوە و دەبنە بەرنامەیەکی ستراتیژی و درێژخایەن لە سیاسەتی دەرەوەی حیزبدا.

ڕێبازی جوگرافی و سیاسیی پێشهاتە دیپلۆماسییەکانی حیزبی دێموکرات، گێڕانەوەی گۆڕانکارییەکی ستراتیژییە. خاڵی دەستپێکی ئەم خەباتە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو؛ کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، دامەزراوەیەکی حوکمڕانیی مۆدێرن بە پێکهاتە تایبەتییەکانییەوە پێک هێنرا. دوای داڕمانی ئەو کۆمارە و دەسپێکی دەیان ساڵ بەرخۆدانی چەکداری و سیاسی لە هەلومەرجی سەختی ناوچەییدا، بە ناچاری فۆکووسی حیزب تەنیا لە شاخ و سنوورەکانی نێوخۆدا سنووردار بوو. بەڵام لەم دەیان ساڵەی دواییدا، ناوەندی کێشکردنی چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە. واشنگتۆن وەک پایتەختی بڕیاردانی ماکرۆستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا و برۆکسل وەک دڵی زیندووی دیپلۆماسی فرەلایەنەی یەکیەتیی ئورووپا کاریگەرییان لە سەر دیپلۆماسیی حیزب داناوە.

ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزب لە کۆبوونەوە تایبەتمەندەکان، بەستنی کۆبوونەوەی زانستی لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا، کۆبوونەوە لەگەڵ پلاندانەرانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕەهەندە نوێیەکانی خەباتی ئاوەڵەوە کردووە کە تێیدا قەڵەم و تریبۆن شانبەشانی بەرخۆدانی مەیدانی مانا دەکرێنەوە. ئەم گۆڕانکارییە، ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕێکی سەردەمیانەیە لە ڕێبازی فیکری حیزبدا کە چارەنووسی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تەنیا لە بەرەکانی شەڕی ناوخۆییدا دیاری ناکرێ، بەڵکوو بە ڕەواییدانی نێودەوڵەتی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی سیاسی لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی جیهانیدا بە قەڵغانێکی پارێزەر لە بەرامبەر پیلانی سڕینەوە و سەرکوتکردنی ئاشکرا دادەنرێ.

سەرەڕای هەموو دەستکەوتە بەنرخەکانی بواری پارادیپلۆماسی، نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە ڕێگای دیپلۆماسی بەبێ دەوڵەت، ڕووبەڕووی ئاستەنگی قورسی پێکهاتەیی، ژئۆپۆلیتیکی و یاسایی دەبێتەوە. ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان هەمیشە لە ژینگەیەکی ناهاوسەنگدا یاری دەکەن کە یاساکانیان لە بەرژەوەندی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکاندا دانراون.

لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم حیزبی دێموکرات لەم بوارەدا ئەمانەی خوارەوەن:

– **دیپلۆماسییەتی بازرگانانەی دەوڵەت:** زۆرجار حکومەتە ڕۆژئاوایی و ناوچەییەکان، بەرژەوەندییە ئابووری، ئەمنییەتی و ستراتیژییە کورتخایەنەکانیان لە سەرووی مافەکانی مرۆڤ و بەها دیموکراتییەکان دادەنێن. کارلێکەکانی پشتی پەردە لەگەڵ ڕێژیمی ناوەندیی ئێران یان هەوڵدان بۆ پاراستنی سەقامگیرییەکی ناسک لە ناوچەکەدا، هەندێک جار دەبێتە هۆی پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی داواکارییەکانی گەلانی بێدەوڵەت لە ڕێککەوتنە گەورەکاندا.

– **نەبوونی پشتیوانیی یاسایی کلاسیک:** نەبوونی دانپێدانانی یاسایی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان بە واتای زەوتکردنی مافی دەنگدان و تریبۆنە فەرمییەکانی دەوڵەت و میکانیزمە یاساییە پابەندکەرەکانە. حیزب دەبێ هەمیشە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە ڕێگەی ڕەوایەتیی ئەخلاقی و سیاسییەوە بدا کە پرۆسەیەکی کاتبەر و ناجێگیرە.

– **ئاڵەنگارییە ئەمنییەتییەکان:** ڕێژیمە تۆتالیتێرەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سڕینەوەی ڕەوایی لە ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆنەکان و حیزبە کوردییەکان لە مەکۆکانی ڕۆژئاوادا لە هەموو ئامرازە ئەمنییەتییەکان، شەڕی دەروونی، تیرۆر و دیپلۆماسیی ئابووریی خۆیان کەڵک وەردەگرن؛ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشانە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێویستی بە هەواڵگریی بەرگری، شەفافیەتی دارایی و وردبینیی بەرزی میدیایی هەیە.

پرسیاری سەرەکی و چارەنووسساز لە ئێستادا ئەوەیە ئەو تۆڕە بەرفراوانەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان کە دامەزراون تا چەند توانیویەتی ببێتە "سەرمایەی بەرهەمداری سیاسی" و پێگەی پرسی کوردستانی ئێران لە ڕوانگەی داهاتووی سیاسی ئێراندا بەرز بکاتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە دوو ئاستی کاریگەری جیا بکرێتەوە:

– **یەکەم، ئاستی پێناسەکردنەوە و چەسپاندنی گوتاری دێموکراتیک:** ئامادەبوونی بەردەوام لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی پلانگەلێکی تایبەت بۆ پێکهاتەی سیاسیی داهاتوی ئێران (وەک سیستمێک کە لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس، دێموکراسی فرەییخوازانە و فیدراڵیزم بێ) ئەم گوتارەی ڕێژیمی تاران و هێندێک لە ڕەوتە پاوانخوازەکان کە لە پەراوێزی تۆمەتە درۆیینەکانی جوداخوازی بڵاویان دەکردەوە، ڕزگار کرد و گۆڕدرا بۆ پرۆژەیەکی سیاسیی لۆژیکی لەمەڕ تێپەڕبوون لە دیکتاتۆرییەت.

ئەمڕۆ لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی واشنگتۆن و برۆکسلدا، هیچ وەشانێکی سەقامگیر بۆ داهاتووی ئێران بە بێ

لەبەرچاوگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، وێنا ناکرێ.

– دووهەم، ئاستی ڕێگریکردن لە بەرانبەر نەهێشتنی سیاسی: سازکردنی تۆڕی دیپلۆماسی، تێچووی سەرکوت، نەهێشتنی فیزیکی و سیاسیی حیزبی زۆری زیاد کردووە. تا پەیوەندییەکانی حزبێک بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارلەمانەکانی ڕۆژئاوا قووڵتر بێ، کاردانەوەکانی ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە بەکارهێنانی توندوتیژیی ئاشکرا لە دژی توندتر دەبن.

دیپلۆماسیی بێدەوڵەتی حیزبی دێموکرات، سەرووتر لە هەوڵێکی تاکتیکی و ڕووکەشییە؛ لەڕاستیدا وەڵامێکی ستراتیژی و حەتمییە بۆ پێویستییەکانی حەیاتی سیاسی لە جیهانی بەیەکەوە گرێدراوی سەدەی بیست و یەکەم. حیزب بە سەلماندنی ئەوەی کە مەرج نییە "کارایی سیاسی" و کاریگەریی نێودەوڵەتی لە قۆرخکاریی دەوڵەتەکاندا بێ، توانیویەتی جوگرافیای خەبات لە تەنگژە نێوخۆییەکانەوە بگۆڕێ بۆ چوارچێوەی دیپلۆماسیی پارلەمانی و تۆڕە نێودەوڵەتییەکان لە واشنگتۆن و برۆکسل.

چالێنجی بنەڕەتی و ئەرکی هەستیاری حیزب لە قۆناغی ئێستادا، تەنیا درێژەدان بە پەیوەندییە فەرمییەکان نییە، بەڵکوو زیرەککردنی ئەم تۆڕەیە بۆ گۆڕینی بە ئاستێکی کارامەی فشار بۆ ئەندازیاریی گوزار بۆ دێموکراسی و بەدامەزراوەییکردنی دادپەروەریی دابەشکاری و گەرەنتیکردنی مافە نەتەوەیی و مرۆییەکان لە ئێرانی دوارۆژدا. دیپلۆماسیی بێدەوڵەت، ئەگەر بە ستراتیژیی ورد، یەکگرتوویی نێو ڕێکخراوەیی و پەیوەندیی قووڵ لەگەڵ بەدەنەی کۆمەڵگە بێ، دەتوانرێ ببێ بە یەکێک لە کلیلە زێڕینەکانی تێپەڕاندنی چەقبەستوویە مێژووییەکانی گەلانی بێدەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

بەساڵداچوو بەڵام بەدەماخ و لەسەر پێ: ئەرک و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم حیزبێکی هەشتا و یەک ساڵە

د. ئاسۆ حەسەنزادە

"کەمترین چاوەڕوانی کە لە حیزبی دێموکرات دەکرێ ئەوەیە کە هەروا بە ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە لەسەر ناسنامەی سیاسیی جیاوازی کورد و پێویستیی دەستبەرکردنی پێگەیەکی یاسایی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ دابگرێ و خۆی لە پاشکۆیەتیی ئەو ڕەوتانە بپارێزێ کە بە زمان و ڕواڵەتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە هەوڵ دەدەن ئاکامە سیاسی

سەرچاوە
Serchawe

و حقووقییەکانی پێشینەی مێژوویی و تایبەتمەندخوازیی ڕەوای کورد بسڕنەوە".

له ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان له مەهاباد دامەزرا؛ حیزبێک که دواتر ناوەکەی بۆ «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» گۆڕدرا. به تێپەڕبوونی هەشتا و یەک ساڵ، ئەم حیزبە هێشتا یەکێک له هێزە سیاسییە هەرە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر نەڵێین گرینگترینیانە. ئەم تەمەندرێژی و بەردەوامیی ژیانی سیاسییە لەجێدا دیاردەیەکی شایانی تێڕامانە؛ چونکە کەم ڕێکخراوی سیاسی توانیویەتی له بەرانبەر ئەم قەبارەیە له سەرکوت و گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکان و مەودای نێوان نەوەکاندا، ڕەسەنایەتی و ناسنامەی سیاسی و پێگە جەماوەرییەکەی و حزووری مەیدانیی خۆی تا ئەم ئاستە بپارێزێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆرجار وەک یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی و بەڕابردووترین ڕێکخراوی سیاسیی هێشتا چالاک له گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا ناو دەبرێ. ئەم ئیدیعایە ئەگەرچی لەسەریەک ڕاستە، بەڵام پێویستیی بە وردکردنەوەش هەیە. بەر لەم حیزبە، ڕێکخراوی مۆدێرنی دیکە له بزووتنەوەی کورددا سەریان هەڵدابوو، بەتایبەت حیزبی «هیوا» له کوردستانی عێراق و "کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان" له ئێران، بەڵام هیچکامیان نەیانتوانی ببنە حیزبێکی جەماوەری و دەوام بێنن. له ئاستی سەراسەریی ئێرانیشدا، حیزبی تودە چەند ساڵ بەر له حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، بەڵام ئەمڕۆ بە کردەوە لەنێو چووە و هیچ جێیەکی له ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا نەماوە. لەبەر ئەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ ئەم تایبەتمەندییە تاقانەیەی خۆی له بواری پێشەنگایەتیی سیاسی و مێژوویی له کوردستان و ئێراندا بەرجەستە بکاتەوە؛ حیزبێک که بۆ یەکەمجار توانی وشیاریی نەتەوەیی کوردان لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی سیاسیی نوێ، پێکهاتەمەند، ڕێکخراو و گشتگیردا ڕێک بخا.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و له دڵی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» (ژ.ک)ەوە که له ساڵی ١٣٢١دا دامەزرابوو، هاتەدەر. ئاوێتەیی و بەردەوامیی فیکری و تەشکیلاتیی نێوان ژێکاف و حیزبی دێموکرات تا ئەو ئاستەیە که ئەمڕۆ زۆر کەس لەو بڕوایەدان که هەق وایە سێ ساڵی تەمەنی ئەم پێکهاتەیەش بخرێتە سەر تەمەنی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکرات. گواستنەوە له ڕێکخراوێکی تا ڕادەیەک داخراو و نهێنیی وەک ژێکافەوە بەرەو حیزبێکی شوێندانەر و کۆمەڵگەتەوەر ئاماژەیە بۆ ئیرادەی پێشکەوتن بە ئاقاری پڕاگماتیزمی سیاسی و پلوڕالیزمی کۆمەڵایەتی؛ بە دەربڕینێکی تر ئامانج لەم بازدانە چەشنییە له کاری حیزبیی کوردەکان له ئێراندا، کۆکردنەوە و یەکخستنی توێژە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد بە ڕەچاوکردنی واقیعە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بوو.

سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا چەند مانگێک دوای دامەزرانی، بوو بە مۆتۆری کاردروستاییەکی مەزنی سیاسی و کەوتە نێو ناوەندی ئەزموونێکی مێژوویی کە ناسنامە و گوتاری ئەو حیزبەی بۆ هەمیشە لە قالب دا، واتە کۆماری کوردستان کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مەهاباد ڕاگەیەندرا. ئەگەرچی تەمەنی ئەم کۆمارە لە یازدە مانگ تێنەپەڕی، بەڵام ئەو کۆمارە ڕۆڵێکی ژیانەکی و چارەنووسسازی لە داڕشتن و خەملاندنی خەونی سیاسی-نەتەوەییی هەموو کورددا گێڕا. ئەم ئەزموونە کۆمەڵێک پرەنسیپ و هێمای بەرهەم هێنا و لەدوای خۆی بەجێهێشت کە بایەخ و گرنگییان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات و کوردی ڕۆژهەڵات تێپەڕی. ویستی سەروەریی نەتەوەیی، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی، ناو و هێمای پێشمەرگە، تێگەیشتنێکی سەردەمی لە وشیاریی هاووڵاتی لە کوردستان و یەکیەتیی نێوان کوردان ئەولاتر لە سنوورەکان، بەشێک لە میراتی سیاسیی و هێمایی ئەم ئەزموونە پڕبایەخەن.

نەتەوەخوازیی شێلگیر بەڵام واقعبینانە

میراتی مێژوویی مەهاباد لە ناخی خۆیدا هەڵگری جۆرێک دیالێکتیک و گرژیی گوتاری بوو کە لە دەیەکانی دواتریشدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەوە. ئەم حیزبە هەمیشە خۆی بە ئاڵاهەڵگری سەرەکیی داکۆکی لە ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران زانیوە. لە هەمان کاتدا تێکۆشاوە لە چوارچێوەی ئێراندا بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی پتەو و پایەدار بۆ پرسی کورددا بگەڕێ؛ چارەسەرێک کە هەتا ساڵی ١٣٨٣ لە چوارچێوەی خودموختاریدا فۆرمولە دەکرا و پاشان بۆ فیدراڵیزم بەرز کرایەوە.

هەندێک لە ڕەخنەگران، حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بە گرتنەبەری ئەم ڕێبازە، ئاستی داواکارییەکان و ئاسۆی ئاواتەکانی کوردی سنووردار کردووە و لە خواست یان مافی سەربەخۆیی کورد پاشەکشەی کردووە. هەقیقەتی مەسەلەکە شتێکی دیکەیە. لە لایەکەوە، ئەزموونی مێژوویی کۆماری کوردستان ئاڵۆزتر لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە سادەکەرەوانەیە. زۆر لە هێماسازی و هەڵبژاردنە سیاسی و نیهادییەکان لە کۆماری کوردستان و بەگشتی کەشی زاڵ بەسەر ژیانی کورتی ئەم کۆمارەدا دەلالەت لە ڕوانگە و تێڕوانینێکی بەربڵاوتر و بەرزەفڕانەتر دەکەن. هەروەک دکتور قاسملوو دواتر لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا نووسی، قازی محەممەد و ڕێبەرانی کۆمار، چاویان لە ئاسۆیەکی دوورەدەستتر کە زۆر ئەولاتر لە خودموختارییەکی سنووردار لە چوارچێوەی ئێراندا دەڕۆیشت بڕیبوو؛ بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوان بە تەواوی ئاگاداری بەربەستە نێودەوڵەتییەکان و ئاستەنگە ناوچەیییەکانی بەردەمیان بوون. ئەم پێوەندی و لێکگرێدانەی نێوان ئارمانجخوازیی نەتەوەیی و واقیعبینیی سیاسی بووەتە ڕێکار و پێناسەیەک کە حیزبی دێموکرات هاوسەنگییەکانی پێ ڕاگرتووە. بەدیوەکەی دیکەشدا، حیزبی دێموکرات لە دەیەکانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیشدا

بەردەوام پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد کردووە و تەنانەت هەندێک جار ئاماژەی بە مافی کوردەکان لە ئێران بۆ بەڕێوەبردنی گشتپرسیی سەربەخۆییش کردووە.

تێکۆشان بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو ستراتیژییەدا، هەمیشە بۆ ئەم حیزبە مەشقێکی هزری و سیاسیی قورس و سەرچاوەی نالێکی و هەڵکشان و داکشان لە هەر دوو بەستێنی ئێرانی و کوردستانیدا بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ئەو بەرپرسیارەتییە مێژوویی و گوتارییەی لە بزووتنەوەی کوردی لە ئێراندا لەسەرشانیەتی، زۆربەی جار لە گرتنەبەری هەڵوێستی ڕادیکاڵ خۆی بواردوە. لە ڕاستیدا بۆ ئەم حیزبە، مەسەلەی بنەڕەتی تەنیا هەڵبژاردن لە نێوان خودموختاری/فیدراڵیزم لە چوارچێوەی ئێران و سەربەخۆییخوازیدا نییە؛ بەڵکوو ئالەنگاریی سەرەکی لە چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێگەی سیاسیی کوردستان لە داڕشتنەوەی پێکهاتەیی ئێراندایە، بە شێوەیەک کە مەسەلەی کورد لە چەمکی ئینتیزاعی و ئاست دابەزێندراوی بەناو یەکسانیی هاووڵاتیبووندا ون نەبێ. ئەم ئالەنگارییە بە هەمان ئاست سەختتر دەبێتەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی و بەدەنەی ئەم حیزبە (نەک هەر نەوەی نوێ، بەڵکوو تەنانەت لەنێو پێشمەرگە دێرینەکانیشدا) لە دەربڕینی ویست و ئارەزووی نەتەوەیی خۆیاندا ڕێباز و ڕوانگەیەکی زۆر ڕادیکاڵتر لە ئەدەبیاتی فەرمی و بەرنامەی پەسندکراوی حیزبیان هەیە.

ئەمڕۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان زیاتر لە هەر کاتێک مافی ڕەوا و بوونی سیاسیی کوردیان خستووەتە مەترسییەوە و هەوڵ بۆ نەهێشتنی پێگەی تایبەتی کورد لە پرۆسەی بەناو گەشەپێدانی سیاسی و مێعماریی نیهادیی ئەو وڵاتانەدا دەدەن. لەو نێوەدا بەداخەوە هێندێک ڕەوت و لایەن و چالاکی سیاسی و مەدەنیی کوردیش، بەئەنقەست یان لەڕووی نەزانییەوە، تێکەڵکردنی داواکارییە سیاسی و بە کۆمەڵەکانی کورد لە ئێران لەگەڵ بەها و بابەتە کۆمەڵایەتی و بە ڕواڵەت دێموکراتیکەکانی ئێراندا بە شتێکی ئاسایی دەزانن و بۆ مەبەستی تایبەت بە خۆیان یارمەتی بە تواندنەوە و بنکۆڵ کردنی پرسی کورد وەک پرسی مێژوویی گەلێکی ژێردەستە و خاک دابەشکراو دەکەن.

لە حاڵەتێکی وادا، کەمترین چاوەڕوانی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەڵگری سەرەکیی ڕەسالەتی نەتەوەیی کورد لە ئێران دەکرێ ئەوەیە کە، لە پاڵ پاراستنی واقیعبینیی سیاسی و بەرفراوانکردنی هەوڵەکانی بۆ بەشداریی شوێندانەر لە پرۆسە سەراسەرییەکانی ئێراندا، وەک هەمیشە بە ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە لەسەر ناسنامەی سیاسیی جیاوازی کورد و پێویستیی دەستبەرکردنی پێگەیەکی یاسایی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بەسەریەکەوە) پێداگری بکا و خۆی لە پاشکۆیەتیی ئەو ڕەوتانە بپارێزێ کە بە زمان و ڕواڵەتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە هەوڵ دەدەن ئاکامە سیاسی و حقووقییەکانی پێشینەی مێژوویی و تایبەتمەندیخوازیی ڕەوای کورد بسڕنەوە.

له چه‌پی نه‌ریتییه‌وه بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له‌ به‌ستێنێکی مێژووییدا له‌دایک بوو که‌ ئۆردووگای چه‌پ کاریگه‌رییه‌کی یه‌کلاکه‌ره‌وه‌ی له‌سه‌ر بیچمگرتنی ناسنامه‌ی سیاسیی بزوتنه‌وه‌ ڕزگاریخوازه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌کان هه‌بوو. به‌وحاڵه‌ش، حیزبی دێموکرات هه‌رگیز نه‌بووه‌ ڕێکخراوێکی ئیدئۆلۆژیک. ئه‌و حیزبه‌ له‌ژێر ساباتی ڕێبه‌ریی د. قاسملوودا که‌ له‌ ساڵی ١٩٧١ به‌دواوه‌ به‌رپرسیاره‌تیی یه‌که‌می حیزبی گرته‌ ده‌ست، توانی خۆی له‌ هێژمۆنیی گوتاریی حیزبی توده‌ و به‌گشتی چه‌پی مه‌وجوود ڕزگار بکا و پێناسه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ و نائۆرتۆدۆکس له‌ ئیده‌ئالی چه‌پ پێشکه‌ش بکا. له‌م چوارچێوه‌یه‌دا، سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ حیزبی دێموکرات بوو به‌ مۆدێلێکی شیکاری و په‌نجه‌ره‌یه‌کی گوتاری هه‌تا هه‌م له‌ نێوان دادپه‌روه‌ریی کۆمه‌ڵایه‌تی و دێموکراسی و ئامانجی نه‌ته‌وه‌یی کورددا ئاوێته‌کردنێکی ژیرانه‌ و کارا ئه‌نجام بدا، هه‌م زه‌رفیه‌تی کایه‌کردن له‌ به‌ستێنی نێونه‌ته‌وه‌یی به‌تایبه‌تی له‌ ئورووپای ڕۆژئاوا بۆ ڕاکێشانی سه‌رنج و پشتیوانیی سیاسی له‌ کورد به‌گشتی و کورد له‌ ئێران به‌تایبه‌تی به‌خۆی ببه‌خشێ.

ئه‌گه‌رچی له‌ سه‌رده‌می ئێستادا سنووربه‌ندییه‌ ئیدئۆلۆژییه‌کانی ڕابردوو زۆر کاڵ بوونه‌وه‌، ئاڵه‌نگارییه‌کانی پێوه‌ندی و ئه‌ولەویه‌تبه‌ندیی نێوان ڕزگاریی نه‌ته‌وه‌یی و یه‌کسانیی چینایه‌تی هه‌ر له‌جێی خۆیانن. له‌ سه‌رده‌مێکدا که‌ به‌هۆی شکستی ئیده‌ئالی سۆسیالیستی له‌سه‌ر عه‌رز، چه‌مکه‌ لیبراڵییه‌کان دزه‌یان کردووه‌ته‌ ناخی بزووتنه‌وه‌ ڕزگاریخوازه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌کانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستی به‌وه‌یه‌ مانایه‌کی عه‌ینی و کرده‌یی به‌ به‌ڵێن و ده‌روه‌ستییه‌کانی خۆی له‌هه‌مبه‌ر دادپه‌روه‌ری و یه‌کسانیی کۆمه‌ڵایه‌تی ببه‌خشێ. پرسی نه‌ته‌وه‌یی هه‌رچه‌نده‌ بۆ ڕه‌فتاری سیاسیی کورد بڕبڕه‌ی پشت و له‌ڕاستیدا فه‌لسه‌فه‌ی وجوودیی حیزبی دێموکرات بێ، به‌ ته‌نیا ناتوانێ مانیفێستێکی ته‌واو و هه‌مه‌لایه‌نه‌ بۆ به‌ڕێوه‌بردنی کۆمه‌ڵگه‌ بخاته‌روو. به‌پێچه‌وانه‌وه‌، پشتگوێخستن یان که‌متر پرژانه‌ سه‌ر پرسی دادپه‌روه‌ری و به‌ گشتی به‌هێند نه‌گرتنی پرسه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان ده‌بێته‌ هۆی په‌رشوبڵاوی و به‌فیرۆچوونی به‌شێک له‌ تواناکانی نێو کۆمه‌ڵگه‌ و ئه‌م بابه‌ته‌ش زیان به‌ یه‌کگری و ئاقارسازیی ئاکامدار له‌ خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تیدا ده‌گه‌یه‌نێ.

سه‌ربه‌خۆیی سیاسی و پابه‌ندی به‌ کۆمه‌ڵێک پره‌نسیپی جێی ستایش

سه‌ربه‌خۆیی له‌ بڕیاردان و ڕه‌تکردنه‌وه‌ی پاشکۆیه‌تی، هه‌میشه‌ به‌شێکی دانه‌بڕاو له‌ فه‌رهه‌نگی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووه‌. له‌ سه‌رده‌می ڕێبه‌ریی د. قاسملوودا، ئه‌م حیزبه‌ توانی له‌ژێر هه‌ژموونیی حیزبی توده‌ و به‌ گشتی

سەرچاوە
Serchawe

ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران و هەروەها لە بەستراوەیی بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێتە دەر. ئەو کاتەی حیزبی دێموکڕات هەستی کرد شوڕای میللیی مقاومەت (لەژێر هێژمۆنیی موجاهیدینی خەڵقدا) سەربەخۆیی سیاسیی ئەم حیزبە تەحەمول ناکا، بڕیاری چوونە دەرەوەی لەو هاوپەیمانییە دا. لە پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ڕەوت و لایەنە دیارەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، ئەو حیزبە هەمیشە هاوسەنگی و بێلایەنیی خۆی پاراستووە.

ئەم سەربەخۆییە پێکهاتەییە لە بەستێنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕاتیشدا بەرجەستە بووە. واقیعی ژێئۆپۆلیتیکی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دەری‌خست هیچ دەسەڵات و جەمسەرێکی نێودەوڵەتی مەیلی ڕاستەقینەی بۆ پشتیوانی لە داواکارییەکانی کورد نییە. لە هەمان کاتدا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆخۆیشی فەرهەنگێکی سیاسیی تایبەتی لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە پاشکۆیەتی و پەراوێزنشینی لە بەرامبەر زلهێزەکاندا چەسپاند؛ بە شێوەیەک کە لە سەردەمی شەڕی سارد ئەو حیزبە لە یەک کاتدا ئازایەتیی ڕەخنەگرتن لە هەردوو بلۆکە سیاسییە زاڵەکەی ئەو سەردەمەی هەبوو. لە بارودۆخی ئێستاشدا کە کۆماری ئیسلامی تێوەگلاوی شەڕێکی قورس و چارەنووسسازە، ئەم حیزبە بە پێچەوانەی هێندێک گریمانە و چاوەڕوانی، هێشتا پێداگری لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی خۆی دەکا و سوورە لەسەر ئەوەی بە قیمەتی تیروتوانجی زۆر لە چاوەدێران جارێ هەر سیاسەتی دانبەخۆداگرتنی ژیرانە ڕەچاو بکا.

لە بواری پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەربەخۆیی سیاسیی خۆی کردووەتە دەرفەتێک بۆ چەسپاندنی باوەڕ بە هاوپێوەندیی سەراسەریی کورد و پەرەپێدانی ئەخلاقێکی سیاسیی پشتبەستوو بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی. بە درێژایی شەڕی ئێران و عێراق، سەرای ئەوەی ئەو حیزبە خەباتێکی چەکداریی خوێناویی بەدژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبرد، بەڵام قەت ڕێگەی نەدا هاوئاراستەیی عەینی و تاکتیکیی ئەم حیزبە لەگەڵ بەغدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیدا ببێتە مایەی بەستراوەیی سیاسی حیزب بە حیزبی بەعس. لە نیوەی دەیەی ١٩٩٠-یش بەدواوە، ئەو حیزبە هەمیشە هەوڵی داوە خەباتی مەیدانی (بە تایبەت لە ڕەهەندی سەربازییەوە) بیانووی فشار و هەڕەشە لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق نەداتە دەست کۆماری ئیسلامی. لە هەردووکی ئەو بوارانەدا (هەم مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە و هەم پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد)، حیزبی دێموکڕات پیرەویی لەو ئەسڵە کردووە کە بردنەپێشی پرسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا نابێ لەسەر حسێبی بەرژەوەندییەکان یان دەسکەوتەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە بێ. ئەمە ئەسڵێکە کە قەت وەک پێویست یا بە تەواوی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەرهەق بە حیزبی دێموکڕات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو نەکراوە.

لە تەنیشت ئەم سەربەخۆییە لە بۆچوون و کردەوەدا، کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپیش هەن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە

بەهێزکردنی ئیعتبار و ڕاکێشانی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ لای حیزبی دێموکراتدا هەبوو؛ لەوانە هەوڵی بەردەوام بۆ کەمکردنەوەی تێچووی مرۆیی شەڕ، ڕەفتاری مرۆڤانە لەگەڵ دیلەکان و ئازادکردنیان، ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی تیرۆریزم، بارمتەگیری و هێرش و پەلاماری کوێرکوێرانە و پێچەوانەی قانوونی بەشەردۆستی. هەموو ئەو پرەنسیپ و بەهایانە لە ئاستی ئێرانی و نێونەتەوەییدا جۆرێک لە سیمای شارستانی و ڕێز و سەنگینیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخشیوە کە ئەو حیزبە دەتوانێ شانازیی پێوە بکا. بەڵام دەبێ سەرنج بدرێتە ڕووەکەی دیکەی دراوەکەش: پابەندبوونی قورس و قایم و سەرسەختانە بەو پرەنسیپانە و حەزەری بەردەوام بەتایبەتی لە هێندێک برگە و هەلومەرجی دیاریکراودا تواناى مانۆڕدان و زەرفییەتە تاکتیکییەکانی ئەو حیزبەشی سنووردار کردووە. لێرەدا بە هیچ جۆر مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین با ئەو بەها و پرەنسیپە پیرۆزانە پێشێل بکرێن؛ بەڵکوو قسە لەسەر زەرووڕەتی خستنەڕووی ڕێکارگەلێکی خەباتگێڕانەیە کە وێڕای ڕێزگرتن لە بەهاکانی ئەخلاقی سیاسی و نەتەوەیی، ئاستی دەستپێشخەریی بەکردەوە و توانا مەیدانییەکانی ئەو حیزبە بۆ شوێندانانی زیاتر لەسەر ڕەوتی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بەرز بکاتەوە.

واقیعگەرایی وەک سەرمەشقی ڕەفتاری سیاسی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی جەماوەری و نائیدئۆلۆژیک، لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا هەمیشە هەوڵی داوە ببێتە چەتری بەیەکگەیشتنی بەشی بەرچاوی فرەچەشنی و جیاوازییە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و زەرفییەتە خەباتگێڕییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەو حیزبە هەوڵی داوە هەم لەگەڵ مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە پێش دامەزراندنی خۆیەوە سەنتێز و پێوەندی دروست بکا، هەم جۆرێک لە سێکولاریزم و سەرخانی مۆدێرنی سیاسی بخاتە ڕوو کە ژێرخانی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ پێشخستنی خەباتی نەتەوەیی دەکار بخا بەبێ ئەوەی بهێڵێ بەهۆی ویەوە کەلێن و درزە پێکهاتەییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە قووڵتر ببنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم حیزبە هیچ کات شێواز یان فۆرمێکی تایبەتی خەباتی وەک شتێکی موتڵەق چاو لێ نەکردوە. حیزبی دێموکرات هەر کاتێک هەستی بە کەمترین زەمینەی سیاسی کردبێ، تەنانەت لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی حاکمییەتی نادێموکراتیکدا بەشداری هەڵبژاردن بووە یان بانگەوازی بۆ بەشداریکردنێکی ئامانجدار کردووە؛ ڕێبەرە دیارەکانی خۆی تەنانەت بە نرخی دانانی گیانیان ناردۆتە مەیدانی وتوویژ و دانوستانی سیاسی؛ کات و سەرمایەی ماددی و مرۆیی بۆ بوارە مەدەنی و دیپلۆماسییەکانی خەبات تەرخان کردوە؛ و لە بارودۆخی گونجاودا و بەپێی پێویست پەنای بۆ خۆڕاگریی چەکدارانەش بردووە و هەمیشە هێزی پێشمەرگەی خۆی پاراستووە.

ئەم توانایە لە کایەکردن لە چەندین بەرە یان بەستێنی جیاواز و تەنانەت هێندێک جار ناڵێکدا، بە خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکڕات دادەنرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، پرسیارێکی ستراتیژی و ژیانەکییش قووت دەکاتەوە : چۆن دەکرێ ئەم شێواز و ڕێکارە جیاوازانەی خەبات بەپێی گرینگییان و بەپێی هەلومەرج بە جۆرێک هەماهەنگ و ئەولەویەتبەندی بکرێن کە یەکتر نەفی نەکەنەوە و ئاکام و بەرهەمی سیاسیی ڕوون و کۆنکرێت مسۆگەر بکەن؟ ئاڵەنگاریی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە بارودۆخی هەستیار و جارێ زۆر دژواری ئێستادا ئەوەیە کە چۆن لە ئاڵۆزییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرامبەر بە ئێران بۆ ڕزگاربوون لە سنووردارێی مەیدانیی بەرهەمی سی و سێ ساڵ مانەوەی ڕێبەریی حیزب لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان کەڵک وەربگرێ، بەبێ ئەوەی بۆ ئەو دەربازبوونە ناچار بێ تێچووی گەورە لە جەوهەری داواکارییەکان و لە پێناسەی سیاسیی هەشتا ساڵەی خۆی و لە بنەماکانی هەرمانی خەباتگێڕانەی خۆی بدا.

حیزبێکی بەساڵداچوو لە کۆمەڵگەیەکی بە پێکهاتە نۆژەنبووەوەدا

لە باس و خواسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هێندێک کەس و لایەن ئەو حیزبە کوردییانەی پێش یان یەکسەر پاش شۆڕشی ١٣٥٧ دامەزراون، بە ئاوەڵناوی "نەریتی" یان "کلاسیک" پێناسە دەکەن؛ هەروەک بڵێی دێرینەیی و پاشخانی مێژوویيان نیشانەی مانەوەیان لە ڕابردوودا و ماوە بەسەرچوونیان بێ. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکڕات، جێی خۆیەتی لەو کەس و لایەنانە بپرسن کە ئایا دەکرێ حیزبێک هەشت دەیە لە داخراویی کەشی سیاسی و چالاکیی نهێنی، شەڕ و سەرکوت و تیرۆری ڕێبەرەکانی، کێشە و لێکترازانە نیوخۆییەکان؛ و گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆیی دەرباز بکا بەبێ ئەوەی خاوەنی توانایەکی ڕاستەقینە بۆ گونجاندن و نوێبوونەوە بێ؟

پێوانەکردنی کێش و پێگەی ئێستای حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی قەدەغەبوونی چالاکییەکانیان و نەبوونی کێبڕکێی ئازادی هەڵبژاردن، هێشتا کارێکی دژوارە. تاکە قۆناغی مێژوویی کە پێوەرێکی باوەڕپێکراو و عەینیی لە کێشی ئەم حیزبانە دایە دەست یەکەمین هەڵبژاردنەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بوو؛ ئەو شوێنەی کاندیدەکانی نیزیک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچانەی ئەو حیزبە حزوور و چالاکیی ئازادی تێدا هەبوو، زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان (تەنانەت سەرووی ٨٠ لە سەد)یان وەدەست هێنا. ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنی خەمڵێنراوی قوورسایی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی پێوەرگەلی ڕێژەیی وەک قووڵایی مێژوویی، پێگەی کۆمەڵایەتی، توانای ڕێکخستنی گشتی، بەرفراوانیی تەشکیلات و پێوەندییەکانیانەوە دەکرێ. بەو پێوەرانە بێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێشتا پێگەیەکی ناوەندی و بڕیاردەری لە ژینگەی سیاسیی کوردستانی ئێراندا هەیە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ساڵی ٢٠٢٦ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ساڵی ١٩٧٩ نیە. نەوە نوێیەکان و ئەکتەرە سیاسییە تاکییەکان (منفرد) و گرووپی سیاسی و مەدەنیی نوێ، زۆرجار بە نرخی ئەتۆمیزەبوونی یاریی سیاسیی کورد لە ئێران، پێیان ناوەتە مەیدانەکەوە و فرەچەشنیی نێوخۆیی کۆمەڵگەی کوردی نە تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە بەڵکوو بەتایبەتی لە بەستێنی فەرهەنگیدا، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەرجەستە بووەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی مێژوویی خۆی وەک تەوەر و چەقی تەبایی و یەکگریی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران بپارێزێ، پێویستی بەوەیە ئەم فرەچەشنە کولتووری و ناوچەییە بە شێوەیەکی بەرجەستەتر لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و گوتاری سیاسیی خۆیدا ڕەنگ پێ بداتەوە، بەبێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بە زیانی یەکگرتوویی و ئینسجامی نێوخۆیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ناسنامە و ئاسۆ ستراتیژییە هاوبەشەکەی بشکێتەوە.

یەکگرتنەوەی سەرلەنوێی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٢٠٢٢دا نیشاندەری بەرپرسیاری و توانای ئەو حیزبە بۆ دروستکردنی سەنتێز و تێپەڕاندنی لێکترازانە نێوخۆییەکان بوو. ڕۆڵی ناوەندی و دەستپێشخەریی ئەو حیزبە بۆ یەکگرتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوانیانیش (بە هەموو دەڵەمەیی و کەموکوڕییەکانییەوە) هەڵگری هەمان پەیامە. ئەمڕۆ ئاڵەنگاری و ئەرکی سەرەکیی حیزبی دێموکڕات لەو بوارەدا کەڵکوەرگرتن لە وەرزی نوێ و هیوابەخشی دینامیزمی نێوخۆیی بزووتنەوەی کوردستان بۆ ڕێگریکردنی یەکجاری لە دووبارەبوونەوەی ململانێی خراپ و ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردووی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کارامەکردن و بەکردەوە جێخستنی ئەو یەکڕیزی و یەکگرییەیە، بەبێ ئەوەی ئەو حیزبە لەپێناو یەکێتیی نێوماڵی کوردی ڕۆژهەڵات و هاوئاراستەیی لە خەباتدا ناچار بێ مل بۆ دابەزاندنی ئاستی داواکارییە سیاسییەکانی کورد لە ئێران و کەمڕەنگکردنەوەی بنەما مێژووییەکانی پێناسە و شوناسی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان ڕاکێشێ.

کێشانەوەی داهاتوو لەسەر بنەمای هەگبەی مێژوویی و توانستی ئەمڕۆیی

سەرەنجام گەورەترین خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتییە لە ئاوێتەکردنی میراتی ڕەمزی و مێژوویی و ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و بەربڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پۆتانسیەلی نوێبوونەوەی ڕێژەیی لە نێوخۆی خۆیدا و خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دەرەوەی خۆی. بەو حاڵەش، میراتی ڕابردوو بە خودیی خۆی دەستەبەری داهاتوو ناکا و دروستکردنی چۆڕاوگەی (خروجی) ڕاستەقینەش لە جیاوازیی بۆچوون و خواستگەکان لە حیزبێکی دێموکڕاتیک و زیندوودا هەمیشە تەمرینێکی دژوار و پرکێشەیە.

ئەمڕۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی گەنجان و ژنان و گواستنەوەی نێوان نەوەکان و پێگەیاندنی جێگرەوەکان، کەڵکوەرگرتنی دروست

خەرمانانی ٢٧٢٦

و کارا لە پێگەی بەربڵاوی جەماوەری و ڕێکخستنی تەواوی زەرفیەتەکانی نێو کۆمەڵگە، ڕاکێشانی بەربڵاوتر و وردتری پسپۆڕ و بژاردەکان، کەڵکوەرگرتنی زیاتر و باشتر لە هێزی دیاسپۆرا، مۆدێرنکردنی ئامرازەکانی خەبات بەتایبەتی لەبواری ڕێکخستن و لۆبیگەریی دیپلۆماسی و میدیا و چەکداریدا، بردنەپێشی گوتاری سەروەریخوازانە لەسەر بنەمای خاک و سەرچاوەکانی کوردستان، دروستکردن و بەهێزکردنی جەمسەرێکی بەهێزی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا وێڕای وریا بوون لە پێوەندیی کورد و ئازەری لە ئێران و دۆزینەوەی هاوبەش (شریک)ی جێی متمانە لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا، بەشێک لە ئەرکەکانی بەردەم حیزبی دێموکراتن.

وێڕای ئەوەی ئەمڕۆ خەباتی چەکداری بەشێوەیەکی جیددی بەرتەسک بۆتەوە و لەگەڵ کۆسپی گەورەی ئەمنیەتی و ژێئۆپۆلیتیکی بەرەوڕوویە و لە هەمان کاتیشدا ئەو حیزبانەی لە ڕابردوودا بانگەشەی پێشەنگایەتی کۆمەڵگەی کوردستانیان دەکرد ئەمڕۆ ڕوویان زۆرتر رووبان لە تەوازوعی سیاسی کردووە، حیزبی دێموکرات نابێ لە توانای کاریگەری بەخشین و ڕۆڵی ناوەندیی خۆی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا غافڵ بێ. بۆ ئەم مەبەستە هەق وایە پێگەی مێژوویی، پۆتانسێلی جەماوەری و توانا خەباتگێڕییەکانی ئەم حیزبە لە تەواوی بوارەکاندا زیاتر لە پێشوو ببنە هەوێنی خەباتێکی فرەڕەهەند و ژیرانە کە لەسەر بنەمای پێشینەبەندیی ڕوون و ڕاشکاو ڕاوەستابێ و دەسکەوتی عەینی و بەرجەستەی لێ بکەوێتەوە.

لە هەشتا و یەک ساڵەیدا، ئاڵەنگاریی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتییە لە گۆڕینی قابلیەتی مانەوە (بقا)ی سیاسی بۆ دەستپێشخەریی ئاڵوگۆڕ و توانای ئاڕاستەکردنی پێشهاتەکان. هێنانەدیی ئەم بابەتە بەندە بەوە کە ئەم حیزبە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی و سروشتی قائیم بە زاتی پرسی کوردستان بپارێزێ بێ ئەوەی لە دەرەوەی ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکاندا بمێنێتەوە؛ بەشدارییەکی چالاکانەی لە هەوڵەکانی دروستکردنی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک لە ئێراندا هەبێ بێ ئەوەی ڕازی بێ پرسی کورد لەم ڕەوتانەدا بتوێتەوە؛ بە ئەسڵ و پرەنسیپەکانی خۆی وەفادار بمێنێتەوە هاوکات کە توانای مانۆڕی سیاسیی خۆی بەرفراوانتر بکا؛ فرەیی و جیاوازییە نێوخۆییەکانی کوردستان زیاتر لە پێشوو لە باوەش بگرێ بێ ئەوەی ئینسجام و یەکێتی نەتەوەیی لەبیر بچێتەوە.

لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە ئەو حیزبە بتوانێ هەگبەی مێژوویی و مەشخەڵی خەباتی خۆی بە نەوەکانی ئێستا و دواتر بسپێرێ و بۆ سەرکەوتن لەو کارەشدا لەبیری بێ کە نەوەی نوێ تەنیا هۆگری ناسین و ڕێزگرتن لە شانازییەکانی ڕابردوو نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک لە خەمی ئەوەدایە کە ئایندەیەکی دیکە بنیات بنێ.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

چوار گریمانەی هەڵەی واشینگتۆن لە بارەی شەڕی ئێران

نازی موعینیان- واڵستریت جورناڵ

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

محەممەدباقر زولقەدر کە هەتا وازهێنانی لە حەوتووی ڕابردوودا بەرپرسی شوڕای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی بوو، ڕۆژی شەممە گوتی؛ گەرووی هۆرمز ناکرێتەوە. هەتا ئەو کاتەی ئەمریکا "ڕەفتارەکەی ڕاست نەکاتەوە". مەرجەکانی ناوبراویش لەەر ئەمریکا بریتی بوون لە کۆتاییی یەکجاریی جەنگ، کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە، هەڵگرتنی گەمارۆی دەریایی، ئازادکردنی داراییە سڕکراوەکانی ئێران و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ. سوپای پاسداران لەوەش بەولاوەتر چوو و گوتی گەرووی هۆرمز پەیوەندییەکی بە گفتوگۆ هاوتەریبەکانی نێوان ئێران و عومانەوە نییە و واشینگتۆن دەبێ واز لە "دەستێوەردان" لە دانوستانە هەرێمییەکان بهێنێت.

هەواڵگرییەکانی عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکا ئاشکرای دەکەن؛ کە ڕێژیم میلیشیا عێراقی و حوسییەکان بەرەو هێرشی هاوئاهەنگ بۆ سەر عەرەبستانی سعوودی هان دەدات. کاربەدەستانی سعوودی لەو بڕوایەدان هێرشەکان وەها ڕێک دەخرێن

کە هەمان دانوستان پەک بخەن کە تاران ئیدیعا دەکات بە نیازپاکییەوە بەتەمای بەئەنجامگەیاندنیانە.

ڕێژیمی ئێران بەم ئاکارانەی لاوازیی خۆی دەشارێتەوە. ئەگەرچی لە دۆخێکی لاوازەوە دانوستان دەکات، بەڵام مانەوەی خۆی وەکوو سەرکەوتن پیشان دەدات. نوخبەکانی ڕێژیم بەم شێوەیە هەوڵ دەدەن گوتاری جەنگ، خێراییی دانوستانەکان و مەرجەکانی هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کۆنترۆڵ بکەن.

دیپلۆماتەکانی ئەمریکا پێشتر ئەمەیان دیتووە. پاش دانوستان لەگەڵ سەرۆکوەزیران محەممەد موسەددیق لە کاتی قەیرانی بەنیشتمانیکردنی نەوت لە ١٩٥١ - ١٩٥٣، ڤێرنۆن واڵتێرز، وەرگێری ویلیام ئاڤەرێل هاریمەن (بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمنییەتی هاوبەش لە ساڵەکانی ١٩٥١ - ١٩٥٣) بە گاڵتەوە دەیگوت موسەددیق "هونەری هەنگاوێک بەرەوپێش بە مەبەستی گەڕانەوەی دوو هەنگاو بەرەو دواوە"ی تەکمیل کردووە. تەمەنێک و شۆڕشێک دواتر، هێندێک لایەنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەم شێوەیە دەرکەوتووە. سازش وەک لاوازی لێک دەدرێتەوە و لاوازیش، بێتوو کەڵکی لێ وەرنەگیرێت، بە مانای شکست و شکانە.

تۆماس شێلینگ، ستراتیژیستی شەڕی سارد کە لەسەر تاکتیکەکانی دانوستان شتی نووسیوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە لاوازی دەتوانێ ببێتە خاڵی بەهێزی، بێتو ئەو لایەنەی بژاردەی کەمتری لەبەر دەستدان دەست بە سووتاندنی پردەکانی پشت سەری خۆی بکات و بلێ پاشەکشە بژاردەیەک نییە. ئەمە دەبێتە هۆی سازشی ئەو لایەنەی کە بژاردەی زۆرتری لەبەر دەستدان و کەمتر بەرگەی ئازار دەگرێت. تاران دەقاودەق ئەم کارە دەکات، هەڵوێستەکەی دەگۆڕێت و لیستەی مەرجەکانی جێگای پەسەندی بەرتەسک دەکاتەوە، سەر لە ناوبژیوانان لە ژنێڤ، ئیسلامئاباد و مەسقەت دەشێوێنێت.

واشینگتۆن چوار گریمانەی هەڵە لەبارەی ئێراندا دەکات؛

یەکەم؛ کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە ڕێژیم بکەرێکی ئەقڵانییە کە تێچووەکان و دەستکەوتەکان هەڵدەسەنگێنێت. تاران لە کاتی هەڕەشەی مان و نەماندا وریایی پیشان داوە، خولیاکانی دابەزاندووە و سازشی نەرمی لەمەڕ بەرنامە ناوکییەکەی قبووڵ کردووە. بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕە و، لە ١٣٥٧ بەولاوە بە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیک و هەروەها هەڵسەنگاندن لەسەر پێ ماوەتەوە. تواناییی سەربازیی واشینگتۆن فرە لە هی ئێران زیاترە، بەڵام ئەو ناتوانێ ئەم وێنەیەی ڕێژیم وەک ڕێبەری "بەرەی مقاومەت" کە لەسەر ئەفسانە بنچینەیییەکانی خۆی دامەزراوە و سازش وەک لادان لە ڕێگای ڕاست سەیر دەکات، نە وەکوو کارێکی باش، بە زۆری

بسڕێتەوە.

دووهەم؛ دانوستانکارانی ئەمریکایی پێیان وایە ئاستێکی دیاریکراوی ژان و ئازار هەیە کە لەوە بەولاوە ڕێژیم تێکدەشکێت. ڕەنگبێ ئەمە ڕاست بێ، بەڵام بە هۆی پەلەی واشینگتۆن بێئاکام دەمێنێتەوە. گەمارۆ دەریاییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی هەناردەکردنی نەوتی ئێران کە لە ١٣ی مانگی ئاپریلەوە دەستی پێکردووە، نموونەیەکی ئەوتۆیە: بە گوتەی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، زەرەری ڕۆژانەی ئێران بە هۆی ئەم گەمارۆیەوە بە ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری ئەمریکی دەخەمڵێندرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی جوون، بەر لە هەر جۆرە سازشێکی بەرچاوی ئێران، گەمارۆکە هەڵگیرا. گیروگرفتەکە ڕەنگبێ ئەوە نەبێ کە تاران ناگاتە ئاستی دیاریکراوی ژان، بەڵکوو واشینگتۆن هێندە دان بە خۆیدا ناگرێت کە ژانەکە بگاتە ئەم ئاستە.

سێهەم؛ دیپلۆماتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەڵە پێیان وایە دۆڕان لە مەیدانی جەنگ دەبێتە هۆی دۆڕان لە کاتی دانوستاندا. تەسلیمبوون پاش شکستی سەربازیی تەواو، بیرەوەریی بنەڕەتیی کولتووری ستراتێژیی ئەمریکایە، لە ١٩٤٥ هەتا جەنگی ١٠٠ کاتژمێریی دژی عێراق لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی "گەردەلوولی بیابان" لە ١٩٩١. بەڵام ئەوان سەرکەوتووی جەنگی هێزی پیادە بوون، نەک هەڵمەتی ئاسمانی بەتەنیا. تەنانەت لە کۆسۆڤۆ، نموونەیەک کە زۆرجار وەک توانایی هێزی ئاسمانی بۆ بەچۆکداهێنانی بەرهەڵستکارێک باسی لێوە دەکرێت، ناتۆ تەنیا کاتێک سەرکەوت کە داگیرکاریی هێزی پیادە وێدەچوو گەلێک نزیک بێت. بەکرێگیراوانی ئێران تەفروتونا کراون و دانوستانکارەکانی لە عومان هێشتا وەکوو براوە هەڵسوکەوت دەکەن.

چوارەم؛ وڵاتە یەکگرتووەکان وا دەزانێ پشێویی نێوخۆیی پێگەی دەوڵەت لە دەرەوە لاواز دەکات. یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناڕەزایەتیی نێوخۆ وەک "موحاربە" یان "شەڕ دژی خودا" پێناسە دەکات، تاوانێک کە سزاکەی کوشتنە. دادئەستێنی گشتیی ئێران، محەممەد مووەحیدی - ئازاد، ئەم ستانداردەی لە مانگی جانیوەریدا بە شێوەیەک بەرفراوان کرد کە زەرەرگەیاندن بە موڵکی گشتی بگرێتەوە و ڕێنوێنی دادوەرەکانی کرد ئەم جۆرە تاوانبارانە بێبەزەییانە سزا بدەن. ڕێژیمێک کە ئامادەییی کوشتنی هەزاران کەس لە خەڵکی خۆی پیشان داوە، توانایی خۆڕاگری لە بەرانبەر ژانێکی فرە بەرچاویشدا هەیە بەر لەوەی تەسلیم بێت. ئەو دەیهەوێ گشت دانوستانکارانی ئەوبەری مێزەکە لەوە تێبگەن.

هیچکام لەوانە بەو مانایە نییە کە ڕێژیم لە ئاسایشدا بێت. ئەو ڕەنگبێ بگاتە سنووری ئاستی دانبەخۆداگرتنی واشینگتۆن. سەرۆک کۆمار ترامپ ڕۆژی یەکشەممە بە ئاکسیۆسی گوتبوو کە ناوبراو "تەنیا خەریکی شێوە دانوستانە" و "ئەم کارە بە

ئارامی لەگەڵ ئێران دەکات،" کە وێدەچێ بە مانای گەڕانەوە بۆ ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی ئابووری و دەستپێکردنەوەی گەمارۆی دەریایی ئێران بێت. ئەمە بڕیارێکی دروستە. ستراتیژی خنکاندنی بێدەنگی ڕێژیم کارێکی ئاسایی نییە؛ پێشگرتن لە داهاتی ڕۆژانەی ٥٠٠ میلیۆن دۆلار و نەهێشتنی هەناردەکردنی بەرهەمەکانی پێترۆشیمیی ئێران کارێکی کەم نییە. بە گوتەی میعاد مالیکی لە دامەزراوەی داکۆکی لە دیمۆکراسییەکان، ئەم هەڵوێستە بووەتە هۆی شکستهێنان لە دانەوەی قەرزەکان و کەڵەکەبوونی قەرزەکانی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران و، لە ئاکامدا لاوازکردنی ڕێژیم بە هۆی چەرمەسەریی ئابوورییەوە. بە پێچەوانەی سەرکەوتن لە ئاسمانەوە، ڕەنگبێ دەقاودەق ئەم هێرشە هێواشە بێت کە سەرۆک کۆمار باسی لێوە دەکات.

لەگەڵ زەختخستنە سەر تاران، واشینگتۆن پێویستە ڕوونی بکاتەوە خوازیاری چییە، نەک تەنیا باسی ئەوە بکات کە دژی چییە. لێرەدا گیروگرفتێک لە گەیاندنی پەیامدا هەیە کە ڕێژیم بەردەوام کەڵکی خراپی لێ وەرگرتووە. واشینگتۆن پێویستە ڕێگای نوێ بۆ ئەستاندنەوەی گوتار لە ڕێژیم بدۆزێتەوە و خۆ لە ڕاڕایی ببوێرێت، جیاوازی لە نێوان ڕێژیم و خەڵکدا دابنێت، لاوانی ئێران تێوەبگلێنێت، لە کاتی پچڕاندنی ئینتەرنێت لە لایەن ڕێژیمەوە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت مسۆگەر بکات و کەسایەتییە سەرەکییەکان کە ڕەنگبێ لە ئێرانی دوای نەمانی ڕێژیمدا دەور بگێڕن بەهێز بکات. سەپاندنی گەمارۆی فیزیکی ڕەنگبێ ساکارتر لە ورووژاندنی ٨٠٪ی ئەو ئێرانییانە بێت کە دژی ڕێژیمن. بەڵام بەدەسەڵاتکردنی بەرهەڵستکاران ستراتیژییەکە کە ڕەنگبێ لە کاتێکدا کە ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی خەبات دەکات، بەرهەمدار بێت.

تاران بریندارە، بەڵام شەکەت نەبووە. توانیویەتی لە دوو شەڕ، قەڵاچۆکرانی ڕێبەرییەکەی، تەفروتونا بوونی بەرگریی ئاسمانی و دەریایی، لاوازبوونی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی و ئابوورییەکەی بەرەو هەڵدێر دەرباز بێت؛ ئەمەش ڕێگای پێ داوە بە تاقمێک وەرەقی لاوازەوە کایەیەکی بەهێز بکات. وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەرچاو تواناییەکانی ڕێژیمیان لاواز کردووە. دانوستانکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها پێویستە واز لە گریمانە کۆنەکان بە قازانجی تێگەیشتن و ستراتیژیی فرەچەشنتر بهێنن. تا ئەمە ڕوو نەدات، تاران درێژە بە کەڵکوەرگرتن لە کارتە لاوازەکانی و شێواندنی کایەکە دەدات.

١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ژنانی کورد و فەتحی پێگەکانی بڕیاردان!

ئیبراهیم لاجانی

هەڵبژاردنی سۆفیا ئەمینی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە و گەلانی بێنوێنەردا (UNPO)، وەک جێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لە کۆنگرەی بیست و یەکەمینیدا لە شاری لاهای هۆڵەندا، ڕووداوێکە کە نابێت تەنیا وەک هەواڵێکی ڕۆتینی تەشکیلاتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم هەڵبژاردنە کە لە ٣٠ی ئۆگۆستدا ڕاگەیەندرا، لە یەک کاتدا دەستکەوتێکی دیپلۆماسییە بۆ گەلی کورد و بەڵگەیەکی بەرچاوە لەسەر ئەوەی کە ژنی کورد، کاتێک دەرفەتی ڕێکخراوەیی و پشتیوانیی تەشکیلاتی بۆ دەڕەخسێت، دەتوانێت لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتیدا

نوێنەرایەتیی خواستەکانی گەلەکەی بکات.

UNPO له ساڵی ١٩٩١ له هەمان شاری لاهایدا دامەزرا، بۆ ئەوەی ببێتە دەنگی ئەو نەتەوە و گەلانەی کە لە دامەزراوە فەرمییە جیهانییەکاندا، بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، نوێنەرایەتییان نییە. ئەندامێتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم ڕێکخراوەدا، لە ڕێگەی حیزبی دێموکراتەوە، دەرفەتێکی نایابە بۆ گەیاندنی دەنگی گەلێک کە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لەژێر ستەمی نەتەوەیی، سیاسی و ئایینیی کۆماری ئیسلامیدا ژیاوە. بەڵام ئەمجارە، ئەوەی گرنگە تەنیا ئامادەبوونی کوردستان نییە، بەڵکوو ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ئامادەبوونە لە لایەن ژنێکی کوردەوەیە و لە پێگەیەکی بڕیاردەردا بەرجەستە دەبێت.

لە ڕوانگەی زانستی سیاسییەوە، جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان دوو چەشنە نوێنەرایەتیدا: نوێنەرایەتیی وەسفی، واتە ئامادەبوونی ژنان بە ژمارە لە ناو دامەزراوەکاندا؛ و نوێنەرایەتیی جەوهەری، واتە توانای کاریگەریدانان لەسەر ناوەڕۆکی بڕیارەکان. ئەزموونی جیهانی نیشانی داوە کە ئەم دوانە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تەواوکەری یەکتر نین. زۆرجار ژنان لە پلەکانی خوارەوەدا زۆرن، بەڵام لەو ئاستانەدا کە ستراتیژ و سیاسەت دیاری دەکرێت کەم دەبنەوە. لێکۆڵینەوەکانی بواری جێندەر و سیاسەت هەروەها دەریانخستووە کە بەشداریی بەرچاوی ژنان لە ئاستی سەرکردایەتیدا، پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە فراوانبوونی ئەجێندای سیاسی، بەهێزبوونی ڕەوایی (مەشرووعییەت)ی دامەزراوەکان، و گەیشتنی دەنگی گرووپە پەراوێزخراوەکان بۆ ناوەندی بڕیاردان.

لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پڕن لە ژنانی خەباتگێڕ. لە شەڕی چیاکانەوە تا ڕێکخستنی نهێنی لە شارەکاندا، لە پەروەردە و کاری کۆمەڵایەتییەوە تا نووسین و ڕۆشنبیری، ژنی کورد هەمیشە بەشێکی چالاکی خەباتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بووە. بەڵام گواستنەوە لە بەشداریی گشتییەوە بۆ سەرکردایەتیی فەرمی، خۆبەخۆ ڕوونادات. ئەم گواستنەوەیە پێویستی بە بڕیاری تەشکیلاتی، بە میکانیزمی ڕوون، بە پەروەردەی کادیر و بە هۆشیارییەکی سیاسی هەیە کە بەشداریی ژنان نەک وەک شتێکی ڕواڵەتی، بەڵکوو وەک پێویستییەکی ستراتیژی ببینێت.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، هەڵبژاردنی سۆفیا ئەمینی نابێت وەک ڕووداوێکی دەگمەن و تاک تەماشا بکرێت. ئامادەبوونی کانی جەهانگیری وەک نوێنەری حیزب لە فەرەنسا هەر لەو کۆنگرەیەدا، هەروەها ڕۆڵی کوێستان گادانی وەک بەرپرسی یەکەمی حیزب لە ئورووپا، دەریدەخەن کە ئێمە لەگەڵ دیاردەیەکدا بەرەوڕووین نەک لەگەڵ حاڵەتێکی دەگمەن. ژنانی کورد لە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، لە دیپلۆماسی و ڕێکخستن و بەڕێوەبردندا، توانا و لێوەشاوەیی خۆیان سەلماندووە. ئەمە ئەو

سەرچاوە
Serchawe

بنەمایە دروست دەکات کە لەسەری دەتوانین بانگەوازێکی ڕوون ئاراستە بکەین.

ئەو بانگەوازە ئەمەیە: ژنان و کچانی کورد، لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، لەو شوێنەی کە هەن، دەبێت ببنە ئەندامی چالاکی تەشکیلاتیی حیزبە سیاسییەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، و پێگەکانی بڕیاردان فەتح بکەن. چاوەڕوانی ئەوە مەکەن کە دەرگا بۆتان بکرێتەوە یان بانگهێشت بکرێن؛ لە کۆمیتەی ناوچەوە تا ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان، لە دەستەی ڕاگەیاندنەوە تا کۆمیسیۆنی پێوەندییەکان، شوێنی خۆتان بگرن و بەرپرسیارێتی وەربگرن. سیاسەت پیشەیەکە کە بە ئەزموون فێری دەبیت، و ئەزموونیش تەنیا لە ناو کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوەییدا کۆدەکرێتەوە.

بەڵام ئەم بانگەوازە دوو لایەنی هەیە. ئەگەر لە ڕوویەکەوە داوا لە ژنان دەکات کە هەنگاو بنێن، لە ڕووەکەی تریشەوە داوا لە تەشکیلات و سەرکردایەتی دەکات کە ڕێگا خۆش بکەن. حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات پێویستە خاوەنی سیاسەتێکی ڕوون بێت بۆ پەروەردەی کادیری ژن: خولی فێرکردنی زمانی بیانی و دیپلۆماسی، فێرکردنی نووسینی سیاسی و ڕاگەیاندن، دەرفەتی بەشداری لە دانوستان و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا، و میکانیزمێکی ڕوون بۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی کە ژنان لە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی حیزبدا بە ڕێژەیەکی شایستە ئامادەن. بەبێ ئەم هەنگاوانە، هەڵبژاردنی ژنێک بۆ پۆستێکی بەرز دەبێتە ڕووداوێکی خۆش، نەک بەشێک لە پرۆسەیەکی بەردەوام.

لەم پێناوەدا، ژنانی کورد لە وڵاتانی دەرەوەدا ئەرکێکی تایبەتییان لەسەر شانە. ئەوان زانستی خۆیان لە زانکۆکانی ئورووپا و ئەمریکا وەرگرتووە، بە چەند زمانێک قسە دەکەن، لەگەڵ شێوازی کارکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئاشنان، و دەتوانن پێوەندی لەگەڵ پەرلەمانتار، چالاکوان و میدیای جیهانیدا دروست بکەن. ئەم توانایانە سەرمایەیەکی ڕاستەقینەی نەتەوەیین، بەڵام تەنیا کاتێک بەرهەم دەدەن کە لە ڕێگەی تەشکیلاتێکی ڕێکخراوەوە ئاراستە بکرێن. لە هەمان کاتدا، ژنانی ناوخۆی کوردستان کە لەژێر چاودێری و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ڕژێمدا خەبات دەکەن، پێویستیان بە پشتیوانی و دەنگی خوشکەکانیان لە دەرەوەیە. بەستنەوەی ئەم دوو ئەزموونە بە یەکەوە، یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی قۆناغی ئێستا.

هەروەها پێویستە ئەم پرسە لە چوارچێوەی ململانێی گشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بخوێنرێتەوە. ڕژێمی ئێران لەسەر دوو ئاستی پەراوێزخستن دامەزراوە: پەراوێزخستنی نەتەوەکان و پەراوێزخستنی ژنان. ئەو یاسا و بەرنامانەی کە مافی ژن سنووردار دەکەن و ئەوانەی کە کوردستان لە دەسەڵات و سامانی خۆی بێبەش دەکەن، لە یەک لۆژیکی ناوەندگەرا و

خەرمانانی ٢٧٢٦

کۆنەپەرستەوە سەرچاوە دەگرن. لەبەر ئەوە، هەر پێشکەوتنێک لە بواری بەشداریی ژنان لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا، لە ڕاستیدا وەڵامێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە بەرامبەر بەم لۆژیکە. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە کوردستانەوە بوو بە دەنگی جیهان، لە ناوەڕۆکدا هەر ئەم پێوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان ڕزگاریی ژن و ڕزگاریی نەتەوە دەردەبڕێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، بەرگری لەم داواکارییە پێویستی بە ڕاستگۆیی هەیە. ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان، بارگرانیی ماڵەوە، و کولتوورێکی ڕێکخراوەیی کە هێشتا لە هەندێک شوێندا پیاوسالارە، ئاستەنگی ڕاستەقینەن و بە دروشم لانادرێن. بەڵام ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانی داوە کە ئەم ئاستەنگانە دەشکێنرێن، بە مەرجێک ژنان بەکۆمەڵ و بە ئیرادە هەنگاو بنێن و حیزبیش بە جیددی پشتیوانییان لێ بکات.

بزووتنەوەیەک کە نیوەی کۆمەڵگەکەی لە دەرەوەی سەرکردایەتی بمێنێتەوە، ناتوانێت بە تەواوی بانگەشەی نوێنەرایەتیی خواستە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان بکات. لەبەر ئەوە، فەتحکردنی پێگەکانی بڕیاردان لە لایەن ژنانەوە، نەک تەنیا داواکارییەکی ڕەوای ژنانە، بەڵکوو مەرجێکە بۆ مۆدێرنبوون و بەهێزبوونی خودی حیزب و بزووتنەوەکە. ڕێگا کراوەیە و نموونەکان لەبەردەستن؛ ئێستا نۆرەی ژنان و کچانی کوردستانە کە ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە.

١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

شەڕی ئەمریکا و ئێران بەرەو کوێ دەچێت؟

عومەر باڵەکی

٤٧ ساڵ لەمەوبەر کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا دارما، دەوڵەتی ئەوکاتی ئەمریکا لە ڕیزی یەکەم وڵاتاندا بوو کە دەوڵەتی نوێی ئێرانی بەفەرمی ناسی؛ بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان زۆری نەخایاند کە دەوڵەتی نوێی ئێران بە ڕێبەریی خومەینی، وای کرد شەڕێک دژ بە ئەمریکا لە ئێراندا سەرهەڵبدات کە هەتا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە و باجەکەشی نەتەوەکانی ئێران دەیدەن.

لە ١٤ی خەزڵوەری ١٣٥٨دا لە لایەن کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆوە کە دوایی بە «خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام»

ناودێر کران، هێرش کرایە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا؛ بەو بیانووەی گوشار بخرێتە سەر دەوڵەتی ئەوکاتی ئەمریکا تا شای هەڵاتوو ڕادەستی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ (ئینقلابی)! بکاتەوە. خومەینی نەک هەر هێزی سەربازی نەنارد بۆ ئەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا بپارێزن، بەڵکوو داگیرکردنی باڵوێزخانە و بە بارمتەگرتنی دیپلۆمات و کارمەندانی ئەو باڵوێزخانەیەی بە «ئینقیلابی دووهەم» ناودێر کرد. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی شەڕێکی ڕانەگەیەندراو لە نێوان ئێران و ئەمریکادا. لە ڕاستیدا دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمریکا لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و جیهاندا بخەنە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە.

بەڵام دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣دا، ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان وای کرد سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت؛ واتە لە شەڕێکی شاراوەوە بێتە دەرێ و ببێتە شەڕێکی ئاشکرا و ڕووبەڕوو؛ بەو مانایەی ئەگەر لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەمریکا و ئەورووپییەکان بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران بگۆڕن، ئێستا هەر ئەو وڵاتانە کۆماری ئیسلامییان خستووەتە سەر دووڕیانێک: یان گۆڕینی ڕەفتار، یان نەمانی ئەو ڕێژیمە.

بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، دەبینین ئەمریکییەکان لە شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا لە «شەڕی تێکەڵاو» کەڵک وەردەگرن. بەو مانایەی هەموو کەرەستەکانی گوشار بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵاتدارانی ئێستای تاران بەکار دەهێنن: لە لایەک بە هێزی سەربازی و لە ئاسمانەوە بە ئاگری قورسی بۆمب و مووشەک، لە لایەکی دیکەوە بە ئابڵۆقەی دەریایی، و لە هەمان کاتدا هێنانی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ سەر مێزی وتوویژ کە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا حاشایان لە وتوویژ و دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا کردووە. ئەوانە هەمووی تاکتیکن بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە کۆنترۆڵ بکەن.

لە دۆخی ئێستادا دەبینین کە دەوڵەتی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ پاراستنی ئامادەیی سەربازیی خۆی لە ناوچەکە و سەر سنوورە ئاوییەکانی ئێراندا، گەڵاڵەیەکی بەربڵاوی ئابڵۆقەی ئابووریی خستووەتە سەر ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە زۆر جیاوازترە لە گەمارۆ ئابوورییەکانی پێشتر. زۆرجار دەبیستین و دەخوێنینەوە کە لەو شەڕەدا ئێران یان ئەمریکا دەستی باڵای هەبووە، و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو باڵادەستییە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێنەوە و شیکاریی بۆ دەکرێت؛ بەڵام دوای چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک، مەیدانی شەڕ و لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکی و ئێرانی تەواو پێچەوانەی ئەو لێکدانەوانەن؛ چونکە لەو شەڕەدا پێوەرەکانی شەڕ گۆڕاون و بە پێی پێوەرەکانی

شەڕ لە ڕابردوودا ناتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ئەم شەڕە بکەین.

شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێران بەرەبەیانی ٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠٤ دەستی پێکرد و لەو ڕێکەوتەوە شەش مانگ تێپەڕیوە و هەتا ئێستا ئاکامی ئەو شەڕە ڕوون نەبووەتەوە. ڕەنگە لەو شەڕەدا کە لایەنەکان تەنیا پشتیان بە هێزی ئاسمانی، مووشەک و درۆن بەستووە و لەسەر زەوی هێزی پیادەیان بۆ داگیرکردنی زەوی بەکار نەهێناوە - شەش مانگ ماوەیەکی کەم بێت بۆ ئەوەی ئاکامی شەڕەکە بە قازانجی لایەنێک دەربکەوێت؛ چونکە لەو جۆرە شەڕەدا، ئەوەی قسەی کۆتایی دەکات ئەو لایەنەیە کە توانای دابینکردنی ئیمکاناتی ئەو شێوە شەڕەی هەبێت؛ کە تەنیا لە ئاسمانەوە و بە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای مووشەکی و درۆن شەڕ بکات. بەپێی ئەم بەڵگەیە، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت لە ماوەی ٤٨ ساڵی ڕابردوودا نە لە بواری سیاسی و نە لە بواری ئابوورییەوە، نە لە نێوخۆ و نە لە دەرەوەدا سەقامگیر نەبووە؛ بۆیە لە درێژخایەندا ناتوانێت درێژە بەم شێوە شەڕە بدات.

دەبینین بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕییە، دەسەڵاتدارانی تاران پەنایان بردووە بۆ کەرەستەی دیکە؛ وەک هێرش بۆ سەر دەوروبەری خۆی بەو بیانووەی کە پێگەی سەربازی و بەرژەوەندیی ئابووریی ئەمریکای لێیە، یاخود داخستنی گەرووی هورمز. ئەو کارە ئەگەر لە سەرەتای شەڕەکەوە لە کورتماوەدا تا ڕادەیەک توانی لە بواری گوشارخستنە سەر ئابووریی جیهان سەرکەوتن بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەدەست بێنێت، بەڵام لە درێژماوەدا بە زیانی خۆی شکاوەتەوە؛ چونکە لە لایەک ئێران ناتوانێت گەرووی هورمز بەسەر وڵاتانی دراوسێی خۆی و جیهاندا دابخات و تەنیا خۆی کەڵکی لێ وەربگرێت، و لە لایەکی دیکەشەوە ئابلۆقەی دەریاییی ئەمریکا بۆ سەر هاتوچۆی کەشتیوانیی ئێران لە دەریای عوماندا وای کردووە داخستنی گەرووی هورمز ببێتە شمشێری دووسەر. ئەگەر داخستنی گەرووی هورمز لە لایەن ئێرانەوە بۆ ئەوە بووبێت زیان بە بەرژەوەندیی وڵاتان بگەیەنێت و ئەو زیانە ببێتە کەرەستەی گوشار بۆ سەر دەوڵەتی ئەمریکا، لە لایەکی دیکەوە دوو ئەوەندە زیانی بە هەناردەکردنی نەوتی ئێرانیش گەیاندووە کە فرۆشتنی نەوت کۆڵەکەی سەرەکیی ئابووریی ئێرانە.

هەروەک پێشتر باس کرا، ئەم شەڕە لە بواری تاکتیکەوە بە تەواوی جیاوازە لەگەڵ شەڕەکانی پێش خۆی. ئەو شێوە شەڕەی ئێستا کە دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیکات، چەندین پەردەی هەیە کە هەموویان زنجیرەوار پێکەوە پێوەستن و یارمەتیی یەکتر دەدەن بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی؛ تا ئەو کاتەی یان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەسلیم دەبێت، یاخود دەڕووخێت.

ئێستا درێژەکێشانی ئەم سیناریۆیە بەستراوەتەوە بە توانای خۆڕاگریی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە کە هەم لە

دەرەوە و هەم لە ناوەوە کەوتوونەتە بەر گوشاری سەربازی، سیاسی و ئابوورییەوە. بەو واتایەی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر پێشتر بە دروستکردنی گرووپە نیابەتییەکان لە سەرانسەری ناوچەکەدا کێشەی ئاسایش و تەنانەت سەروەریی بۆ وڵاتانی دەوروبەری خۆی دروست کردبوو، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ڕاستەوخۆ بە کردەوە سەروەریی ئەو وڵاتانەی خستووەتە ژێر هەڕەشەوە. کردەوەکانی ڕێژیمی تاران ئاسایش و تەناهیی ئەو وڵاتانەی تێک داوە، بۆیە ئەو وڵاتانە زیاتر بەدوای نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندەن تا مانەوەی؛ لە ئەگەری مانەوەی ئەو ڕێژیمەش لە تاران، زۆری پێدەچێت تا ئەو وڵاتانە بتوانن متمانە بە کۆماری ئیسلامی بکەنەوە.

لە نێوخۆی ئێرانیشدا باری دەسەڵاتدارانی ئێستای تاران چ لە بواری پێگەی جەماوەری و چ لە بواری ئابوورییەوە ئەوەندە باش نییە بتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن؛ چونکە بارودۆخی شەڕ ئەوانی خستووەتە سەر دووڕێیانێک: ئایا درێژە بە سیاسەتی پێشوویان دەدەن و تۆڵەی خوێنی ڕێبەر و داروودەستەکەی دەکەنەوە؟ یاخود بۆ ڕزگارکردنی ڕێژیم، مل بۆ داواکارییەکانی ئەمریکا ڕادەکێشن؟

دەبینین دەرئەنجامی هەردوو ڕێگاکە نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە؛ چونکە بەپێی هەموو یاساکان شەڕ بە ئابووری و توانای دارایی بەهێز دەکرێت، لە کاتێکدا لە سەردەمی ئێستادا خەزێنەی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەموو پێوەرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەتاڵتر دەبێت و خەڵک لە نێوخۆی ئێراندا هەژارتر و هەژارتر دەبن. ئەگەر وایە، دەسەڵاتدارانی تاران ناتوانن لەگەڵ ئەمریکادا درێژە بەم شەڕە بدەن؛ بۆیە ئەگەری زۆرە دەسەڵاتدارانی تاران بۆ پاراستنی نیزام واتە مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەسلیمی داواکارییەکانی ئەمریکا ببن. لەو حاڵەتەشدا ئەگەری زۆری ئەوە هەیە لەناو دەزگای دەسەڵاتداردا تووشی کێشە و ململانێی توند ببن، و لەو شەڕە نێوخۆییەدا کام لا سەر دەکەوێت دەبێت چاوەڕوانی داهاتوو بین.

جگە لە هۆکارەکانی شەڕ کە بنەماکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان خستووەتە لەرزین، ڕۆژ بە ڕۆژ ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران لە نێوخۆدا پەرە دەستێنێت و دەزگای دەسەڵاتداری ئێرانیش بەم بارودۆخەی کە خۆی خولقێنەری بووە، ناتوانێت وەڵامدەرەوەی نیاز و پێداویستییەکانی خەڵکی ئێران بێت. بۆیە لە کۆتاییدا، ئەگەر بەم شەڕەش نیزامی کۆماری ئیسلامی نەڕووخێت، خەڵکی ناڕازی لە ئێران، درەنگ یان زوو کارنامەی پڕ لە کوشتار، سەرکوت، هەژاری و نەهامەتیی کۆماری ئیسلامی تێک دەپێچن و بە مێژووی دەسپێرن.

١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

بێنرخیی گیان و ژیانی کورد لەلای کۆماری ئیسلامی

شاڕوخ حەسەنزادە

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، بۆ جارێکی دیکە ڕێگەی سنە - هەمەدان خەڵتانی خوێن و گڕ و دووکەڵ بوو و تەمی خۆڵەمێشی پڕ لە شین و ڕۆڕۆی لێ نیشت. بەهۆی پێکدادانی چەندین ئۆتۆمبێل و تەقینەوەی تانکەرێکی سووتەمەنی، یازدە مرۆڤی بێتاوان گیانیان لەدەست دا و حەوت کەسی دیکەش بە بریندار ڕەوانەی نەخۆشخانە کران. بەم کارەساتە دڵتەزێنە،

خەرمانانی ٢٧٢٦

دیسانەوە کوردستان کەوتەوە نێو ماتەم و شین و سەرەخۆشییەوە. هێشتا داخی کارەساتی پێشوو سارێژ نەبووبوو کە برینێکی نوێ کولایەوە؛ وەک ئەوەی نەهێڵن گەلی کورد تاوێک بە خەمی کۆن بحەسێتەوە! نەبوونی ڕێگاوبانی شیاو و ستاندارد، ئۆتۆمبێلی بێکوالیتی و ناستاندارد و هاتووچۆی بێلێپرسینەوەی ئەو تانکەرانەی سووتەمەنی کە قازانجەکەیان دەچێتە گیرفانی چینێکی دیاریکراو و دووکەڵ و مەرگەکەشی تەنیا بۆ خەڵکی ئاسایی و چەوساوەیە، هۆکاری سەرەکیی پێکدادانەکانی ڕێگاوبانن کە کارەساتیان لێ دەکەوێتەوە.

ئیتر ئەمڕۆ دەبێت گشت لایەکمان لە خۆمان بپرسین؛ کەواتە ئەرکی ئەم بەناو نوێنەرانەی پەرلەمان، پارێزگار، فەرماندار و بەرپرسانی ڕێگاوبان و شارسازی چییە؟ بۆچی کاتێک باس دێتە سەر سێدارە، سەپاندنی سزای قورسی دادگاکان و ڕاوەدوونانی هاونیشتمانیان لەسەر پرسە نەتەوەیی و سیاسییەکان، هەموو شتێک لە چاوتروکانێکدا جێبەجێ دەکرێت و گشت لایەنە پێوەندیدار و ناپێوەندیدارەکان یەک دەگرن؛ کەچی کاتێک داخوازییەکی سادە و دەیان ساڵەی خەڵک بۆ هەبوونی ڕێگەیەکی سەلامەت و گونجاو دەخرێتە ڕوو، ساڵانێک لە بێدەنگی، خەمساردی و کەمتەرخەمی بەرهەمەکەی دەبێت؟ چەند ڕۆژێک بە ڕواڵەت هاوسۆزی نیشان دەدەن و پاشان هەموو شتێک هەتا کارەساتێکی دیکە لەبیر دەچێتەوە، کورد گوتەنی جارێکی دیکەش: «هەمان تاس و هەمان حەمام»!

مەخابن لەم ڕۆژانەدا داخ و ژانی کوردستان تەنیا بە کارەساتی ڕێگاوبانەکانەوە قەتیس نەما؛ هەر لەم ڕۆژانەدا، هەواڵی ئازار، ئەشکەنجە و کوشتنی دڕندانەی کچێک، ویژدانی کۆمەڵگەی هەژاند و ڕۆحی هەمووانی بریندار کرد. لە ڕوانگەی یەکەمەوە، ڕەنگە سووتانی تانکەرێک لەسەر شەقام و کوشتنی ژنێک لەوپەڕی نامۆیی و بێدەرەتانیدا دوو بابەتی لەیەک جیاواز بن، بەڵام لە ڕاستیدا هەردووکیان لە یەک سەرچاوەوە سەرهەڵدەدەن. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە: دامودەزگە پێوەندیدارەکان پێش ڕوودانی ئەم هەموو کارەساتانە لەکوێ بوون و خەریکی چی بوون؟! کاتێک ژنێک دەبێتە قوربانیی توندوتیژی، جگە لە بکوژەکە، تاوانباری دیکەش هەن کە دەبێت ئاماژەیان پێبکەین. ئەگەر ئەو ژنە چەندین ڕۆژ بوو بێسەروشوێن کرابوو و هەڕەشەی مەرگی لەسەر بوو، ئەگەر هاواری بێدەسەڵاتیی ئەو نەبیسترا؛ ئەی دەزگای دادوەری، پۆلیس و فریاکەوتنی کۆمەڵایەتی بۆچی نەیانتوانی بەهانایەوە بچن و ڕێ لەم کارەساتە بگرن؟ کاتێک کچێک لەژێر ئەشکەنجەدا دەناڵێنێت، دەبێت چ سیستەمێکی نەخۆش و چ بۆشاییەکی قووڵی یاسایی و کۆمەڵایەتی هەبێت کە وا دەستی زۆرداران و تاوانباران بۆ خوێنڕشتن ئاوەڵا دەکات و هیچ یاسایەک ناتوانێت پێش بەم دیاردەیە بگرێت؟

هەمان لۆژیک بۆ ڕێگاوبانەکانیش دروستە؛ کاتێک تانکەرێکی سووتەمەنی دەتەقێتەوە، ناکرێت هەموو تاوان و هەڵەکە بخرێتە ئەستۆی شۆفێرەکە؛ ناوەندەکانی گواستنەوە، ڕێگاوبان، ناوەندەکانی پشکنینی تەکنیکیی ئۆتۆمبێل، شارەوانی و

خەرمانانی ٢٧٢٦

بەڕێوەبردنی قەیران کەی بڕیارە وەهۆش بێنەوە؟ ئەرکی کام لەم دامەزراوانە بوو پێش ئەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانە ببنە بۆمبێکی چێنراو، پێشوەختە مەترسییەکە بنبڕ بکات؟ بێگومان بەرپرسیارێتیی تاکەکەسیی بکوژ یان شۆفێری سەرپێچیکار لە جێی خۆیدایە و دەبێت لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام نابێت ئەم بەرپرسیارێتییە ببێتە قەڵغانێک بۆ شاردنەوەی کەمتەرخەمیی دەسەڵات و دامودەزگەکان. حکوومەت تەنیا بۆ ژماردنی تەرم و دەرکردنی پەیامی سەرەخۆشی دانەمەزراوە؛ ئەرکی سەرەکیی دەسەڵات، پێشگرتنە لە کارەسات و کەمکردنەوەی مەترسییەکان بۆ نزمترین ئاست. ئەگەر ژنکوژی ببێتە دیاردە، کەواتە سیستەمی پاراستنی ژن و خێزان ئیفلیج بووە؛ ئەگەریش ڕێگاوبانەکانمان بوونەتە کوورەی مەرگ، کەواتە چەمکی چاودێری و بەرپرسیارێتی لەم وڵاتەدا بووەتە گاڵتەجاڕییەکی تاڵ.

ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە؛ کۆمەڵگەیەک کە تەنیا دوای لەدەستدانی ڕۆڵەکانی ئاماری قوربانییەکان بژمێرێت و چەند ڕۆژێک شیوەن بگێڕێت و پاشان بێدەنگ بێت، بەختیارییەکەی ئەستەمە. ئێمە پێویستمان بە ڕابوون و ڕێگریی پێش کارەسات هەیە، نەک پاساوی پووچ و بەڵێنی بێبنەما لە دوای بەخاکسپاردنی قوربانییەکان کە بەردەوام لە زاری بەرپرسانی گەندەڵەوە دەبیسترێت!

ئەم ئازار و کارەساتانە لەخۆڕا ڕوو نادەن؛ داڕمانی ئابووری، ناکارامەیی دەسەڵاتداری، گەندەڵیی سیستەماتیک و خەمساردیی بەئەنقەستی بەرپرسان، کۆمەڵگەی گەیاندووەتە لێواری داڕمانێکی دەروونی و ڕۆحیی سامناک. کاتێک بەهای مرۆڤ لە سیاسەت و یاساکاندا بسڕدرێتەوە، ئاکامەکەی دەبێتە شەقامگەلی پڕ لە مەرگ و ماڵگەلی پڕ لە توندوتیژی. کاتی ئەوە هاتووە بەرپرسان لەجیاتی بێدەنگی و دروشمی بێکردەوە، وەڵامی ئەوە بدەنەوە: بۆچی گیانی شیرینی مرۆڤ لەم جوگرافیایەدا هێندە هەرزان کراوە؟!

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

وانەکانی ١٧ی خەرمانان و شکۆی حیزبی دێموکرات

عەلی بداغی

ئەمڕۆ ١٧ی خەرمانان، ٨ ساڵ بەسەر هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتدا تێپەڕی. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هێرشەدا بە ٥ مووشەکی بالیستیک و دوو مووشەکی «فاتیحی ١١٠»، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند بنکەیەکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانج کە بووە هۆی شەهیدبوونی

١٦ کادر، پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزب و بریندارپوونی دەیان تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات.

هۆکارەکانی ئەم هێرشە چەندلایەنە بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە حیزبی دێموکرات هەمیشە دوژمنی ژمارە ١ی کۆماری ئیسلامی و چقڵی چاوی ڕێژیم بووە، بەڵام حیزبی دێموکرات لە ماوەی ساڵانی پێش ئەم هێرشەدا تێکۆشانی سیاسی و سەربازیی خۆی لە نێوخۆی کوردستاندا پەرە پێدابوو.

مەبەستێکی دیکەی ڕێژیم چاوسوورکردنەوە لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد و گەیاندنی پەیامێکی ڕوون بۆ وڵاتانی ناوچەکە بوو کە دەتوانێت هەر کاتێک بیهەوێت، ئاسایش و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتە مەترسییەوە. هەروەها گوشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراق مەبەستێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ ئەوەی توانا و چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، بەتایبەت حیزبی دێموکرات سنووردار بکرێت.

پێشاندانی توانای مووشەکی و بەکارهێنانی مووشەکی بالیستیکی خاڵپێک ڕوویەکی دیکەی ئەو ئامانجە بوو کە سەرەڕای هاوار و دیپلۆماسیی زۆری حیزبی دێموکرات، بەداخەوە جیهان نەیبیست و ئەو هەڕەشە و مەترسییەی بە هەند وەرنەگرت؛ کە ئێستا لەسۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە بەئاشکرا باڵی بەسەر ئاسایش و سەقامگیریی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا کێشاوە.

هێرشی ١٧ی خەرمانان تاقیکردنەوەیەکی دیکە بوو بۆ بزووتنەوەی کورد، حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگەی کوردستان. لەسۆنگەی ئەم هێرشەوە زیانی گیانی و ماددیی زۆر بەر حیزبی دێموکرات کەوت، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک قەڵای لەگیراننەهاتووی ئیرادە و مافخوازیی کورد بەچۆکدا نەهات و هەتا ئێستاش شێلگیرانە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە. لایەنێکی دیکەی ئەو تاقیکردنەوەیە، وەڵامدانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو بەو دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد حیزبە کوردییەکان پێگە و خۆشەویستییان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا نەماوە و کەلێن و مەودای نێوان خەڵک و حیزبەکان بە هیچ پڕ نابێتەوە، بەسەر مانگرتنەکەی ٢١ی خەرماناندا کەوتن.

کوردستان چوار ڕۆژ دوای هێرشەکە و هەر لەسەر داوای حیزبە سیاسییەکانی، گەورەترین مانگرتنی شوناسخوازانەی بەڕێوە برد. لەو ڕیفراندۆمەدا کوردستان پیشانی دایەوە کە گرتن، لەسێدارەدان، تیرۆر، مووشەکباران و سەرکوتی هەمەلایەنەش ناتوانێت ئیرادەی سیاسیی کورد تێکبشکێنێت و بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی کوردستانی پێگەیشتووتر کردووە. پەیامی ئەو

ڕیفراندۆمە ڕاستەقینەیە ئەوە بوو: «زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێت، بارکەن بڕۆن...». ئەم مانگرتنە پێشانی دایەوە کە پێگەی سیاسیی حیزبە سیاسییەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆر قایم و تۆکمەترە لەوەی ڕێژیم بیری لێ کردبووەوە. لە ڕووی فۆڕمی مانگرتنەکەشەوە، داخستنی دووکان، بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و «نا»گوتنی جەماوەری بە کۆماری ئیسلامی، ئاستی بەرزی هۆشیاریی سیاسی و خەباتی مەدەنیی کوردی لە ئێران و پێشەنگایەتیی بزووتنەوەی کورد پێشان دایەوە. ئەم پێشەنگایەتییە لە مانگرتنەکانی دواتردا و دواجار لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا گەیشتە لووتکەی خۆی، و ئەم پەیامە شوناسخوازییە لە کەرنەڤاڵە نەورۆزییەکان، بەتایبەت نەورۆزی خاکیپۆشاندا دووپات کرایەوە.

مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان درێژەی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەی کورد بوو؛ درێژەی سیاسەتی لەسێدارەدان و تیرۆری تێکۆشەرانی سیاسی و درێژەی سیاسەتی بێئاکامی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ نەهێشتنی پرسی کورد و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی دێموکرات. ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەیدیت و نەیزانی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن هێزی پێشمەرگە نییە، بەڵکوو هێمای مافخوازی و خەباتگێڕیی کورد و ناسنامەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. خێرابوونی ڕەوتی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دوای هێرشەکەی ١٧ی خەرمانان، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی فرەڕەهەندی حیزب لە هەموو ئاستەکاندا و نوێبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب بە هاتنی لاوانی خەباتکار، سەرەڕای هەموو ئەو کۆست و کارەساتانەی بەسەر حیزبی دێموکراتدا هاتوون، نیشانەی ئەو ڕاستییەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای هێرشی ١٧ی خەرمانان، چەند جاری دیکەش بە چڕی هێرشی مووشەکی کراوەتە سەر: لە ڕەزبەر و خەزەڵوەری ١٤٠١دا پاش یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، و پاش شەڕی ئەمریکا و ئێران لە ڕەشەمەی ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا. کۆماری ئیسلامی هەر لەم ماوەیەدا نزیکەی ١٦٠ جار بە درۆن و مووشەک هێرشی کردووەتە سەر حیزبی دێموکرات و لە سیاسەتی دوژمنکارانەی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردستان نەوەستاوە. بەڵام حیزبی دێموکرات لە قووڵایی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگاژۆی کردووە و ئەو پیرەدارە بە هیچ بۆمب و مووشەکێک لە بن نایەت.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کورد چی دەوێ؟ (لە وڵامی پرسیارەکانی هەیئەتی نێردراوی ڕێژیم بۆ کوردستان)

مستەفا مەولوودی

ماوەیەک لەوە پێش و دوای ئیمزاکردنی ڕەشنووسی لێکتێگەیشتنەکەی نێوان ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی ئەمریکا، هەیئەتێکی "شوڕای کاروباری ئەقوام، ئایین و ئایینزاکان" لە تارانەوە سەردانی چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە. ئەم شوڕایە وەک ناوەندێکی حکوومەتی کە بە یاریدەری تایبەتیی سەرۆککۆمار ناسراوە، بەپێی ئەرکی دیاریکراویان بەرپرسن لە بەدواداچوون بۆ ویست و داخوازییەکانی بە قەولی خۆیان "ئەقوام و گرووپە جیاوازەکانی

كۆمەڵگە. ئەم هەیئەتە لە سەردانەكەیان بۆ ئەو چەند شارەی كوردستان تەمای ئەوەیان بووە چەند پرسیارێک بەرەوڕووی كۆمەڵێک لە كەسایەتییە سیاسی، ڕووناكبیری و چالاكانی مەدەنیی ناسراو بكەنەوە و ئاكامی باس و ڕاوێژەكانیان بۆ تاران بەرنەوە.

جارێ پێش هەموو شتێک بەپێی زانیارییەكان نێردراوەكانی ڕێژیم لە فەرمانداریی چەند شارێكی كوردستان دیدار و چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ئەو كەسانە بووە كە بۆ كۆبوونەوەكان بانگهێشت كراون، بەڵام پێش هەموو شتێک زۆربەی ئەو كەسانە بە دەنگیانەوە نەچوون؛ بۆ نموونە شاری وا هەیە زیاتر لە پەنجا كەس بانگهێشت كراون، كەچی كەمتر لە پانزدە كەس بەرەوپیلی داواكەیان چوون. لە كۆبوونەوەكەشدا و دوای ئەوەی پرسیارەكان خراونە ڕوو، زۆربەی بانگهێشتكراوان ڕاشكاوانە وەڵامیان داوەتەوە و لە كۆتاییدا ساغ بوونەتەوە پاش كۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەو كەسانەی بانگهێشت كراون و قسەیان لەگەڵ كردوون، كۆبوونەوەیەكی بەرین بە بەشداریی فەرماندار، بەرپرسی ئیدارەی ئیتلاعات و فەرماندەی سوپای پاسدارانی ڕێژیم لە هەركام لەو شارانە پێک بێنن و بابەتەكان وردتر و زیاتر بخەنە بەرباس. بەڵام دوای باسكردنی ئەو بابەتە لەگەڵ كەسایەتییەكان و پاش ئەوە خەڵكەكە بە دەنگیانەوە نەچوون؛ كۆبوونەوە بەرینەكەش پێک نەهاتووە.

بەڵام باس چییە؟ لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا ناوەندە جۆراجۆرەكانی حكوومەت و دەوڵەت زۆر جار بە پرسیاری لەو چەشنە و ڕاپرسییەكانیان هەوڵیان داوە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ چین و توێژە جۆراوجۆرەكانی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان خوێندنەوەی نوێ بۆ سیاسەت و پلان و بەرنامەكانیان بكەن. ئەوە كە چەندە وەڵامی پرسیارەكانیان وەرگرتۆتەوە لەجێی خۆی، بەڵام ئاكامی نەگۆڕ و هەمیشەیی ئەو هەوڵانە ئەوە بووە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی دەبێ ڕاستەوخۆ ئەو باسانە لەگەڵ حیزبەكانی كوردستان بێننە بەر باس، چونكی ئەوە حیزبەكانن نوێنەرایەتیی سیاسیی ڕاستەقینەی خەڵكی كوردستان و داوا و مافەكانی كورد لە ئێران دەكەن.

كاتی خۆیشی لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە كە "كوردەكان چییان دەوێ؟"، ڕوویان لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كردبوو و كاک دوكتور قاسملووش گوتبووی: "یانی ئەوان نازانن كورد چیی دەوێ؟!" پاشان بە گاڵتەوە گوتبووی: "پێیان بڵێن كورد دوو كیلۆی پیواز دەوێ!" ئەم پرسیارەی دەسەڵات خولانەوەیە لە بازنەدا، و لە ڕاستیدا مەبەستیش ئەوە نەبووە و نییە بزانن كورد چیی دەوێ وا واش نییە نەزانن كورد چیی گەرەكە و خەبات و تێكۆشانەكەی بۆ كام ئامانجە؟ تەنانەت ئەگەر بە وردی گوێ لە فایلی دەنگیی وتووێژ و گفتوگۆی نێوان دوكتور قاسملوو لەگەڵ بەناو نێردراوانی ڕێژیمی ئێران لە ڤییەن، پێتەختی ئۆتریش بگرین، - هەر هەمان ئەو كۆبوونەوەیەی بۆ تیرۆری د. قاسملوو ڕێکخرابوو - **ئەو پرسیارە جارێكی دیكە لە زاری بەناو دیپلۆمات بەڵام لە**

ڕاستیدا تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەکرێ و دوکتور قاسملوو، زۆر مامۆستایانە و وشیارانە وەڵامی دەداتەوە. ئەم خولانەوە لە بازنەی ئەم پرسیارەشدا نەک لەڕاستیدا بۆ وەرگرتنی وڵام بۆ چارەسەری ئەو پرسە، بەڵکوو لە ڕاستیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگا تاقینەکراوەکانی دیکە بۆ کوێرکردنەوەی کانیی بڕوا و مافخوازیی نەتەوەی کوردە، ئەو مافانەی ئەوان بۆ کوردی بە ڕەوا نابینن و هەتا ئێستاش هەم حاشایان لێ کردووە و هەم بە هەموو شێوازێک بەدژی وەستاونەتەوە.

جا ئێستا بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەرانی بەڕێز، لە زنجیرە نووسینێکدا خاڵ بە خاڵی ئەو چەند پرسیارەی نێردراوانی ڕێژیم بۆ کوردستان شەن و کەو دەکەم و وەڵامیشیان دەدەمەوە.

پرسیار: بۆچی حیزبەکان داوایان لە خەڵکی کوردستان نەکرد بەشداریی ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ی هەتاوی (دوای ڕووداوەکانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار) بن، چەشنی ئەو ڕووداوانەی لە شارەکانی تاران، مەشهەد و... پێش هات؟

مستەفا مەولوودی: لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێن: خەڵکی کوردستان، خەڵکێکی سیاسیی و بەزۆری دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و زیاتر لە چل و حەوت ساڵە لە دژی ئەو ڕێژیمە خەبات دەکەن و هەوڵ بۆ ڕووخاندنی و جێگیرکردنی نیزامێکی سیاسی و دێموکراتیک دەدەن ؛ سروشتییە نەتەوەی کورد پێشوازی و پشتیوانی لە هەر تێکۆشان و بەربەرەکانییەک بکات بە دژی ڕێژیمی ئێستای تاران، بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن شەقام و گەلانی ئێرانەوە بێت. بە گشتی دانیشتووانی ئێرانیش باش دەزانن ڕێژیمی ئێران چ تاوانگەلێکی بەسەر خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان هێناوە. هەروەها بۆ سەرجەم گەلانی ئێران ڕوون و ئاشکرایە کاتێک بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) لە کوردستان سەری هەڵدا و زیاتر لە سێ مانگ درێژەی کێشا، بوو بە سەردێڕی هەواڵەکانی هەواڵنێرانی جیهان. ئێرانییەکان لەسەر شەقام و لە کاتی ناڕەزایەتیدەربڕین بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دروشمی "کوردستان چشم و چراغ ایران"یان دەگوتەوە. ئەو دروشمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەڵکی کوردستان ڕێژیمی ئێرانی ناسیوە، ماهییەتی دەزانێت و ئاستی وشیاریی سیاسیی خەڵکی کوردستان و ڕەوایی خەبات و تێکۆشانیان بۆ هەمووان دەرکەوتووە. بەتایبەتی کە خەڵکی کوردستان خاوەنی هێزی ڕێکخراوەیی و سیاسیی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و زیاتر لە هەشتا ساڵ ئەزموونی خەباتی سیاسی، بووەتە هەوێنی کارامەیی و لێهاتوویی لە ئاراستەکردنی بزاڤی سیاسی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان و ڕێکخستنەوەی هێز و پۆتانسێلەکان.

لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا خەڵکی کوردستان بە پێشەنگایەتی و دەوری فکری و مەیدانیی حیزبی دێموکرات و بە خەباتی مەدەنی و سیاسیی خۆیان ئاستێکی بەرزیان لە پێگەیشتوویی سیاسیدا دەستەبەر کردووە،

بەڵام ئەگەر بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارەمان دابێتەوە، دەبێ بڵێین:

یەکەم؛ کوردەکان لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و لوڕستان بە فراوانی بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا کرد و بە دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوون و سەدان کەسمان دەستبەسەر کران. جیا لەوەش لە شارەکانی دیکەی ئێراندا وەک تاران و کەرەج، کەم نین ئەو کوردانەی بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکاندا کردووە و شەهید، بریندار بوون، یان دەستبەسەر کراون. واتە لە جێی خۆیدا ئەو قسەیە ڕاست نییە کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرانسەری ئێراندا بەشداریی نارەزایەتی دەربڕین لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوون.

دووهەم؛ خەڵک لە شارەکانی پارێزگای ورمێ و سنەش ئەگەر بە هەراوی بەشداری خۆپێشاندانەکان لەسەر شەقام نەبوون، بەڵام بە ئەکتی سیاسی و مەدەنیی لە بزووتنەوە و نارەزایەتییەکان دانەبڕان.

سێهەم؛ خەڵکی کوردستان پەیوەندیی سیاسی و ڕێکخراوەیی تۆکمەیان لەگەڵ حیزبەکاندا هەیە؛ واتە شەقامی کوردی بە پەیامەوەرگرتن لە حیزب دەجووڵێت. مادام حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکیان هان نەدا بۆ بەشداری لە هاتنەسەر شەقامەکان -لە هەژدە و نۆزدەی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا- واتە حیزبەکان هەستیان بەو مەترسییە کردبوو کە ڕێژیمی ئێران گوشاری دەرەکی لەسەرە و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک دەست لە هیچ تاوانێک ناپارێزێت و هێندەی دیکە تۆڵەی شکست و داماوییەکانی لە خەڵکی کوردستان دەکاتەوە. بۆیە حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات، هەرچەندە لە ئازایەتی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان دڵنیا بوون، بەڵام نەیانوویست بیانوو بدەنە دەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چاوسوورکردنەوە لە خەڵک و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک. بە باوەڕی من ئەوە سیاسەتێکی زۆر دروست و ئەقڵانی بوو.

پرسیار: پێوەندیی نێوان خەڵک و حیزبەکان چەند بەهێزە و کاریگەریی حیزبەکان لەسەر بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی کوردستان چەندە؟

مستەفا مەولوودی: بە بڕوای من ئەو پرسیارە خۆگێلکردن و خۆڵ لە چاوی خەڵککردنێکی تەواوە. لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن ڕەگ و ڕیشەی حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لانی کەم بۆ ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی و دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک (ژێ کاف) دەگەڕێتەوە کە دوای سێ ساڵ ژ.ک دەبێتە چاوگە و بناغەی پتەوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە

ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا کۆماری کوردستانی دامەزراندووە. ڕێژیمی ئێران پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ هەموو بابەتێک کە پەیوەندیی بە کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبووبێت، ناچار بوون لەگەڵ نوێنەرانی حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دانیشن یان هەوڵی دانیشتن بدەن. بۆ نموونە کاتێک پیاوانی ڕێژیم دوای شکستی نیزامیی یەکەمجاریان بەناو بۆ وتوویژ هاتنە کوردستان، بەردەنگیان حیزبەکان بوون؛ وەک دەستەی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان کە لە حیزبی دێموکرات و مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین و کۆمەڵە پێکهاتبوون. تەنانەت دەستەی نێردراوانی ڕێژیم بۆ ئەوەی نوێنەرانی خەڵک -کە حیزبەکان بوون- ببینن، ناچار بوون بێن بۆ گوندێکی بچووکی وەک بنووخەڵەف و لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قسە بکەن.

کاتێک خومەینی فتوای جیهادی لە دژی کوردەکان -لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا- دەرکرد و ناوی حیزبەکانی هێنا، و کاتێک لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا خومەینی باسی لەوە کرد زانیاریی هەڵەیان لەسەر خەڵکی کوردستان پێداوە، هەر لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکرات کەوتە دیالۆگ و گفتوگۆکردن. تەنانەت کاتێک پاسدار و بەسیجی بە دەستوور و فەرمانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووان هێرشیان کردە سەر کوردستان، خەڵکی کوردستان شانبەشانی پێشمەرگەی حیزبەکان و لە ڕیزی ئەواندا لە بەرانبەر پەلاماری لەشکری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا وەستانەوە. ئەگەر کەسێک کات و دەرفەتی بووبێت و گۆڤاری "اصحاب الانقلاب"ی خوێندبێتەوە -کە سوپای پاسداران دەری دەکرد- و تەنانەت هەر سەرپێیی چاوی پێدا خشاندبێت و بەسەرهاتی ئەو پاسدارانەی خوێندبێتەوە کە لە شەڕی کوردستاندا کوژراون، یان بە کوشتنی خەڵکی کوردستان بوون بە سەردار و پلەیان بەرز کراوەتەوە، دەزانێت ئەوانە هەر بە هۆی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانەوە چ بەڵایەکیان بەسەر هاتبوو و تووشی چ کارەساتێک ببوون.

ئەوە کە ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستەوەستان و دۆشداماون، هەر لەبەر بوونی حیزب و پەیوەندیی قووڵی خەڵک و حیزبە. ئەوەش بە ڕوونی دیارە کاتێک ئەوان لاوانی کوردستانیان دەستبەسەر دەکرد و دەیانڕفاندن، هەر بە تاوانی حیزبیبوون بوو. ئێستاش هەرکات تاکێکی کورد بە بیانووی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە دەستبەسەر دەکەن و تەنانەت کاتێک حوکمی بۆ دەردەکەن (سووک یان قورس و تەنانەت ئێعدام)، هەر بە تاوانی ئەندامەتی یان هاوکاری لەگەڵ حیزبەکاندایە. چەند مانگ پێش ئێستا ڤیدیۆیەک لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی بەرپرسانی سوپای پاسدارانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بۆوە کە تێیدا قسە لەسەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی حیزبەکان -بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- لە بنکە و بارەگاکانیان و کەمپەکان کە شوێنی حەوانەوەی ژن و منداڵی پێشمەرگەکان دەکەن. یەکێک لە بەشداربووان دەڵێت: "ئەگەر ئێمە هەموو ئەوانەی لەو شوێنانەن بکوژین، دیسان دێموکراتمان تەواو نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە هەمووی دێموکراتە." لەڕاستیدا ئەوان زۆر چاک دەزانن پەیوەندیی

خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر قووڵ و ڕیشەیی و مێژووییە. ئەوەی ئەو پرسیارە دەکەن لە ناشارەزایی و بێ زانیارییانەوە نییە، بەڵکوو یەکەم بۆ چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستانە. دووهەمیش بۆ ئەوەیە لە ئێستادا کە گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی، نیگەرانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستانن و بەو جۆرە دەیانهەوێت بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، جڵەوی دۆخەکەیان لەدەستدا بمێنێت.

پرسیار: ئاخۆ دەکرێ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و مەدەنی لە شارەکان ڕاسپێردرێن سەردانی حیزبەکان بکەن و ببنە پردی پێوەندیی نێوان دەوڵەت و حیزبەکان؟

مستەفا مەولوودی: ئەو پرسیارەی ڕێژیم ئاماژەیە بۆ ئەوەی بۆخۆیان دەزانن پەیوەندیی نێوان خەڵکی کوردستان و حیزبەکان چەندە قووڵ و تۆکمەیە و دەزانن دەستەبژێری نێو کۆمەڵگە و ڕێبەرانی حیزبەکان بە باشی لە یەکتر تێدەگەن. ئەوەش کە لە کاتی تەنگەتاویدا کاربەدەست و پیاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هانا بۆ بژاردەی کورد دەبەن، نیشانەی ئەوەیە دەزانن خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیان دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، بۆیە لە تەنگانەدا پەنایان بۆ دەبەن تا بەڵکوو بۆ ماوەیەکی کورتییش بێت، خۆیان لە تووڕەبوونی کوردان دوور بخەنەوە. ئەوەش بڵێین ڕێژیمی ئێران باوەڕی بە مافی خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان نییە؛ هەرچییەکیش دەکات، چەواشەکاری و ئاڵۆزکردنی بابەتەکانە، دەنا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - لە هەر کەس و لایەنێک باشتر گوێ لە خەڵکی کوردستان دەگرن و دەزانن ئەوان پەیامهێنەری ڕاستەقینەی ویست و داخوازییەکانی خەڵکن، کە حیزبەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بەڕێوەبەریی و ئاراستەی دەکەن.

پرسیار: چۆن بوو حیزبەکان بەشداریی شەڕی ئەمریکا و ئیسڕائیل دژ بە ئێرانیان نەکرد؟

مستەفا مەولوودی: حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیشتوون و بە هەستیارییەکی زۆرەوە سەیری ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن؛ ئامادە نین بەبێ خوێندنەوە و لێکدانەوەی تەواو دەستپێشخەری یان هەنگاو بنێن.

کاتێک شەڕی دوازدە ڕۆژە و بەتایبەت چل ڕۆژە هاتە ئاراوە، دەرکەوت:

یەکەم؛ ئەو شەڕە شەڕێکی ئاسمانی بوو، حیزبی کوردییش ناتوانێت لە شەڕی وادا ڕۆڵی هەبێت.

دووهەم؛ ئەو شەڕە بەتەنیا لە کوردستاندا نەبوو تا ئەگەر بەناچارییش بێت کوردی ڕۆژهەڵات تێوەبگلێت. سێیەم، ئەوانەی

لایەنێکی شەڕەکە بوون - بەتایبەتی ئەمریکا - لەو بارەیەوە هیچ پرس و ڕایەکیان بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکردبوو و پاشان لە هەمووی گرنگتر ئامانجی ئەو شەڕە بوو. بە بڕوای من، ئامانجی ئەو شەڕە گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو؛ هەر وەک چەندین جار بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکا ئەوەیان ڕاگەیاندبوو و لە یاداشتی "لیکتێگەیشتن"ی حکومەتی ئەمریکا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوە بە ڕوونی دەبینرێت. بەڵام ئامانجی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدراڵییە؛ ئەمەش خاڵی جەوهەریی جیاوازیی ئەو شەڕەیە لە ئامانجدا. جیا لەوەش، جیاوازی لە تاکتیکی جۆری شەڕەکەدا هەیە؛ شەڕی ئەمریکا شەڕی درۆن، مووشەک و بۆمب بوو، بۆیە لەگەڵ تاکتیکی شەڕی پێشمەرگەدا زۆر جیاوازە.

جیاواز لە سەرجەم ئەو هۆکارانە ژیان و چارەنووسی خەڵکانی ئێران لە ئێستادا بەیەکەوە بەستراوەتەوە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەبێ بەیەکەوە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێگیرکردنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدراڵ لە وڵاتدا بکەن.

ئەگەر بوودجەیەک بۆ بزاوتە مەدەنی و کولتوورییەکان لە کوردستان تەرخان بکرێ، چ کاریگەرییەکی لەسەر پڕکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتدا دەبێت؟

من لام وابێت پیاوانی ڕێژیم خۆیان وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانن کە کردوویانە. ئەوە ئەرک و وەزیفەی ڕێژیمە بۆ هەموو کار و پێویستییەکان بودجە تەرخان بکات. ئەوە هیچ باشە و چاکەیەک نییە کە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا دەیکەن، بەڵکوو ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە دەبووا ڕێژیم لە چل و حەوت ساڵی ڕابردوودا بەبێ هەڵاواردنی کوردستان بیکردبا. جا بۆیە خەڵکی کوردستان هیچ بایەخێک بۆ ئەو پرسیارە دانانێن و حسابی لەسەر ناکەن، بۆ؟ چونکی دەزانن ڕێژیم درۆ دەکات و لە کوردستاندا هیچ بودجەیەک بۆ کاری مەدەنی، کولتووری و کۆمەڵایەتی تەرخان ناکات. دوایەش هەمووان دەزانین لە ئێستادا ڕێژیم گیرۆدەی گەورەترین قەیرانی داراییە و پارەی ئەوەندەی نییە هەتا پێداویستییە سەرەکییەکانی پێ دابین بکات، چ بگات بەوەی بتوانێت پارە بۆ کاری مەدەنی ئەویش لە کوردستان تەرخان بکات. بۆیەشە خەڵکی کوردستان هیچ ئومێدێک بە قەول و بەڵێنی ڕێژیم نابەستن و پشتئەستوور بە هێز و توانای خۆیان هەنگاو بەرەوپێش دەبرن.

پرسیار: پرسیاری شەشەمی نێردراوانی ڕێژیم ئەوە بووە: خەڵکی کوردستان تا چ ڕادەیەک بەشداریی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی خامنەیی دەبن؟

سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٦

مستەفا مەولوودی: ئەوکات کە ئەو شاندە هاتوونەتە کوردستان، ڕێژیم پاش شەش مانگ هێشتا تەرمی خامنەیی بەسەر دەستیدا مابۆوە. بەڵام ئەوان کولتووری کورد دەناسن و دەزانن کورد ڕێزی بۆ مردوو هەیە، بەتایبەتی ئەگەر کەسێکی شەریف بێت و شەڕەگێز نەبێت، تەنانەت ئەگەر نەشیناسن.

پیاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە پێگەی خۆیان و ڕێبەرەکەیان باش دەناسن و دەزانن چەندە بێ قەدر و قیمەتە، بۆیە لە بەشدارینەکردنی خەڵکی کوردستان زۆر زۆر نیگەران بوون. ئەوان سەرەڕای ئەو شەڕە قورسەی بەسەریاندا سەپاوە، زیاتر نیگەرانی ڕاپەڕینی خەڵکن و پێوەندیدار بە کۆبوونەوەی جەماوەری لە کوردستان بە هەستیارییەوە لەو بابەتەیان دەڕوانی.

ئەوان دەزانن کە کورد بە مەیلی خۆی لەو پرسەدا بەشداری ناکات، و ئەگەر چەند دە کەسێکیش بەشداری بکەن، تەنانەت ئەوانیش بە ئیرادەی خۆیان بەشداری ناکەن، بەڵکوو بە فشار و زۆریی پیاوانی ڕێژیم و بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆیانە. لام وابێت زۆر کەس ئەو کورتە ڤیدیۆیەی دیوە، کە لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا کۆمەڵێک کەسایەتیی ئێرانی دەبەن بۆ بینینی شا؛ هەموویان بە جۆرێکی تایبەت دەستی شای ئەوکات ماچ دەکەن، بەڵام کوردێکی ئازا و جوامێر بە جلوبەرگی کوردییەوە زۆر جوامێرانە لە بەرامبەر شا دەردەکەوێت و بەوپەڕی سەربەرزییەوە بێ ئەوەی بچەمێتەوە، کاتێک شا دەستی بۆ دەبات هەتا ئەو ماچی بکات، پێچەوانەی چاوەڕوانیی هەموو بەشداربووانی ئەو کۆڕە و خودی شاش، کوردەکە تەنیا تەوقەی لەگەڵدا دەکات و دەستی ماچ ناکات، هەرچەند دڵنیا بووە لەوەی بەو ڕەفتارە جوامێرانەیە مەترسی لەسەر سەر و ماڵی دروست دەبێت! ئەمن زانیاریم لەسەر چارەنووسی ئەو کوردە ئازا و بەغیرەتە نییە، بەڵام بیستوومە بەداخەوە لەسەر ئەو جوامێرییە سەری داناوە و لەسێدارەش دراوە. بەڵێ، دوژمنانی گەلی کورد، کورد باش دەناسن، بۆیە ئەو پرسیار و نیگەرانییەیان بۆ دروست ببوو.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە، تەنیا ڕێی مانەوەی کورد لە ئێرانی دواڕۆژدایە!

هەیاس کاردۆ

ئێران بە حەشیمەتی زیاتر لە نەوەد میلیۆن کەس و سەرزەوییەکی پانوبەرینەوە، ژینگەی کۆمەڵێک نەتەوەی جۆراوجۆر بە دین و ئایینی جیاوازەوەیە. هەڵکردنی کۆی ئەو خەڵکە جیاوازە لەژێر دەسەڵاتی خۆسەپێن، سەرەڕۆ و تۆتالیتاردا، بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، نەهامەتیی زۆری بۆ گشت خەڵکی ئەم وڵاتە بەدواوە بووە. ئەگەر خەباتی هاوبەشی کۆی حەشیمەتی ئێران بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆڕی ئاڵقەیەکی پێوەندیی دەنێو ئەو خەڵکەدا ساز کردووە کە بتوانن خۆیانی

تێدا بدۆزنەوە، بەداخەوە ئەوە هەموو ڕاستییەكان دەر ناخا. شۆڕبوونەوە بە نێو پێچوخەمی پێوەندییە كۆمەڵایەتی، سیاسی، كولتووری، ئایینی و بە تایبەت نەتەوایەتییەكاندا، دەربڕی ئەو ڕاستییە تاڵەیە كە لە پەنا یەك ژیانی كۆی ئەو خەڵكە بە ماف و ئازادیی بەرابەرەوە، دووره دیمەنێكی هێندە ساف و بێگەرد نییە.

یەك لە گرفتە هەره سەرەكی و نەگۆڕەكانی هەتا ئێستای پێكەوەژیانی بەئاشتییانەی خەڵكانی ئێران، نەبوونی تەرازووی عەداڵەت بۆ هاوسەنگیی دەسەڵات و دابەشكردنی سامانی گشتیی وڵاتە. لەو چوارچێوەیەدا لایەنێك هەمیشە پشكی شێری پێ بڕاوە و ئەوانی دیكە وەپشت گوێ خراون. گەلی كورد لەو لایەنانەیە دایمە زوڵمی چەند قاتی لێ كراوە و قەت وەك بەشێك لە پێكهێنەرانی ئەسڵیی چوارچێوەی ئەو وڵاتە سەیری نەكراوە. هەرچەند كورد ناوی هەیە و تەنانەت زۆرجار بە "وڵاتپارێزانی بەغیرەت" یان "سنووردارانی شەڕكەر" باسی كراوە، كەچی هیچكات وەك نەتەوە، یان گەلێكی خاوەن ناسنامەی تایبەت، بە ژمار نەهاتووە. لە ڕاستییدا ئەوە گرفتێك نییە بە ڕۆیشتنی حكوومەتێك و هاتنی یەكی دیكە چارەسەر بكرێ. ئەوە كێشەی ڕوانگە و باوەڕ و فەلسەفەی وجوودیی ئێرانیگەری بە دروشمی، یەك وڵات، یەك نەتەوە و یەك ئاڵایە.

هەرچەند دوای هاتنەسەركاری سیستمی كۆماری ئیسلامی و تەشەنەكردنی ئیدەی شیعەگەری و زەقكردنەوەی دروشمی سەیروسەمەرەی وەك یەكگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی، وا دەهاتە بەرچاو كە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی دەسەڵاتدار لاواز بووە، بەڵام ڕەوتی زەمان دەری خست شتەكە بە پێچەوانەیە. واتە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چەكی مەزهەب بۆ قایمكردنی هەستی شوینیستی و ڕاگرتنی نیزامی تەك نەتەوەیی كەڵكی وەرگرت و چاكیشی بەكار هێنا. لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، ئەو ڕاستییە بە جوانی دەركەوت كە سەدان هەزار كەس دەبێ بە دروشمی مەزهەبییەوە خۆیان فیدا بكەن هەتا خاكی ئێرانی تەك نەتەوە بپارێزرێ. دوای كۆتاییهاتنی شەڕ و هەتا ئەم چركە ساتەش چەكی مەزهەب تەنیا دەخزمەت پاراستنی "تەواویەتی ئەرزی" و ڕاگرتنی باڵانسی دەسەڵات بە قازانجی نەتەوەی فەرمانڕەوا بووە.

هاوكات دەگەڵ پەرەگرتنی هەستی شوینیستی دەنێو تەیفە جۆراوجۆرەكانی دەسەڵاتدا، بیری مەزنیخوازیی نەتەوەی دەسەڵاتدار دەنێو دژبەرانی كۆماری ئیسلامییشدا پەرەی گرتووە. ئێستا جگە لە پاشماوەكانی ڕێژیمی پێشووی ئێران كە خۆیان بە میراتگری تەك نەتەوەیی ئەم وڵاتە دەزانن، ئەو بیره دەنێو خەڵكانی دیكەشدا چەكەرەی كردووە. دوای هێرشە هەواییەكانی ئیسرائیل و ئەمریكا كە بە شەڕی دوازده ڕۆژە ناسراوە و بە تایبەت لە دوای شەڕی سی و نۆ ڕۆژە، هەستی ئێرانیگەریی نەتەوەی دەسەڵاتدار زیاتر پەرەی گرتووە. هێژموونیخوازیی نەتەوەی باڵادەست بە جێگایەك گەیشتووە كە بەئاشكرا و زۆر زیاتر لە پێشوو دژایەتیی مافی غەیره فارس دەكرێ. لەو پێوەندییەدا تەنانەت كار گەیوەتە جێگایەك

سەرچاوە
Serchawe

هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک هەڵوێستی مافخوازانەی گەلانی دیکە دەخەنە ژێر پرسیار و لە دادگای بێویژدانیی خۆیاندا حوکمی بۆ دەبڕنەوە.

جێی پرسیارە لە بەرامبەر ئەو هەموو هەڕەشە و سووکایەتییەدا کە بە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد دەکرێ و داوا ڕەواکانی دەخرێتە ژێر پرسیار، باشترین و گونجاوترین ڕێگای بەرەبەرەکانێی ئێمەی کورد دەبێ چی بێ؟ چ بکەین کە بتوانین قەناعەت بە نەتەوەی فەرمانڕەوا بێنین هەتا ئێمەش وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی ئەم وڵاتە بناسێ؟ چۆن دەتوانین لە بەرامبەر ئەو هەموو گوشارە فیزیکی و ڕەوانییەدا خۆ ڕاگرین و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆمان بپارێزین؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکەی لەو شێوەیە دەبێ دایمە مێشکی تاک تاکی خەباتکارانی کورد بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن و هەوڵ بدرێ وەڵامی دروستیان بۆ بدۆزرێتەوە.

ڕوونە، خەباتی نەتەوەیی ئێمە هیچکات تاک ڕەهەند نەبووە و لە داهاتووشدا نابێ. هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران، دانیشتن و هاوفکری دەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرە سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت هەوڵی دانوستان و لێکتێگەیشتن دەگەڵ دەسەڵاتی فەرمانڕەواش لەو ڕێگایانەن کە پێشتر کەڵکیان لێ وەرگیراوە و لە داهاتووشدا پێویستە کەڵکیان لێ وەرگیرێ. پێکهێنانی کۆڕبەندی و هاوپەیمانیی دەگەڵ هەموو ئەولایەنانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕاستیی مەسەلەی کورد دەگەن و دەیانەوێ ڕێگاچارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، دیسان لەو ئەرکانەیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەبێ بە جیدیی وەدووی کەوێ. نەرمی نواندن دەبەرامبەر ئەوانەدا کە خوازیاری چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای دروستی خۆیەوەن، کارێکی بەجێ و مەنتیقییە. پشوودرێژی و بەردەوامیی لە دۆزینەوەی ڕێگای چارەی گونجاو بۆ پێکەوەژیانی عادڵانە دەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، لەو ئەرکانەیە کە نابێ وەپشت گوێ بخرێ.

ئەوانە و زۆر هەوڵی دیکە بۆ پاراستنی پێکەوەژیانی ئاسایی دەگەڵ خەڵکی ئێران. وەک زەروورەتی کاری سیاسی دەبێ سەیر بکرێن. بەڵام شتێکی کە لە هیچ هەلومەرجێکدا و لەژێر باری هیچ هەڕەشە و زەختێکدا نابێ لە بیر بکرێ، پاراستنی هەستی نەتەوەیی و تەنانەت بەهێزکردنیشێتی. تەنیا بە هێزی پۆڵایینی ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانەیە دەتوانین بچینە نێو هەر گەمەیەکی کە قەرارە بۆ داڕشتنی چوارچێوەی داهاتووی ئێران وەڕێ بخرێ. هاوکات لە بەرامبەر شوێنیزمی دەسەڵاتداردا، تەنیا ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکارە کە توانای خۆڕاگری و بەردەوامیی هەیە. بێگومان هەر پاشەکشەیەک لەو پێوەندییەدا، دەبێتە یەکەم نیشانەکانی تێکرووخانی دیواری قایمی ناسنامەی کوردی کە لانیکەم لە دووسەت ساڵی ڕابوردوودا شکڵی گرتووە. چووکترین هەڵە و کەمتەرخەمی لەو بوارەدا ڕێگای گەڕانەوەمان لێ دەگرێ. وامان لێ دەکا هەنگاو بە هەنگاو خۆمان چووک و چووکتر بکەینەوە هەتا وای لێ دێ بە کەمترین داواش قەناعەت بێنین.

خەرمانانی ٢٧٢٦

ئەوەی نەتەوەی باڵادەست دەیەوێ ئەوەیە ناچارمان بکا سەری کڕنۆش بۆ ویستی ئەو دانەوێنین و لە ویستە سەرەکییەکانی خۆمان پاشەکشە بکەین. ڕاوەستان و پێداگری لەسەر مافە نەتەوەیییەکان، هیچکات بە مانای شەڕخوازی نییە، وەک چۆن ڕەگەزپەرستەکان دەیانەوێ وای نیشان بدەن. کورد ناچارە بۆ پاراستنی خۆی بەرگری بکا و ئەگەر ناچار بکرێ، شەڕیشی بۆ بکا؛ بەڵام دەبێ بزانن ئەوە ئێمە نین مافی ئەوان پێشێل دەکەین.

ئەوانەی بە ناوی یەکپارچەیی وڵات و مەترسیی ساز بوونی شەڕی نێوخۆیی هەر ڕۆژەی بە جۆرێک بیانوو بە ڕێبەرانی سیاسیی کورد دەگرن کە سوێندی وەفادارییان بۆ بخۆن، مەبەستیان تێکشکاندنی ئەو ئیرادە بەهێزە نەتەوەیییەیە کە بە درێژایی ساڵانی پڕ لە خەبات و قوربانیدان دروست بووە. ئەوان باش لەوە دەگەن بە بوونی ئیرادەی پۆڵایینی خەباتی نەوەتەوەیی، توانای داسەپاندنی ویستەکانی خۆیانیان بە سەر گەلەکەماندا نابێ. تەنیا کاتێک دەتوانن پاشکەشەمان پێ بکەن کە درز بخەنە دیواری ناسنامەمان و لە بەر چاوانی سووک بکەن.

لە فەزای کەس بە کەسەی ئێستای ئێراندا کە هەم لایەنی دەسەڵاتدار و هەم دژبەرانی خەریکن ڕقی لاوازیی خۆیان بە کورد بڕێژن، ئەرکی ئێمەیە بە وشیاریی و لێهاتوویی زیاترەوە پیلانەکانیان پەک بخەین.

بەخۆشییەوە وشیاریی نەتەوەیی ئێمە گەیوتە حاندێک مووسی سپی لە سەر بەفر ببینین. هەمووومان دەزانین چیمان دەوێ و بۆچیمان دەوێ. لەوەش ئاگادارین ڕۆڵی کورد لە دروستکردنی ئێرانی داهاتوودا چ گرینگییەکی هەیە. هەر بۆیە پێداگریی لەسەر مافە نەتەوەیییەکان و ملنەدان بە ویستی دوژمنکارانەی نەیارانی مافەکانمان، تەنیا ڕێگای ڕاگرتنی ناسنامەی کوردبوونمانە؛ هەروەها ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار، کاریگەرترین چەک بۆ پاشەکشەی شوینیزمی مەزنیخوازە.

١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٦

نا، ئێران براوە نییە: لە پەردەی چوارەمی جەنگدا، کارتەکانی گوشار لە هورمز لەدەست دەدات

سی ئێن ئێن – برێت مەکگورک

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

دەنگۆیەکی بەربڵاو لەبارەی جەنگی ئێرانەوە خەریکی بڵاوبوونەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت ئێران براوەی ئەم جەنگەیە. هۆکارەکە ئاشکرایە؛ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ئێرانیان بۆردومان کرد، زیانی زۆر بەرچاویان پێگەیاند و داوای سازشی بەرچاویان کرد. ئێران خۆی لە تەسلیمبوون بوارد؛ دەوڵەتەکەی لەسەر کار ماوەتەوە؛ مووشەکەکانی بەردەوام هەڕەشەن بۆ سەرانسەری ناوچەکە و، لە هەمووی گرنگتر، تاران هێشتا توانای پێشگرتن بە کەشتیوانیی لە ڕێگەی گەرووی هورمزی هەیە، کە بووەتە هۆی سەپاندنی تێچوویەکی زۆر بەسەر نرخی وزە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهاندا. لە ماوەی هاویندا، ترامپ هۆشداری دا کە ئەگەر گەرووی هورمز نەکرێتەوە، ئابووریی جیهان تووشی دارمان دەبێت.

ئەمە بانگەشەیەکی بەهێزە، بەڵام ڕەنگە نادروست و سەرپێیی بێت.

جەنگەکان ململانێی بەکارهێنانی کارتەکانی گوشار (Leverage) و پشوودرێژین؛ ئەمەش کێبڕکێیەکە کە ئێستا تەنانەت لەچاو چەند مانگ پێش ئێستاش زۆر جیاوازە.

پەردەی چوارەم

ئەم ململانێ شەش‌مانگییە چوار پەردەی تێپەڕاندووە. پەردەی یەکەم بە هێرشی چڕی ئاسمانی لە ٢٨ی فێبریوەریدا دەستی پێکرد و بۆ ماوەی شەش هەفتە وەک ئۆپەراسیۆنێکی چڕی سەربازی مایەوە. پەردەی دووەم بە ئاگربەستی ٧ی ئەپریل و دەستپێکی دانوستان دەستی پێکرد، و بە یاداشتی لێکتێگەیشتنی ١٧ی جوون بە واژۆی دۆناڵد ترامپ و مەسعوود پزیشکیان، سەرۆک‌کۆماری ئێران گەیشتە ترۆپکی خۆی. چەند هەفتە دواتر پەردەی سێیەم کاتێک دەستی پێکرد کە ئێران بڕیاری دا جارێکی دیکە کەشتییە بازرگانییەکان لە گەرووی هورمزدا بکاتە ئامانج، و ئەمەش بووە هۆی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە هێرشی تۆڵەسەندنەوەی دوولایەنە.

ئەمە ئەو ساتەوەختە بوو کە داواکارییەکان بۆ کشانەوە و کۆڵدانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو شوێنێکیان تەنی و داوا کرا کۆنترۆڵی تەواوەتیی گەرووی هورمز بدرێتە دەست ئێران. لەو کاتەدا وا دەهاتە پێش چاو کە وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبێت.

دەست ڕاگرن!

لە ناوەڕاستی مانگی جولایەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان گەمارۆی سەربازیی خستووەتە سەر بەندەرەکانی ئێران و ئابڵۆقە خراوەتە سەر هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە. هاوتەریب، هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان شێلگیرانە کار دەکات بۆ پاککردنەوەی ڕێڕەوە دەریاییەکان و بەرگریکردن لە کەشتییە بازرگانییەکان کە بە گەرووی هورمزدا هاتووچۆ دەکەن. ئاکامەکەی، گەمارۆیەکی کاریگەر بووە بەسەر هەناردەکردنی نەوتی ئێراندا؛ لە هەمان کاتدا هاتوچۆی کەشتیوانیی جیهانی خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش جەنگ و نرخی نەوتیش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بە جێگیری ماوەتەوە. بلومبێرگ لە ڕاپۆرتێکیدا لەم هەفتەیەدا ڕایگەیاند کە هەناردەکردنی نەوت بە گەرووی هورمزدا گەڕاوەتەوە بۆ دوو لەسەر سێی ئاستی پێش جەنگ.

ستراتیژێکی باشتری وڵاتە یەکگرتووەکان

ئێران لە کاتێکدا چووە ناو جەنگەوە کە بەهۆی گەمارۆی چەندین ساڵە و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورییەوە تەواو لاواز

ببوو؛ دۆخی ئێستای ئێران یەکجار خراپترە لە کاتی پێش جەنگ.

بەگوێرەی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، چاوەڕوان دەکرێت ئابووریی ئێران ئەمساڵ زیاتر لە ٪٥ بچووک ببێتەوە بە هەڵاوسانی زیاتر لە ٪٧٠. نرخی دراوی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان گەلێک بەرز بوونەتەوە. کاربەدەستێکی وەزارەتی کاری ئێران لەم دواییانەدا ڕێژەی لەدەستدانی هەلی کاری تەنیا لە سێ مانگی یەکەمی جەنگدا بە زیاتر لە یەک ملیۆن خەمڵاندووە.

ئەم ئامارانە گرنگن، چونکە توانای ئێران بۆ درێژەپێدان بە ململانێکە، لە کۆتاییدا بەستراوەتەوە بە شتانێکی زۆر زیاتر لە تەنیا ژمارەی ئەو مووشەکانەی کە هێشتا ماون. پێش دەستپێکردنی جەنگ، ڕژێمی ئێران بەرەورووی گوشاری بێوێنەی جەماوەری دژی بەڕێوەبەرییە سەرکوتکەرەکەی و ئابوورییە شکستخواردووەکەی ببووەوە؛ بەپێی زانیارییەکان، هەزاران ئێرانی لەسەر شەقامەکان کوژران.

ستراتیژێکی کاریگەرتری ئەمریکا لە سەرەتاوە، ڕەنگە هەڵمەتێکی ئابووری بوووبێت بۆ پشتیوانیکردن لەو ئێرانییانەی کە داوای گۆڕانکاری دەکەن. لە قۆناغی یەکەمی جەنگدا، لێدانی زۆربەی ڕێبەرانی ئێران بووە هۆی قایمکردنی دەسەڵاتی سوپای پاسداران و سەرکوتی زیاتر دژ بە زۆرینەی خەڵکی ئێران کە دژی حوکمڕانیی ئەوانن.

بەڵام سوپای پاسداران پێویستی بە سەرچاوەی دارایی هەمەجۆرە تا بتوانێت درێژە بە حوکمڕانیی خۆی بدات، و ئەم پەردە نوێیە (چوارەمین پەردە)، واتە گەمارۆی سەربازی، شتێکە کە ئێران قەت لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی نەبووەتەوە. لە ڕاستیدا، ئەمە یەکەم جارە لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە کە ئێران لە شادەماری ئابووریی خۆی، واتە لە گەرووی هورمزدا، تووشی گەمارۆ و قەرەنتینە دەبێت.
ڕێگای دەربازبوونی ئەوان بریتییە لە دەستهەڵگرتن لە هەڕەشەکردن لە کەشتییەکانی ناو گەرووی هورمز و وازهێنان لە پاشماوەی بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆم. ئەمە ڕێککەوتنێکە کە ترامپ قبووڵی دەکات؛ بەڵام جێبەجێکردنی هەرکام لەوانە، لە ڕوانگەی سوپای پاسدارانەوە، نیشانەی لاوازی و هەڕەشەیە بۆ سەر مانەوەی دەسەڵاتیان.

کارتەکانی ئێران

ڕەنگە تاران بیهەوێت بە شەڕکردن خۆی لەم داوە ڕزگار بکات. ستراتیژەکەی لە ماوەی سێ پەردەی پێشوودا ڕوون و ئاشکرا

سەرچاوە
Serchawe

بووە: هەڕەشەکردن لە بازرگانیی جیهانی لە گەرووی هورمزدا، بەرزکردنەوەی نرخی وزە لە سەرانسەری جیهاندا و گرانکردنی نرخی بەنزین لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بردنەسەری گوشاری ئابووریی جیهانی و لە کۆتاییدا ناچارکردنی ترامپ بە پاشەکشە؛ بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی نیوەی خولی سەرۆکایەتی.

ئێران بە هەمان شێوە ژێرخانی وزەی وڵاتانی کەنداوی کردووەتە ئامانج و دەتوانێت دیسان ئەم کارە بکاتەوە. هێزە بەوەکالەتەکانی لە یەمەن (حوسییەکان)، هەڕەشەی داخستنی هاتوچۆی بازرگانییان بە دەریای سووردا بە یارمەتیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی ئێرانی کردووە.

هەموو ئەمانە بە مانای پەنابردنەوەیە بۆ هەمان تاکتیکی سەرەتای جەنگ. لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، ئەمە بۆ ئێران کاریگەر نەبووە. وڵاتانی کەنداو بەم جەنگە دڵخۆش نین، بەڵام زۆربەیان ئامادە نین تەسلیمی داواکاری و هەڕەشەکانی ئێران لە گەرووی هورمزدا بن. ئێستا هەوڵەکانی ئێران بۆ بەستنی گەرووی هورمز لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مینی دەرياييەوە، بۆ یەکەم جار تووشی شکست بوون.

کەواتە، من مەترسیی قووڵترکردنەوەی قەیرانەکە لە لایەن ئێرانەوە، هاوکات لەگەڵ چوونەسەری گوشاری ئابووری پاشگوێ ناخەم؛ بەڵام لە دۆخی ئێستادا ڕەنگە ئەوە بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان بەس نەبێت. وا دیارە ترامپ زۆر لەوە پێداگرتر بێت کە ڕێبەرانی ئێران بە ئاشکرا پێشبینییان دەکرد.

خاڵی تێکشکان

ڕێبەرانی ئێران و زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی پێیان وایە خۆڕاگری لە بەرامبەر گوشاردا بێکۆتاییە؛ وا دادەنێن کە ئێران قەت دەست لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی و هەژموونی بەسەر گەرووی هورمز، یان میلیشیاکانی لە سەرانسەری ناوچەکەدا هەڵناگرێت.

بە گوتەی تاران، ئەمە شتێکە کە دەبێت وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قبووڵی بکەین.

عەباس عێراقچی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، هەفتەی ڕابردوو گوتی گوشارەکانی گەمارۆ و ئابلۆقەکان، وەک هەموو هەڵمەتەکانی پێشوو «مەحکووم بە شکستن»، و ئاماژەی بەوە کرد هیچکامیان نەیانتوانیوە سیاسەتی ئێران بگۆڕن.

خەرمانانی ٢٧٢٦

من لەبیرمە هەمان شتم لەبارەی داعشەوە لە شارەزایان دەبیست، ئەو کاتەی بەرپرسی هەڵمەتەکان بووم بۆ شکستپێهێنانی ئەو گرووپە؛ بە هەمان شێوە لەبارەی حەماسیشەوە لە کاتی دانوستانەکان بۆ ئازادکردنی بارمتەکان لە کەرتی غەززە.

لە ڕاستیدا، هەموو لایەنێک خاڵێکی تێکشکانی هەیە. ئێران پێی وابوو ئەو خاڵەی ترامپی دۆزیوەتەوە؛ ڕەنگە هێشتا مابێت کە ترامپ خاڵی تێکشکانی ئەوان بدۆزێتەوە. جارێ زووە بۆ بڕیاردانی کۆتایی لەم بارەیەوە.

ئەمە دوا پەردە نییە

کێبڕکێکە بە جۆرێک لە شێوازەکان ڕەنگە تا کۆتایی ئیدارەی ترامپ و دواتریش درێژەی هەبێت؛ ئەمە ململانێیەکە کە نزیکەی پێنج دەیەیە بەردەوامە.

پەردە سەرەتاییەکانی ئەم جەنگە لەنێو ئامانجە هەردەم گۆڕاو و ناڕوونەکان، هەڵوێستی جۆراوجۆر و لێدوانە ناتەباکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا گیری خواردبوو.

بەڵام وێدەچێت پەردەی چوارەم جیاواز بێت. هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئێستا ئامانجی زۆر ڕوونتری هەیە، وەک چۆن لەم هەفتەیەدا لە لایەن ئەدمیراڵ براد کووپەر، فەرماندەی سێنتکۆمەوە ئاماژەی پێکرا: سەپاندنی گەمارۆی دەریایی بەسەر ئێراندا و یارمەتیدان بۆ مسۆگەرکردنی هاتووچۆی ئازادانەی کەشتیوانیی بازرگانی.

ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکانیش دەبێت بە هەمان شێوە بە ڕوونی دەستنیشان بکرێت؛ ئێران دەبێت دەست لە ئیدیعاکانی لەبارەی گەرووی هورمز هەڵگرێت و پاشەکشە لە بەرنامەی پیتاندنی ئەتۆمی بکات. تا ئەو کاتە، ئەمە واقیعی نوێی ئاساییە.

ئەم واقیعە نوێیەش، ڕەنگە بۆ یەکەم جار لە کاتی دەستپێکی جەنگەوە، بە تەواوی بە قازانجی واشینگتۆن بشکێتەوە، نەوەک تاران.

١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ئایا شەڕ، قەیرانی ئابووری و ناڕەزایەتیی نێوخۆیی دەتوانن ببنە هۆی ڕووخانی ڕێژیم؟

کاوە عەبدالّی

ئێران بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت. شەڕی درێژخایەن، گوشارە سەربازییەکان، گەمارۆ و گوشارە ئابوورییەکان، دابەزینی بەهای دراو، هەڵاوسانی زۆر بەرز و کەمبوونەوەی توانای کڕینی خەڵک، هەموویان لە کاتێکدا کۆبوونەتەوە کە ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆژبەڕۆژ بەرەو زیادبوونن و بەردەوامن.

سەرەڕای ئەم بارودۆخە نالەبارە، بڕیاری حکوومەتی ئێران بۆ دووهێندەکردنی نرخی بەنزین بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە لە مانگێکدا زیاتر لە ١١٠ لیتر سووتەمەنی بەکار دەهێنن، تەنیا بڕیارێکی ئابووری نییە، بەڵکوو بڕیارێکە کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر گەورەتری لێ بکەوێتەوە. نرخی بەنزین بۆ ئەم بەشە لە ٥ هەزار تمەنەوە بۆ ١٠ هەزار تمەن بۆ هەر لیترێک بەرز کراوەتەوە، لە کاتێکدا کە سوبسیدی ١١٠ لیتری یەکەم وەک خۆی بەردەوامە.

لە ئێراندا ناکرێت بەنزین تەنیا وەک سووتەمەنییەکی ئاسایی سەیر بکرێت، بەڵکوو بووەتە یەکێک لە هەستیارترین بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە. زیادکردنی نرخی بەنزین لە ساڵی ٢٠١٩دا بوو بە چەخماخەی خۆپیشاندانە بەرفراوانەکان و ئەم ناڕەزایەتییانە بە خێرایی لە داواکارییە ئابوورییەکانەوە گەیشتنە ئاستێکی سیاسی و دژایەتیی ڕاستەوخۆی ڕێژیم، تا گەیشتە وتنەوەی دروشم دژی ڕێبەری ئایینی و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی.

لەگەڵ ئەمەشدا حکوومەت بەسەر قەیرانەکەدا زاڵ بوو، بەڵام بارودۆخی ئێستا لەگەڵ ساڵی ٢٠١٩دا جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە. ئەمجارە کۆماری ئیسلامی تەنیا لەگەڵ قەیرانی ئابووری و ناڕەزایەتیی خەڵکدا ڕووبەڕوو نییە، بەڵکوو ئێران لە نێو شەڕێکی گەورەی ناوچەییدایە و گوشارە ئابووری و سیاسییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە زیادبووندان. تەنانەت ئاژانسی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە گوشارەکان بۆ سنووردارکردنی هەناردەی نەوت و گەمارۆکان، بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لە جاران دەبنە بارێکی قورس بەسەر ئابووریی ئێرانەوە.

لە لایەکی دیکەوە، کاریگەرییەکانی شەڕ تەنیا لەسەر دامەزراوە سەربازییەکان کورت نابنەوە؛ شارەکانی ئێران و بەتایبەتی ناوەندە بازرگانی و پیشەسازییەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی قەیرانەکەیان پێوە دیارە.

لە ئێستادا ڕاپۆرتەکان لە شار و ناوچەکانەوە باس لە خۆپیشاندانی بەردەوامی کرێکاران و خانەنشینان دەکەن. لە هەمان کاتدا ناڕەزایەتی لە کەرتی نەوت و وزەش بەردەوامە. ئەمە خاڵێکی گرنگە، چونکە مانگرتن و ناڕەزایەتی لە کەرتی نەوت و پیشەسازیدا دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر گەورەتر لە خۆپیشاندانێکی ئاسایی سەر شەقام لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەمە هێشتا بە مانای ئەوە نییە کە ڕێژیمی ئێران لە لێواری ڕووخاندایە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا سیستەمێکی گەورەی ئەمنی و سەربازیی دروست کردووە کە توانای بەرەنگاربوونەوەی ناڕەزایەتییە بەرفراوانەکانی هەیە. پۆلیس، بەسیج، سوپای پاسداران و دامەزراوە هەواڵگرییەکان

هێزێکی گەورەیان بۆ کۆنترۆڵکردنی شەقامەکان و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان هەیە.

پرسی سەرەکی بۆ داهاتووی ڕێژیم تەنیا ژمارەی خۆپیشاندەران نییە، بەڵکوو توانای ڕێژیمە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی دەزگای دەسەڵات و هێزە ئەمنییەکان.
ئەگەر ناڕەزایەتییەکان بەرفراوان بن و هێزە ئەمنییەکان یەکپارچە و یەکگرتوو بمێننەوە، ڕێژیم ڕەنگە بتوانێت دووبارە بەرەنگاری قەیرانەکە ببێتەوە؛ بەڵام ئەگەر خۆپیشاندانەکان لەگەڵ مانگرتنی بەرفراوانی کرێکاران، کارمەندان، بازارییەکان و کەرتی نەوت تێکەڵ ببن و لە هەمان کاتدا ناکۆکی لە نێو دەسەڵات و هێزە ئەمنییەکاندا دروست ببێت، ئەوکات بارودۆخێکی بە تەواوی جیاواز دێتە ئاراوە؛ لە وەها دۆخێکدا بۆ ڕێژیم، تەنیا کۆنترۆڵکردنی شەقامەکان نابێتە کێشە، بەڵکوو پرسی سەرەکی پاراستنی خودی سیستمەکە دەبێت.

ڕێژیمە خۆسەپێنەکان زۆرجار لە کاتێکدا ڕووبەڕووی مەترسیی ڕووخان دەبن کە هێز و دەزگاکانیان لە نێوخۆوە دەست بە دارمان دەکەن. ئەگەر بەشێک لە هێزە ئەمنییەکان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا دوودڵ بن، یان بەشێک لە دامەزراوەکانی دەسەڵات هەست بەوە بکەن کە بەردەوامبوونی شەڕ و قەیران مەترسییەکی گەورەترە لە گۆڕینی سیاسەت، ئەوکات هاوسەنگیی هێزەکان دەتوانێت بە خێرایی بگۆڕێت.

لە ڕاستیدا هەندێک نیشانەی ئەم گوشار و قەیرانە سیاسییەش لە کۆماری ئیسلامیدا دەرکەوتووە؛ هەندێک لە بەرپرسانی باڵای ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی ئێران هەوڵێکی زۆر دەدەن. لە هەمان کاتدا دەسەڵات بەردەوام هۆشداری دەدات کە خەڵک دەبێت لەهەمبەر بارودۆخی شەڕ و گوشارە دەرەکییەکان خۆڕاگر بن.

ئەمە دەتوانێت نیشانەی ئەوە بێت کە قەیرانی شەڕ بۆ نێو خودی دەسەڵاتیش بووەتە کێشەیەکی سیاسی و تەنیا وەک کێشەیەکی سەربازی چاوی لێ ناکرێت.
لە هەمان کاتدا، نابێت کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر هەستی نەتەوەیی و بەرگریی خەڵکی ئێران نادیدە بگیرێت. هەرچەند لە حاڵەتی ئاساییدا حکوومەت لە کاتی هێرشی دەرەکیدا دەتوانێت بە شێوەیەکی کاتی هەستی بەرگری و یەکگرتوویی نەتەوەیی بە قازانجی خۆی بەکار بهێنێت، بەڵام خەڵکی ئێران، جگە لەو تاقمەی کە ژیان و بەرژەوەندیی خۆیان لە مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبینن، نەک هەر پشتیوانیی حکوومەت ناکەن، بەڵکوو زۆر بە ئاواتی ڕووخانی ڕێژیمەکەوەن.

سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٦

ئەگەر ئەم شەڕە هەروا درێژەی پێ بدرێت و لە هەمان کاتدا ئابووری بەرەو تێکچوونی زیاتر بڕوات، هەستی یەکگرتوویی تاقمە لایەنگرەکەش جێگەی خۆی دەداتە ناڕەزایەتی و پاڵپشتی لە بزووتنەوەی خەڵک؛ بە واتایەک ئەم شەڕە دەتوانێت یەکگرتوویی نێو سیستەم لاوازتر بکات و دەسەڵات بەرەو قەیرانی گەورەتر و لە کۆتاییشدا بەرەو ڕووخان بەرێت.

ئەمەی ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدات، قەیرانێکی زۆر گەورەی ئابوورییە کە بەهۆی شەڕ و گەمارۆکانەوە توانای دابینکردنی بژێوی ژیانی لە حکوومەت سەندووەتەوە. کۆماری ئیسلامی لە لایەک دەبێت تێچووەکانی شەڕ دابین بکات و، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت خەڵکێک کە توانای کڕینیان بەردەوام دادەبەزێت ڕازی ڕابگرێت؛ ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی پێشینەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ چەندین شەپۆلی ناڕەزایەتیی گەورەدا هەیە و ئەمە بووەتە هۆی دروستبوونی مەترسییەکی گەورە بۆ دارمانی حکوومەتەکەی.

گرانیی بەنزین لەنێو ئەم بازنەیەدا دەتوانێت تەنیا یەک بەش لە قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی بێت، بەڵام ئەو بەشە دەتوانێت وەک چەخماخەیەکی بەهێز هەژمار بکرێت.

ڕێژیمی ئێران هێشتا هێزی کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ کۆمەڵێک گوشاری گەورەدا ڕووبەڕووە کە هەر یەکێکیان بە تەنیا دەتوانێت قەیرانێکی سیاسی دروست بکات، بەتایبەتی کاتێک هەموویان لە یەک کاتدا کۆ ببنەوە.
شەڕ، قەیرانی ئابووری، هەڵاوسان، کەمبوونەوەی داهاتی نەوت، قەیرانی سووتەمەنی، لاوازبوونی توانای کڕین و ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی، هەموویان بەردەوام گوشار دەخەنە سەر پایەکانی ڕێژیم.

ئەگەر ئەم گوشارانە لەگەڵ خۆپیشاندانی بەرفراوان، مانگرتنی نیشتمانی و دارمانی نێوخۆی دەسەڵات و هێزە ئەمنییەکاندا کۆ ببنەوە، ئەوە دۆخەکە دەتوانێت بە خێرایی بگۆڕێت و ڕووخانی ڕێژیم لە ئەگەرێکی سیاسییەوە بگۆڕێت بۆ واقیع.

ئێران لە بارودۆخێکدایە کە لەوانەیە یەک چەخماخەی بچووک، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی بکاتەوە و خۆی ببێتە دەستپێکی گۆڕانێکی گەورەی سیاسی و ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

جوگرافیای کوردستان: لە قەفەزەوە بۆ کارتی ژێئۆپۆلیتیکی

ئازاد مستۆفی

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، یەکێک لە بەناوبانگترین دەربڕینە سیاسییەکان ئەوە بووە کە: «دوژمنی سەرەکیی کوردستان جوگرافیاکەیەتی». مەبەست لەم دەربڕینە ئەوە بووە کە کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کراوە و ئەم دابەشکردنە، کوردەکانی لە هەر بەشێکدا کردووەتە کەمینەیەک لە نێو دەوڵەتێکی تردا کە خاوەنی مافە مرۆییەکانیشی نییە. لە سەدەی بیستەمدا، ئەم دۆخە وەک کۆسپێکی گەورە بۆ پرۆژەی نەتەوەییی کورد دەوری گێڕا و سنووری داگیرکەران چالاکیی نەتەوەیی کورد وڵاتەکەیان پارچەپارچە کرد. دەوڵەتەکان پرسی کوردیان لای وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکان بە «کێشەی نێوخۆیی»

ناساند و سیاسەتی نێودەوڵەتیش بەپێی بەرژەوەندیی خۆی گوێی لێ خەواندبوو؛ بەڵام ئەم وێنەیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

جوگرافیا نەگۆڕاوە، بەڵکوو مانای سیاسی و ستراتیژیی جوگرافیا گۆڕاوە. ئەگەر لە ڕابردوودا دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی داگیرکەردا بە مانای پەراوێزخستن و لاوازکردنی کورد بوو، لە دۆخی نوێی ناوچەکەدا هەمان دابەشبوون دەتوانێت کوردستان بکاتە خاڵێکی پێوەندی لە نێوان چوار ژینگەی ژێئۆپۆلیتیکیی جیاوازدا. بەم پێیە، پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: ئایا ئەو جوگرافیایەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ بە کۆسپێک بۆ کوردستان دادەنرا، ئێستا دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی نفووز و کارتێکی گوشار لەسەر دەوڵەتەکانی دەوروبەری؟ جوگرافیای کوردستان بە تەنیا کارتێکی براوە نییە، بەڵکوو کاتێک لەگەڵ وشیاریی نەتەوەیی، دامەزراوەسازی، توانای سیاسی، پێوەندیی نێودەوڵەتی و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزەکان کۆ دەبێتەوە، دەگۆڕێت بۆ سەرمایەی (کاپیتاڵی) ژێئۆپۆلیتیکی. بۆ تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییە، پێویستە سەرەتا لە جیاوازیی نێوان جوگرافیای سیاسی و ژێئۆپۆلیتیک تێبگەین: جوگرافیا دەپرسێت «کوردستان لە کوێیە؟»، بەڵام ژێئۆپۆلیتیک پرسیاری ئەوە دەکات کە «بوونی کوردستان لەو شوێنە، بۆ هێزە سیاسییەکان چ مانایەکی هەیە؟».

هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان لە ناوچەیەکی ئاساییدا نەبووە و نییە؛ لە نێوان ئورووپا و ئاسیا، قەوقاز و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەریای نێوەڕاست و کەنداو، و لە نێوان تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا شوێنێکی ستراتیژیی هەیە. ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا بووەتە هۆی ترسی دەوڵەتەکان، لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەتوانێت ببێتە هۆی گرنگیی پێگەی کوردستان. بە واتایەکی تر، هەمان جوگرافیا دەتوانێت دوو مانای جیاوازی هەبێت، بەپێی ئەوەی کێ توانای بەکارهێنانی سیاسی و ستراتیژیی ئەو جوگرافیایەی هەیە، و ئێستا بارودۆخی ناوچەکە و پلانی زلهێزەکان بۆ ئەو داگیرکەرانە چۆنە. لە ڕابردوودا داگیرکەران توانای ئەوەیان هەبوو کە سنوورەکان بەکار بهێنن بۆ لێکدابڕانی خاکی کوردستان، بەڵام ئێستا هەمان سنوورە دەستکردەکان ناتوانن ڕۆڵی پێشوو بگێڕن. هۆکارەکانیش زۆرن: لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە هەتا پەنابەری و هێزی دیاسپۆرا، میدیا، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، نەمانی یەکدەستیی جاران و لاوازبوونی دەوڵەتە ناوەندییەکان، و پەرەسەندنی ڕۆڵی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەها لە هەندێک قۆناغدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان توانای ئەوەیان هەبووە کە لە سنوورە نێودەوڵەتییەکان تێپەڕن و کاریگەرییەکی ناوچەیی دروست بکەن؛ بۆ نموونە، لەو تەنگییەهەڵچنینەی کە بۆ ڕۆژاوای کوردستان هاتە پێش، باشووری کوردستان ڕۆڵی کارای دیپلۆماسیی خۆی گێڕا و کاریگەرییەکەشی بە ئاشکرا بینرا، و بێگومان ئەمە شێوازێکی نوێی تێپەڕین لە سنوورە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە پێشان دەدات.

سەرچاوە
Serchawe

سنووری سیاسی، نەتەوە دابەش ناکات

لە سەدەی بیستەمدا، کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە نێو سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەدا پەراوێز خرا، و سنوورەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەتایبەتی سیستەمی نوێی ناوچەکە، کوردستانیان کردە ناوچەیەکی دابەشکراو لە نێوان چەند دەوڵەتێکی داگیرکەردا.

ئەم دۆخە سێ کاریگەریی سەرەکیی هەبوو:

١- کۆکردنەوەی تواناکانی کورد قورس بوو.
٢- هەر بزووتنەوەیەکی کورد وەک «کێشەی نێوخۆیی دەوڵەتی داگیرکەر» پێناسە دەکرا.
٣- دەوڵەتانی داگیرکەر توانییان لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەکتر، پرسی کورد وەک کارتێکی گوشار دژ بە یەکتر بەکار بهێنن، بەڵام هەموویان لە کۆتاییدا بۆ سەرکوتکردن و فڕکردنی کورد هاودەست و هاوڕا بوون.

دیارە ئەم سیستەمە یەک شتی گرنگی لەبیر کرد و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەستەوەستان ماوەتەوە، ئەویش ئەوە بوو کە «نەتەوە ناتوانرێت تەنیا بە سنوورە سیاسییەکان لە نێو ببرێت». جوگرافیای کوردستان لە نێو نەچوو؛ وشیاریی نەتەوەیی کورد گەشەی کرد؛ قوتابی و خوێندکاری کورد هەرچی زیاتر ئاستی خوێندەوارییان چووە سەرەوە، پتر ڕوویان لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد کرد؛ زمان و کولتوور لە نێو نەچوون و لە زۆر قۆناغدا، گوشار و سەرکوتکردن بووە هۆی بەهێزتربوونی ناسنامەی نەتەوەییمان. بەدرێژایی سەدەی بیستەم، سەرکوتکردن و سیاسەتی نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کورد، بە شێوەیەکی پێچەوانە یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامبوون و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە و هەیە، چونکە جوگرافیا لەگەڵ مێژوو و شوناسدا پێکەوە گرێ درابوون.

ئەگەر بمانەوێت بەڵگەیەکی مادی بۆ گۆڕانی مانای جوگرافیای کوردستان بدۆزینەوە، باشترین نموونە «حکوومەتی هەرێمی کوردستان»ە. لە ١٩٩١ەوە و پاشان بە دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵیی عێراق و دەستووری ٢٠٠٥، کورد لە عێراقدا لە قۆناغی «نەتەوەی بێدەوڵەت»ەوە چووەتە قۆناغی «هەرێمێکی دەستووری»، و ئەم جیاوازییە یەکجار گرنگە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی دامەزراوە، پەرلەمان، کابینەی وەزیران، هێزی ئەمنی و پێوەندیی سیاسی و ئابوورییە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، ئەمریکا، ئورووپا، چین، کۆریای باشوور و ژاپۆن. واتە باشووری کوردستان لە ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکەدا بووەتە ئەکتەرێکی دەستووری لە نێوان دەوڵەت و نادەوڵەتدا، و لە ڕاستیشدا ئەم جوگرافیایە چیتر تەنیا شوێنێکی

بێدەنگی نێوان ئێران، عێراق و تورکیە نییە، بەڵکوو هەرێمی کوردستان خۆی بووەتە فاکتەرێکی ژێئۆپۆلیتیکی و ئەمەش گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەیە.

جێی ئاماژەیە جوگرافیا خۆی لە خۆیدا کارت نییە، بەڵکوو «توانای بەکارهێنانی جوگرافیا» کارت دروست دەکات. ئەگەر باشووری کوردستان تووشی گرفتی نێوخۆیی بێت، ئەگەر پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا، ئەنقەرە و تاران تەنیا لەسەر بنەمای ناچاریی ئابووری و سەربازی بن، و ئەگەر یەکگرتوویی ستراتیژی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا نەبێت، ئەوا هەمان جوگرافیا دەتوانێت بۆی ببێتە خاڵی لاوازی؛ بەڵام ئەگەر دامەزراوەسازی، یەکڕیزیی سیاسی و دیپلۆماسیی کارا لە ئارادا بن، هەمان جوگرافیا دەبێتە سەرچاوەی نفووز و دەسەڵات.

دەربارەی ڕۆژاوای کوردستان، لە ساڵانی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا، کورد توانیی ناوچەیەکی بەرفراوان بەڕێوە ببات و ببێتە یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی شەڕی دژ بە داعش. ئەم ئەزموونە گرنگییەکی ژێئۆپۆلیتیکی هەبوو؛ بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخدا، کورد لە سووریەدا تەنیا داواکاریی ناسنامەیی نەبوو، بەڵکوو ئەزموونی حوکمڕانی، ئەمنی و پێوەندیی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا. لە ئێستاشدا، ئەگەرچی پرۆژەی سیاسیی کورد لە سووریەدا لە ڕووی کۆنترۆڵی خاکەوە ڕووبەڕووی پاشەکشەی گەورە بووەتەوە، بەڵام بوونی کورد و داواکارییە سیاسییەکانی بوونەتە بەشێک لە پرسیارە سەرەکییەکانی داهاتووی دەسەڵاتی سیاسیی سووریە. لە کاتێکدا کە دیمەشق دەیەوێت دەوڵەتێکی مەرکەزی دروست بکاتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانێت کورد لە سیستەمی نوێدا جێگیر بکات؟ ئەمە خۆی وەرچەرخانێکی ژێئۆپۆلیتیکییە. کورد لە ڕۆژاوای کوردستاندا لە نێوان سێ هێزی سەرەکیدایە: تورکیە، حکوومەتی دیمەشق و ئەمریکا، کە هەر یەکێکیان بەرژەوەندییەکی جیاوازی هەیە: تورکیە نایەوێت قەوارەیەکی کوردیی بەهێز لەسەر سنوورەکانی دروست ببێت؛ دیمەشق نایەوێت دەسەڵاتی ناوەندی دابەش بێت؛ و ئەمریکاش پێویستی بە هێزێکی نێوخۆیی هەیە کە بتوانێت دژ بە داعش و توندڕەویی ئیسلامی، بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ناوچەیی بەکاری بهێنێت. لە نێوان ئەم سێ بەرژەوەندییەدا، ئەگەر ڕۆژاوای کوردستان دیپلۆماسییەکی کارای هەبێت، ئیتر کورد تەنیا نابێتە کارتی دەستی هێزەکانی تر، بەڵکوو خۆی دەبێتە ئەکتەرێک کە بتوانێت کارتەکانی خۆی بەکار بهێنێت و کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا دابنێت؛ و ئەمەش ڕێک جیاوازیی نێوان «کارتبوون» و «کارت بەکاربردن»ە.

گرنگترین بەڵگەی نوێ بۆ گۆڕانی مانای جوگرافیای کوردستان لە ئێراندا دەبینرێت. لە شەڕی ٢٠٢٦ی نێوان ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیلدا، هەڵسەنگاندنی ناوەندە توێژینەوەییەکان دەیسەلمێنن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستاندا بوونەتە یەکێک لە خاڵە هەستیارە ئەمنییەکان بۆ لاوازکردنی تاران. لە ماوەی ئەم جەنگەدا،

چەندین بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەدان جار بوونە ئامانجی درۆن و مووشەکەکانی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی سەر بە ئێران. ئەمە مانای ئەوەیە تاران لە کاتی شەڕدا پرسی کورد وەک دۆخێکی ئەمنیی ناوچەیی سەیر دەکات، نەک تەنیا بابەتێکی نێوخۆیی. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە جێی سەرنجە، چونکە لە ڕابردوودا، لە سەردەمی پەهلەوییەوە هەتا ئێستا، دەگوترا دۆسیەی کورد لە ئێران کێشەیەکی نێوخۆییە، بەڵام ئێستا دۆخەکە بەو شێوەیە نییە؛ کاتێک بارەگایەکی حیزبی دێموکرات لە خاکی باشووری کوردستاندا دەکرێتە ئامانج، ئیتر کێشەکە لە سنووری ئێران تێدەپەڕێت و دەبێتە کێشەی نێوان ئێران، عێراق، هەرێمی کوردستان و هێزە نێودەوڵەتییەکان. واتە ئەو سنوورە سیاسییەی کە پێشتر کوردی لەیەک دادەبڕی، ئێستا دەتوانێت دۆسیەی کورد ڕاستەوخۆ بگوازێتەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی.

کاتێک ئێران لە شەڕی دوازدە ڕۆژە، چل ڕۆژە و قۆناغەکانی دواتردا لە کردنەوەی بەرەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەترسێت و دەست دەکاتە هەڕەشە و گوڕەشە، و بەپەلە دەیەوێت تورکیە و ئەمریکا ڕازی بکات تا ڕێگری لە ئازادکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت، ئەمە لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکییەوە پەیامێکی گەورەی هەیە؛ ئەوەی پێشتر وەک هەڕەشەیەکی بچووکی نێوخۆیی چاوی لێ دەکرا، ئێستا دەتوانێت ببێتە بەرەی دووەمی شەڕێکی ناوچەیی. بۆیە تاران تەنیا بیر لە هێرشی دەرەکی ناکاتەوە، بەڵکوو پێشمەرگەکانی کوردستان و ڕاپەڕینی جەماوەری بە مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر درێژەی تەمەنی دیکتاتۆرییەکەی دەزانێت.

لە لایەکی ترەوە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شوباتی (فێبریوەری) ٢٠٢٥دا داوای کۆتاییهێنان بە شەڕی چەکداری کرد و پەکەکە لە مانگی ئایاری (مەیی) هەمان ساڵدا بڕیاری چەکدانانی خۆی ڕاگەیاند. لە ٢٠٢٦دا پەرلەمانی تورکیە یاسایەکی نوێی پەیوەندیدار بە پرۆسەی چەکدانان و ئاوێتەکردنەوەی ئەندامانی پەکەکەی پەسند کرد. ئەمە بەو مانایە نییە کە کێشەی کورد لە تورکیەدا کۆتایی هاتووە؛ بەپێچەوانەوە، یاساکە هێشتا پرسی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد، یاساکانی دژە«تیرۆر» و پێگەی ئۆجەلانی چارەسەر نەکردووە؛ بەڵام گۆڕانکارییەکە لە خاڵێکی تردایە: ئەویش ئەوەیە کە تورکیە چیتر ناتوانێت پرسی کورد بە تەواوی لە دەرەوەی هاوکێشە ستراتیژییەکانی خۆی دابنێت. لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی سووریە تووشی گۆڕانکاری بووە، ئێران لەگەڵ شەڕی دەرەکیدا ڕووبەڕوویە و عێراقیش خاوەنی پێکهاتەیەکی فیدراڵییە، چارەسەرکردنی پرسی کورد بۆ ئەنقەرە دەبێتە بەشێک لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی. بە واتایەکی تر، باکووری کوردستان ئێستا بووەتە کارتێک بۆ دیاریکردنی داهاتووی سیاسی و دەستووریی تورکیە، کە هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشە دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

لە کارتبوونەوە بۆ بەکارهێنانی کارت

لە ژێئۆپۆلیتیکدا کاتێک هێزێک بتوانێت کاریگەریی هێزەکانی تر زیاد بکات، دەتوانێت ڕۆڵی «کاتالیزەر» (خێراکەر) بگێڕێت، و بێگومان پرسی کورد دەتوانێت لە ناوچەکەدا ئەم ڕۆڵە ببینێت. بۆ نموونە، لەم بارودۆخە لاوازەی ئێستای ئێراندا، ئەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەتوانێت ببێتە هۆکاری زیادبوونی گوشار لەسەر تاران و هەنگاونان بەرەو ئازادی و دێموکراسی. لە سووریەش، ئەگەر کراوەیی سیاسی نەیەتە ئاراوە، ژیانی ئاسایی دابین نەکرێت و مافی نەتەوە و ئایینەکان دەستەبەر نەکرێت، ئەوا ڕۆژاوای کوردستان دەبێتە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دیمەشق. مانەوەی جوگرافیای سیاسیی ئەنقەرەش بەستراوەتەوە بەوەی تا چەند دەتوانێت دان بە مافەکانی نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی تردا بنێت. ئێران ئەگەریش پارچەپارچە نەبێت، دەسەڵاتی تاران بەرەو داڕمان دەچێت؛ لە ڕۆژاوا کورد پێگەی لە هاوکێشەی دەسەڵاتدا هەیە؛ و لە باکووریش ئیتر تورکیە بیانووی بۆ هێرشکردنە سەر خاکی باشووری کوردستان نییە؛ بۆیە بەدوور نازانرێت کە دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان، بە ڕەچاوکردنی مەرجە ستراتیژییەکان، پێگەی خۆی زیاتر پەرە پێ بدات.

کاتێک باس لە وەرچەرخان لە «کارتبوون»ەوە بۆ «بەکارهێنانی کارت» دەکرێت، زۆر گرنگە لە هەر تێگەیشتنێکی ڕۆمانتیکی دوور بین. ئەوەی کوردستان دەکاتە کارتێکی ژێئۆپۆلیتیکی تەنیا بوونی کورد لەو جوگرافیایەدا نییە، بەڵکوو مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە کورد خۆی توانای بەکارهێنانی ئەو کارتەی هەبێت: یەکڕیزیی سیاسی، دیپلۆماسیی نەتەوەیی، دامەزراوەسازی و دوورکەوتنەوە لە بوون بە ئامرازی ململانێی دەرەکی، ئەو خاڵانەن کە لە ئامانج نزیکمان دەکەنەوە. ئەگەر کوردستان تەنیا وەک ئامرازێک لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە بەکار بهێنرێت، ئەوکات لە «خاوەن کارت»ەوە دەگۆڕێت بۆ «ماددەی بەکارهێنراو» لە کێشمەکێشەکانی ناوچەکەدا؛ بۆیە تێگەیشتن لەم جیاوازییە زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەیە.

لە زانستی ژێئۆپۆلیتیکدا هەندێک ناوچە بەهۆی شوێنی جوگرافییانەوە دەبنە «پایڤۆت» (Pivot)، واتە چەقێکی ستراتیژی کە گۆڕانی ئاراستەکەی کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی تەواوی هێزەکان دروست دەکات. کوردستان دەتوانێت بەو ئاراستەیەدا هەنگاو بنێت؛ و ئەوەی پێشتر وەک «دابەشبوونی کوردستان» دەبینرا، دەکرێت لە دۆخی نوێدا وەک خاڵی بەستنەوەی چوار ژینگەی سیاسی بخوێندرێتەوە. بەم شێوەیە دەکرێت دەستەواژە کۆنەکەی «دوژمنی سەرەکیی کوردستان جوگرافیاکەیەتی» بە تەواوی پێچەوانە بێتەوە. جوگرافیا لە ڕابردوودا بەهۆی ئەوەی کوردستانی دابەش کردبوو، کۆسپ بوو، بەڵام ئەمڕۆ دەکرێت ببێتە سەرمایەیەکی گەورەی ژێئۆپۆلیتیکی.

ئەم وەرچەرخانە لە سێ ئاستدا ڕووی داوە:

١- ئاستی مێژوویی: سەدەیەک خەباتی بەردەوامی گەلی کورد وای کردووە کە پرسی کورد بە هیچ شێوەیەک نەسڕدرێتەوە.
٢- ئاستی ناوچەیی: لاوازبوونی دەوڵەتە ناوەندییەکان، شەڕی سووریە، گۆڕانکارییەکانی عێراق و شەڕی ئێران، هەموویان پرسی کوردیان کردووەتە بەشێکی سەرەکی لە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا.
٣- ئاستی نێودەوڵەتی: کورد لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ ئەمریکا، ئورووپا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان پێوەندییەکی فراوانی دروست کردووە، بەتایبەتی لە شەڕی دژ بە داعش و لە پرۆسە سیاسییەکانی عێراق و سووریەدا.

بۆیە پرسی کورد چیتر پرسی دەوڵەتە داگیرکەرەکان نییە، بەڵکوو پرسی سیستەمی ئەمنیی تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. کوردستان دەتوانێت جوگرافیای خۆی بکاتە ستراتیژ، و بێگومان لەمەودوا دوژمنی سەرەکیی کوردستان جوگرافیاکەی نییە، بەڵکوو «نەتوانینی بەکارهێنانی جوگرافیاکەیەتی»، کە دەبێت بزانرێت چۆن، بۆ کێ و لە پێناو چیدا بەکار دەهێنرێت. لە سەدەی بیستەمدا، دەوڵەتانی دەوروبەر جوگرافیای کوردستانیان بۆ دابەشکردن، کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردنی کورد بەکار هێنا؛ بەڵام لە سەدەی بیست و یەکەمدا، کورد دەتوانێت هەمان جوگرافیا بۆ دروستکردنی نفووز، دیپلۆماسی و کارتی گوشار بەکار بهێنێت. گۆڕانی بنەڕەتی لە جوگرافیای کوردستاندا نییە، بەڵکوو لە توانای کورددایە بۆ مانادان بە جوگرافیای خۆی؛ و ئەمەیە جیاوازیی نێوان «کوردستانی دابەشکراو» و «کوردستانی ژێئۆپۆلیتیکی». لە دۆخی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، جوگرافیا دەتوانێت لە قەفەزەوە بگۆڕێت بۆ دەرفەت؛ لە کۆسپەوە بگۆڕێت بۆ نفووز؛ و لە دوژمنەوە بگۆڕێت بۆ کارت.

١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

٢١ی خەرمانان؛ ناسنامەی سیاسیی کوردستان

عەلی لەیلاخ

کاتێک دەگوترێت کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا سیاسیترە و لە خەباتی جەماوەریدا پێشەنگە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە، نموونەی زۆر لەبەر دەستدان؛ هەر لە کۆچی مێژوویی و مەدەنییانەی خەڵکی مەریوان و سنە لە ساڵی ١٣٥٨دا بۆ دژایەتیکردنی پەلاماری سەربازیی سوپای کۆماری ئیسلامی، تا دەیان شێوازی شیاو و

داهێنەرانەی هاوپشتیی جەماوەری و خۆڕاگری لە هەمبەر زۆرداریی دەسەڵاتدا، کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین.

بەڵام ئەوەی هەشت ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧دا ڕووی دا، لە چەندین ڕەهەندی جیاواز و ستراتیژیکەوە شایەنی وردبوونەوە و ئاوڕلێدانەوەیە.

تەنیا چوار ڕۆژ پاش کارەساتی تیرۆریستیی ١٧ی خەرمانانی هەمان ساڵ، کۆمەڵگەی تاساو و خەمباری کوردستان بە دەم بانگەوازی «ناوەندی هاوکاری» و هەڵمەتی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان، چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە چوون و لە هەڵوێستێکی بێوێنەدا، حەماسەی ٢١ی خەرمانانیان خوڵقاند. بە واتایەکی دیکە، داخستنی سەرتاسەریی زۆرینەی دووکان و بازاڕەکان لە هەر چوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم شار و شارۆچکەکاندا - کە تەنانەت شەپۆلی ئەو تووڕەیی کۆمەڵایەتییە هەندێک لە گوندەکانیشی گرتەوە - هەتا ئێستاش وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی جەماوەریی گەلی کورددا دێتە ئەژمار.

ئاوڕێک لە کارەساتی ١٧ی خەرمانان؛ هۆکار و لێکەوتەکانی

لە ساڵی ٢٠١٨دا، کۆماری ئیسلامی بەپێی نەریتی دێرین و هەمیشەیی خۆی، لە یەک ڕۆژدا دوو کردەوەی تاوانکارانەی ئەنجام دا و کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی شۆک کرد: لە بەرەبەیانیی ڕۆژی شەممەدا، بە پەتی سێدارەی ئازادیکوژیی خۆی، گیانی پاکی سێ لاوی تێکۆشەری کوردی ئەستاند و نزیکەی کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش، پەلامارێکی مووشەکیی دڕندانەی کردە سەر کۆبوونەوەی ڕێبەری و بنکەکانی حیزبی دێموکرات.

ئەم هاوکاتکردنەی دوو تاوان لە یەک ڕۆژدا، تۆڵەسەندنەوەیەکی ڕقئەستوورانە بوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و هەوڵێکی بێبەزەییانە بوو بۆ سەرکوتی ئەو لایەنانەی کە دەسەڵات هەمیشە بوونیانی ڕەت دەکردەوە؛ هەمان ئەو لایەنانەی کە ساڵانە بە پڕوپاگەندە و شەڕی نەرم، دەیویست لە ڕێگەی ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردنەوە، لە جەستەی کۆمەڵگەی کوردستانیان داببڕێت.

ڕاستە کارەساتی ١٧ی خەرمانان زەبرێکی یەکجار قورس بوو، بەتایبەت بۆ حیزبی دێموکرات کە ١٦ سەرکردەی بەئەزموون و کادر و پێشمەرگە فیداکارەکانی لە دەست دا؛ بێگومان، هێرش بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەری کە بە مانگ و ساڵ پلانی بۆ دارێژرابوو، بە ئامانجی پەکخستنی یەکجارەکیی ئەو حیزبە ئەنجام درابوو؛ بەڵام هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە خوێناوییە، لە

حەساری قەڵای برینداری دێموکراتدا، دووبارە سروودی «ئەی ڕەقیب» بەرز و دلێر دەنگی دایەوە.

یەکێک لە مەبەستە سەرەکی و نەگریسەکانی ئەو دوو تاوانە دڵتەزێنە، دروستکردنی کەشێکی تۆقێنەر و ترس خستنە نێو دڵی خەڵک بوو، تا پێشان بدات کە گوایە هەم لە نێوخۆی وڵاتدا دەستی لەسێدارەدانی هەیە و هەم دەستی درێژی مووشەکیشی دەگاتە بنکە و بارەگای حیزبەکان.

پاش تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ بەسەر ئەو کارەساتەدا، بەپێی بانگەوازی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» کە تازە دامەزرابوو، ئێمە شاهیدی کردەیەکی بەکۆمەڵی سیاسی بووین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە لە یەک کاتدا هەم هیوابەخش بوو و هەم قورسایی ئەو ئازارە ناخهەژێنەی بەسەر گشت کوردستاندا دابەش کرد؛ چونکە بۆ یەکەمین جار بوو هاوئاهەنگییەکی وەها بێوێنە لە نێوان حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤدا بێتە ئاراوە و کارەساتەکە ببێتە هەوێنی شوناسێکی نەتەوەیی و گشتگیر.

بانگەوازی مانگرتنی سەرتاسەری، هەر زوو لە لایەن سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستانەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا. لە یەکەم ساتەکانی بەرەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانانددا، کوردستان بۆ جارێکی دیکە باوەشی بۆ برینەکانی خۆی کردەوە و بە تەواوەتی پشتی لە «تارانی تاوان» کرد.

ئەم مانگرتنە، لە سەرەوە هەتا خوارووی کوردستان، پەیامێکی زۆر ڕوونی بۆ دەسەڵات و ناوەندە ئەمنییەکان پێ بوو؛ ئەویش ئەوە بوو کە حیزبەکانی کوردستان، سەرەڕای بوونی ڕەخنە و ناکۆکییەکان، لە هەناوی مێژووی خەباتی ئەم خاکەوە لەدایک بوون و گیانێکی سیاسی و خەباتکارانەن لە جەستەی ئەم نیشتمانەدا.

ئەوەی لە مانگرتنی ٢١ی خەرمانانددا بەدی دەکرا، یەکڕیزی و یەکگرتوویی تەواو بوو؛ هیچ کەلێنێک لە نێوان خواستی شەقام و هێزە سیاسییەکاندا نەهێڵدرایەوە، بەڵکوو هەمووان لەو ڕۆژە مێژووییەدا لە سەنگەری یەکگرتوویی و شەرمەزارکردنی کۆماری ئیسلامیدا، هەنگاوی کرداری و بوێرانەیان هەڵگرت.

لە زانستی سیاسیدا، لێکەوتە دەروونییەکانی تیرۆر وەک هۆکاری چەقاندنی ترس و بێهیوایی لە نێو کۆمەڵگەدا سەیر دەکرێن؛ بەڵام ئەگەر سەرنجی لێکەوتەکانی ١٧ی خەرمانان بدەین، لووتکەی خۆڕێکخستن و بڕوابەخۆبوون لە ٢١ی خەرمانانددا دەبینین، کە بە پێچەوانەی ئەو تیۆرییە، ترس و خەمۆکی ساز نەکرد، بەڵکوو ئیرادەیەکی پۆڵایینی هاوبەشی

خولقاند و نەخشاند.

ئاسان نییە لە ماوەی کەمتر لە چوار ڕۆژدا، بەبێ ئەوەی لەسەر خاکی خۆت بیت و بەبێ بوونی ئامرازی ئاشکرای ڕێکخستن لە نێوخۆدا، بتوانیت خوار و ژووری کوردستان لە دەوری بازنەی «نا» گوتن بە دیکتاتۆری و بۆ هەڵگرتنی ئەم زامە نیشتمانییە بەو پەڕی هێزەوە کۆ بکەیتەوە.

ئەمە بەبێ بوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ لە ناخی کۆمەڵگەدا مەحاڵە؛ و لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا، تەنیا کوردستان و بزووتنەوە ڕەسەنەکەیەتی کە خاوەنی ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتی و سیاسییە یەکجار بەهێزەن.

دواتریش، تەوژمی هەمان مانگرتنی ٢١ی خەرمانان گەیشتە قۆناغی شۆڕشی ژینا و چەندین وێستگەی شکۆداری لێ کەوتەوە کە سنووری سیاسی، ئیرادەی جەماوەری و هۆشیاریی کوردستانی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بە تەواوی جیا کردەوە.

دیارە کوردستان و بزووتنەوەکەی لە تەمەنی پڕ لە تاوانی کۆماری ئیسلامیدا خەسار و زیانی گیانی و مرۆیی یەکجار زۆریان بەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی دوای ١٧ی خەرمانان، مانگرتنی سەرتاسەریی ٢١ی خەرمانانی لێ کەوتەوە - سەرەڕای دڵتەزێنیی ڕووداوەکە - هاوپشتیی بەرەیی، گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە خەباتی جەماوەری و پاشخانی دەوڵەمەندی ڕەفتاری مەدەنییانەی خەڵکی هۆشیار بوون.

لەمێژساڵ بوو بانگەشەی چەواشەکارانەی ئەوە دەکرا کە گوایە حیزبەکان تەنیا لە ناوچەی موکریاندا پێگەیان هەیە؛ کەچی دیتمان لە ٢١ی خەرماناندا، کاتێک دیمەنەکانی داخستنی بازاڕ لە کرماشان و ئیلام تا دەگاتە خوی و سەڵماس بڵاو بوونەوە، وەڵامی ئەو تێڕوانینە چەوت و شۆڤینییە بە سیاسیترین و ئەرێنیترین شێواز درایەوە. ڕەنگە نەبوونی بارەگای ئاشکرای حیزبەکان لە نێوخۆی وڵاتدا هەست پێ بکرێت، بەڵام مادام ئەوان لە هەناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەڵقوڵاون، خەڵکیش بە شێوەیەکی خۆڕسک و سروشتی هەمیشە خۆی بە بەشدار لە خەم و شادییەکانی لایەنە سیاسییەکانی خۆیدا دەزانێت.

پەیامە ڕوونەکانی ٢١ی خەرمانان بۆ دوژمنانی گەلەکەمان ئەوەندە بەس بوو کە کوردستان سنوور، ناسنامە و ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بە کردەوە کێشا؛ نەیارانیش لەو پەیامە گەیشتن کە کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبەکان دوو چەمکی لەیەکدابڕاو نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکترین.

سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٦

کۆماری ئیسلامی بۆ لێدان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، تەنیا پەنای بۆ ڕێگای دڕندانەی تیرۆر و سڕینەوەی فیزیکی نەبردووە؛ بەڵکوو پاش شۆکبوون و دەستەوسانبوونی لە بەرپەرچدانەوەی شەقامەکانی کوردستان لە ٢١ی خەرماناندا، پەنای بردە بەر سازکردنی دۆکیۆمێنتارییەکی پڕ لە چەواشەکاری (مستند بەنام خلق کرد)، تا پێشان بدات گوایە گورزێکی کوشندەی وەشاندووە، و بەم شێوەیە دەستی تاوانکاریی تیرۆریستیی خۆی بە سەر و شانی بزووتنەوەی کورددا بسڕێتەوە.

کۆماری ئیسلامی وەک سەرەکیترین دوژمنی ئازادی و بەها دێموکراتیکەکان، هەمیشە فرچکی بە تیرۆر و کوردکوژی گرتووە و هیچ چاوەڕوانییەکی دیکەی لێ ناکرێت؛ بەڵام ئەوەی پێویستە لە ٢١ی خەرمانانەوە تا ئەمڕۆ و تەنانەت بۆ داهاتووش زیاتر بایەخی پێ بدرێت و بخرێتە خزمەت پرۆژە نەتەوەییەکانمانەوە، ئەو وزە و توانستە لەبننەهاتووەیە کە حیزبەکانی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا هەیانە. ئەمەش بەو مەرجەی وەک چۆن ئەو کارەساتە لە یەکیانی نزیک کردەوە و تەنانەت پرۆسەی یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێموکراتیشی خێراتر کرد، ببێتە وانەیەکی هەمیشەیی بۆ کاری هاوبەش، دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و پێشخستنی بەرژەوەندییە باڵا و چارەنووسسازەکانی نەتەوە.

خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا، جارێکی دیکە سەلماندیان کە پشتیوانی ڕاستەقینەی یەکڕیزی و هاودەنگیی هێزە سیاسییەکانن. هەروەها دەرکەوت ئەو سیاسەتەی ڕێژیم کە هەوڵی نکۆڵیکردن لە پرسی کوردی دەدا، سەرەڕای هەموو تێچووە ئەمنی، سەربازی و ئاژاوەگێڕییەکانی، بێئاکام ماوەتەوە و ئیرادەی خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قەڵایەکی داگیرنەکراوە.

لە مێژووی نەتەوە زیندووەکاندا، کارەساتەکان تەنیا خاوەنی ڕەهەندی سۆزداری و شین و ماتەم نین، بەڵکوو دەبنە هەوێنی یەکگرتوویی و هاوسەنگەری لە بەرامبەر داگیرکەراندا. لە ٢١ی خەرماناندا، ئەم شوناس و ڕوانگە پێشکەوتنخواز و سەردەمییە بە جوانترین شێوە نەخشێندرا؛ ئەزموونێکی مەزن کە دەبێت بۆ هەمیشە وەک سەرمەشقێک وانەی لێ وەربگیرێت.

٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

٢١ی خەرمانان؛ دەنگی شاخ و شکۆی شار



مەنسوور مروەتی

لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی گەلی کورددا، زۆر ڕۆژ و بۆنە هەن کە هەرکام بە جۆرێک دەرخەری ڕووداوێکی گەورەی مێژووین و لە یادەوەریی نەتەوەییماندا پێگەیەکی تایبەتییان هەیە. زۆربەی ئەو ڕۆژ و ڕێکەوتانە دووانەیەکن لە کارەسات و بەرەنگاری؛ واتە جاری وا بووە کارەساتێکی دڵتەزێن ڕووی داوە، بەڵام گەلەکەمان بە گشتی

هەڵوێستێکی وەهای نواندووە کە نەک هەر لە کارەساتەکەدا نەچەقیون و نەوەستاون، بەڵکوو لە هەناوی ئەو کارەساتەدا ژیانەوە، بووژانەوە و بەرەنگارییان خوڵقاندووە، کە ئەو هەڵوێستە مێژوویی و بوێرانەیە خۆی بووەتە لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا.

کارەساتی ١٧ی خەرمانان، واتە مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات و شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بووە هۆی شەهیدبوونی شازدە کادر و پێشمەرگەی حیزب، ڕووداوێکی دیکەی لەم چەشنە بوو کە سەرەتا کۆست و خەمێکی گەورە بوو، بەڵام دواجار شکۆی ٢١ی خەرمانانی بەدوای خۆیدا هێنا. دیارە ئەگەرچی لە ماوەی ئەم چل و حەوت ساڵەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوە یەکەم جار نەبوو کە تێکۆشەرانی کورد بکەونە بەر پەلاماری تیرۆریستیی ئەم ڕێژیمە و لەم سۆنگەیەوە زەبریان بەر بکەوێت، بەڵام کارەساتی ١٧ی خەرمانان یەکێک لەو دەگمەن ڕووداوانە بوو کە دەکرێت بڵێین لە مێژووی بزووتنەوەی کورد و تەنانەت ناوچەکەشدا ڕووداوێکی یەکجار گرینگ و کەموێنە بوو؛ کەموێنە لەم بارەوە کە ئەوە یەکەم جار و لەو دەگمەن حاڵەتانە بوو کە ڕێژیمێک لەم ناوچەیە و بگرە لە جیهانیشدا، سەرکردایەتیی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بە مووشەکی دوورهاوێژ، ئەویش لە نێو خاکی وڵاتێکی دیکەدا بکاتە ئامانج. هەروەها ئەوە یەکەم جاریش بوو کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە ڕووهەڵماڵراوی بەرپرسایەتیی ئەو پەلامارەی گرتە ئەستۆ و ڕاشکاوانە ڕایگەیاند ئامانجیان لەو پەلامارە، لەنێوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

ئەگەرچی ئەو تاوانە تیرۆریستییە گورزێکی یەکجار قورس بوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت و شەش ئەندامی لێهاتوو و بەئەزموونی ڕێبەری و دە کادر و پێشمەرگەی بەئەمەکی ئەم حیزبەی لە بزووتنەوەی کورد ستاند، بەڵام ئەوە هەر حیزبی دێموکرات بوو کە توانی سەرەڕای هەڵگرتنی ئەو برینە قورسە، لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و بۆ تاقە یەک ڕۆژیش لە کار و تێکۆشان نەوەستێت.

ئەم کارەساتە تەنیا برینێک نەبوو کە حیزب بە تەنیا هەڵیگرێت، بەڵکوو لە ڕاستیدا نیشتمانێکی زامدار کردبوو؛ بۆیە هەر چوار ڕۆژ دوای ئەم تاوانەی ڕێژیم، ئەوە خەڵک و بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان بوون کە لە هەڵوێستێکی ئازایانەدا، ڕۆژێکی پرسەروەریی دیکەیان خستە سەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی گەلەکەمان. ٢١ی خەرمانان و مانگرتنی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان، هەر بۆ ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشتیوانی لە حیزب و ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆیان نەبوو، بەڵکوو لەوەش زیاتر، ڕیفراندۆمێکی مەدەنی بوو بۆ ئەوەی بە هەمووان بڵێت کوردستان چ پێگەیەکی هەیە و خاوەنەکانی کێن! بەڵێ، ٢١ی خەرمانان تەنیا ڕۆژێک و مانگرتنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی

یەکلاکەرەوە و چارەنووسسازی نێوان بزووتنەوەی کورد و کۆماری ئیسلامی بوو لە ئێراندا، کە دیار بوو دواتر کامیان براوە دەبێت!

کۆماری ئیسلامی لە تەواوی دەسەڵاتداریی خۆیدا، بۆ کەلێن خستنە نێوان خەڵک و حیزبەکان و هەروەها شکاندن و بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی کوردستان، هەرچی لە دەستی هاتووە کردوویەتی؛ هەر لە هەڵگیرساندنی شەڕی بەربڵاو لە کوردستانەوە، تا تیرۆری سەرکردەکان، کادرەکان و پێشمەرگەکانی کوردستان. جگە لەوەش، کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە حیزبەکان لە خەڵکی کوردستان دابڕێت و بە دنیای دەوروبەر و دەرەوەش بڵێت کە شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا بوونی نییە. هەڵبەت لەو ململانێ دوورودرێژەدا، دۆڕاوی سەرەکیی ئەو مەیدانە هەر کۆماری ئیسلامی بووە و حەماسەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویش بەڵگەی زیندووی ئەم ڕاستییەیە.

دیارە بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و بەتایبەتی لەم چل و حەوت ساڵەی ڕابردوودا، ئەوە یەکەم جار نییە کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ڕووداوە جۆربەجۆرەکاندا هەڵوێست دەنوێنن. دەکرێت بڵێین سەرەڕای هەموو زەبروزەنگ، گوشار، گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکوانان و ڕێکخەرانی ئەو جۆرە جووڵانەوانە، خەڵک بەردەوام لەسەر پێ و خاوەن هەڵوێستی بوێرانە بوون. ئەو هەڵوێستەی خەڵک جاری وا بووە بە هاتنە سەر شەقام، تەنانەت بۆ پشتیوانی لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشان دراوە، و جاری واش بووە بە مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕ بووە لە بەرامبەر ئەو زۆرداری و سەرەڕۆییانەی کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستاندا پێڕەوی کردوون. بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە سەرەتای پەلاماری سوپای پاسداران و ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە تیرۆری شەهید د. قاسملوو، بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و چەندین ڕووداوی دیکەی لەو شێوەیە بکرێت؛ بەڵام ئەو هەڵوێستنواندنە و ئەو خەباتە یەکگرتوو و هەمەلایەنەی خەڵک، لە ٢١ی خەرماناندا گەیشتە لووتکەی خۆی.

٢١ی خەرمانان کە زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی بە «ڕێفراندۆمی خەڵکی کوردستان» ناویان برد، پەیامێکی زۆر ڕوون، ئاشکرا و بێپەردە بوو بۆ هەموو لایەک؛ بەتایبەت پەیامی ئەو ڕۆژە بۆ دەسەڵاتدارانی تاران و هەروەها بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوە بوو کە ئەم گەلە هەرگیز پشت لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆی ناکات و هیچ چەشنە ئامراز و شێوازێکی سەرکوت ناتوانێت ئەوان لە مەیدان وەدەربنێت، و بە تیرۆر و مووشەکی بالیستیکیش چاوترسێن نابن. ٢١ی خەرمانان و مانگرتنەکانی دواتری خەڵکی کوردستان لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژیناوە تا ئەمڕۆ، سەلمێنەری ڕادەی توانایی بزووتنەوەی کوردستانە لە خەباتی سیاسی و مەدەنیدا، و نیشاندەری هاوئاهەنگیی تۆکمەی نێوان خەڵک و

سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٦

حیزبەکانییەتی؛ هەروەها وەڵامێکی یەکلاکەرەوەش بوو بۆ ئەو کەسانەی کە بە مەبەست، حیزبەکانی کوردستان تەنیا وەک «چەند حیزبێکی چەکدار» ناوزەد دەکەن. لە بەرامبەردا، ئەم ڕووداوە پرسیارێکی زۆر سادە و لە هەمان کاتدا سەنگی خستە بەردەمیان: ئێوە کە بزووتنەوەی کوردستان تەنیا بە چەند گرووپێکی چەکدار ناو دەبەن، ئایا لە مێژووی خۆتاندا بۆ تاقە یەک جاریش بووبێت، ئەو توانایەتان تێدا بووە لە سەرانسەری ئێراندا وەک نیشانەی نارەزایەتی بەرامبەر بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، جووڵەیەکی لەم چەشنە وەرێ بخەن؟ وەڵامەکە زۆر ڕوونە؛ نە توانست و نە ڕادەی پێگە و کاریگەریی ئەوان لە نێو خەڵکدا، هەرگیز لەگەڵ حیزبەکانی کوردستاندا بەراورد ناکرێت.

هەڵبەت لەو ڕۆژەدا، خەڵکی کوردستان لە وەڵامی داواکاریی حیزبەکان بۆ مانگرتنی سەرتاسەری، وێڕای بەدەمەوەچوونی داواکەیان و خوڵقاندنی ئەو حەماسە شکۆدارە، لە ڕاستیدا پەیامێکی ڕاشکاوانەشیان بۆ خودی حیزبەکان پێ بوو، ئەویش ئەوە بوو: «ئەگەر ئێوە یەکگرتوو و پاڵپشتی یەکتر بن، ئێمەش بێ سڵەمینەوە لەگەڵتانین».

لە یەک دێڕدا: ڕۆژی ٢١ی خەرمانان و ڕێفراندۆمە مەدەنییەکەی ئەو ڕۆژە، بۆ هەمیشە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا دەمێنێتەوە و تابلۆیەکی جوان و پڕواتایە لە هاوئاهەنگیی شکۆی شاخ و هاواری شار.

٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

«عەهدی ئێران»؛ عەهد و پەیمان لەگەڵ کێ؟ ڕەخنەیەک لە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبێک کە خۆی لە باسی پرسە جیدییەکانی ئێران دەبوێرێت!

ئیبراهیم لاجانی

«حیزبی عەهدی ئێران» پاش بەڕێوەبردنی کۆنگرەی دامەزراندن و وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمیی چالاکی لە وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی، ڕایگەیاند کە دەستی بە تێکۆشانی ئاشکرای خۆی کردووە. دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە کە خۆیان وەک «چالاکوانانی چاکسازیخوازی دەیەکانی ڕابردوو» دەناسێنن، لە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبەکەیاندا، ناوی حیزبەکەیان

وەک کورتکراوەی سێ ئامانجی «دادپەروەری، هاوپێوەندی و دیموکراسی» لێک داوەتەوە و پێداگرییان لەسەر «ئامانجخوازیی واقیعبینانە»، بەرگریکردن لە چینی ماناوەند و پێبەندی بە تەندروستیی ئەخلاقی و ئابووری لە سیاسەتدا کردووە. ئەوان خۆیان بە قەرزاری «ڕەچەڵەکی چاکسازیخوازانی دوو سەدەی ڕابردووی ئێران، لە پێش مەشرووتەوە تا ئێستا» دەزانن.

بەیاننامەیەک کە بەرامبەر بە هەرچی پێویستە بگوترێت، بێدەنگە!

لە خوێندنەوەی سەرەتایی ئەم بەیاننامەیەدا،

یەکەم؛ شتێک کە بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ بەڵگەنامەیەکی دامەزراندندا ڕووبەڕووین کە هیچ دەستەواژەیەکی سەرەکی و ڕاشکاوی سەبارەت بە ماهییەتی قەیرانی ئێران تێدا نییە. لە دەقێکدا کە بڕیارە ئاسۆی سیاسیی حیزبێکی تازەدامەزراو دیاری بکات، هیچ ئاماژەیەک بە ماشێنی سەرکوت، لەسێدارەدان، کۆمەڵکوژیی خۆپێشاندەران، یان پێشێلکردنی سیستماتیکی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان لە لایەن دامەزراوەکانی دەسەڵاتەوە نابینرێت. ئەم بێدەنگییە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی دواییدا، لە سەرکوتی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە بگرە تا لەسێدارەدانی بەربڵاو لە زیندانەکاندا، مێژوویەکی ڕەش و خوێناوی لە توندوتیژی دژ بە هاووڵاتییانی خۆی تۆمار کردووە. حیزبێک کە بانگەشەی «ئامانجخوازیی واقیعبینانە» دەکات، ناتوانێت لەم ڕاستییە چارەنووسسازەی ئەمڕۆی ئێران بەم شێوەیە چاوپۆشی بکات و لە بری ئەوە، بە دەستەواژەی گشتیی وەک «دادپەروەری، ئازادی و خۆشگوزەرانی» ڕازی بێت کە هیچی لێ شین نابێت.

خاڵی دووەم؛ و لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خاڵێکی سەرەکی و جەوهەری لەو بەیاننامەیەدا، نەبوونی هەر چەشنە ئاماژەیەکە بە ماهییەتی فرەنەتەوەبوونی ئێران. لە سەرانسەری ئەم بەیاننامەیەدا، وەک خەڵکێکی یەکدەست، یەکڕەنگ، یەکزمان و یەک دین و مەزهەب باس لە «ئێرانییەکان» دەکرێت؛ وەک ئەوەی پرسی نەتەوە غەیرەفارسەکان - کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکی ئازەربایجانی، تورکمان - و ئەو هەڵاواردنە پێکهاتەییە نەتەوەیی، ئایینی و زمانەوانییەی کە ئەم گەلانە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، لە بنەڕەتدا بوونی نەبێت. ئەم نەبوون و بێدەنگییە بەڕێکەوت نییە؛ بەڵکوو ڕەنگدانەوەی هەمان ڕوانگەی ناوەندگەرا، شۆڤێنی و یەکدەستخوازانەیە کە ڕەوتی چاکسازیخوازی لە ئێراندا، لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا و سەرەڕای بانگەشەی دیموکراسیخوازی، هەرگیز لێی دوور نەکەوتووەتەوە. حیزبێک کە تەنانەت لە بەڵگەنامەی دامەزراندنیدا، هەڵاواردنی نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزی بە فەرمی ناناسێت، ناتوانێت بانگەشەی چارەسەرکردنی «پرسەکانی ئێران» بکات؛ چونکە یەکێک لە ڕیشەییترین پرسەکانی ئێران، هەر ئەم حاشاکردنە مێژووییەی دەسەڵاتە لە مافە نەتەوایەتییەکان و لە فرەڕەنگیی نەتەوەیی - زمانیی وڵات.

سەرچاوە Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٦

خاڵی سێیەم؛ نەبوونی هەر جۆرە گەڵاڵە و پرۆژەیەکە بۆ دارشتنی پێکهاتەیەکی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤ. بەیاننامەکە باس لە «مردمسالاری» (خەڵکسالاری)، «بەشداری و لێپرسینەوە» دەکات، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا ڕوونی ناکاتەوە کە ئەم خەڵکسالارییە لە چ چوارچێوەیەکی پێکهاتەییدا، بە چ دابەشکردنێکی دەسەڵات لە نێوان ناوەند و ناوچەکاندا، و بە چ دەستەبەرییەک بۆ مافی نەتەوەکان و کەمینەکان وەدی دێت. نەبوونی هەر چەشنە ئاماژەیەک بە فیدراڵیزم، لامەرکەزییەت، یان دابەشکردنەوەی دیموکراتیکانەی دەسەڵات، ئەوە دەردەخات کە ئاسۆی ئەم حیزبە، نەک تێپەڕین لە سیستەمی ئێستا، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا چاکسازییە لە نێو هەمان پێکهاتەی ناوەندگەرا و سەرەڕۆی حاکمدا - ئەو پێکهاتەیەی کە خۆی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی شەرعییەت و ئەو قەیرانە قووڵە پێکهاتەیییەیە کە ئێرانی ئەمڕۆ پێوەی دەناڵێنێت.

ئەنجام: پەرۆشیی هێشتنەوەی سیستەم، نەک تێپەڕین لێی!

کاتێک بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، نە باسی کۆمەڵکوژی، لەسێدارەدان و سەرکوت دەکات، نە باسی ستەمی نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزی دەکات، و نە پرۆژەیەک بۆ پێکهاتەیەکی سیاسیی دیموکراتیک و لامەرکەزی دەخاتە ڕوو، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە مەبەست و خەمی ڕاستەقینەی پرۆژەیەکی لەم چەشنە چییە؟ وەڵامەکە لەوەدا شاراوەتەوە کە نەگوتراوە: وا دیارە ئەوەی لە پشت ئەم «ئامانجخوازییە واقیعبینانەیەدا» خۆی شاردووەتەوە، نەک دابڕان لە دەسەڵات، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانەوە و درێژەپێدانی تەمەنی هەمان سیستم بە بەرگێکی نوێوە.

کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەت دوای بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»، زۆر لەوە تێپەڕیوە کە بڕوا بە گوتاری چاکسازیخوازیی نێوخۆی دەسەڵات بهێنێت. جەماوەرێک کە بە باجدانی قورسی گیانی و ئابووری، چەندین جار تاقی کردووەتەوە کە ئەم ڕێژیمە چاکسازیهەڵگر نییە، چیتر دڵ بە بەڵێنە دووبارەکانی «ئامانجخوازیی واقیعبینانە» نابەستێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چارەسەری قەیرانی ئێران، لە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی نێو پێکهاتەی دەسەڵات لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دروشمگەلی گشتیدا نییە، بەڵکوو لە تێپەڕینێکی دیموکراتیکی ڕاستەقینەدایە بەرەو سیستمێکی فیدراڵ، دیموکراتیک، سێکۆلار و دامەزراو لەسەر بنەمای یەکسانیی تەواوی هاووڵاتییان - بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ئایین، ڕەگەز و بیروباوەڕ. هەتا ئەو کاتەی پرۆژە سیاسییە نوێیەکان لە دەربڕینی ڕاشکاوانەی ئەم پێویستییانە خۆ ببوێرن، ناتوانن بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی ویست و داخوازیی ڕاستەقینەی خەڵکی ئێران بکەن.

٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

چەمکی ئەخلاق لە یارساندا، بەراورد بە تێڕوانینی ئەخلاقیی فەیلەسووف و بیرمەندانی جیهان

سارۆ خوسرەوی

شارەزایان و توێژەرانی بواری بەها مرۆییەکان، ئەخلاق یان ڕەوشت بە کۆمەڵێک بنەما، بەها و پێوەری فکری و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن کە دوو دیاردەی «چاکە و خراپە» لە یەکتر جیا دەکاتەوە و شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا ڕێک دەخات. پێوەرەکانی ئەخلاق دەکرێت بەپێی فەرهەنگ، سەردەم و شوێن تا ڕادەیەک گۆڕانکاریيان بەسەردا بێت.

سەرچاوە
Serchawe

تێگەیشتنی یارسان بۆ ئەخلاق، وەک تێگەیشتنی زۆرێک لە فەیلەسووف و بیرمەندانی دنیا، خۆی لە چەمکەکانی بەرپرسیاریتی، ئازادی، دادپەروەری و بێدادیدا دەبینێتەوە. لە یارساندا، ئەخلاق بنەمایەکی سەرەکی و چەقی باوەڕدارییە. لە دەقەکانی یاریدا، مرۆڤایەتی، پاکی، ڕاستگۆیی و ئازارنەدانی ئەوانی تر پێش هەموو شتێک دێت. پایە سەرەکییەکانی ئەخلاق لە یارساندا، خۆی لە چوار وشەی وەک: (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا)دا دەبینێتەوە. لە باوەڕی یارساندا، ڕەچاوکردنی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، بۆ ئەوەیە بەبێ جیاوازیی ئایین، نەتەوە و ڕەگەز، ڕێز لە مرۆڤەکان بگیرێت. ڕاستی و دروستی، پاکژیی دڵ و دەروون و زمان بۆ ئەوەیە پابەندی ڕێچکەی ڕاست بیت و بەدوور بیت لە دیاردەگەلی وەک: درۆ و فێڵ، وتەی ناشیرین، کینە و لەخۆبایی کە دەبێتە هۆی ئازاردانی مرۆڤەکان و تەنانەت گیانداارانیش. ئەخلاق، نەزمی فکری و چەمکی سەرەکیی ڕوانگەی یارسانە. لە ڕوانگەی زانایانی یارسانەوە، هەرکەسێک خۆی بە پێڕەوی یاری بزانێت، پێویستە لەش و دەروون و دەست و دڵی پاکژ بێت. ئەم بیرۆکەیە پەیوەندی بە فەرهەنگی کۆمەڵگە و ئاستی زانایی و تێگەیشتنی مرۆڤەوە هەیە. هەربۆیە یارسان خۆی دەبەستێت بە چەمکی ئەخلاقەوە و لەسەر ئەو بنەمایە خۆی پێناسە دەکات.

وەک ئەوەی کە لە چەند بەندێک کەلامدا پێداگری لەسەر بنەما ئەخلاقییەکان دەکات و دەڵێت:

«یاری چوار چێوەن باوەڕیش وەجا
پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا»

یان لە کەلامێکی دیکەدا کە ئاراستەی کۆمەڵگەی یارسان کراوە، هاتووە:

«یارسان وەڕا، یارسان وەڕا
ڕای حەق ڕاسیەن، بڕانان وەڕا
پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا
قەدەم وەقەدەم تا وە مەنزڵگا»

وەک گوتمان، چەمک و جەوهەری ئەخلاق لە یارساندا، بە چوار وشەی وەک: (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا) دەست پێ دەکات و کۆمەڵگە لەسەر ئەم بنەما ئەخلاقییانە بە بنەما دەگرێت. بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگەی ئەخلاقیی یارسان، پێویستە پشت بە دەقەکانی کەلام ببەستین. بە پێویستی دەزانم لە پێشدا ئاماژەیەک بە چوار وشەی (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا) بکەم و دواتر بپەڕژێمە سەر چەند دەقێکی کەلام لە یارساندا کە لە ڕووی واتا و نێوەڕۆکەوە ئاماژە بە چەمکی ئەخلاق

دەکەن.

پاکی: واتە پاککردنەوەی دەروون و دەرەوە لە پیسی و خراپە و دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە پیسییەکی ماددی و مەعنەوی. سوڵتان سەهاک، پاکژی لە چوارچێوەی زانایی و ئاستی تێگەیشتووی مرۆڤەکاندا پێناسە دەکات و لە کەلامێکدا

پیر بنیامین وەک ئەندازەیارێکی زانا بە سەرچاوەی پاکژی دەزانێت و دەڵێ:

«پاکی پاکبازی، پاک ئالایی
بنای بناگر دانای دنیایی»

ئەم جۆرە لە تێڕوانینی سوڵتان سەهاک بۆ ئەخلاق، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی هەیە لەگەڵ بیرۆکەی سوقرات کە پێی وایە ئەخلاق لە «زانین و زانست»ـەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر مرۆڤ ئاگاداری چاکە بێت هەرگیز خراپە ناکات و نەزانی هۆکاری سەرەکیی هەموو خراپەیەکە.

ڕاستی: واتە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، دروستیی پیشەکردن، دووریکردن لە فرتوفێڵ لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵ و پابەندبوون بە ڕاستییەوە. یارسان پێی وایە، هەموو مرۆڤێک دەبێ ڕاستبێژ و دروستکردار بێت.

سوڵتان سەهاک لەم بارەوە دەڵێ:

«زاتمەن سەرووەرە، زاتمەن سەرووەرە
سوڵتان سەهاکم زاتمەن سەرووەرە
مەدەرێ مراز گردین ناموەر
هەرکە وەڕابۆ ماوەریش نەوەر»

سوڵتان لەم کەلامەدا، بەراوردکردنی داخوازیی مرۆڤەکان دەبەستێتەوە بەوەی کە مرۆڤ دەبێت لە کرداری ڕۆژانەی خۆیدا، ڕاستی بکاتە پیشەی ژیان و دادپەروەر بێت. لای «ئەفلاتوون»ـیش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەخلاق پەیوەستە بە دادپەروەری و هاوسەنگیی نێوان ئاوەز و ئارەزوو. ئەو پێی وایە مرۆڤی بەئەخلاق ئەو کەسەیە ئاوەزی زاڵ بێت بەسەر ئارەزووەکانیدا.

نیستی: واتە خاکەڕایی، خۆنەویستی، کوشتنی پەسنی خۆپەسەندی، خۆبەزلزانی و ملهوڕی لە خۆتدا. چەمکی نیستی لە خوێندنەوەی یارساندا، قەبووڵکردن و گەیشتنە بەو مەرجانەی کە مرۆڤی خاوەن کردار لە ژیاندا هەوڵیان بۆ دەدات، بەبێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆی بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد، قوربانیشی بۆ بدات. بەو پێیە جێبەجێکردنی ئەرک و ئەرکانی یاری، پەیوەستە بە ئازایەتیی مرۆڤەوە، بەڵام لە مەسەلەی ئازایەتیدا گەرەکە هاوسەنگی لە نێوان بوێری و ترسنۆکیدا لەبەرچاو بگیرێت. لە یاریدا، تۆ کاتێک دەتوانیت بە مەبەستی خۆت بگەیت، خاکەڕایی بکەیتە پیشە و خۆت دوور بگریت لە دیاردەی خۆبەزلزانی و ملهوڕی.

سوڵتان سەهاک دەڵێ:

«پیرە وە نیستی، پیرە وە نیستی
بزانە ڕای حەق ئەرکان و نیستی»

ئەرەستوو لەم بارەوە چەمکی ئەخلاق دەبەستێتەوە بە هەڵسوکەوتی باش و خراپی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا و بۆچوونی وایە لە مەسەلەی ئازایەتیدا پێویستە جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ترسنۆکی و بێباکیدا هەبێت.

ئیمانوێل کانت کە خاوەن فەلسەفەی «ئەخلاقی ئەرک»ـە، باوەڕی وایە، کردەوەی مرۆڤ تەنیا لەبەر خاتری ئەرک و ویژدان دەبێت ئەنجام بدرێت، نەک لەبەر بەرژەوەندی یان ترس لە سزا. لای کانت، ئەخلاق لەسەر بنەمای عەقڵ دامەزراوە و کردەی ئەخلاقی تەنیا کردارێکە کە لە دەرەوەی ئەرک ئەنجام دەدرێت و لەسەر بنەمای فەرمانی ڕەها دامەزراوە. ئەم بۆچوونەی کانت لەوە دەچێت نزیک بێت لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستیی یارسان کە پێی وایە مرۆڤ ئەگەر لەبەر ترس کردەوەیەکی خراپی هەبوو، پێویستە لەباتی سزادان پەروەردە ببینێت.

لە یارساندا، کردەوەی مرۆڤەکان گرینگ و بنەواییە. ئەم چەمکە بە جۆرێک پێناسەی بۆ کراوە کە تۆ وەک جووتیارێک هەرچی بچێنیت، بەرهەمی ڕەنجت هەر ئەوە دەبێت کە هەوڵت بۆ داوە.

پیر بنیامین لەم بارەوە دەڵێ:

«کردار کشتەن هەرچی مەکاڵی
پەری وێتان فەردا وەرماڵی»

ڕەدا (ڕێدا): واتە لێبوردەیی، بەخشندەیی، یارمەتیدانی کەسانی تر، قوربانیدان، خزمەتکردنی ڕاستگۆیانە، فیداکاری و بەرگەگرتنی سەختییەکانی ژیان. لە ئایینی یاریدا، بەخشینی مرۆڤەکان، بە واتای ئاشتەوایی، لەسەرخۆبوون، چاوپۆشی و هاودەردی دێت کە جەوهەری ئەم بیرۆکە گرینگ و پڕبایەخە خۆی لە چەمکی (ڕەدا)دا دەبینێتەوە. بەڵام ڕەدابـاری پێویستی بە مامۆستا و پەروەردەیە و هەموو کەسێک ناتوانێت خۆی لەم بوارە بدات.

سوڵتان سەهاک دەڵێ:

«ڕای ڕەداباری چێشەندی ڕسووم
ئوسا و شاگردی پاسا مەۆ مەرقووم»

لەم دوو بەندە کەلامەی سوڵتاندا، دیسان زانست و پەروەردە وەک سەرچاوەی ئەخلاق لە قەڵەم دراوە. واتە تۆ دەبێت لە ڕووی زانستییەوە تاقیکردنەوەت کردبێت، بۆ ئەوەی فێری بەخشین و لەسەرەخۆیی بیت. ئەم جۆرە لە تێڕوانینی یارسان بۆ ئەخلاق کە باس لە پێگەیاندنی مرۆڤەکان دەکات، ڕەنگە زۆر دوور نەبێت لەو ڕوانگە فەلسەفییەی فرێدریک نیچە کە ڕەخنە لە ئەخلاقی باو دەگرێت و پێی وایە ئەخلاقی کۆیلەکانە کە مرۆڤ لاواز دەکات. هەربۆیە لە بانگەشەی بۆ ئەخلاق باس لە جۆرێک لە پێگەیاندن و تێگەیشتنی مرۆڤ دەکات کە لەودا هێز، ئیرادە و سەرکەوتن بە بنەمای چاکە دەزانێت.
لە یارسان و ئایینی بوودادا بۆچوونی هاوبەش هەیە لەسەر چەمکی ئەخلاق. ئەخلاق لە ئایینی بوودا لەسەر بنەمای خۆشەویستی و لێبوردەیی و کەمکردنەوەی سزا دامەزراوە. لە ئایینی بوودا پێنج بنەمای گرنگ هەیە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت:

دوورکەوتنەوە لە کوشتن، دزی، ڕەفتاری نەشیاو، درۆ و قسەی خراپ، و ماددەی هۆشبەر. جگە لە ماددە هۆشبەرەکان، یارسان بۆچوونی هاوشێوەی هەیە لەسەر چوار بنەماکەی دیکەی بوودا. ئامانجی سەرەکیی بوودا لەم پێنج بنەمایە، گەیشتنە بە هۆشیاریی باڵا (نیرڤانا) و دوورکەوتنەوە لە کردارە خراپەکان بەهۆی یاسای کارما (واتە هەر کردارێک کاردانەوەی خۆی دەبێت). نیرڤانا چەمکێکی ئایینی و فەلسەفییە، بە واتای ئاسوودەیی و ئارامییەکی تەواو دێت کە مرۆڤ تێیدا لە خەم، ئازار، و سووڕی ژیان و مردن (سەمسارا) ڕزگاری دەبێت.

چەمکی ئەخلاق لای فەیلەسووف و بیرمەندان، بەپێی قوتابخانە فەلسەفی و ئایینییەکان دەگۆڕێت؛ ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا بریتییە لە زانینی چۆنیەتیی ژیانێکی دروست و دیاریکردنی هێڵی نێوان چاکە و خراپە. خاڵی هاوبەش لە نێوان یارسان و بیرمەندانی ئەورووپایی بۆ ئەخلاق ئەوەیە، کە هەردوولایان پێیان وایە سەرچاوەی کار و کردەوەی چاک گرێدراوی هاوسەنگیی هێزە لە دەروون و ئاوەزدا. ئەندێشەی مرۆڤدۆستی، ئازادیخوازی، نکۆڵیکردن لە داسەپاندنی دەسەڵات،

پرسیارکردن، گەڕان بەدوای حەقیقەت، دادپەروەری و پابەندبوون بە یاسای مرۆڤ، خاڵگەلی گرینگ و پڕبایەخن لە ستوونی ئەرکانی یاری و باوەڕی یارساندا.

هەر بۆیە تەیموور بانیارانی دەڵێ:

«یاران مەر ئەوسا تەیموور دڵشاد بوو
ئازادی مەخلووق دادڕەسی داد بوو»

یارسان لە ڕوانگەی ئەخلاقیی خۆیدا، بە چاکە وەڵامی خراپە دەداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم کردارە ڕات دێنێت و ئامادەت دەکات بۆ ئەوەی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ کرداری خراپدا بکەیت، بە جۆرێک کە ئینسانییەت بکەیت بە پیشە و لە دواییدا بە چاکە وەڵامی خراپە و بە ئەوین و خۆشەویستییەوە وەڵامی چاکە بدەیتەوە.

ڕەنگە بە خوێندنەوەی ئەم کەلامە، باشتر لە واتای مرۆڤدۆستیی یارسان تێبگەین کە دەڵێ:

«دووسی دەس شەرت داشان چەنی هەم
مەبوو چوین گیجەنگ، قاپی بوو موحکەم
ئەر ڕۆژێ سەد جار دەس بنەی پێوە
دووبارە بەیۆ وە جاگەی وێوە»

ئەم کەلامە ئەوەمان بۆ دەردەخات خۆشەویستی و ڕاستگۆیی لە دڵەوە سەر هەڵدەدات و تەنیا بە دڵێکی پاک و دوور لە قین کێشەکان چارەسەر دەکرێن. بەم شێوەیە درەختی خۆشەویستی و سۆز لە دڵەکاندا ڕەگ دادەکوتێت و تەنیا بە هاوسۆزی و تێگەیشتن لەیەکتری دەتوانین لە ڕاستی نزیک ببینەوە. لەبەر ئەوەی ئەخلاق وەک یاسایەک لە یارساندا بنەمای ئەرکێکی مرۆییە کە بەرپرسیارێتی بەرامبەر مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دروست دەکات.

لە چەندین کەلامی خوارەوەدا، زانایانی یارسان باس لە سیفەتە باش و خراپەکان دەکەن، جەخت لەسەر سیفەتە باشەکان دەکەنەوە و سیفەتە خراپەکان لە مرۆڤ و کۆمەڵگە دوور دەخەنەوە.

شێخ ئەمیر لە چەند بەند کەلامدا دەڵێ:

«ئەو مەواچۆ دەرد تۆ باچە گیان
پەرێ تۆ سوودە پەرێ ئەو زیان
...
ئەر ئایین وێت وە خاس مەزانی
وە ئایین کەس بەد نمەوانی
...
هەرکەس دەس و دڵ چەنەش یار نییەن
لە دوکان یار خەوەردار نییەن
...
یاری جەننەتە ئازار نەدارۆ
کەسێ وە کەسێ کارێ نەدارۆ
...
مێردێ ئازادە ڕاگەش بەرد ئەو سەر
مێردی نائازاد وە یاری ئەو وەدەر
...
ڕاگەی حەقیقەت نییەن وە میراس
حەق وە کەسێوەن ئەرکانش بۆ ڕاس
ڕاگەی حەقیقەت کەجبازی نییەن
حەق وە کەجبازی هیچ ڕازی نییەن
ڕاگەی حەقیقەت شیشەبەنییەن
نە جای گەزافەن نە جای مەنییەن
...
ڕا هەر ڕاسییەن، ڕا هەر ڕاسییەن
ڕا هەر یەکێوەن ئەویش ڕاسییەن»

پیر حەسەن خوراسانی دەڵێ:

«دەس و دڵی وێت بکەرە شەرە
هەر کارێ بەدە ئانە مەکەرە»

نەورۆز سۆرانی دەڵێ:

«هەرکەس دوژمنن هانە شکەستم
من وە ڕاهنما ڕاگەش مەوەستم»

کەسێک کە دڵی تژی بێت لە حەقیقەت و پاکی، هەمیشە لە دەوری بازنەی خۆشەویستی دەسووڕێتەوە. بۆیە لە دەربڕینی هەر خاڵێکدا هەنگاوی یەکەم تێگەیشتنە لە مانا و پاراستنی ڕێز.

یارسان وەک ئەرکێکی ئەخلاقی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە و دەڵێ:

«هەی یار گیانی، هەی یار گیانی
ئەز وە فەدات بام ئەی دۆس گیانی
یاری مروەتا وە میهرەبانی
وە سیقە و قوروان وە گیانای گیانی»

هەوڵدان بۆ پاوانخوازی و توندوتیژی لە ڕوانگەی یارساندا جێگەی نابێتەوە و دەسەڵاتی تاکەکەسی جێگەی خۆی دەداتە بیرۆکەگەلی وەک ئازادیی بیرکردنەوە، بیرۆکەی باش، ڕاوێژ و گفتوگۆ.

لەم پێوەندییەدا سوڵتان سەهاک دەڵێ:

«بە کەلام نەرم کەن سەری ئاسنینێ
بۆ میتان بێژن وەکو یاسینی»

یان پیر ڕۆستەم لەم بارەوە دەڵێ:

«یاری و کەلام جای گفتوگووەن
وەشا پا کەسە وە یاریش خووەن»

چەمکی ئەخلاق لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئایینی و فەلسەفیی خۆیدا، لە یارسان و لای زۆرێک لە بیرمەندانی ئەم بوارە، بریتییە لە ڕێکخستنی پرسە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە. بنەمای تێڕوانینی یارسان ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی کە لە شێوەی خۆناسین و مەعریفەدا خۆی دەردەخات و لەو سۆنگەیەوە چەمکی ئەخلاق پێناسە دەکات. ئەم بنەمایە تەنیا لە

خەرمانانی ٢٧٢٦

ژیانی تاکەکانی یارساندا ڕەچاو ناکرێت، بەڵکوو دەبێ لە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لەبەرچاو بگیرێت، چونکە ئایینی یاری جۆرێکە لە تێڕوانینی فکری و فەلسەفی بۆ واقیعی ژیان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

سەرچاوەکان:

- سەرەنجام، ڕوونووس، توێژینەوە و نووسینی تەیب تاهیری، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- مێژوو و فەلسەفەی سەرەنجام، نووسینی تەیب تاهیری، چاپخانەی دەزگای موکریانی، هەولێر.
- دەفتەری شێخ ئەمیر، ڕوونووسی سەید ئەمرۆڵڵا شائیبراهیمی.
- دەفتەری نەورۆز سۆرانی، ڕوونووسی سەید فەرەیدوون دانشمەند.
- مبانی فلسفه اخلاق، رابرت ال هولمز، ترجمه: مسعود علیا.
- اخلاق اسلامی، مبانی و مفاهیم، محمد داودی.

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦

له مێژوو و میراتەوە بۆ پرۆژەی داهاتوو (حیزبی دێموکرات و نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردەواری)

عەلی بداغی

له پێناسەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆرجار ئەم دەربڕینە بەکار هاتووە کە حیزبی دێموکرات حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم دەربڕینە تەنها ڕیزکردنی کۆمەڵێک وشە یان دروشمێکی ناسنامەیی نییە؛ لە پشت ئەم

سەرچاوە
Serchawe

پێناسەیەدا مێژوویەکی ٨١ ساڵە هەیە کە تێیدا حیزب، بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغ و گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا پێکەوە گەشەیان کردووە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی ئەم مێژووە ئەوەیە کە لە هەندێک قۆناغدا سێ نەوە لە چوار نەوەی تێکۆشەرانی حیزب، لە یەک کاتدا و لە یەک سەنگەری هاوبەشدا، خەباتیان کردووە. ئەمە تەنها نیشانەی درێژایی تەمەن و بەردەوامیی حیزب نییە؛ بەڵکوو نیشانەی جۆرێک لە گواستنەوەی ئەزموون، بیر، بەها، ناسنامە و ئەخلاقی سیاسییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەم ٨١ ساڵ خەبات و تێکۆشان و ئەو مێژووە دوورودرێژ و خوێناوییە چ کاریگەرییەکی لەسەر نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و لە بەرامبەر گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگە، شێوازی بیرکردنەوە و ئاستی داخواز و چاوەڕوانییەکانی نەوەی نوێدا، حیزبی دێموکرات چ میتۆدێکی نوێی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێت بگرێتەبەر؟ ئەم دوو پرسیارە بەیەکەوە پەیوەستن. چونکە ئەگەر مێژوو تەنها بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو بێت، دەبێتە مۆزەخانە؛ بەڵام ئەگەر ببێتە سەرچاوەی فێربوون و بەرهەمهێنانی بیر و ستراتیژی، ئەوا دەبێتە سەرمایەیەکی زیندووی داهاتووساز.

کاریگەریی مێژووی خەبات لەسەر نەوەی نوێ

شک لەوەدا نییە نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە خوێندنەوەی مێژووی بزووتنەوەی کورد، دەزانێت کە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات تەنها زنجیرەیەک لە ڕووداو و ڕاپەڕین و هەڵمەتی پێشمەرگانە و کار و چالاکیی حیزبی نەبووە. بەڵکوو ئەم خەباتە بەشێکە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی دروستکردن و پاراستنی خودی سیاسی و نەتەوەییی کۆمەڵگەی کورد. لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە تا قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بەرگریی پێشمەرگانە، و لە خەباتی سیاسی و مەدەنیی ئەمڕۆدا، ئەم بزووتنەوەیە بە نرخێکی زۆر گران بەردەوام بووە.

ئەو نرخە تەنیا بە گیان و خوێنی تێکۆشەران نەدراوە؛ ساڵانێک زیندانی، ئاوارەیی، سەرکوت، دابڕان، لەدەستدانی هەلی ژیان و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەش بەشێکی دیکەی ئەم تێچووە بووە. بۆیە، مێژووی حیزبی دێموکرات لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵە. ئەم حیزبە تەنها ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە لەگەڵ کۆمەڵگە کار بکات؛ بەڵکوو لە زۆر قۆناغدا خۆی بەشێک بووە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە. لە هەمان کاتدا، پێویستە مێژوو لە پێوەندییەکی دروستدا بخوێندرێتەوە. مێژوو نابێت ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی سیاسی. نەوەی نوێ دەبێت ڕابردوو بناسێت، لێی فێربێت، لە هەڵەکان فێر ببێت، سەرکەوتنەکان

هەڵبسەنگێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە ڕابردووەوە نەبەستێتەوە. واتە میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتە بەهادارە کە بتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی زیاتر.

نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەمان کاتدا کە لە جیهانێکی زۆر جیاواز لە جیهانی نەوەکانی پێش خۆی دەژیت، بەشێک لە بەها و بیرکردنەوەکانی خۆی لە مێژووی خەبات وەرگرتووە. ئەم مێژووە لە نەوەی نوێدا چەند سەرمایەیەکی گرنگی دروست کردووە: پێویستیی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، وشیاریی سیاسی، ورەی بەرخودان، متمانە بە توانای خۆ، هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و باوەڕ بەوەی کە ماف بەبێ خەبات بەدەست نایەت. بەڵام نەوەی نوێ ئەم بەهایانە بە شێوەیەکی جیاواز دەخوێنێتەوە. ئەگەر نەوەکانی پێشوو لە زۆر قۆناغدا خەباتیان هەر لە چوارچێوەی ڕێکخستن، پێشمەرگایەتی، چەک، مەیدان و ڕێکخراوی سیاسیدا دەدیت، نەوەی نوێ هەمان ئامانج بە چاوێکی فراوانتر دەبینێت.

ئەم نەوەیە دەزانێت هێزی نەتەوە تەنها لە هێزی ڕەق و توانای چەکداری پێک نایەت. هێزی سیاسیی نەتەوە لە کۆی چەندین جۆری توانادا پێک دێت: زانست، خوێندن، توانای ئابووری، میدیا، زانیاری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، توانای دروستکردنی ڕیوایەت و گێڕانەوە، دیپلۆماسی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، توانای بەشداریی مەدەنی و توانای دروستکردنی هاوپەیمانی. ئەم گۆڕانکارییە لە تێگەیشتن لە هێز، یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی نەوەی نوێ.

شاخ و پێشمەرگە، شار و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان

جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکە تێیدا سنووری نێوان هێزی ڕەق و هێزی نەرم ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە. ئەو کۆمەڵگەیەی بتوانێت بیر و ڕیوایەت و زانیاریی خۆی بەرهەم بهێنێت و بیگوازێتەوە، دەتوانێت کاریگەریی سیاسیی لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دروست بکات. نەوەی نوێی کورد لەم گۆڕانکارییە تێگەیشتووە. بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو نەوەیە تەنها ئامرازی پەیوەندی و کات بەسەربردن نییە؛ بەڵکوو بۆشاییەکی نوێیە بۆ دروستکردنی وشیاری، بەرهەمهێنانی ڕیوایەت، بەرگریی ناسنامە، ڕێکخستنی خۆپیشاندان و گەیاندنی دەنگی کۆمەڵگە بە دەرەوە.

ئەمە زۆر گرینگە کە لە تاراوگە و دیاسپۆرا بەکارهێنانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاری ڕێکخراوەیی و کەمپینەکان و چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان، بەشێکە لەو هەوڵەی کە دەیەوێت پرسی کورد لە چوارچێوەیەکی نێوخۆییەوە بباتە ئاستی نێودەوڵەتی. هاوکات لە نێوخۆی کوردستانیش، چالاکییە مەدەنییەکان، ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، چالاکییەکانی پاراستنی زمان و ناسنامە، و فێرگە و پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان، هەموویان بەشێکن لە شەڕێکی

فراوانتر بۆ پاراستنی بوونی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کورد. ئەمە جۆرێکی نوێی خەباتە؛ خەباتێک کە سەنگەرەکانی تەنیا شاخ نین و لە شارەکان سەر وەدەر دەنێن؛ لە قوتابخانە، زانکۆ، میدیا، کتێبخانە، ئەنجومەن، تۆڕە کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو شوێنانی کە تێیدا بیر و ناسنامە و ئیرادەی کۆمەڵگە دروست دەکرێت.

نەوەی نوێ و حیزبی دێموکرات؛ لە پەیوەندیی مێژووییەوە بۆ پەیوەندییەکی نوێ

نەوەی نوێ بەرامبەر بە مێژووی خەبات و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد ئەمەگناسە و ئەو حیزبە لە بیر و ویژدانی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەدا بە سەرمایەیەکی سیاسی و مێژوویی ناسراوە. بەڵام لێرەدا پێویستە جیاوازییەکی گرنگ ببینین: ڕێزگرتن لە مێژوو بە مانای دووبارەکردنەوەی شێوازی خەباتی ڕابردوو نییە.

نەوەی نوێ لە هەمان کاتدا کە شانازی بە مێژووی حیزبی دێموکراتەوە دەکات، بەڵام پرسیاری نوێشی هەیە. ئەو دەیەوێت بزانێت حیزب چۆن لە مێژووی خۆیەوە بۆ داهاتوو دەڕوانێت؛ چۆن لەگەڵ جیهانی گۆڕاو مامەڵە دەکات؛ چۆن توانای نەوەی نوێ دەخاتە نێو پرۆسەی بڕیاردان و بەرهەمهێنانی ستراتیژی؛ و چۆن لە ڕێکخراوێکی بەئەزموونەوە دەبێتە دامەزراوەیەکی سیاسیی توانابەخش. ئەمەش دەکرێت یەکێک بێت لە گرنگترین ئاڵنگارییەکانی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی داهاتوودا.
حیزب لە مێژووی خۆیدا زۆرجار ناچار بووە ڕۆڵی ڕێکخەر، ڕێبەر و بڕیاردەر بگێڕێت. ئەمەش لە قۆناغە مێژووییەکانی خۆیدا هۆکاری خۆی هەبووە. بەڵام کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، بە تایبەتی نەوەی نوێ، پێویستی بە شێوازێکی دیکەی پەیوەندی لەگەڵ حیزب هەیە. واتە دەبێت ڕۆڵی حیزب لە "ڕێکخەر"ەوە بۆ "توانابەخش" بگۆڕدرێ. حیزب نابێ لە هەموو شتێکدا هەر خۆی ببێتە چەقی بڕیار، بەڵکوو دەبێ ببێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی. نەوەی نوێ پێویستی بە ئازادیی بیرکردنەوە، خۆڕێکخستن، داهێنان، ئەزموونکردن و فێربوون لە هەڵەکردن هەیە و ئەگەر هەموو شتێک لە چوارچێوەیەکی توندوتۆڵی ڕێکخراوەییدا کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا بەشێک لە توانای داهێنانی ئەم نەوەیە دەکوژرێت. بۆیە، حیزبی دێموکرات دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ نەوەی نوێدا لە "ئەوان بۆ حیزب چی دەکەن؟"ەوە بگۆڕێت بۆ "حیزب چ بەستێنێک بۆ ئەوان دروست دەکات؟"

مێژووی حیزب؛ قوتابخانەیەک بۆ نەوەی نوێ

حیزبی دێموکرات سەرمایەیەکی زۆر گەورەی ئەزموونی لەسەر یەک هەڵچنیوە. ئەم ئەزموونە دەتوانێت بۆ نەوەی نوێ پاشخانێکی سیاسیی دەوڵەمەند بێت. نەوەی نوێ دەتوانێت لە مێژووی حیزبدا ڕێکخستن، متمانە، بەرپرسیارێتی، قوربانیدان، پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە، دیپلۆماسی، دروستکردنی هاوپەیمانی، مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران،

هەڵسەنگاندنی هەڵە و سەرکەوتن فێر بێت. بەڵام ئەم فێربوونە بۆ پەرستنی ڕابردوو نییە. نەوەی نوێ دەبێت مێژوو بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەوانەی پێش ئەو چۆنیان خەبات کردووە؛ بەڵام دەبێت ئەو مێژووە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بزانێت خۆی چۆن دەبێت درێژە بەو خەباتە بدات. واتە نەوەی نوێ شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەی سیاسیشە و ئەوەی پێویستیشە دروست بکرێت مرۆڤی سیاسیی نوێی کوردە.

ئەرکی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر نەوەی نوێدا تەنیا هەر بانگەوازکردن بۆ بەشداری نییە؛ ئەرکی سەرەکیتر ئەوەیە سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنانی کادر، بیر و توانای سیاسی دابمەزرێنێت. حیزب دەبێت زیاتر گرنگی بە پەروەردەی سیاسی، خوێندنەوە، توێژینەوە، دیبەیت، فێرکاریی میدیایی، توانای دیپلۆماسی، زمان، ئابووری، یاسا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شیکردنەوەی ستراتیژی بدات. حیزبێکی مۆدێرن نابێت تەنیا هەر کادری ڕێکخراوەیی بەرهەم بهێنێت؛ دەبێت توانای بیرکردنەوە بەرهەم بهێنێت. حیزب دەبێت لەنێو نەوەی نوێدا ژینگەیەک دروست بکات کە تێیدا لاوەکان بتوانن پرسیار بکەن، ڕەخنە بگرن، پێشنیار بدەن، لەگەڵ بیرۆکەی جیاوازدا دیالۆگیان هەبێت و لە هەمان کاتدا فێری بەرپرسیارێتیی سیاسییش ببن. چونکە حیزبی بەهێز ئەو حیزبە نییە هەموو ئەندامەکانی بە یەک شێوە بیر بکەنەوە؛ حیزبی بەهێز ئەوەیە بتوانێت جیاوازیی بیرکردنەوە بگۆڕێت بۆ هێزی بیر و ستراتیژی.

دواجار؛ سەنگەرە جیاوازەکانی خەبات

لە مێژووی خەباتی کورددا سەنگەر زۆرجار شوێنی مانەوە و بەرگری بووە، بەڵام ئەمڕۆ سەنگەرەکان زۆر بوون.

سەنگەری ئەمڕۆ دەتوانێت زانکۆ، کتێبخانە، تۆڕی کۆمەڵایەتی، میدیا، کۆمپانیا و دامەزراوەی ئابووری، ئەنجومەنی مەدەنی و بواری هونەر و ئەدەبیات یان بوارەکانی یاسا و مافی مرۆڤ بێت، دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بێت. ئەمە بە مانای کەمکردنەوەی گرنگیی سەنگەرە کۆنەکان نییە؛ بەڵکوو بە مانای فراوانکردنی چەمکی سەنگەرە.

ئەگەر لە سەدەی ڕابردوودا پێشمەرگە بەشێک بووە لە پاراستنی خاک و خەبات بۆ ئازادی، ئەمڕۆ خوێندکار، مامۆستا، نووسەر، توێژەر، ژینگەپارێز، ڕۆژنامەنووس، چالاکی مەدەنی، پیشەساز، دیپلۆمات و بەرهەمهێنەری ناوەرۆکیش دەتوانن بەشێک بن لە هێزی سیاسی و نەتەوەیی کورد.

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرماناندا

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!

چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی» تێدەپەڕێت. شەهیدبوونی ژینا بووە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی، کە تێیدا کاردانەوەی بێوێنە و بوێرانەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران، بناغەکانی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیی هەژاند و دەنگی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان و هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی بە جیهان گەیاند.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا لە ساڵیادی ئەو سەرهەڵدانە سەرتاسەرییە نزیک دەبینەوە کە دۆخی خەڵک و پرسی ئازادییەکانیان لەوپەڕی خراپیدایە؛ بەتایبەت دوای شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، سەرجەم قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان قووڵ بوونەتەوە. دەسەڵات بۆ شاردنەوەی شکستەکانی لە ئاستی دەرەوە و لاوازییەکانی نێوخۆی، گوشارە ئەمنی و ئابوورییەکانی بۆ سەر خەڵکی وەزاڵەهاتووی کورد و ئێرانی چەند هێندە کردووە،

بە جۆرێک کە هەژاری، گرانی، بێکاری و نەبوونی ئازادی و ئاسایش تەنگی بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان هەڵچنیوە.

سەرەڕای پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و زیندوویی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، ڕێژیم بەردەوامە لە سیاسەتی کوشتار و سەرکوتکردن. شەپۆلی دەستبەسەرکردنی خەباتکارانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی، داکۆکیکارانی مافی ژنان، چالاکانی کولتووری، ژینگەپارێزان، کرێکاران و مامۆستایان بەردەوامە و لە هەڵکشاندایە. سەپاندنی سزای قورسی بەندکردن و زیادبوونی بێوێنەی سزای سێدارە، لەلایەکەوە نیشانەی ترسی ئەم ڕێژیمەیە لە ئیرادەی خەڵک و لەلایەکی دیکەش ئاماژەیە بە پێداگری لە توندوتیژی کە بنەمای دەسەڵاتەکەیەتی.

گەلی کورد کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە پێشەنگی تێکۆشان بۆ ئازادی بووە، لەم هەلومەرجە هەستیارەشدا ڕۆڵێکی مێژوویی لە ئەستۆیە. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و تێپەڕبوون لەم ڕێژیمە، تەنیا بە یەکگرتوویی و ئیرادەی یەکلاکەرەوەی خەڵک دەکرێت. کاریگەریی هەبوون و بەردەوامیی تێکۆشان لە بوارە جیاوازەکان و دەوری خەباتی مەدەنی و سەرتاسەری لەلایەن کۆمەڵگەوە، بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵات و هەروەها نیشاندانی ئیرادە و یەکگرتوویی سەرجەم چین و توێژەکان بابەتێکی سەلمێندراوە.

بەڕێوەچوونی نارەزایەتیی سیاسی و مەدەنی و بەتایبەت مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان هەر لە دەستپێکی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە تا بە ئەمڕۆ، ئەوەی نیشان داوە کە ڕەوتی داواکارییە نەتەوەیی و ئازادیخوازییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هێڵی سیاسی و بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە جیاواز بووە. نەتەوەکەمان لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی و مێژوویی، جگە لە جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی خۆی، دژی توندوتیژی و سەرکوتیش وەستاوە و پەیامی سیاسیبوون و مەدەنییانەی تێکۆشانی خۆی نیشانی جیهانیان داوە.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، وەک «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵک دەکەین، ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان و لە چوارەمین ساڵرۆژی تاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی، مانگرتنێکی سەرتاسەری و گشتی لە بەرامبەر بەردەوامیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە ببەن. ئەم مانگرتنە جگە لە وەبیرهێنانەوەی یادی سەرجەم شەهیدان و نرخەکانی شۆڕشی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی»، تێکۆشانێکی مەدەنی و وەڵامێکی جەماوەرییە دژی قەیرانە ئەمنی و ئابوورییەکان و دەبێتە پەیامی زیندووبوونی خەباتی مەدەنی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان.

سەرچاوە
Serchawe

داوا لە هەموو خەڵکی تێکۆشەر و ئـازادیخواز دەکەیـن ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانـان بە داخستنی دووکـان و بـازاڕەکـان و مانەوە لە ماڵەکانیاندا پێوەستی ئەم مانگرتنە گشتییە بن و هەمووان پێکەوە بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو دووپاتی بکەینەوە کە گەلەکەمان لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی کەڵک وەردەگرێت و هەرگیز تەسلیمی زوڵم نابێت. ئەم مـانگرتنە گشـتییە، هەنگـاوێکی گرنـگ و پەیـامێکی ڕوونـی بەرەنگـاربوونەوە دەبێـت بـۆ چەسـپاندنی ئیـرادەی سیاسـی و نەتەوەییمان.

هەر بۆیە داواش لە سەرجەم لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەکەین پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی ئەم مانگرتنە گشتییە بکەن، تاوەکوو بە یەکڕیزی و بە هێزی خەباتی مەدەنیی خۆمان نیشانی بدەین کە سیستەمی سەرکوت و سێدارە هەرگیز ناتوانێت پێش بە تێکۆشانە ڕەواکانمان بگرێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی

١٣ - ٠٩ - ٢٠٢٦

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

مانگرتنی سەرانسەری؛ وەڵامێکی مەدەنی بە بنبەستی سیاسی و قەیرانی هەمەلایەنەی ئێران!

ئیبراهیم لاجانی

چوار ساڵ بەسەر کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا تێدەپەڕێت، بەڵام کۆمەڵگەی ئێران هێشتا نەیتوانیوە بەری ئەم بزووتنەوەیە هەڵبگرێتەوە و داوا و ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر لە جێی خۆیانن؛ واتە ئازادی، یەکسانی، کەرامەتی مرۆیی و مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیان و لابردنی هەڵاواردنی سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و ناوچەیی.

بانگەوازی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی، لە چوارەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، دەبێت لە چوارچێوەی ئەم ڕاستییەدا هەڵسەنگێندرێت؛ ڕاستییەک کە تێیدا قەیرانی شەرعییەتی سیاسیی ڕێژیم، لەگەڵ هەژاری، هەڵاوسان، بێکاری، سەرکوت و نائەمنیی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان تێکەڵ بووە.

کوشتنی ژینا تەنیا ڕووداوێک یان هەڵەی تاکەکەسیی کاربەدەستێک نەبوو، بەڵکوو دەرخەری تایبەتمەندییەکانی نیزامێکی سیاسی بوو کە کۆنترۆڵکردنی جەستە، هەڵبژاردن و شێوازی ژیانی ژنان، بە بەشێک لە میکانیزمی دەسەڵاتداریی خۆی دەزانێت. بەردەوامیی کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیەش پێمان دەڵێ ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە زەبری سەرکوت خۆی لە دەسەڵاتدا هێشتووەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە خواستی ئازادی لە کۆمەڵگە بسڕێتەوە.

بانگەوازی مانگرتن لە چوارەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، لەسەر ئەو ڕاستییە بنیات نراوە کە قەیرانی ئێستا تەنیا هەر سیاسی نییە. ئابووریی ئێران لەژێر باری بەڕێوەبردنی ناکارادا، گەندەڵیی سیستەماتیک، گەمارۆکان، تێچووی سیاسەتی دەرەوە و نەمانی متمانەی گشتی، بەردەوام هەتا هاتووە لاوازتر بووە. دابەزینی توانای کڕین، بڵاوبوونەوەی هەژاری، ناسەقامگیریی پیشەیی، قەیرانی نیشتەجێبوون و قووڵبوونەوەی کەلێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی، ژیانی ملیۆنان کەسی لەگەڵ سەختی و دژواری بەرەوڕوو کردووە. گوشاری ئەم دۆخەش، زیاتر لە هەمووان، لەسەر شانی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، مووچەخۆران، ژنانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە و چین و توێژە زەحمەتکێش و پەراوێزخراوەکان لە نەتەوە بندەستەکاندا قورسایی دەکات.

هاوکات ئاڵۆزییە ناوچەییەکان و شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، قەیرانەکانیان قووڵتر کردووەتەوە؛ کە دیارە بەرپرسیارەتیی هەموو ئەوانەش هەر لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە. هەژاری و گرانی و بێکاری و نەبوونی ئەمنییەت و تەرخانکردنی سەرچاوە گشتییەکان بۆ دامەزراوە نیزامییەکان لە نێوخۆی ئێران، و سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری ناوچە و نائەمنکردنی ئەمنییەتی ناوچە، سیاسەت و هەڵبژاردەی خودی ڕێژیمن. کۆمەڵگەی ئێران نابێت ناچار بکرێت لە نێوان ستەمی نێوخۆ و شەڕی دەرەکیدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بۆیە لە دۆخێکی ئاوادا، مانگرتن یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی خەباتی مەدەنی و ئاشتییانەیە.

مانگرتن، بە پێچەوانەی توندوتیژی، لەسەر ڕاگرتنی هاوکاریی ڕۆژانە لەگەڵ سیستەمێک بنیات دەنرێت کە بەبێ کار، خوێندن، بازرگانی و بەشداریی ئاسایی هاووڵاتییان ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەم شێوازە دەرفەت بە کۆمەڵگە دەدات نارەزایەتیی خۆی بە ئاشکرا دەرببڕێت، بەبێ ئەوەی بە ناچاری بچێتە نێو پێکدادان و توندوتیژییەوە. هێزی مانگرتن لە

سەرچاوە
Serchawe

سەپاندن و زۆرەملێدا نییە؛ بەڵکوو لە هاودەنگیی ئاگادارانە، ئازادانە و بەربڵاوی خەڵکدایە.

بانگەوازی مانگرتنی گشتی بۆیە گرنگە، چونکە داخوازیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی بەیەکەوە گرێ داوەتەوە: خواستی بازاڕییان بۆ سەقامگیریی ئابووری، ناڕەزایەتیی مامۆستایان بەرانبەر بە هەڵاواردن و قەیرانی پەروەردە، داواکاریی کرێکاران بۆ مووچەی دادپەروەرانە، خەباتی ژنان دژی هەڵاواردن، نیگەرانیی خوێندکاران سەبارەت بە ئازادیی زانکۆ و داخوازیی لاوان بۆ داهاتوویەکی شایان، هەروەها داوای گەلانی بندەست بۆ مافە ڕەواکانیان، لێک جیا نین. ڕەگی هاوبەشی بەشێکی زۆر لەم کێشانە دەبێت لە نەبوونی دەسەڵاتێکی وەڵامدەر، هەڵاواردنی سیستەماتیک و بێبەشکردنی خەڵک لە بەشداریی کاریگەر لە بڕیارداندا ببینرێت.

لە ڕوانگەی یاساییشەوە، کۆبوونەوە، خۆڕێکخستن و دەربڕینی ئاشتییانەی ناڕەزایەتی، لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی ئازادن. ماددەکانی ١٩، ٢١ و ٢٢ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە ئێرانیش تێیدا ئەندامە، پشتیوانی لە ئازادیی ڕادەربڕین، کۆبوونەوەی ئاشتییانە و ئازادیی ڕێکخراوبوون دەکەن.

بانگەوازەکە هەروەها ڕۆڵ و پێگەی مێژوویی کوردستان لە خەباتی ئازادیخوازانەدا دەخاتە بەرچاو. کوردستان لە بزووتنەوەی ژینادا ڕۆڵێکی پێشەنگ و چارەنووسسازی هەبوو، بەڵام پەیامی ئەم بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاریکراودا نەمایەوە. بەهای سیاسیی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە پەیوەستکردنی ڕزگاریی ژن، ئازادیی تاک و ژیانێکی شایستەی مرۆڤدایە. هاوپشتی و هاوپێوەندیی نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران، کاتێک پایەدار دەبێت کە لەسەر بە فەرمی ناسینی مافەکانی یەکتر، قبووڵکردنی فرەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووری و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک بنیات بنرێت.

پەیامی سەرەکیی ئەم بانگەوازە ئەوەیە کە سەرکوت، لەسێدارەدان و بەئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگە نەیانتوانیوە داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵک لە نێو بەرن یا لە بیریان بەرنەوە؛ بۆیە کوردستان جارێکی دیکە دەبێتەوە پێشەنگ و سەرقافڵەی ناگوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی.

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

«رفتار مداخلەجویانە» هیچ بە باش نازانین

دارسمە

ئەم جیاکردنەوە و جیاکارییە زمانی و زمانەوانییە، بەتایبەت پێداگری لەسەر زمانێک جگە لە زمانی هاوبەشی گەلان، ئاکارێکە خەڵک تووشی کێشەی بنەڕەتی، یان بە وتەی زمانی هاوبەشی گەلان تووشی «مشکل اساسی» دەکات. جا لەبەر هندێ (نەک لەبەر پاکستانێ!)، پێویستە بەوردی بیر لە هەموو شتێک بکەینەوە، تەنانەت لە سیاسەتیش. لێرەدا وشەی «هند» ناچاری کردم نێوبڕێک بدەمە ئەم قسانەم؛ سەبارەت بەوەی وشەی «هند» بە دەممدا هات و «پاکستان»یشی لێ کەوتەوە، دەمەوێت لە مەودای نێوان کرانەوە و داخستنەوەی دوو کەوانەی بەرانبەر بە یەکدا، بابەتی ئەم «هند» و «پاکستان»ـە شی بکەمەوە.

با سەرەتا کەوانەی یەکەم بکەینەوە و دەست پێ بکەین: (زمانی کوردی، چونکە زمانی هاوبەشی گەلان نییە، لەنێو دەروونی خۆیدا جاری وایە هەڵگری کێشەیە. بۆ وێنە، وشەی «هند» کە زۆرجار وەک «هەند» و «هێند»یش دەریدەبڕن، هەمان مانای «قەیاس» و «بڕ» دەدات و جاری واش هەیە وەک ئیدیۆم دەبێتە جێناو و مانای «ئەم» یان «ئەو»یش

دەبەخشێت. ئەگەر لە سەرەوە وشەی «هند» لەجیاتی «ئەمە» لە دەم دەرنەپەڕیبایە و لەجیاتی دەستەواژەی «لەبەر هندێ» گوتبام «لەبەر ئەمە»، هەرگیز وشەی «پاکستان» بە دوایدا نەدەهات. ئەم دابڕانە و کەوانەکردنەوەیەش هەر لەبەر هندێ - ببوورن لەبەر ئەمە - بوو، بۆیە واباشە لێرەدا کەوانەکە داخەین).

ئەوە کەوانەمان داخست و دەچینەوە سەر بابەتی خۆمان. خۆزگە هند و پاکستان لەجیاتی ئەوەی دراوسێی یەک بن، یەک وڵات بوایەن و ئەم هەموو فرەزمانییەی هندوستان و کێشەی پاکستان و - بیللا مانێ - بەنگلادیشیش دروست نەبوایە! هەموویان زمانی ئینگلیزییان بکردبایە بە زمانی گەلان و لەم شەڕە گەڕەکە ڕزگاریان بوایە. بەڵام هند سوودێکی باشی کردووە، ئەویش ئەوەیە بەلووچەکانی لە کۆڵ بووەتەوە و ئەوان کەوتوونەتە سەر سنوورەکانی پاکستان و ئێران؛ بە جەهەننەم با هەر لەوێ، یانی لەم دوو وڵاتەدا ژیان بە زمانی گەلان بگەیەنن.

باش بوو ناوی ئێرانم هێنا و دەستەواژەی سەرەکیی ئەم بابەتە، واتە ⁕⁕«مداخلەجویانە»⁕⁕م بیر کەوتەوە. ئەم دەستەواژەی ⁕⁕«مداخلەجویانە»⁕⁕یە کە هی زمانی گەلانە، لە ئێران دوای لێدوانێکی پیسی سەرۆککۆماری ئەمریکا لەم دواییانەدا زیاتر کەوتووەتە سەر زار و زمانان و وای کردووە قووڵتر بیر لەم دەستەواژەیە بکەینەوە.

هەموومان ئاگادارین پاش ئەوەی دەستەڵاتی «پیرۆز»ی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر ئێراندا گرت و ناوی «باڵیۆزخانە»ی ئەمریکای بۆ «سیخوڕخانە»ی ئەمریکا گۆڕی، دەستەڵاتی ئەم ئەمریکایە پەیتا پەیتا بە شێوەی جۆراوجۆر هێرش دەکاتە سەر دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی. بەڵام لە سایەی سیاسەتی ژیرانەی ژێربەژێرانە و بیرکردنەوەی قووڵی «امت همیشە در صحنە»، قەت نەیتوانیوە زیان بەم دەستەڵاتە «پیرۆزە» بگەیەنێت. بە فڕۆکە و مووشەک و بۆردومان و گەمارۆی ئابووری و مابووریش، نەیتوانیوە دەستەڵاتی پیرۆز لەنێو ببات. تەنانەت ⁕⁕«بە شهادت رساندن»⁕⁕ی ئەم هەموو فەرماندە و مەرماندەیە بە ڕێبەری مەزنەوەش، نەیانتوانیوە موویەک لە «اقتدار نظام» کەم بکەنەوە. وەک پابەندبوونێک بە زمانی گەلانەوە، باس لە دەستەواژەی «بە شهادت رساندن» و «اقتدار» بە ڕێنووسی پیرۆزی گەلان دەکەم، دەنا بڕوا بکەن دەتوانم ئەوانیش بە کوردیی پەتی بڵێمەوە، بەڵام مخابن ئەو کوردییە پەتییە زیان بە بیروبۆچوونی پێشکەوتووانە دەگەیەنێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بابەتی دوژمنداریی نێوان دوو دەستەڵاتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی و لەسەر وشەی «مداخلەجویانە» چڕ ببینەوە، ئەوانەی ئەمریکا دژ بە کۆماری ئیسلامی کردوونی، هیچیان بە قورسایی و بارستایی لێدوانی ئەم دواییانەی سەرۆککۆماری ئێستای ئەمریکا، واتە دۆناڵد ترامپ، «مداخلەجویانە» نەبوونە. ئەوەتا بە ڕۆژی

خەرمانانی ٢٧٢٦

ڕوون دەڵێت چاوەڕوانم خەڵکی ئێران ڕاپەڕن و وەک ئەو دەڵێت، ئەم «رژیم»ـە لەنێو بەرن. ئێستا ئەوەندە لەخۆبایی بووە دەڵێت چاوەڕوان نیم لەگەڵ ئێراندا دانوستانیش بکەین.

ئێستا وا باشە ئەو پاکستان و ماکستان و شتانە، هەوڵ بدەن ئەم کابرایە سوورەهۆڵە تێبگەیەنن کە دانوستان لە کردەی «مداخلەجویانە» باشترە. دەکرێت بە دانوستان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک بکەوین و ئەگەر ڕێکیش نەکەوین،

بۆ گۆڕینی خاڵەکان و کەم و زیادکردنی خاڵی دیکە تێدەکۆشین:

١- ئەمریکا بەپێی خواستی خۆی هێندێک کەسی ناوداری «نظام مقدس» شەهید بکات، بەڵام بە مەرجێک دواتر بتوانین بۆ پتەوکردنی «اتحاد داخلی» بە بەزم و ڕەزمی خۆمانەوە بیاننێژین و کۆتەڵیان بۆ برازێنینەوە و پێیان هەڵبڵێین.

٢- ساڵانە خەڵک بۆ ڕێپێوانی ئەربەعینی حوسەینی کۆ بکەینەوە.

٣- ئەمریکا بۆی هەبێت لە هەموو سەرچاوەیەکی نەوتی و مەوتی و هەموو بازاڕێکی ئێراندا بە شێوەیەک لە شێوەکان کە ژێرانە لەسەریان ڕێک دەکەوین، خەریکی وەبەرهێنان بێت.

٤- «طرفداران نظام مقدس» بتوانن لەسەر سووتاندنی ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا بەردەوام بن.

سەرەڕای ئەم خاڵە سەرەتاییانە، دەکرێت ئەمریکاش چەند خاڵێکی خۆی هەبێت. بەڵام ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوورە، تەنیا ئەم **«رفتار مداخلەجویانە»**یە و ئەمەیان زیانی زۆر بە «بنیانهای نظام» دەگەیەنێت.

بەم هیوایەی ئەمریکای «جنایتکار» واز لە «رفتار مداخلەجویانە» بهێنێت، دەستەڵاتی زمانیی گەلان بەردەوام بێت و لە ئاکامدا چل پەنجا ساڵی تریش ئەم دۆخە هەروا بێت گورگ و مەڕ هەروا لەسەر ڕووباری هاووڵاتیانی ئێمە بە یەکەوە ئاو بخۆنەوە.

وەک مەسیحی و موسوڵمان دەڵێن: «ئـامیـن»

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ژینا، ناوێک کە بووە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی

حەسەن قارەمانی

هەندێک ناو هەر هی مرۆڤەکان خۆیانن، بەڵام هەندێکی تریان بەهۆی ڕووداوە ئازاربەخش و مێژووییەکانەوە، لە خودی کەسەکە گەورەتر دەبن. «ژینا ئەمینی» یەکێکە لەو ناوانەیە کە بووەتە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی.

دوای چوار ساڵ لە گیانلەدەستدانی، ناوی ژینا لە کوردستان و ئێراندا دەزرینگێتەوە. لە گۆرانی، بیرەوەری، دەنگی ژنان و

لەنێو نەوەکاندا دەبیسترێت؛ نەوەیەک کە ڕەتی دەکاتەوە ئازادی وەک بەخشیشێک ببینێت. ژینا کچە گەنجێکی کوردی خەڵکی سەقز بوو. ژیانێکی لە پێش بوو، بنەماڵەکەی لە دەوروبەریدا بوون و خەونەکانی هەرگیز دەرفەتی بەدیهاتنیان نەبوو؛ بەڵام گیانبەختکردنی، ئاراستەی مێژووی گۆڕی.

ئەوەی بە خەم و پەژارەی ژینا دەستی پێ کرد، زۆر زوو بوو بە بزووتنەوەیەک کە سنووری بنەماڵە و کوردستانی تێپەڕاند. «ژن، ژیان، ئازادی» بوو بە یەکێک لە بەهێزترین دروشمەکانی بەرەنگاربوونەوەی زۆرداری لە سەردەمی ئێمەدا.

بۆیە دوای چوار ساڵ، پرسیارەکە تەنیا ئەوە نییە کە چی بەسەر ژینادا هات؛ پرسیارەکە ئەوەیە: ناوی «ژینا» چی بەسەر ئێمەدا هێناوە؟

ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێت چیرۆکەکە ئەوەندە بەئازار بێت. لە پشت هەموو هێمایەکی مێژووییەوە، مرۆڤێک هەیە: ڕووخسارێک، دەنگێک، ماڵێک، بنەماڵەیەک و ژیانێک کە دەکرا بەردەوام بێت.

لە سەروبەندی یادی چوارەمین ساڵوەگەڕدا، ئەمجەد ئەمینی و موژگان ئیفتخاری، باوک و دایکی ژینا، بەرگری لە یادەوەریی کچەکەیان دەکەن. پەیامەکەیان هەم خەم و پەژارەی کارەساتی لەدەستدانی ژینا لەخۆدەگرێت و هەم ئەو قەناعەتەی کە نابێت ناوەکەی لە مێژووی کوردستاندا بسڕدرێتەوە.

ژینا چیتر پێویستی بە ناونیشانێکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی مێژوویی بێت. ئەو کچە بوو بە بەشێک لە مێژوو، چونکە خەڵک ناوی ئەویان کردە داواکاری بۆ کەرامەت. بنەماڵەکەی هەڵگری خەم و پەژارەن، خەڵکیش هەڵگری یادەوەرییەکەن؛ یادەوەرییەک کە بووەتە بەشێک لە خەباتی ئازادیی داهاتوو.

ژینا لە کوردستان لەدایک بووە؛ هەر بۆیە مەحاڵە چیرۆکی گیانبەختکردنی ئەو کچە بگێڕدرێتەوە بەبێ ئەوەی باسی کوردستان بکرێت. بۆ کورد، «ژن، ژیان، ئازادی» زیاترە لە دروشمێکی سیاسی؛ پوختەی ئەزموونێکی دوورودرێژی خەباتە بۆ شوناس و کەرامەتی مرۆیی.

کاتێک خەڵک پاش گیانبەختکردنی ژینا، دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان بردە سەر شەقامەکان، وێنەی ژینا لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان، ئێران و جیهانیشدا گۆڕا. ژینا ئیتر تەنیا کەسێک نەبوو کە مێژوو کاریگەریی لەسەر دابنێت؛ بەڵکوو

بوو بەو کەسەی کە داوای گۆڕینی مێژووی دەکرد. ڕەنگە ئەمە گەورەترین گرنگیی میراتی ژینا بێت.

ژینا تەنیا بۆ ژنان نەبوو بە هێما، بەڵکوو بوو بە سیمای ئەگەری یەکخستنی ئازادیی ژنان، کەرامەتی تاکەکەسی و مافی کۆمەڵگەیەک بۆ ژیانێکی شایستەتر.

ئایا کوردستان دەتوانێت ببێتە هێزێکی پێشەنگ بۆ داهاتووی ئێران؟ ئایا کوردستان دەتوانێت ببێتە یەکێک لە گرنگترین هەڵگرانی بیرۆکەکان بۆ ئێرانێکی ئایندە، دێموکراتیک و فرەیی؟

ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە «بەڵێ» بێت. کوردستان لە ڕێگەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە، بیرۆکەیەکی سیاسیی داڕشتووە کە مانایەکی زۆر لەودیوی دانیشتووانی کوردەوە هەیە. پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە ئازادی لەسەر ژێردەستەیی ژن بنیات نانرێت، کەرامەتی مرۆڤ ناتوانێت پشت بە ڕەگەز و نەژاد ببەستێت و کۆمەڵگەیەکیش ناتوانێت بەڕاستی ئازاد بێت ئەگەر هەندێک کەس ناچار بکرێن بەبێ مافی سیاسی و کولتووری بژین.

ئەگەر ڕۆژێک ئێران گۆڕانکارییەکی قووڵی دێموکراتیکی بەسەردا بێت، ئەزموونەکانی کوردستان دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن.

میراتی ژینا تەنیا بۆ کوردستان نییە؛ ژینا کورد بوو و دەبێت ڕێز لە ناو، بنەچە و ناسنامەی کوردیی ئەو بگیرێت، بەڵام دەرەنجامی مەرگی ئەو، زۆر لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان دەنگی دایەوە.

خەڵکی تاران، شیراز، ئیسفەهان، بەلووچستان، ئازەربایجان و چەندین ناوچەی تری ئێران، دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان بیست. خەڵکی سەرانسەری ئێران، دەستیان کرد بە بەرزڕاگرتنی ناوی ژینا.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکانی ئێران نەماوە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ناوی ژینا ئەگەری خوڵقاندنی چیرۆکێکی هاوبەشی دروست کردووە.

ئایندەی ئێران بە جێگرتنەوەی شوناسێک بە شوناسێکی تر دروست نابێت، تەنیا بە ڕێگەدان بە بوونی شوناسە جیاوازەکان بە کەرامەتەوە دەتوانرێت بنیات بنرێت:

سەرچاوە
Serchawe

کورد دەبێ کورد بێت؛
بەلووچەکان دەبێ بەلووچ بن؛
ئازەرییەکان دەبێ بتوانن بە ناسنامەی خۆیانەوە بژین؛
عەرەب، فارس، تورکمان و گەلانی تر دەبێ بتوانن بەبێ ترس زمان و کولتووری خۆیان بپارێزن؛
و ژنان بتوانن بژین بەبێ ئەوەی جەستەیان ببێتە موڵکی دەوڵەت.

چوار ساڵ کاتێکی زۆرە لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵام لە مێژوودا چوار ساڵ دەتوانێت سەرەتای شتێکی زۆر گەورەتر بێت. مەرگی ژینا بزووتنەوەیەکی دروست کرد، بەڵام بزووتنەوەکان دەبێت لە شوێنێکدا ببن بە بیرۆکە، دامەزراوە و دیدگای داهاتوو. ئەگەر «ژن، ژیان، ئازادی» وەک زیاتر لە هاوارێکی مێژوویی بمێنێتەوە، دەبێت جەوهەری ئەم وشانە لەو کۆمەڵگەیەدا ڕەنگ بداتەوە کە نەوەکانی داهاتوو دەیانەوێت بنیاتی بنێن.

واتە: دیموکراسی، سەروەری یاسا، مافی تەواوی ژنان، پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەکان، ئازادیی ئایین و ئازادبوون لە زۆرەملێی ئایینی و فرەییی سیاسی. لە سەرووی هەموویشیانەوە، واتە: هیچ حکوومەتێک بۆی نەبێت کەرامەتی مرۆڤ وەک دیارییەک مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە دەوڵەت بتوانێت هەر کاتێک بیەوێت، لێی وەربگرێتەوە.

کوردستان دەتوانێت لەم ڕووەوە بەشدارییەکی گرنگ بکات. ڕەنگە میراتی سیاسیی ڕاستەقینەی ژینا لێرەدا بێت: نەک لەوەی کێ دەبێت لە دەسەڵاتدا بێت، بەڵکوو لەوەی دەسەڵات دەبێ خزمەت بە چ جۆرە کۆمەڵگەیەک بکات.

ئەگەر ئێرانی ئایندە دیموکراتیک بێت، دەوڵەت دەبێت هی هەموو نەتەوەکان بێت، نەک بە پێچەوانەوە. نابێت هیچ ژنێک ناچار بێت لەسەر مافی جەستەی خۆی لەگەڵ دەوڵەت دانوستان بکات. نابێت هیچ بنەماڵەیەک بترسێت لەوەی ڕۆژێک ناوی منداڵەکەیان ببێتە پاساوێک بۆ تاوانبارکردنی سیاسی.

کوردستان دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی گرنگ و هێزێکی سیاسی لەم دیدگایەدا، بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتیشی دەوێت.

دوای چوار ساڵ، هێشتا پرسیارێک ماوە کە کەس ناتوانێت پەردەی بەسەردا بپۆشێت: ئێمە دەمانەوێت داهاتوو چۆن بێت؟

ئایا ژن دەبێت بتوانێت بەبێ ترس بە شەقامدا بڕوات؟ ئایا مرۆڤەکان دەبێت بتوانن بە زمانەکەی خۆیان قسە بکەن بەبێ ئەوەی شەرم بکەن؟ ئایا کوردستان دەبێت وەک کوردستان بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی ناسنامەکەی وەک هەڕەشە ببینرێت؟ ئایا

خەرمانانی ٢٧٢٦

ئێران دەبێ وڵاتێک بێت کە هەموو نەتەوەکان و کولتووره جیاوازەکان بۆ مانەوەیان ناچار نەبن شەڕی یەکتر بکەن؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە ناوی ژینا زیندوو دەکەنەوە.

مێژوو کۆتایی نەهاتووە. شەهیدبوونی ژینا جێی خەم و پەژارەیە، بەڵام ناوەکەی بووەتە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی و متمانە بە داهاتوو.

دوای چوار ساڵ، کەس ناتوانێت بە وردی بڵێت ئێران لە داهاتوودا بە چ ئاقارێکدا دەچێت، یان کوردستان چ ڕۆڵێک دەگێڕێت، بەڵام حەقیقەتێک ئاشکرایە: ژینا ئەمینی بووەتە هێمایەکی نەبڕاوە. دوای شەهیدبوونی ژینا نەوەیەک هاتە دەنگ، ژنان ڕاپەڕین، لە هەموو جیهان دەنگی کورد بیسترا و خەڵکێکی زۆر لە ئێران تێگەیشتن کە ئازادیی ژن، لە ئازادیی کۆمەڵگە جیا ناکرێتەوە.

هەر بۆیە میراتی ژینا لە مردن گەورەترە. میراتەکەی دیدگایەکە بۆ کۆمەڵگەیەک کە تێیدا ژنان ئازادن، ژیان خاوەن بەهایە و مرۆڤەکان بڕیاردەری چارەنووسی خۆیانن؛ هەر لەبەر ئەوەیە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە زەینی حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵاتی حاکم لە ئێراندا، دەبێت سەد ئەوەندەی ئەوان، ئێمە وڵاتی خۆمان، کوردستانمان خۆشبوێت. ئەمە پێویستی بەوەیە کە ئێمە بە قووڵی وڵات، مێژوو و گەلەکەمان بناسین؛ ئەو کات دەزانیت بەرامبەرەکەت چۆن بیر دەکاتەوە، ئەوکاتەیە کە دەبێت لە هەموو ساتێکدا خاوەنداریتی لە خاک و زمانەکەت و کوردستان بکەیت. تێگەیشتن لە نەیارەکەمان، واتە تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کارکردنی سیاسەتەکانیان، ئەو ئامانجانەی بەدوایانەوەن و ئەو شێوازانەی کە بەکاریان دەهێنن.

بۆیە دەبێت بەرپرسیارێتیی ئێمە ڕوون بێت: پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەروەها پتەوبوون لەسەر مافە مێژوویی و سیاسییەکانمان بۆ کوردستان.

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٣٤ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی



٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٤٠٥)ی هەتاوی ٣٤ ساڵ بە سەر تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ زایینی (٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی)دا تێدەپەڕێت. ڕۆژێک کە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی، کاک فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی کەسایەتیی دیار و چالاکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن لە شاری بێرلینی ئاڵمان لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

تێرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی وەک زامێکی گەورە لەسەر جەستەی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتە سەر برینی سارێژنەبووەی سەرچاوەگرتوو لە تێرۆری دوکتۆر قاسملوو. بۆیە بە لەدەستدانی دوکتۆر شەرەفکەندی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد جارێکی دیکە تووشی خەسارێکی زۆر گەورە بوون.

دوکتۆر سادق شەرەفکەندی کەسایەتییەکی ڕووناکبیر، فەرهەنگی و سیاسی بوو، کە لە دانشسەرای عالیی تاران دەرسی

خوێندبوو و دوای چەند ساڵ دەرسگوتنەوە لە دواناوەندییەکانی شاری مەهاباد و ورمێ بە هۆی لێهاتووییەوە بۆرسی خوێندن لە دەرەوەی وڵاتی پێ درا و لە وڵاتی فەڕانسە دوکتورای شیمیی وەرگرت. هەر لە فەڕانسە لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بوو و بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات پیشەی مامۆستایەتیی لە دانشسەرای عالی درێژە دا و لە هەمان کاتدا چالاکیی سیاسیی خۆی لە زانکۆکان و لە ژینگەیەکی ئەکادمیکدا بەنهێنی دەست پێکرد. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێژەی بە تێکۆشانی ئاشکرا دا و پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی کە ئەوکات جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بوو، بە تێکڕای دەنگی کۆمیتەی ناوەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا.

دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی بەرپرسایەتیی بەرزی حیزبیدا نیشانی دا یارێکی بەوەفای دوکتور قاسملوویە و ڕێگە نادا ئاواتی دوژمنان بۆ لاوازکردنی حیزبی دێموکرات بێتە دی. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەرنامەی بۆ تێرۆری داڕشت و لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا و دوای بەشداری لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە شاری بێرلینی ئاڵمان لەگەڵ هاوڕێیانی تێرۆر کران.

حیزبی دێموکرات سەرەڕای شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی بە هۆی جێگیربوونی فەرهەنگی ڕێبەریی بەکۆمەڵ نیشانی دا کە لەگەڵ ئەوەی زامی قورسی شەهیدبوونی ڕێبەرانی هەڵدەگرێ بەڵام ڕێگە نادا دوژمنانی کورد و بزووتنەوەکەی بە ئامانجەکانیان بگەن. بۆیە حیزبی دێموکرات لەسەر ڕێبازی ڕێبەرانی هەر بەهێزەوە لە مەیدانی خەباتی نەتەوەییدا مایەوە.

دوکتور شەرەفکەندی کەسایەتییەکی بەهێزی سیاسی، ڕێبەر و بەڕێوەبەرێکی کارامە، وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و شێلگیر لە خەبات بۆ ڕزگاریی کورد بوو، و هەموو تواناکانی خۆی خستە خزمەت حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەک کە ئاکامی ئەو خۆتەرخانکردنە کاریگەریی قووڵی لە سەر ڕێباز و خەباتی حیزبی دێموکرات دانا.

بە دوای تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی دا بەر بە پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی ئەو تێرۆرە بگرێ، بەڵام بە هۆی سەربەخۆیی دەزگای دادوەریی ئاڵمان و بوێریی قازییەکان و هەوڵی بەردەوامی پارێزەرەکانی ئەو دۆسیەیە و بوونی ئیرادەی بەئاکامگەیاندنی ئەو پەروەندەیە، سەرئەنجام دادگای بێرلین -کە بە ناوی میکۆنۆس ناوبانگی دەرکردبوو- دوای چەند ساڵ لێکۆڵینەوە لە ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (١٠ی

ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی) حوکمی کۆتایی خۆی ڕاگەیاند و بەڕاشکاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین ئاستدا بە بەرنامەدارێژەر و بەڕێوەبەری ئەو کردەوە تیرۆریستییە ناساند و حوکمی زیندانیکردنی بۆ تاوانباران دەرکرد. لەو پێوەندییەدا و بە دوای دەرچوونی حوکمی بە تاوانبار ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وڵاتانی ئورووپایی بە نیشانەی نارەزایەتی لەو کردەوەیەی ڕێژیم باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە؛ بەڵام مەخابن دواتر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان خستە پێش پێشگرتن بە تەڕاتێن و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سەروەریی سیاسیی وڵاتەکانیان.

لەو بارەوە پێویستە وەبیر بێنینەوە هەرچەندە دەزگای دادوەریی ئاڵمان هەموو ئەو بەڵگانەی بۆ دۆسیەی تیرۆری میکۆنۆس پێویست بوون لەبەردەستیدا نەبوو، بەڵام چونکە ئیرادەیان هەبوو، کاری دادگایان بە شێوەی یاسایی بە ئەنجام گەیاند؛ بە پێچەوانەی دەزگای پۆلیس و دادوەریی ئۆتریش کە زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگری لە تیرۆری دوکتور قاسملوو لەبەردەستدا بوو کەچی بە هۆی سەربەخۆنەبوونی دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتە و دەستتێوەردانی بەرژەوەندیخوازانەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش بەر بە ڕەوتی یاسایی دۆسیەی تیرۆری ڤییەن گیرا. بێگومان ئەگەر ئەوکات دەوڵەتی ئۆتریش و دەزگا دادوەرییەکەی بە شێوەی ئاڵمان و دەزگا دادوەرییەکەی ڕەفتاریان کردبا، دەکرا لەجێدا ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ڕابگیرێ و ئیدی دواتر شاهیدی هەموو ئەو تیرۆرانە نەبووینایە کە لە ئورووپا کران و یەک لەوان تیرۆری میکۆنۆس.

هاونیشتمانیانی بەڕێز!

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و ئامانج و تێکۆشانیان دەکەینەوە و وەفاداریی خۆمان بە ڕێبازیان دووپات دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پەراوێز خراوە. سیاسەتی شەڕەنگێزی و دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و کێشەخوڵقێنییەکانی بە هۆی گرووپە پرۆکسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆماری ئیسلامیی کردووەتە چەقی کێشە و ئاڵۆزینانەوە لە ناوچەکەدا؛ بە شێوەیەک کە ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرەڕۆیی و سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕێژیمە سنوور دابنرێ.

کۆماری ئیسلامی دوای تێپەڕاندنی دوو شەڕ لە یەک ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە هەموو کاتێک لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی پڕزەبر و سەرکوتی خۆی کەوتووەتە ژێر گوشاری نێودەوڵەتی. گەمارۆی ئابووری و بە دوای ئەودا داڕووخانی نرخی دراوەکەی گورزێکی کاریگەر بووە لە ئابووریی ئێران بە شێوەیەک کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێرانی خستووەتە دۆخێکی

زۆر قورس و نالەبار کە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بۆ خەڵک ئەستەمە؛ واتا قۆناغێک کە مەترسیی برسیبوونی خەڵک بە هۆی گوشارە ئابوورییەکانی هێناوەتە ئاراوە.

لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەو هەمووە ئاڵەنگارییەی بۆ خەڵک دروست بووە، هاوکارینەکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاژانس بە زۆرینەی دەنگ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بە شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێرێ، شووراش ڕۆژی پێنجشەممە، ١٩ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی بڕیاری گەڕاندنەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران دا کە بێگومان لەو سۆنگەیەوە کێشەی ئابووری زیاتر بەرۆکی ئەو ڕێژیمە و دواجار خەڵکی وڵاتیش دەگرێ. دیارە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە پێنج دەیە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا سەلماندوویەتی کە نەک هەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی بۆ گرنگ نییە، بەڵکوو هەموو سیاسەت و کردەوەیەکی لە چوارچێوەی بەهێزکردنی هێزە نیابەتییەکانی لە ناوچەکە و مانەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی و سەروەت و سامانی وڵات بۆ ئەو ئامانجە بەفیڕۆ دەدا. لە تەنیشت ئەو دۆخە، دەستبەسەرداگرتنی گەرووی بابولمەندەب لە لایەن حوسییەکانی یەمەنەوە بە فەرمانی سوپای پاسداران کێشەیەکی دیکەی خستووەتە سەر کێشەکانی ناوچەکە و جیهان؛ لەبەر ئەوەی ئەمنییەتی یەکێک لە ڕێڕەوە گرنگەکانی بازرگانیی جیهانی کەوتووەتە مەترسییەوە و ئەوەش بە ئەگەری زۆر هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش بە مانای گڕفەی ئاگری شەڕێکە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بۆ هەموو ئەو ناوچەیە پەرەی پێ بدا.

هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٤٠٥)ی هەتاوی چوار ساڵ بە سەر بزووتنەوەی ژینادا تێدەپەڕێ کە دوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردی تەمەن ٢٢ ساڵان لە تاران بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بووە هۆی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری لە ئێران کە چەخماغەکەی لە کوردستانەوە لێدرابوو؛ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەک کە ئاکامی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بانگەوازی هاوبەشی ئەوان بوو. لەو بارەوە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان پەیامی خۆیان بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دا کە ئەگەر ئێوە یەک بگرن، ئێمە یەکگرتوو و یەکدەنگین. هەروەها پەیامیان بە کۆماری ئیسلامی دا کە پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی خۆیانن و لە خوێنی بەناحەقرژاوی ڕۆڵەکانی کورد خۆش نابن.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە دوکتور شەرەفکەندی لە کاتێکدا شەهید کرا کە لەگەڵ چەند کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر پرسی هاوکاری و یەکگرتن خەریکی بیروڕا گۆڕینەوە بوون، ئێستا دوای ٣٤ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە ئۆپۆزیسیۆن لە ئاستی کوردستان و ئێراندا یەکگرتوو بێ، ئەو پرسەی کە حیزبی دێموکراتی

خەرمانانی ٢٧٢٦

کوردستانی ئێران لە هەر دوو ئاستدا هەوڵی بۆ دەدا بە شێوەیەک کە دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتیی کورد لەو یەکگرتنەدا مسۆگەر بێ و یەکگرتوویی بە باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لە کۆماری تێرۆریستی دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایون ئەردەڵان و کاک نووری دێهکوردی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان!

بەردەوام بێ خەباتی حیزبەکەمان لەپێناو دێموکراسی و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سپاسنامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان

خەڵکی سەربەرز و خۆڕاگری کوردستان!

لە چوارەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی "ژینا - ژن، ژیان، ئازادی"، مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان وەک وەڵامێکی بڕیاردەرانە و هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ئەم مانگرتنە گشتییە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو توانایەکی سەربازی و ئەمنیی بۆ میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و دروستکردنی گوشار و هەڕەشەی جۆراوجۆر لەسەر بازاڕییەکان و خەڵک بەکارهێنابوو. بەڵام ئیرادەی بەهێزی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی بەرپرسیارانەی دوکانداران و بازاڕییەکان، دەسەڵاتی تووشی شکست کرد. جێگەی ئاماژەیە، پشتیوانیکردن لەم بانگەوازە لەلایەن دەیان حیزب و لایەنی سیاسی، ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی کوردستان و ئێران و هەروەها پەیوەستبوونی بەشێک لە زیندانیانی سیاسی لە ڕێگەی

مانگرتن لە خواردن، دەبێتە نرخێکی گرنگ بۆ کاری هاوبەش و هاوپێوەندی لە تێکۆشانمان دژ بە کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەت و شوێنێکدا.

سەرکەوتنی ئەم حەرەکەتە مەدەنییە نیشانەی ئاستی بەرزی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی سیاسی، یەکیەتیی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی سەرکوت، هەڵاواردن و سێدارە لەلایەن خەڵکی کوردستانە. هەروەها سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان بەشێکی لێکدانەبڕاون و ئەم پەیوەندییە قووڵە سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ بەردەوامیی خەبات و هەنگاوەکانی داهاتوو.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، جگە لە ڕێزگرتن لە خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و سپاسی ئەو هەڵوێست و یەکگرتووییەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان، پێزانینی خۆی ئاراستەی تێکڕای ئەو کەسایەتییە سیاسی، ئەکادیمی و بەتایبەت لایەنە سیاسییەکانی بەلووچ، تورک، فارس، تورکمەن و عەرەب دەکات کە بە بڵاوکردنەوەی پەیام و ڤیدیۆ پشتیوانی و هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ بانگەوازی مانگرتنەکە دەربڕی. ئەم هاوکاری و پشتیوانییە بەرفراوانە نیشانەی پێگە و پێشەنگایەتیی کوردستانە لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان دووپاتی دەکەنەوە کە بەردەوام پابەند دەبن بە نوێنەرایەتیکردن و گەیاندنی دەنگی داواکارییە ڕەوا و مەشروعەکانی کۆمەڵگە و ئەم یەکگرتوویی و هاوبەشییە بە زامنی سەرکەوتنەکانی داهاتوو دەزانن.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە Serchawe

بەکاتی ژینا، جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی ئازادی

شاهۆ حوسێنی

هەندێک ڕووداو تەنیا لە زەماندا ڕوو نادەن؛ بەڵکوو مێژوویەک دەخوڵقێنن و زەمان و کات بە دوو بەش دابەش دەکەن: پێش خۆیان و دوای خۆیان. گرنگیی ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنیا لە ڕێژە، بەربڵاوی یان بەردەوامیی ڕووداوەکاندا نییە، بەڵکوو لەو گۆڕانەدایە کە لە شێوازی تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی، جەستەی خۆی، کۆمەڵگە و دەسەڵات بەرهەمی دێنن.

«بەکاتی ژینا» لە کوردستاندا دەشێ لەگوێن یەکێک لەم ساتە مێژووییانە بخوێندرێتەوە؛ ساتێک کە تێیدا ژن، ژیان، ئازادی لە دروشمێکی سیاسی تێپەڕی و بوو بە دەربڕینی دابڕاوێکی قووڵتر لە نێو سۆبژێکتیڤیتەی کۆمەڵگەدا. هەربۆیەش، پرسیاری بنەڕەتی ئەوە نییە کە دوای ژینا چ ئاڵوگۆڕییەک لە ڕواڵەت و فۆرمی پۆشینی ژناندا ڕووی دا، بەڵکوو ئەوەیە: دوای ژینا، ژن چۆن تێگەیشتن، فام و پەیوەندییەکانی خۆی بە جۆرێکی تر لەگەڵ خۆی، جەستەی خۆی، جێندەر و دەسەڵات دارشتەوە؟ ئەگەر ئەم گۆڕانە تەنیا لە کردەدا نەبێت و لە خودی شێوازی تێگەیشتن لە خۆ و خۆپێناسەکردنیشدا ڕووی دابێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم گۆڕانێکی عەینی بە تەنیا نین؛ لەبەردەم گۆڕانێکی سۆبژێکتیڤ، کولتووری و تەنانەت ئەنترۆپۆلۆژیکداین.

لەچکەسووتاندن لە ڕووی فیزیکییەوە کردارێکی سادەیە: پارچە قوماشێک لە جەستە دادەماڵرێت و دەخرێتە نێو ئاگر. بەڵام واتای مێژوویی کردارێک هەرگیز لە ماتریالی کردارەکەدا قەتیس نامێنێتەوە. لەو ساتەدا کە ژنێک لە ساحەی گشتیی کوردستاندا لەچکە لە سەر دادەماڵێت و دەیسووتێنێت، ئەوەی دەکەوێتە نێو ئاگر تەنیا قوماش نییە؛ پەیوەندییەکی مێژوویی نێوان جەستە، جێندەر و دەسەڵاتە. واتایەک دەکەوێتە ژێر پرسیار کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەیویست دیاری بکات جەستەی ژن چۆن دەربکەوێت، چۆن بجووڵێت، چی پیشان بدات، چی بشارێتەوە و لەبەردەم کێدا و چۆن خۆی ببینێت. پەیوەندیی دەسەڵات لەگەڵ ژن هەرگیز لە دەرەوەی جێندەر و جەستەدا نەبووە. دەسەڵات کاتێ بەهێزترین شێوەی بوونی خۆی دەسەپێنێت کە لە یاسا و زۆر و هێزەوە تێپەڕێت و بچێتە نێو زەین، ویژدان، شەرم، ترس، نەریت و تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی. لەو ساتەدا پێویست ناکات هەمیشە پاسەوانێک لەبەردەم ژندا بوەستێت؛ چونکە چاوی دەسەڵات لە هەناو و زەینی خودی سوژەدا جێگیر بووە. ژن خۆی چاودێریی جەستەی خۆی دەکات، خۆی سنووری جووڵەی خۆی دیاری دەکات و هەندێک جار ئەو فەرمانانەی لە دەرەوە بەسەریدا سەپێنراون وەک بەشێک لە «سروشت و ناسنامەبوونی» خۆی دەناسێت. لێرەدا جەستە تەنیا جەستە نییە؛ دەبێتە شوێنی نووسینی دەسەڵات.

بۆیە، گۆڕانی ڕاستەقینە لەو ساتەدا دەست پێ ناکات کە یاسایەک دەگۆڕدرێت؛ بەڵکوو کاتێ دەست پێ دەکات کە شەرعییەتی ئەو یاسایە لە نێو سوژەدا دەشکێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە «بەکاتی ژینا» لە ڕووداوێکی سیاسیی ئاسایی جیا دەکاتەوە. لە کوردستان، هەڵدان و سووتاندنی لەچکە تەنیا ڕەتکردنەوەی یاسای حیجاب نەبوو؛ دەتوانرێت وەک ڕاگەیاندنی گۆڕانێک لە پەیوەندیی نێوان ژن و ئەو دەسەڵاتە بخوێندرێتەوە کە دەیویست جەستەی ژن پێناسە بکات. لەم ساتەدا ژن دەڵێت: ئەو واتایەی تۆ بە جەستەی منی دەبەخشیت، چیتر بە ناچاری واتای من نییە. ئەمە ساتی دابڕانی سۆبژێکتیڤە.

لە ڕاستیدا دابڕانی سۆبژێکتیڤ بەو مانایە نییە کە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتی، ئایینی، خێزانی و سیاسییەکان لەناکاو ون دەبن. بە پێچەوانەوە، ڕەنگە زۆربەیان هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. بەڵام شتێکی بنەڕەتی گۆڕاوە: ئەو سوژەیەی پێشتر خۆی لە نێو ئەو سیستەمەی واتادا دەناسییەوە، دەستی کردووە لە دەرەوەی ئەو سیستەمەوە سەیری خۆی بکات. دەسەڵات هێشتا هەیە، بەڵام ئەوەی دەستی بە لەناوچوون کردووە، بەدیهیبوونی دەسەڵاتە. لێرەوە جێندەر دەبێتە بەشێکی بنەڕەتیی پرسیارەکە. چونکە ئەوەی لە بەکاتی ژینادا کەوتە ژێر پرسیار، تەنیا پارچە قوماشێک یان شێوازی جلوبەرگ نەبوو؛ بەڵکوو ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە بوو کە بۆ ژن و پیاو شوێن، ڕۆڵ، سنوور و شێوازی بوونی تایبەتی دیاری دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە جێندەر تەنها ناسنامەیەکی تاکەکەسی نییە؛ مەیدانێکە کە لە نێویدا دەسەڵات جەستەکان ڕێک دەخات، ڕۆڵەکان دابەش دەکات و بڕیار دەدات کێ مافی قسەکردن، دیاربوون، هەڵبژاردن و دیاریکردنی خۆی هەیە.

ژن، ژیان، ئازادی لەم ڕوانگەیەوە سێ وشەی جیاواز نین. پەیوەندییەکی فەلسەفی لە نێوانیاندا هەیە. ژن لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ڕەگەزێکی بایۆلۆژیک ناکات، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ ئەو سوژەیەی کە مێژوویەک لە ئۆبژەکراوی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. ژیان تەنها مانەوە و بەردەوامبوونی بایۆلۆژیک نییە؛ مافی ژیانی خۆت بە شێوەیەک کە خۆت واتای پێ دەبەخشیت. ئازادیش تەنیا نەبوونی زنجیر نییە؛ توانای بەرهەمهێنانی شێوازی بوونی خۆتە. بەم مانایە، ئەم دروشمە بانگەوازێکە بۆ گواستنەوە لە بوونێکی بەرهەمهاتوو بۆ بوونێکی خۆبەرهەمهێناو.

بەڵام گرنگترین پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم دابڕانە تەنیا لە ژناندا ڕووی دا؟ ئەگەر بەکاتی ژینا وەک گۆڕانێکی کولتووری بخوێنینەوە، وەڵام دەبێت نەخێر بێت. چونکە کاتێ ژن پەیوەندیی خۆی بە جەستە و جێندەر دەگۆڕێت، پیاویش ناچارە پەیوەندیی خۆی بە ژن، خێزان، نامووس، دەسەڵات و خۆی لە نوێوە پێناسە بکاتەوە. ئازادبوونی سوژەی ژن تەنیا ژن ناگۆڕێت؛ پێکهاتەی ئەو جیهانە دەگۆڕێت کە پیاویش لە نێویدا پیاو بووە. لەبەر ئەوە، ئەم وتارە هەوڵ نادات تەنها بپرسێت «لە بەکاتی ژینادا چی ڕووی دا؟»؛ بەڵکوو دەیەوێت پرسیارێکی قووڵتر بخاتە ڕوو: لە بەکاتی ژینادا چی لە نێو سوژەدا ڕووی دا؟ لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بتوانین واتای قووڵتری ئەو وێنە مێژوویییە دەربخەین؛ ژنێک لەچکەی لە سەر دادەماڵێت و دەیخاتە نێو ئاگر. چونکە لەو ساتەدا تەنیا لەچکە نەدەسووتا؛ ئەو مافەی دەسەڵات کە خۆی بە خاوەنی واتادانان بۆ جەستەی ژن دەزانی، دەکەوێتە نێو ئاگر. جەستەیەک کە بۆ ماوەیەکی درێژ مەیدانی فەرمان، چاودێری و پێناسەکردن بوو، دەستی کرد بە قسەکردن بە زمانی خۆی.

لەوێوە جەستە چیتر تەنیا ئۆبژەی دەسەڵات نییە؛ لەمەوبەدوا دەبێتە سوژەی ئازادی.

١- جەستە؛ یەکەم مەیدانی دەسەڵات

ئەگەر بمانەوێت لە قووڵایی «بەکاتی ژینا» تێبگەین، نابێت جەستە تەنیا وەک پێکهاتەیەکی بایۆلۆژیک ببینین. جەستە هەرگیز دەرکەوتەیەکی ڕواڵەتی نییە؛ بەڵکوو جەستە شوێنی نووسینی واتا، نەریت، ئەخلاق، ئایین، یاسا و دەسەڵاتیشە. هەر کۆمەڵگەیەک هەوڵ دەدات جەستە بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕێک بخات: چۆن بپۆشرێت، چۆن بجووڵێت، لە کوێ دەربکەوێت، چۆن دابنیشێت، چۆن قسە بکات، چۆن خۆی پیشان بدات و تەنانەت لە چی شەرم بکات. بەتایبەت جەستەی ژن، لە کۆمەڵگە پاتریارکیکەکاندا، لە خاوەندارێتیی خۆیدا نەماوەتەوە؛ خێزان، نەریت، ئایین، دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگە هەریەک بە شێوەیەک داوای خاوەندارێتییان لەسەری هەیە. جەستەی ژن دەبێتە شوێنی پاراستنی «شەرەف»، «ناموس»، «ڕەوشتی گشتی»، «ئابڕوو» و «ناسنامەی کۆمەڵگە». بەم شێوەیە، لە دیاردەیەکی زۆر سروشتییەوە - «جەستەی تاک» - دەگۆڕدرێت بۆ دیاردەیەکی گشتی کە هەمووان خۆیان بە مافداری دەزانن و لەسەری بڕیار دەدەن. لێرەدایە کە جەستە لە سوژەی خۆی دوور دەخرێتەوە و دەبێتە ئۆبژە. ئۆبژەبوون تەنیا بەو مانایە نییە کە کەسێکی تر سەیری جەستە بکات؛ بەڵکوو بەو مانایەیە کە مافی واتادانان بە جەستە لە خاوەنی جەستە وەردەگیرێت. کەسێکی تر بڕیار دەدات ئەم جەستەیە چییە، چی دەبێ بێت و چۆن دەبێت لە جیهانی گشتیدا دەربکەوێت. لەبەر ئەوە، کاتێ لە بەکاتی ژینادا ژن لەچکە لە سەر دادەماڵێت، کردارەکە لە سنووری «پۆشاک» تێدەپەڕێت. ئەو دەستەی لەچکەی لە سەر دادەماڵێت، لە هەمان کاتدا داوای مافێکی بنەڕەتی دەکات: مافی خاوەندارێتیی واتای جەستەی خۆی.

٢- لە فەرمانبەرداریی جەستەوە بۆ خاوەندارێتیی جەستە

دەسەڵات تەنها کاتێ سەرکەوتوو نییە کە بتوانێت بە زۆر ئەمر بە مرۆڤ بکات؛ بەهێزترین ساتی دەسەڵات ئەو کاتەیە کە مرۆڤ فەرمانی دەرەکی دەگۆڕێت بە فەرمانی ناوخۆیی (واتە ئەمری دەسەڵات ناوخۆیی دەکات). واتە دەسەڵات چیتر پێویستی بەوە نییە هەر ساتێک لەبەردەم تاکدا بوەستێت؛ تاک خۆی دەبێتە چاودێری خۆی. لێرەدا «شەرم» ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت. ژن تەنیا لە سزا ناترسێت؛ فێر دەکرێت لە جەستەی خۆی شەرم بکات. تەنیا پێی ناگوترێت «ئەمە مەکە»، بەڵکوو هێواش هێواش ئەوەی فێر دەکرێت کە «ئەگەر ئەمە بکەم، ئەکتێکی ئانۆمیکم کردووە». بەم شێوەیە یاسای دەرەکی دەگوازرێتەوە بۆ نێو خودی سوژە. ئەمە قووڵترین شێوەی دەسەڵاتە؛ چونکە سنووری دەسەڵات و سوژە تێکەڵ دەبن. لەبەر ئەوە، دابڕانی ڕاستەقینەش پێویستە لە هەمان شوێندا ڕوو بدات: لە هەناوی سوژەدا. کاتێ ژن لەچکە لە سەر دادەماڵێت و لە شوێنێکی گشتیدا دەیسووتێنێت، ئەو کردارە تەنیا یاخیبوون بەرامبەر فەرمانێکی دەرەکی نییە؛ دەتوانێت یاخیبوونێک بێت بەرامبەر ئەو دەنگەی کە دەسەڵات پێشتر لە نێو خودی سوژەدا جێگیری کردبوو. بەم مانایە، ئاگر دوو شت

دەسووتێنێت: ئەمرێکی دەرەکی و واتایەکی سەپێندراوی دەرەکی کە ناوخۆیی کراوە.

٣- سووتاندنی لەچکە؛ لە کردارەوە بۆ ڕەمز

هەموو کردارێک نابێتە ڕەمز. کردارێک کاتێ دەبێتە ڕەمز کە بتوانێت واتایەکی زۆر گەورەتر لە خودی خۆی هەڵبگرێت. سووتاندنی لەچکە لە بەکاتی ژینادا بەم مانایە ڕەمزی بوو، چونکە هێرش کرایە سەر شەرعییەتی ماف و هێژمۆنیی دەسەڵات: کێ مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر جەستەی من بدات؟ ئەم پرسیارە زۆر لە پرسیاری حیجاب گەورەترە. چونکە کاتێ سوژە مافی دەسەڵات بۆ دیاریکردنی پۆشاکی خۆی دەخاتە ژێر پرسیار، لۆژیکی پرسیارەکە دەتوانێت بەرەو هەموو بوارەکانی ژیان بڕوات: کێ بڕیار دەدات من کێم؟ کێ بڕیار دەدات کێم خۆش بوێت؟ کێ بڕیار دەدات هاوسەرگیری بکەم یان نەکەم؟ کێ بڕیار دەدات لە کوێ بژیم؟ کێ بڕیار دەدات چۆن قسە بکەم؟ کێ بڕیار دەدات «ژنێکی باش» چییە؟ لێرەدا کردارێکی سادە دەبێتە دەرگایەک بۆ پرسیارکردن لە تەواوی سیستەمی واتا. ئەمەیە هۆکاری ئەوەی سووتاندنی لەچکە نابێت تەنیا وەک دژایەتیی حیجاب بخوێندرێتەوە؛ ئەگەر تەنیا لە ئاستی حیجابدا بیهێڵینەوە، واتا فەلسەفی و کولتوورییەکەی زۆر بچووک دەکەینەوە.

٤- جێندەر؛ کاتێ کۆمەڵگە دەچێتە نێو جەستە

جێندەر لێرەدا دەبێتە چەمکێکی ناوەندی. جێندەر تەنیا ئەوە نییە کە کۆمەڵگە بڵێت «ئەمە ژنە» و «ئەوە پیاوە». جێندەر سیستەمێکە کە کۆمەڵگە لەو ڕێگەیەوە وێنای زەینی و مانای ژنبوون و پیاوبوون دروست دەکات. کچێک لە منداڵییەوە تەنیا جەستەیەکی مێینە نییە؛ بەرە بەرە ڕادەهێنرێت چۆن «ژن» بێت: چۆن دابنیشێت، چۆن قسە بکات، چۆن هەڵسوکەوت بکات بە گشتی، چی لەبەر بکات، لە چی شەرم بکات، چەندە دەنگی بەرز بێت، لەگەڵ کێ بڕوات و تەنانەت چۆن ئارەزوو بکات. پیاویش بە هەمان شێوە ڕادەهێنرێت. فێر دەکرێت «بەهێز و هێژمۆن» بێت، نەگرییێت، خاوەندارێتی بکات، بپارێزێت، کۆنترۆڵ بکات و لە هەندێک کۆمەڵگەدا شەرەفی خۆی بە کۆنترۆڵکردنی ژن و خێزانەکەی ببەستێتەوە. کەواتە پاتریارکی تەنیا ژن بەند ناکات؛ پیاویش لە نێو فۆرمێکی دیاریکراوی پیاوبووندا بەند دەکات. کاتێ ژن دەڵێت «من جەستەی خۆم پێناسە دەکەم»، پیاویش ناچار دەبێت بپرسێت: ئەگەر من چیتر خاوەنی جەستەی ئەو نیم، ئەوا پیاوبوونی من چییە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە. چونکە ئازادیی ژن تەنها زنجیر لە دەستی ژن ناکاتەوە؛ ناسنامەی ئەو پیاوەش دەخاتە ژێر پرسیار کە خۆی لە ڕێگەی خاوەندارێتی و کۆنترۆڵکردنی ژنەوە پێناسە کردووە.

٥- ژینا و دابڕانی سۆبژێکتیڤ

لێرەدا دەگەینە ناوەندی تیژی ئەم نووسینە: «دابڕانی سۆبژێکتیڤ». دابڕانی سۆبژێکتیڤ واتە ساتێک کە تاک یان کۆمەڵگە هێشتا لە ژێر هەمان پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەژی، بەڵام چیتر بە هەمان شێوە خۆی لە نێو ئەو پێکهاتەیەدا نابینێت. یاسا ڕەنگە هێشتا هەبێت؛ بەڵام شەرعییەتی یاسا لە زەینی سوژەدا شکاوە. نەریت ڕەنگە هێشتا هەبێت؛ بەڵام نەریت چیتر «سروشتی و ئاسایی» نییە. پاتریارکی ڕەنگە هێشتا بەهێز بێت؛ بەڵام چیتر ناتوانێت بە سانایی بڵێت: «هەر وابووە و هەرواش دەبێت.» چونکە سوژە فێری یەک کردار بووە کە بۆ هەموو دەسەڵاتێک مەترسیدارە: پرسیارکردن. بۆچی جەستەی من دەبێت بەم شێوەیە بپۆشرێت؟ بۆچی شەرەفی خێزان دەبێت لە جەستەی ژندا کۆبکرێتەوە؟ بۆچی پیاو دەبێت چاودێری ژن بێت؟ بۆچی ئارەزووی ژن دەبێت لە ژێر چاودێریی کۆمەڵگەدا بێت؟ بۆچی ئەو شتەی بۆ پیاو مافە، بۆ ژن دەبێتە شەرم؟ هەر بۆچییەک کەلێنێک لە دیواری بەدیهیبوونی دەسەڵات دروست دەکات. شۆڕشی سۆبژێکتیڤ لێرەوە دەست پێ دەکات.

٦- ژن، ژیان، ئازادی؛ لە دروشمەوە بۆ فەلسەفەیەکی بوونخوازانە

چما ژن، ژیان، ئازادی تەنیا وەک دروشم بخوێنینەوە، بەشێکی زۆر لە توانای هزریی ئەم دەربڕینە لەدەست دەدەین. «ژن» لێرەدا سوژەیەکە کە داوای گەڕاندنەوەی مافی پێناسەکردنی خۆی دەکات. «ژیان» تەنیا مانەوە نییە. مرۆڤ دەتوانێت زیندوو بێت، بەڵام ژیانی خۆی نەژیت. دەتوانێت هەناسە بدات، بەڵام شێوازی بوونی خۆی هەڵنەبژێرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ژیان واتە مافی ئەوەی ژیانی خۆت بەرهەم بهێنیت. «ئازادی»ش تەنیا شکاندنی قۆرغکارییەکان نییە. ئازادی ئەگەر تەنیا «نەخێر» بێت، هێشتا نیوەی ڕێگایە. لە ڕاستیدا ئازادی لەو ساتەدا کامڵ دەبێت کە «نەخێر» بگۆڕدرێت بۆ «من دەخوازم». نەخێر بۆ فەرمان، بەڵام دوای ئەوە: من چۆن دەخوازم بژیم؟ من کێم؟ چۆن دەخوازم جەستەی خۆم ببینم؟ چۆن دەخوازم پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تر دروست بکەم؟ لێرەدا ئازادی لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵات تێدەپەڕێت و دەبێتە توانای دامەزراندنی خۆ.

٧- ئازادیی ژن و قەیرانی پیاوی نەریتی

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانە ئەوەیە کە ئازادیی ژن بە ناچاری پیاوی نەریتخواز دەخاتە نێو قەیران. ئەم

سەرچاوە
Serchawe

قەیرانە نابێت بە مانای ئانۆمی یان کارەسات فام بکرێت؛ قەیران لێرەدا واتە ئەو فۆرمە کۆنەی پیاوبوون چیتر ناتوانێت بە بێ پرسیار بەردەوام بێت. ئەگەر پیاوبوون بە خاوەنداریتی، فەرماندان، چاودێری و پاراستنی «نامووس» پێناسە کرابێت، ژنی خودبنیادنەر و سەربەخۆ بناغەی ئەم پێناسەیە دەخاتە ژێر پرسیار. لەبەر ئەوە، لە بەکاتی ژینادا تەنها ژن نەچووە نێو پرۆسەی گۆڕان؛ پیاویش بانگهێشت کراوە بۆ گۆڕان. پرسیار چیتر تەنها ئەوە نییە: «ژنی نوێ چۆن ژنێکە؟»؛ پرسیارێکی هاوتا هەیە: پیاو لە جیهانێکدا کە ژن موڵکی ئەو نییە، چۆن دەبێت پیاو بێت؟ ئەمە دەکرێت یەکێک بێت لە قووڵترین پرسیارە کولتوورییەکانی کوردستانی دوای ژینا.

٨- لە شۆڕشی سیاسییەوە بۆ شۆڕشی کولتووری

شۆڕشی سیاسی دەتوانێت دەسەڵاتێک بگۆڕێت، حکوومەتێک برووخێنێت یان یاسایەک هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام شۆڕشی کولتووری پرسیارێکی ڕادیکاڵتر دەکات: مرۆڤ خۆی چۆن دەبینێت؟ ئەگەر لە کوردستانی پاش ژینا شێوازی تێگەیشتن لە جەستە، ژن، پیاو، نامووس، خێزان، ئارەزوو، ئازادی و مافی تاک گۆڕابێت، ئەوا ئێمە تەنها لەبەردەم کاریگەریی سیاسیی ڕووداوێکدا نین؛ لەبەردەم گۆڕانێکی کولتووریداین. بەڵام نابێت ئەم گۆڕانە بە ڕۆمانسی ببینین. دابڕانێکی سۆبژێکتیڤ بە مانای مردنی دەسەڵاتی کۆن نییە. بە پێچەوانەوە، دەسەڵاتی کۆن دەتوانێت دوای ئەم دابڕانە توندتر بێت. خێزان دەتوانێت زیاتر کۆنترۆڵ بکات، پاتریارکی دەتوانێت بە شێوەی نوێ خۆی ڕێک بخاتەوە، شەرم دەتوانێت بە زمانی نوێ بگەڕێتەوە و تەنانەت بەشێک لە ژنان و پیاوان دەتوانن بەرگری لە سیستەمی پێشوو بکەن.

بەڵام جیاوازییەک هەیە: چیتر شەرم تەنها لەسەر کردار نییە؛ شەرم لەسەر واتای کردارە. ئایا ژن کەسێکە کە کۆمەڵگە پێناسی دەکات، یان کەسێکە کە مافی بەشداری لە پێناسەکردنی خۆیدا هەیە؟ ئەمە ناوەڕۆکی قەیرانی نوێیە.

٩- ژینا؛ لە ناوی تاکێکەوە بۆ ناوی ساتێکی مێژوویی

لە کۆتاییدا، «ژینا» تەنیا لەگوێن ناوی کەسێک نامێنێتەوە. ناوی ژینا لە بیرەوەریی کۆمەڵایەتیدا دەتوانێت ببێتە ناوی ساتێک؛ ساتێکی پێش و دوا. بەم مانایە، کاتێ دەڵێین «پێش ژینا» و «دوای ژینا»، مەبەستمان تەنها ڕێکەوتێکی تەقویمی نییە. مەبەست دوو شێوازی تێگەیشتنە لە خۆ، جەستە و دەسەڵات. ئەگەر ئەم تێزە ڕاست بێت، ئەوا میراتی قووڵی بەکاتی ژینا لە ژمارەی خۆپیشاندانەکان، دروشمەکان یان تەنانەت گۆڕانی یاساکاندا بە تەواوی ناپێورێت. پێوەرێکی قووڵتر هەیە: چی لە نێو سوژەی کورددا گۆڕا؟ ئاخۆ ژن هێشتا جەستەی خۆی بە هەمان چاو دەبینێت؟ ئاخۆ پیاو

سەرچاوە
Serchawe

هێشتا پەیوەندیی خۆی بە ژن بە هەمان شێوە دەفامێت؟ ئاخۆ «نامووس» هێشتا هەمان دەسەڵاتی واتایی پێشووی هەیە؟ ئاخۆ نەوەی نوێ هێشتا هەمان سنوورەکانی شەرم و قەدەغە بە سروشتی دەزانێت؟ ئەگەر وەڵامی تەنانەت بەشێک لەم پرسیارانە «نەخێر» بێت، ئەوا شتێک ڕووی داوە کە لە گۆڕانی سیاسی قووڵترە. لەبەر ئەوە،

لەوانەیە باشترین شێوە بۆ خوێندنەوەی بەکاتی ژینا ئەوە نەبێت کە بپرسین: ژینا چی گۆڕی؟ بەڵکوو بپرسین: دوای ژینا، چیتر چی ناتوانێت وەک پێشوو «بەدیهی» بێت؟ لەوانەیە شۆڕش، پێش ئەوەی دەسەڵات بگۆڕێت، لەم خاڵەوە دەست پێ بکات: لە مردنی بەدیهیات.

١٠- لە دابڕانی سۆبژێکتیڤەوە بۆ گۆڕانی ژیانی ڕۆژانە

دابڕانی سۆبژێکتیڤ ئەگەر تەنیا لە ئاستی هۆش و بیرکردنەوەدا بمێنێتەوە، هێشتا نەبووەتە گۆڕانێکی کولتووری. گۆڕانی کولتووری لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە ئەو شتەی لە زەینندا گۆڕاوە، کارتێکەری بکاتە نێو پەیوەندییەکانی ڕۆژانە، واتە دیالێکتیکی پەیوەندییەکانی ڕۆژانە بگۆڕێت. لێرەدایە بەکاتی ژینا لە مەیدانەکانی خۆپیشاندان دەچێتە نێو ماڵ؛ دەچێتە نێو گفتوگۆی نێوان باوک و کچ، دایک و کچ، برا و خوشک، ژن و مێرد. دەچێتە نێو قوتابخانە و زانکۆ. دەچێتە نێو شەقام، کافێ، بازاڕ، گۆڕەپان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. واتە ئەو پرسیارەی لە سەر شەقام بە دەنگی بەرز دەگوترێت، هێواش هێواش دەبێتە پرسیاری ژیانی ڕۆژانە: کێ بۆ کێ بڕیار دەدات؟ ئەم پرسیارە لە ڕواڵەتدا سادەیە، بەڵام دەتوانێت تەواوی پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بلەرزێنێت. چونکە زۆربەی دەسەڵاتە کولتوورییەکان بە شێوەی فەرمانی ڕاستەوخۆ کار ناکەن؛ لە عادەتدا دەژین. لە وشەی «نابێت»دا، لە نیگای خێزاندا، لە قسەی دراوسێدا، لە ترسی «خەڵک چی دەڵێن؟»دا و لەو سنوورانەدا کە تاک پێش ئەوەی کەسێک پێی بڵێت، خۆی بۆ خۆی دیاری دەکات. گۆڕانی کولتووری کاتێ قووڵ دەبێت کە ئەم وردەدەسەڵاتانە دەکەونە ژێر پرسیار. بۆیە ناشێ بە شوێن میراتی ژینادا تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسیدا بگەڕێین؛ دەبێت لە بچووکترین شوێنەکانی ژیانی ڕۆژانەشدا لێی بگەڕێین: لەو کچەی کە بۆ یەکەم جار بە باوکی دەڵێت «من خۆم بڕیار دەدەم»، لەو دایکەی کە چیتر بە کچەکەی ناڵێت «خەڵک چی دەڵێن؟»، و لەو پیاوەی کە دەست لە خاوەندارێتیی ژنی ژیانی خۆی هەڵدەگرێت و بە چاوی هاوبەشی ژیان و شەریکی هاوتەریبی ژیان دەیبینێت. شۆڕش هەمیشە بە دەنگی تەقە نایەت؛ هەندێک جار بە وشەیەکی سادە دەست پێ دەکات: «خۆم».

١١- لە پەیوەندیی خاوەندارێتییەوە بۆ پەیوەندیی هاوتەریب

ئازادیی ژن بەبێ گۆڕانی پەیوەندی و شێوازی هەڵسوکەوت ناتوانێت ببێتە گۆڕانێکی تەواوی کۆمەڵایەتی، چونکە جێندەر

سەرچاوە
Serchawe

پەیوەندییە. ئەگەر یەک لایەنی پەیوەندی بگۆڕدرێت، لایەنی تر ناتوانێت بێگۆڕان بمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لە پرسیارە هەرە گرنگەکانی پاش ژینا ئەوەیە: پیاوی کورد چۆن دەتوانێت خۆی لە نوێوە پێناسە بکاتەوە؟ ئەگەر پیاوبوون چیتر بە خاوەنداریێتیی ژن، کۆنترۆڵکردنی خوشک و کچ، فەرماندان بە هاوسەر، زاڵبوون بەسەر جەستەی ئەوی تر و پاراستنی ناموس و بە گشتی هێژمۆنی پێناسە نەکرێت، ئەوا پیاوبوون چی دەبێت؟ لێرەدا دەکرێت لە پەیوەندیی خاوەندارێتییەوە بەرەو پەیوەندیی هاوبەش و هاوتەریب بڕۆین. پەیوەندیی هاوبەش پەیوەندییەک نییە کە ئازادی بە ژن دەبەخشێت، چونکە ئەم دەربڕینە خۆی هێشتا لۆژیکی خاوەندارێتی لەخۆ دەگرێت. ئەگەر من ئازادی بە تۆ ببەخشم، واتە پێشتر خۆم بە خاوەنی ئەو ئازادییە زانیوە. پەیوەندیی هاوبەش دەزانێت کە ئازادیی ئەوی تر شتێک نییە ئەو ببیبەخشێت؛

ئەو تەنیا دەست لە داگیرکردنی مافێک هەڵدەگرێت کە هەر لە بنەڕەتەوە هی ئەوی تر بووە. ئەم جیاوازییە وردە، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە بنەڕەتییە.

١٢- بەرگریی پاتریارکی؛ کۆن هەر بە ئاسانی نامرێت

بەڵام گۆڕان هێڵێکی سەرڕاست نییە. هیچ هۆکارێک نییە وا بزانین دوای ژینا کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو ئازادیی زیاتر دەڕوات. بە پێچەوانەوە، هەر دابڕانێکی گەورە دەتوانێت بەرگریی گەورەش بەرهەم بهێنێت. کاتێ پێکهاتەیەکی کۆن هەست دەکات بنەمای واتایی خۆی لەدەست دەدات، دەتوانێت توندتر ببێت. دەکرێت «ناموس» بە زمانی نوێ بگەڕێتەوە. دەکرێت کۆنترۆڵی جەستە بە ناوی کولتوور بگەڕێتەوە. دەکرێت سنووردارکردنی ژن بە ناوی «پاراستن» بگەڕێتەوە. تەنانەت دەتوانێت هەندێک شێوەی نوێی سۆشیال میدیا ببێتە ئامرازێکی نوێ بۆ کۆنترۆڵ، شەرمەزارکردن و سزادانی ژن. کەواتە پاتریارکی هەمیشە بە جلوبەرگی کۆن ناگەڕێتەوە؛ دەتوانێت مۆدێرن بێت، مۆبایلی بەدەستەوە بێت، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا چالاک بێت و بە زمانی نوێ هەمان لۆژیکی کۆنی خاوەندارێتی بەرهەم بهێنێتەوە. لەبەر ئەوە،

شۆڕشی سۆبژێکتیڤ پرۆسەیەکە، نە ساتێکی تەواوبوو. ژینا دەرگایەکی کردەوە؛ بەڵام کراوەبوونی دەرگا بە مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگە بە ناچاری لێی تێدەپەڕێت.

١٣- لە ئازادیی نێگەتیڤەوە بۆ ئازادیی پۆزەتیڤ

لێرەدا دەبێت جیاوازییەکی گرنگ بکەین. ئازادی دەتوانێت لە سەرەتادا بە شێوەی «ڕەتکردنەوە» دەربکەوێت: لەچکە لە سەر ناکەم. فەرمانەکەت قبووڵ ناکەم. خاوەندارێتیت بەسەر جەستەمدا قبووڵ ناکەم. ئەم «نەخێر»ە بێگومان بنەڕەتییە؛

چونکە سوژە بەبێ توانای نەخێرگوتن ناتوانێت لە ئۆبژەبوون دەربچێت. بەڵام ئازادی لێرەدا کۆتایی نایەت. دوای «من ئەوە نابم کە تۆ دەڵێیت»، پرسیاری دووەم دێت: «کەواتە من چی و چۆن دەخوازم ببم؟» ئەمە گواستنەوەیە لە ئازادی وەک ڕەتکردنەوە بۆ ئازادی وەک بەرهەمهێنان. سوژە تەنیا زنجیرەکەی ناپسێنێت؛ دەبێت فێر بێت بەبێ زنجیر چۆن بڕوات.

ئەم قۆناغە لەوانەیە لە خودی یاخیبوون دژوارتر بێت. چونکە ئازادی تەنیا بێسنووری نییە؛ بەرپرسیارێتییە. کاتێ چیتر کەسێکی تر بۆ من بڕیار نادات، من دەبێت بەرپرسیاری هەڵبژاردنی خۆم بم. بەم مانایە، سوژەی ئازاد تەنیا سوژەی «ماف» نییە؛ سوژەی بەرپرسیارێتیشە.

١٤- ئاخۆ ئێمە لەبەردەم شۆڕشێکی ئەنترۆپۆلۆژیکداین؟

لێرەدا دەگەینە گەورەترین پرسیاری ئەم وتارە. ئاخۆ بەکاتی ژینا تەنیا شۆڕشێکی سیاسی بوو؟ یان دەتوانین قسە لە دەستپێکی شۆڕشێکی کولتووری بکەین؟ یان تەنانەت دەتوانین هەنگاوێک زیاتر بنێین و بپرسین: ئاخۆ ئێمە لەبەردەم دەستپێکی شۆڕشێکی ئەنترۆپۆلۆژیکداین؟ شۆڕشی ئەنترۆپۆلۆژیک لێرەدا بە مانای گۆڕانی بایۆلۆژیکی مرۆڤ نییە. مەبەست گۆڕانە لە وێنەی مرۆڤ لە خۆی؛ لەوەی مرۆڤ خۆی چی دەزانێت، پەیوەندیی خۆی بە ئەوی تر چۆن پێناسە دەکات و بە چ شێوەیەک مافی بوونی خۆی و ئەوی تر دەناسێت. ئەگەر پێشتر ژن لە چوارچێوەی شێوازی پەیوەندییەکەی لەگەڵ پیاو، خێزان و نامووس پێناسە کرابێت و ئێستا بەرەو خۆپێناسەکردن هەنگاو بنێت؛ ئەگەر پیاو پێشتر خۆی لە چوارچێوەی خاوەندارێتی و چاودێریدا پێناسە کردبێت و ئێستا ناچار بێت پیاوبوون لە نوێوە پێناسە بکاتەوە؛ ئەگەر خێزان لە شوێنی فەرمانەوە بەرەو شوێنی گفتوگۆ بجووڵێت؛

ئەگەر نامووس لە جەستەی ژن دابماڵرێت؛ ئەگەر جەستە لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی خۆبنیادنەری بجووڵێت؛ ئەوا ئێمە تەنیا باس لە گۆڕانی سیاسی ناکەین. ئێمە باس لە گۆڕانی فۆرمی بوونی مرۆڤ دەکەین.

کۆتا پەیڤ

لە کۆتاییدا دەتوانین هەموو ئەم باسە لە دەوری مافێکی بنەڕەتی کۆبکەینەوە: مافی بەرهەمهێنانی «خۆ». دەسەڵات تەنیا خواستی لە جەستە و جێندەر، گوێڕایەڵی و ملکەچی نییە؛ هەندێک جار دەیەوێت دیاری بکات تۆ کێ بیت. دیاری دەکات: تۆ ژنیت، کەواتە دەبێت ئاوا بیت. تۆ پیاویت، کەواتە دەبێت ئاوا بیت. تۆ کچیت، کەواتە ئەمە بۆ تۆ شەرمە. تۆ برا یان باوکیت، کەواتە دەبێت ئەو کۆنترۆڵ بکەیت. بەم شێوەیە دەسەڵات تەنها کردار بەرهەم ناهێنێت؛ سوژە بەرهەم

دەهێنێت. لەبەر ئەوە، ئازادیی قووڵیش تەنیا شکاندنی فەرمان نییە؛ گەڕاندنەوەی مافی بەرهەمهێنانی خۆیە بۆ خودی مرۆڤ. «من کێم؟» ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە هەمیشە لە دەرەوە بێت، سوژە هێشتا بە تەواوی ئازاد نییە. بەڵام کاتێ مرۆڤ خۆی دەبێتە بەشدار لە بەرهەمهێنانی وەڵامەکەدا، ئازادی لە مەفهوومێکی سیاسییەوە دەگۆڕدرێت بۆ فۆرم و شێوازێکی بوون. لەم ڕوانگەیەوە، میراتی قووڵی بەکاتی ژینا لەوانەیە هەر ئەمە بێت: گەڕاندنەوەی پرسیاری «من کێم؟» بۆ خودی سوژە.

بەم شێوەیە دەگاتە کۆتایی: لە سووتانی لەچکەوە بۆ سووتانی بەدیهیات. لە سەرەتای ئەم وتارەدا لە وێنەیەکەوە دەستمان پێکرد: ژنێک لەچکەکەی لە سەر دادەماڵێت و دەیخاتە نێو ئاگر. ئەگەر تەنیا بە چاو سەیری ئەو وێنەیە بکەین، پارچە قوماشێک دەبینین کە دەسووتێت. بەڵام ئەگەر بە چاوێکی فەلسەفی سەیری بکەین، شتێکی زۆر گەورەتر دەردەکەوێت: لەو ئاگرەدا یەکێک لە کۆنترین پەیوەندییەکانی دەسەڵات کەوتووەتە ژێر پرسیار؛ پەیوەندیی نێوان جەستە و خاوەنداریتی. ئەو جەستەیەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەیویست پۆشاکەکەی دیاری بکات؛ خێزان دەیویست سنوورەکانی دیاری بکات؛ پاتریارکی دەیویست شەرەفی پیاوی لەسەر بنیاد بنێت؛ نەریت دەیویست شێوازی جووڵە و دیاربوونی دیاری بکات؛ لە ساتێکدا دەستی کرد بە قسەکردن بە زمانی خۆی و وتی: «من ئۆبژەی تۆ نیم».

ئەم ڕستەیە، ئەگەر بە تەواوی واتاکەی بگرین، تەنیا ڕستەیەکی فێمینیستی نییە؛ ڕستەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیکە. چونکە لە پشتیدا ڕاگەیاندنێکی بنەڕەتی هەیە: مرۆڤ نابێت تەنیا بەرهەمی پێناسەی ئەوی تر بێت. لەو ساتەدا جەستە تەنیا شتێک نییە کە دەسەڵات کاری لەسەر بکات؛ جەستە خۆی دەبێتە دەنگ. جێندەر تەنها چارەنووسێکی پێشوەختە نییە؛ دەبێتە مەیدانی گفتوگۆ و خۆپێناسەکردن. ژن تەنیا ئەو کەسە نییە کە دەسەڵات سنووری بۆ دیاری بکات؛ دەبێتە سوژەیەک کە خۆی پرسیار لە سنوورەکان دەکات. پیاویش چیتر ناتوانێت خۆی تەنیا لە چوارچێوەی هێژمۆنیی خاوەنداریتیی ئەوی تردا پێناسە بکات؛ دەبێت فێری هاوبەشی بێت. خێزانیش ناچارە لە فەرمانەوە بەرەو گفتوگۆ بجووڵێت. و کوردستانیش ناچارە پرسیاری ئازادی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە: ئاخۆ ئازادی تەنیا ئەوەیە هیچ نەتەوەیەکی تر بۆ من بڕیار نەدات، یان ئەوەشە کە منیش فێر بم بۆ ئەوی تر بڕیار نەدەم؟

لێرەدایە بەکاتی ژینا لە ڕووداوێکی سیاسی تێدەپەڕێت و دەبێتە ئاوێنەیەک کە کۆمەڵگەی کوردی ناچار دەکات سەیری خۆی بکات؛ نەک تەنیا سەیری ئەو دەسەڵاتەی لە دەرەوەی خۆیەتی، بەڵکوو سەیری ئەو دەسەڵاتانەش بکات کە لە نێو خۆیدا بەرهەمی هێناون: لە نێو خێزان، لە نێو پەیوەندیی ژن و پیاو، لە نێو چەمکی نامووس و تەنانەت لە نێو زمانی هەر تاکێکدا. لەوانەیە هەر ئەمە دژوارترین قوناغی ئازادی بێت. دژایەتیی دەسەڵاتی دەرەکی ئاسانترە لە دۆزینەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لە نێو خۆماندا نیشتەجێ بووە. بەڵام ئەگەر بەکاتی ژینا واتایەکی قووڵی مێژوویی هەبێت،

سەرچاوە
Serchawe

ڕەنگە لێرەدا بێت: ژینا تەنیا پرسیاری «کێ بەسەر ئێمەدا دەسەڵات دەکات؟»ی نەهێنایە ئاراوە؛ بەڵکوو پرسیاری «ئێمە چەندە دەسەڵات لەسەر یەکتر بەرهەم دەهێنین؟»یشی خستە بەردەممان.

ئیتر لێرەوە ئازادی مانایەکی نوێ وەردەگرێت. ئازادی تەنیا ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئەوی تر نییە؛ ئازادی توانای ئەوەیە خۆت بیت، بەبێ ئەوەی بۆ بوونی خۆت پێویستت بە ئۆبژەکردنی ئەوی تر بێت. بۆیەش، ئەو ئاگرەی لە دەستی ژنێکدا لەچکەکەی سووتاند،

لەوانەیە لە مێژووی کوردستاندا وەک ئاگرێکی زۆر گەورەتر بمێنێتەوە: ئاگری سووتاندنی بەدیهیات. چونکە شۆڕشی قووڵ لەو ساتەدا دەست پێ ناکات کە مرۆڤ تەنیا بە دەسەڵات دەڵێت «نەخێر»؛ شۆڕشی قووڵ لەو ساتەدا دەست پێ دەکات کە سوژە سەیری خۆی دەکات و دەڵێت: «من چیتر ئەو کەسە نیم کە تۆ پێناسەت کردبووم.» لەو ساتەدا جەستە لە ئۆبژەبوون دەردەچێت. جێندەر لە چارەنووسبوون دەردەچێت. ژن لە خاوەنداریتی دەردەچێت. پیاو لە پێویستیی خاوەنداربوون دەردەچێت. و ئازادی لە دروشمبوون دەردەچێت و دەبێتە شێوازێکی بوون لە جیهاندا.

ئەمەیە یەکگرتوویی نێوان دەستپێک و کۆتایی: لە سەرەتادا پارچە قوماشێک دەکەوێتە نێو ئاگر، و لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ئەوەی سووتاوە تەنیا قوماش نەبووە؛ بەدیهییەکی مێژوویی بووە. بەدیهیی ئەوەی جەستەی ژن پێش ئەوەی هی خۆی بێت، هی دەسەڵاتە. بەکاتی ژینا ئەم بەدیهییەی شکاند. و هەر لەو شکانەوە، جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە هەنگاویان نا بەرەو سوژەی ئازادی.

---

1 - Judith Butler: Das Unbehagen der Geschlechter. Suhrkamp Verlag, 1991
2 - Karl Marx: Ökonomisch-philosophische Manuskripte, Suhrkamp Verlag, 2009
3 - Ernst Cassirer: Philosophie der symbolischen Formen. Meiner Verlag, 2023
4 - Judith Butler: Körper von Gewicht: Die diskursiven Grenzen des Geschlechts. Suhrkamp Verlag., 2024.
5 - Søren Kierkegaard: Der Begriff Angst, Übersetzt von: Gisela Perlet, Reclams Universal-Bibliothek, 2023.
6- Pierre Bourdieu: Die männliche Herrschaft. Suhrkamp Verlag, 2012
7 - Isaiah Berlin: Vier Versuche über die Freiheit. Fischer Verlag, 2006
8 - Helmuth Plessner: Die Stufen des Organischen und der Mensch : Einleitung in die philosophische Anthropologie, 1975.

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان، دەستمایەیەک بۆ بزووتنەوەی کوردستان

سمایل شەرەفی

لەسەر داوای حیزبەکان و لە چوارەمین ساڵیادی دەستپێکردنی بزووتنەوەی ژینادا، کوردستان ئەکت(ڕەفتار)ێکی دیکەی جەماوەریی لە خۆی نیشاندا.

مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ و لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستاندا، بۆ جارێکی دیکە

سەلماندی کە؛ کوردستان خاوەنداریێتی لە پرسەکانی خۆی دەکات، کۆمەڵگە لەسەر هەست و زیندوویە، سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیم نەزۆک و ژەنگاوییە، حیزبەکان جێی هیوا و متمانەی کۆمەڵگەن و یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەمیشە هەوێنی سەرکەوتنە.

لە ڕاستیدا ڕەساڵەتی مانگرتنەکەش هەر بۆ گەیاندنی ئەو پەیامانە بوو؛ پەیامێک ڕوو بە دوژمن کە بزووتنەوەی ژینا و بەگشتی بزووتنەوە گەورە مافخوازانەکەمان هەروا لەسەرپێ و بەردەوامە و هەوڵەکانتان بۆ لەپێخستنمان نەزۆک و فاشلن، پەیامێک ڕوو بە حیزبەکان کە جێی متمانەی کۆمەڵگەن و پێکەوەبوونتان هیوابەخشە و، پەیامێک ڕوو بە دۆست و دوژمن کە کوردستان خاوەنی هێز و پۆتانسێلگەلی قووڵ و بەرینی خەباتکارانەی خۆیەتی.

بەڵام ئەوەی دوای ئەم ئەکت و ڕەفتارە مانادارە جەماوەرییە مەدەنییەی خەڵکی کوردستان گرینگ و جێی بایەخپێدانە، جۆری بەدەستمایەکردنیەتی لە پێناو بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا. ئەرکێک کە دەکەوێتە سەرشانی حیزبەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، نووسەران، ڕووناکبیران و ئەدیبان و میدیاکاران و گشت چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان کە بتوانن هەرکام بەشی خۆی لەم دەستمایە عەزیمە هەڵکرێنێ و کاری لەسەر بکات.

ئەوەی لێرەدا زیاتر سەرنج دەخرێتەسەر، ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانە لەبۆ ئەوەی چۆن لەم سەرمایە جەماوەرییە هەرکام لە بواری کار و چالاکییەکانی خۆیاندا کەڵک وەربگرێت.

گەیاندنی پەیامەکانی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٥ی خەرمانان بەو شوێنانەی پێویستە گوێیان لێ بێت و لێی تێبگەن، ئەرکی حیزبەکانە. پێویستە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییە پێوەندیدارەکان بە پرسی ئێران و کوردستان، بزانن کە کوردستان خاوەنی چ هێز و ئیستعدادێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە نادیدەگرتن و پشتگوێخستنی لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتوودا چ خەتایەکی گەورەیە. پێویستە کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە لە زۆریاندا حیزبەکان حزووری بەرچاویان هەیە و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، دەرک بە لێبڕاوبوونی کوردستان لە خەبات و لەسەرپێبوون و ڕژدبوونی کورد لەسەر ماف و داخوازییە نەتەوەییەکانی بکەن و تێبگەیەندرێن کە بزووتنەوەی کوردستان چ قورساییەکی کرداری و ڕێکخستنێکی بەهێزی جەماوەری لەپشتە. پێویستە حیزبەکانی کوردستان پشتقایم بەم دەستمایە مەزنە سیاسییەوە لەگەڵ ڕەقیبەکان بێنە گۆ و پشتئەستوور بەم پشتیوانییە کردارییەی خەڵکی کوردستان، نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی پرسی سیاسیی کورد بکەن.

خەرمانانی ٢٧٢٦

حیزبەکان دەبێ بە قووڵی لە ماناکانی ئەم جوابوەرگرتنەوانەیان لە خەڵک تێبگەن کە کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و زیندوو، وەک چۆن بەرانبەر بە داواکارییە یەکگرتووەکانیان ئامادەن بە بێ گوێدان بە هەرچەشنە هەڕەشەیەکی دەسەڵاتی خۆسەپێن ئیرادە بنوێنێ، لە ئاست کەمایەسی و هەڵە و پەڵەکانیشیاندا چاوکراوە و خاوەن هەڵوێستن.

کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان کە لە بیچمدانی ئەم جۆرە لە ڕەفتاری مەدەنی و جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی ڕێکخراوەیی و ڕۆشنگەرانەی هەبووە، لایەکی دیکەی بەدەستەوگرتنی ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییەیە. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان کە توانیویانە ببنە جێی متمانەی کۆمەڵگەی کوردستان و هێز و وزە لە کۆمەڵگە وەردەگرن، ئەرکی سەرشانیانە کە لە پێناو هۆشیاری و بەهێزکردنی کۆمەڵگەدا، پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن، ئاستی بەشداریی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە بزووتنەوەی شوناسخوازانەدا کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕەوتێکی باشی پێواوە، بەهێزتر بکەن. بانگەواز و داوای حیزبەکان لە خەڵک بۆ مانگرتن و، بەڕێوەچوونی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٥ی خەرمانان، پێوەندییەکی زیندووی دیالکتیکیی نێوان بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان وەک بەشێک لەم دووانە لێکدانەبڕاوە دەتوانێ لە بەهێزترکردنی ئەم پێوەندییەدا ڕۆڵی قووڵتر بگێڕێ. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان بە پێوەندیگرتن لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیی کۆمەڵگەکانی دیکەی ئێران و نەتەوەکان، پێویستە لەسەر بنەمای نێوەڕۆک و ماهییەتی سیاسی، مەدەنی و مافخوازانەی ئەم جۆرە ڕەفتارانەی خەڵکی کوردستان بکەونە دیالۆگ و پیلانی دوژمن لەسەر لێکترازانی ئەم کۆمەڵگە هاوبەشانە پووچەڵ بکەنەوە.

ئەوەی ڕۆڵ و پێگەی حیزبەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دیاری دەکات، ئەکت و ڕەفتار(پشتیوانی)ی کۆمەڵگەیە؛ کۆمەڵگەی کوردستان لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاویدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی، بۆ جارێکی دیکە ئەم ئێعتبارەی پێ بەخشینەوە.

بۆیە ئێستا نۆرەی ئەوان (حیزبەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی)یە کە لەم دەستمایە جەماوەرییە لە پێناو بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی کوردستاندا ئەرک و ڕەساڵەتی خۆیان بەڕێوەبەرن.

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

شەڕ کۆتایی نەهاتووە، نۆرەی گەمارۆ و ئابلۆقەی گورچکبڕە

ڕەزا دانشجوو

ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی - نیزامیی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. چاوخشاندنێکی کورت بە پێشهاتەکانی چەند مانگ و ڕۆژی ڕابردوودا نیشان دەدات کە بەپێچەوانەی پڕوپاگەندە و بانگەشە بەردەوام و بێبنەماکانی ڕێژیم، ئەم گۆڕانکارییە تاکتیکییەی ئەمریکا لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆماری

ئیسلامیدا، نەک هەر دەتوانێت لانیکەم لە هەلومەرجی ئێستادا لە شەڕی نیزامی کاریگەرتر بێت، بەڵکوو دەتوانێت کۆتاییهێنەری چیرۆکی کۆماری ئیسلامی لە لێواری داڕماندا بێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە شەڕی چەکداری بۆ کۆماری ئیسلامی دوو دیاردەی تەواو جیاواز بووە و هەیە! تەنانەت لایەنگرانی زۆر بەپەرۆش و خەمخۆران و بەکرێگیراوە وەفادارەکانی ڕێژیم نکۆڵی لەم ڕاستییە ناکەن، یان باشتر بڵێین ناتوانن نکۆڵی لەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بکەن کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا زەبری قەرەبوونەکراوەی بەرکەوتووە. کوژران و لەنێوچوونی عەلی خامنەیی، دیکتاتۆری خوێنڕێژی ڕێژیم و دەیان فەرماندەی باڵای سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە دوو قۆناغی شەڕدا، و لەنێوچوون و خاپووربوونی بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی سەربازی و توانای مووشەکی و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتدارانی تاران، شتێک نییە کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه بتوانن بەئاسانی چاوپۆشیی لێ بکەن!

بەڵام شانبەشانی ئەم شەپۆلە لە وێرانکاری دەبێ بگوترێت شەڕ بەبێ گوێدانە تایبەتمەندییەکانی لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتی دەتوانێت تاقمێک قازانج و بەرکەوت بۆ نیزامێکی نوقمبوو و ماوەبەسەرچووی وەک کۆماری ئیسلامی بهێنێتە ئاراوە کە دەبێت ئاماژەیان پێ بکرێت. تیشکخستنەسەر و جووڵاندنەوەی هەستی ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتدارانی تاران لە ڕاستیدا هیچ باوەڕێکیشیان پێی نەبێت، تاکتیکێکە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی مێژووی نگریسی، بەپێی بارودۆخەکە بەکاری هێناوە. شەپۆلی تازەی ئەم کایە گاڵتەجارییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای شەڕی دوازدە ڕۆژە و داواکاریی عەلی خامنەیی لە مەداحێکی ڕێژیم بۆ گوتنەوەی سروودی «ئەی ئێران» لە دانیشتنێکی بەکرێگیراوان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا. بەدرێژایی ڕووداوەکانی دوای ئەم شەڕە تا ئەمڕۆ، ماشێنی پڕوپاگەندەی ڕێژیم بەردەوام هەوڵی داوە بە تیشکخستنەسەر ئەو چەمکە نیشتمانی و ناسیۆنالیستییانە، لانیکەم بەشێک لە کۆمەڵگە بەتایبەت ئەوانەی تا ئێستا دوودڵ و بێهەڵوێست ماونەتەوە لەگەڵ خۆیدا هاوڕێ و هاوڕا بکات.

هەروەها دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە لە چاوی زۆربەی خەڵکی ئاسایی جیهاندا، ئەمریکا و سەرکردەکانی وەک زلهێزێکی جیهانی هەرگیز خوازراو و خۆشەویست و پەسەندکراو نەبوون! لە واقیعدا ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه زۆر هەوڵی داوە خۆی وەک هێزێکی گەورەی ناوچەیی و تەنانەت جیهانی نیشان بدات کە شەڕی زلهێزێکی جیهانیی وەک ئەمریکا دەکات، تا لەم ڕێگەیەوە و لە کەشێکی سۆزداریدا بتوانێت کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانیشدا هەبێت و خۆی گەورەتر نیشان بدات.

ڕەنگە ئەمە گرنگترین هۆکاری گۆڕینی تاکتیکی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکردەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی کۆماری ئیسلامیدا

بێت. بە پێچەوانەی شەڕ، سزا و ئابلۆقەی ئابووری نەک هەر بۆ ماوەیەکی کاتیش هیچ قازانجێک بۆ دەسەڵاتدارانی تاران ناهێنێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەتوانێت چەندین قازانج و بەرکەوتەی گەورەی بۆ ئەمریکا هەبێت و ئاراستەی هاوکێشەکان بە تەواوی **لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و بە زیانی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێت:**

یەکەم؛ ئابووریی داڕماو و لە لێواری هەڵدێری کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە لە گیانەڵڵادایە و خەریکە شەڕ لەگەڵ مەرگدا دەکات و تەنیا بە یارمەتیی ئامێری هەناسەدانە کە لە ژیاندا ماوەتەوە. ئابوورییەکی نەخۆش و نزار کە تێیدا گەندەڵیی سیستماتیک وەک خانە شێرپەنجەییەکان وایە و لە تانوپۆیدا ڕیشەی داکوتاوە، بە شێوەیەک کە هیچ نەشتەرگەرییەک ناتوانێت ڕزگاری بکات! بەدڵنیاییەوە ئەم ئابوورییە نەخۆشە توانای هیچ شۆکێکی تازەی نییە. ئەو گەمارۆ و سزایەی تا ئێستا بە پەکخستنی بەشی سەرەکیی توانای ڕێژیم لە فرۆش و هەناردەی نەوت یەخەی گرتبوو، ئێستا بە دەستپێکی شەپۆلی تازەی سزاکان، ئابلۆقەی تەواو و ڕێگری و دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوتییەکان، ڕەنگە دوا هەناسەکانی ئەم نەخۆشە نەزار و لاوازە بێت.

دووەم؛ دوای کوژران و لەنێوچوونی عەلی خامنەیی، کەلێن و بۆشاییەکی گەورە لە ناوەندی بڕیاردان لە تاران دروست بووە. ئەوەندە گەورە و چاوەڕواننەکراو کە تەنانەت ترامپ، سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشی هێنایە دەنگ کە بڵێت: «کەس نازانێت کێ لە تاران بڕیار دەدات!» نەبوونی دەرژخایەنی موجتەبا خامنەیی لە کاتێکدا کە ئێستا تەنانەت گومانی جیددی لەسەر تەندروستیی جەستەیی ناوبراو هەیە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان لایەنە جیاوازەکانی دەسەڵات بگاتە لووتکە. بێگومان گەمارۆ و شەڕی ئابووری وەک کاتالیزۆرێک دەتوانێت ببێتە هۆی خێراییی زیاتر لە قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو سەرکردەکانی ڕێژیم و سووتەمەنی بێت بۆ داگیرسانی هەرچی زیاتری ئەم ناکۆکییانە! لە کاتێکدا ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران، کۆنە فەرماندە تێرۆریستەکانی و بەشێک لە ڕەوتی بەناو بناژۆخوازەکانی ڕێژیم، هەر دانوستانێک لەگەڵ ئەمریکادا بە بێبایەخ و لەپێشدا شکستخواردوو دەزانن، بەڵام لە هەمان کاتدا نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ کاریگەرییە کوشندەکانی سزا و گەمارۆکاندا بکەن و چۆن دەتوانن ڕێژیم لەم بارودۆخە دەرباز بکەن؟ لێدوانی ئەم دواییانەی کۆنە تێرۆریستی ڕێژیم «سەبزەوار ڕەزایی میرقاعید»، سکرتێری تازەدانراوی موجتەبا خامنەیی بۆ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی کۆماری ئیسلامی، کە تێیدا ڕوانگەیەکی تەواو جیاواز لە دەوڵەتی بووکەڵەیی و بێدەسەڵاتی مەسعوود پزیشکیان دەخاتە ڕوو و باس لە هێرشی پێشوەختە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، تەنانەت لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات، دەرخەری قووڵایی ئەم دابەشبوونەیە لە ناوەندی بڕیاردانی ڕێژیمدا.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی باس کرا، ڕیفۆرمخوازەکان و کەسانی نزیک لە قالیباف زۆر بەپەرۆشەوە دەڕواننە ئاکامی ئەم گەمارۆ و ئابڵۆقەیە و نیگەرانن لەوەی کە گەمارۆ و سزا نوێیەکان ببێتە هۆی دارمان و خاپووربوونی تەواوەتیی ئەم ئابوورییە نەخۆش و نەزارە. لێدوانەکانی ئەم دواییەی محەممەدباقر قالیباف سەبارەت بە کاریگەری و ئاکامی گەمارۆکان نیشانی دا کە جیاوازیی بیروڕا و بۆچوونی سەرکردەکانی ڕێژیم گەیشتووەتە لووتکەی خۆی.

خاڵێکی گرنگ کە نابێت لەم نێوەندەدا فەرامۆش بکرێت ئەوەیە: ئەگەر پێشتر دەستەواژەی «خۆفرۆش» و «بەکرێگیراو» لەلایەن لایەنگرە ڕادیکاڵەکانی ڕێژیمەوە تەنیا بۆ کەسانی میللی و ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم بەکاردەهێنرا، ئێستا بەشێکی سەرەکی لە کەسانی نزیک لە ڕێبەری تێداچووی کۆماری ئیسلامی -عەلی خامنەیی-یش دەگرێتەوە؛ ئەوەش نیشانەیەکی تری ڕوون و ئاشکرایە بۆ فراوانبوونی کەلێنی دەسەڵات لە لووتکەی حکوومەتدا.

سێیەم؛ ڕەنگە گرنگترین ئەرک و ئاکامی سزاکان بەراورد بە شەڕی سەربازی، دروستکردن و گەورەکردنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و گەڕاندنەوەی خەڵکی ناڕازی بێت بۆ سەر شەقامەکان؛ تەنانەت چینە بێدەنگ، بێهەڵوێست و دوودڵەکانی کۆمەڵگەش. بەپێچەوانەی سەردەمی شەڕ، ئێستا هەر پاساوێک بۆ هۆکاری ئەم بارودۆخە نالەبارە ئابوورییەی کە ڕۆژ بە ڕۆژیش خراپتر دەبێت، لەلای کۆمەڵانی خەڵک قبووڵنەکراو و نەگونجاوە! ئەگەر تا دوێنێ لە کەشێکی کاتیی سۆزداریدا کە بەهۆی شەڕەوە دروست بوو، دەکرا بەئاسانی کێشە و قەیرانە ئابوورییەکان پشتگوێ بخرێن، ئێستا کۆمەڵگە حکوومەت بە تاکە هۆکاری خراپتربوونی بارودۆخی ئابووری دەزانێت. ئەمە ڕەنگە خاڵی هەرە لاواز و کۆتاییهێنەری ژیانی نەگریسی کۆماری ئیسلامی بێت! ڕاگەیەندراوەکەی ئەم دواییەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران، کە تێیدا بەئاشکرا باس لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بۆ سەر شەقامەکان دەکات، دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێندرێت.

خاڵی کۆتایی و گرنگی تر کە نابێت لەبیرمان بچێت ئەوەیە کە ئەم سزا و ئابڵۆقە و گەمارۆیانە لە دۆخێکدا بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێندرێن کە هێشتا شەڕ بەفەرمی کۆتایی نەهاتووە و ئەگەری ڕوودان و دەستپێکردنەوەی لە هەمیشە زیاترە! واتە وەک سەرۆکی ئەمریکا ترامپ دەڵێت: لە ئێستادا هیچ دانوستانێک لە ئارادا نییە؛ ئەمەش مانای ئەوەیە کە سێبەری شەڕ هێشتا زاڵە و تەواو نەبووە!

بە واتایەکی سادە؛ شەڕی سەربازی نەک کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو لە پەراوێزیدا شەڕی ئابووریش دەستی پێ کردووە!

ئەگەری هەموو شتێک هەیە! ڕەوتی ڕووداوەکان دەتوانێت بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو خێرا و پێشبینینەکراو بێت.

گردبوونەوە و خۆپێشاندانێکی سادە لە هەر شوێنێکی ئەم وڵاتە بێزاربووە لە ستەم، گەندەڵی و نادادپەروەری؛ نارەزایەتی دەربڕین بۆ هەر هۆکارێک؛ چەند دروشمێک و هەڵگیرسان و گڕگرتنی ساڵانێکی ڕق و کینە و دەنگی خەفەکراوی ناو قوڕگ و گەروو: بڵێسەدان و تەقینەوەی ئاگری ژێر خۆڵەمێش!

تەسلیمبوون یان کۆتایی کۆماری ئیسلامی؟ کێ دەرهێنەری سێکانسی کۆتایی ئەم شانۆ نگریسەیە؟ سەرۆک کۆماری ئەمریکا یان شۆڕشگێڕانی شەقام؟

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

دیسان کوردستان!



عەلی لەیلاخ

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی، کوردستانە کۆڵنەدەرەکەمان، هاوشێوەی ٢١ی خەرمانانی هەشت ساڵ لەمەوبەر، لە مانگرتن و بێدەنگییەکی مانادار‌دا، پەیام و دەنگی خۆی سەرلەنوێ بە گوێی جیهاندا دا.

بانگەوازی مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە هەم چوار ساڵ بەسەر شۆڕشی «ژینا» و شەهیدانی

ئەم ڕاپەڕینەدا تێپەڕیبوو، هەمیش بەهۆی دڵەڕاوکێ و لێکەوتەکانی شەڕی ئێران و ئەمریکاوە، چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لێ نەدەکرا لە ئاستێکی بەرفراواندا بەڕێوە بچێت. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری کوردستان جارێکی دیکەش سەلماندیان کوردستان، جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، هەمیشە خاوەن ماتەوزەی خەبات و هێزی مەدەنییانەیە. ئەو کۆمەڵگە وشیارە زۆرجار بە هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان، ژیرانەترین دەربڕینی سیاسییان هەبووە، کە نموونەی هەرە نزیک و بەرچاوی، مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان بوو.

ئەو مانگرتنە کە لەلایەن هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە بانگەوازی بۆ کرابوو، لە ڕۆژی دیاریکراودا، واتە دوێنێ چوارشەممە ٢٥ی خەرماناندا بەشکۆوە بەڕێوە چوو. ئەویش لە کاتێکدا کە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو بانگەوازە، ناوەندە ئەمنییەکان یەکەم لایەن بوون بە جدی وەریانگرت و بە سەپاندنی هێز و میلیتاریزەکردنی زۆربەی هەرە زۆری شار و ناوچەکانی کوردستان، ویستیان ڕێگری لە سەرگرتنی ئەو بانگەوازە بکەن. بەڵام ئەوەی بینیمان، سەرلەنوێ پشتکردنی کوردستان بوو لە دەسەڵاتی سەرکوتگەری تاران و هەر بەو شێوەیەی لە دروشمەکاندا هاتبوو، «نا گوتنەوەیەک»ی دووبارە و مانادار بوو بە دیکتاتۆری.

بەرچاوترین پەیامی هەر هەرەوەزێکی کۆمەڵایەتی، پەیامێکە بۆ دەسەڵات؛ کەواتە خەڵکی کورد جارێکی دیکە بەو ڕەفتارە ژیرانە و سەردەمیانەیان بە کۆماری ئیسلامییان گوت کە: نە مل بە زۆرملی و زۆرداری نەوی دەکات و نە زام و برینە مێژووییەکانی لەبیر دەچنەوە.

پەیامێکی دیکەی ئەم مانگرتنە زیندووبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. سەرەڕای ئەو قەیران و مەینەتییانەی کۆماری ئیسلامی لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەسەر ئەو خەڵکەی هێناوە، هەم دیسان بە زیندووییەوە پیشانی دایەوە، کە لە ئاستی ئێراندا پێشەنگی خەباتی جەماوەرییە.

پەیامێکی دیکەی مانگرتنی ئەمجارە واتە ٢٥ی خەرمانان، سنووربەندیی سیاسییانە بوو لەگەڵ سیاسەتی خۆفەرزکردن و مەزنخوازییەکان، جا چ دەسەڵاتی ئێستا بێت یان هەر شێوە ڕوانینێکی هاوشێوە لە داهاتوودا. جێی خۆیەتی لەمڕۆوە ئەم ڕووداوە گرنگە زیاتر شی بکرێتەوە و لایەنە سیاسییەکان بە پشتبەستن بەو دەستمایە مرۆیی و مەعنەوییە، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بوێرتر و وردتر جووڵەی سیاسییان هەبێت.

پەیامێکی دیکەی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان لە هەلومەرجێکی هەستیاری ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پرسی سیاسیی کوردستان

خەرمانانی ٢٧٢٦

ئەوە بوو کە هەم «قائیم بە زات»ە و هەم نامۆیە لەگەڵ هەر جۆرە فاکتێکی بێگانە لەگەڵ ڕەوتی خەبات و مێژووی ئەو پارچەیە. ئەوان هاوکات کە دەرفەتێکی زێڕینن بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ گەلانی دیکە، بەڵام بە خوێن و خەباتی خۆیان جیاوازیی کولتوور و چییەتیی ویستە سیاسییەکانی خۆیانیان پاراستووە. هەر بۆیە لە دەرفەتێکی دیکەدا بەناوی ٢٥ی خەرمانان بۆ یاد و ڕێزگرتن لە خەرمانی زامەکانی نیشتمان، هەم «دەرفەتبوونی» خۆیانیان بۆ ژیانی مەدەنییانە سەلماندەوە، هەم بە تۆخی سنوورە سیاسی و خواستەکانی خۆیانیان دیاری کرد.

لە ڕاستیدا ئەو مانگرتنە بەرزترین پەیامەکەی ڕوو بە لایەنە سیاسییەکان بوو کە داوای مانگرتنیان کردبوو، کە ئەویش وەڵامی شیاوە! نۆرەی ئێوەیە زیاتر ڕێز لەو یەکگرتوویییەی شەقامی کوردی بگرن کە زامنی هەر جۆرە سەرکەوتنێک هەر ئەو یەکڕیزی و پێکەوەبوونەیە و «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» لە سەرووی هەموو سیاسەتێک بێت.

ئەگەرچی کوردستان و پرسەکانی تایبەت بە کوردستان زۆرجار لەلایەن میدیا غەیرەکوردەکانەوە پەردەپۆش دەکرێت، بەڵام پێکەوەبوونمان سەلماندی کە سەرەڕای نادادپەروەریی ڕاگەیاندن کە هەیە، ئەگەر ئێمە پێکەوە دەنگێکی «ڕەسا» بین، ئەوانیش ناچارن باسمان بکەن.

ڕاستییەکە ئەوەیە خەڵکی کوردستان دیسانەوە بە بەشداریی بەشکۆیان لە مانگرتنەکەدا، وەک ڕیفراندۆمێکی سەرکەوتوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، سەلماندیان کە چاوسوورکردنەوە و هێزهێنان و دەستبەسەرکردن و تۆقاندن، نیشانەی هێز و شکۆمەندی نییە، بەڵکوو ڕێک بە مانای ترس، دڵەڕاوکێ و ئەژنۆلەرزۆکیی شەرعییەتییەتی. ئەوان بە ڕۆڵەکانی خۆیان گوت «بەڵێ» و بە نەیارانی خۆسەپێنەریان گوت «نا». وەرگرتنی ئەم «بەڵێ» و «نا» گوتنەی شەقام و کاری پێکردنی ژیرانە، بێگومان ئەرکی سەرەکیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پتەوکردنی گیانی «هاوپەیمانی»یە.

دواجار، ناکرێ لەو سەرکەوتنەدا لەسەر هێڵ بوون و ڕاستگۆیی کوردکاناڵ و پلاتفۆرمەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بە ماندووبوونی ناوەندی تەشکیلاتی ئەم حیزبەوە نادیدە بگیرێت لە نواندنی ڕاستییەکان و خۆدوورگرتن لە پروپاگەندە و وەشانی ناڕاست.

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ د. شەرەفکەندی تیرۆر کرد؟

عومەر باڵەکی

٢٦ی خەرمانان، ٣٤ ساڵ لەمەوبەر، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تێرۆرکرانی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تووشی خەسارێکی گەورە و برینێکی قووڵ بوون. هەرچەند شەهیدکردنی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی زیانێکی گەورە بوو لە جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و دێموکراسیخوازیدا لە ئێران، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای کردەوە تێرۆریستییەکە بەو

جۆرەی داڕێژەرانی کردەوە تێرۆریستییەکە دەیانویست بە قازانجی ڕێژیمی تاران نەشکایەوە، بەڵکوو ڕوخساری دزێوی تێرۆریستپەروەری ئەو حکوومەتە بۆ بیروڕای گشتیی وڵاتان و دەوڵەتان بە ئاشکرا دەرکەوت.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەک دامەزراوەیەکی دەوڵەتی، پێش بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی، حەتمەن ئەوەیان زانیوە کە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لە خاکی دەوڵەتانی دیکەدا جۆرێک ڕیسکی مەترسیدارە و ئەگەری ئەوە هەیە یەکێک لەو دەوڵەتانە لە بەرامەر بەزاندن و ژێرپێنانی سەروەریی سیاسی و تێکدانی نەزمی ئەمنییەتیی نێوخۆی ئەو وڵاتەدا، مەترسی بکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکانی و بە توندی لێی وەدەنگ بێت. هەروەکی دیتمان دوای کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستوورانتی میکۆنۆس، دەوڵەت و گەلی ئاڵمان بە توندی وەدەنگ هاتن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: دەسەڵاتدارانی تاران بە هەستکردن بەو مەترسییە، بۆ ئامادە بوون ئەو ڕیسکە گەورەیە بکەن و پیلان بۆ تێرۆری د. شەرەفکەندی داڕێژن؟

وەڵامی ئەو پرسیارە چەندین هۆکار لەخۆ دەگرێت کە هەرکام لەو هۆکارانە لە خۆیاندا دەرخەری تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن بۆ پرسی کورد، و لە هەمان کاتدا نیشانەی پێگەی بەهێز و بەربڵاوی حیزبی دێموکراتە لە نێو خەڵکی کوردستان و لە کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیدا لە دەرەوەی وڵات.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆیان بە فەتوای جیهادی خومەینی شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاندبوو، بەڵام هەتا کاتی تێرۆرکردنی د. سادق شەرەفکەندی لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١دا، ماوەی ١٣ ساڵ بوو بە هۆی بەرگریی ئازایانەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان، لەو شەڕە داسەپاوەدا نەیانتوانیبوو بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا زاڵ بن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

هەرچەند لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا دەسەڵاتدارانی تاران بە تێرۆری د. قاسملوو لەسەر مێزی بەناو دانوستان ئەو ڕێگایەیان تاقی کردبووەوە، بەڵام ئەزموونیان لێ وەرنەگرتبوو؛ چونکە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو خوێندنەوەیەی لە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد هەیانبوو، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەگەر بتوانن ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەر شێوەیەکی مومکین لەسەر ڕێگا لابدەن، ئەو جووڵانەوە نەتەوەیی-دێموکراتیکەی کە حیزبی دێموکرات ڕێبەریی دەکات بە تەواوی لاواز دەبێت و ئیدی حیزبی دێموکرات ناتوانێت ببێتە کۆسپی سەر ڕێگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم لە کوردستان. بۆیە دوای تێرۆری د. قاسملوو، بەدوای ئاسەواری لاوازبوونی حیزبی دێموکرات و

جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون.

بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت بە هەڵەدا چوون؛ چونکە لە دوای شەهیدبوونی د. قاسملووی ڕێبەر و کاریزما، لەگەڵ گەورەبوونی برینەکە، بە هیمەت و ئیرادەی د. شەرەفکەندی و ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات هەروا بە توانا و ئیرادەی بەهێزەوە لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانی خەڵکی کوردستان مایەوە. ئەمەش بۆ دەسەڵاتدارانی تاران کە لەدایکبووی مەرگ و نەمانن قابیلی تەحەممول نەبوو؛ بۆیە کەوتنە دارشتنی پلانی تیرۆری د. شەرەفکەندی، کە بەڵکوو بە نەمانی د. شەرەفکەندی، حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێ بکەوێت.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بۆ تیرۆری د. شەرەفکەندی ئەوە بوو کە ناوبراو هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بێ یەکگرتنی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران کە باوەڕیان بە دێموکراسیی ڕاستەقینە و مافی گەلانی ئێران هەیە، کۆماری ئیسلامی ئەگەر لاوازیش بێت ناڕووخێت. بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز یەک بگرێت و ئەو یەکگرتنە لە هاوپەیمانییەکدا ڕەنگ بداتەوە.

سەبارەت بەو بابەتە، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمدا کە بە دەستی د. شەرەفکەندی نووسراوە، ئاوا باسی زەروورەتی پێکهێنانی بەرەیەک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران دەکات:

«پێکهاتنی بەرە بە مانای وەسەریەککەوتنی ئیمکاناتی جۆراوجۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێکەوەگرێدانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، ئەرکێکی ئەساسییە کە بەداخەوە تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتووە؛ هەرچەند قسەی زۆری لەسەر کراوە و هەوڵی زۆری لە زۆر لاوە - یەک لەوان ئێمە - بۆ دراوە... یەکێک لە پێویستییەکانی پێکهێنانی بەرە بریتییە لە پێکەوەدانیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان هێزە سیاسییەکان و گرتنی هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە هێندێک مەسەلەی سیاسی. لەو مەیدانەشدا دەتوانین بڵێین کە حیزبی ئێمە بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا چالاکییەکی باشی هەبووە و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ئەم ڕێوشوێنە نەک هەر درێژە پێ بدەین، بەڵکوو تا ئەو جێگایەی دەکرێت پەرەی پێ بدەین.»

هەروەکی باس کرا د. شەرەفکەندی باوەڕی بە یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخوازی سەرتاسەریی ئێران هەبوو و زۆری پێوە ماندوو بوو؛ بەداخەوە دەبینین ئەو شەوەی کە کارەساتی میکۆنۆس ڕووی دا، د. شەرەفکەندی لە حاڵی وتووێژدا بوو

لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەستەی جۆراوجۆر. دەسەڵاتدارانی تاران لەو هەوڵ و کۆششانەی د. سادق شەرەفکەندی بۆ یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز ترسیان لێ نیشتبوو و دەبووایە بەربەستی بۆ دروست بکەن. د. شەرەفکەندی وەک د. قاسملوو لەسەر ئەو ڕێبازە سوور بوو کە پێویستە پرسی کورد بەنێونەتەوەیی بکرێت؛ بۆیە هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە کەشوهەوای دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەلانی ئەو یەکێتییەدا، پرسی کوردیش ببێتە پرسێکی نێونەتەوەیی و بچێتە سەر مێزی دەستووری کاری دەوڵەتان. لەو ڕێگایەدا و لەو ماوە کورتەدا کە سکرتێری گشتیی حیزب بوو، هەوڵێکی زۆری دا کە بتوانێت ڕێچکەی د. قاسملوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەچاو بکات. دەسەڵاتدارانی تاران لەو هەوڵ و چالاکییانە هەراسان ببوون و نەیاندەویست لە بارودۆخی ئەو کاتدا کە هێشتا هێزی پێشمەرگە پێی لە خاکی کوردستان بە تەواوی نەبڕابوو، د. شەرەفکەندی وەک ڕێبەر و کاریزمایەک لە دنیای سیاسەتی دەرەوەدا، دوای د. قاسملوو وەک دژبەری سەرەکیی کۆماری ئیسلامی دەربکەوێت.

دەبینین بەڕێوەبەریی لێهاتووانەی د. شەرەفکەندی لە ئیدارەدانی حیزب لە دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک، و هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد، ئەو هەستەی لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا بەهێز کردبوو کە بێ‌قاسملوویی پێوە دیار نەبێت؛ لە هەمان کاتیشدا ئەو ترسەی لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندبوو کە د. سادق شەرەفکەندی بە خێرایی جێگەی د. قاسملوو پڕ دەکاتەوە.

هەموو ئەو هۆکارانە و دەیان هۆکاری دیکە هەبوون و هەن بۆ دوژمنایەتیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ بۆیە دووبارە هەڵەی تێرۆری د. قاسملوویان ئەمجارە بە شێوەیەکی تر و لە شوێنێکی تر دووپات کردەوە، بەڵام ئەمجارە ئیتر بە تەواوی لە دوو بواردا بە هەڵەدا چووبوون:

یەکەم: ئەو وڵات و ئەو شوێنەی بۆ ئەنجامدانی تێرۆرەکە هەڵیانبژاردبوو.

دووەم: تاقیکردنەوەی دووبارەی کردەوەی قێزەوەنی تێرۆر لەسەر ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

وڵاتی ئاڵمان، ئەو شوێنەی تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لێ ئەنجام درا، نەیتوانی لەبەر بیروڕای گشتیی خۆی و سەربەخۆبوونی دەزگای دادوەری، وەک وڵاتی ئوتریش بێدەنگی لە تاوانەکە بکات؛ بۆیە لەسەر ئەو تاوانە دادگایەک پێکهات کە بە دادگای میکۆنۆس (واتە ئەو ڕێستوورانەی کارەساتەکەی لێ ڕوودابوو) ناوی دەرکرد و دوای سێ ساڵ و نیو

خەرمانانی ٢٧٢٦

دادگا بڕیاری مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی باڵای تارانی دا. بڕیاری دادگای میکۆنۆس بوو بە هۆکاری (هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت) تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە ئورووپا، و ئەوە زەبرێکی قورس بوو بۆ سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە، هەرچەند تێرۆرکردنی د. شەرەفکەندی لە کاتێکدا بوو کە هێشتا ژانی برینی شەهیدبوونی د. قاسملوو بە جەستەی حیزبی دێموکراتەوە هەست پێ دەکرا، بەڵام بە هەوڵ و ئیرادەی خەباتکارانی حیزبی دێموکرات، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەگەیشتن بەو ئامانجەی بەدوایەوە بوون، کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بێت و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەرتەوازە ببێت.

د. قاسملوو لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨دا، واتە سێ مانگ پێش شەهیدبوونی، لە باسێکدا لەسەر مێژووی ڕێبەرایەتیی حیزب بەم جۆرە باس لە زیندووبوونی حیزب دەکات:

«ئێستا دەتوانین ئومێدەوار بین ئەگەر بەشێکی زۆری ئەم ڕێبەرایەتییەش نەمێنێت - کە ئەوە شتێکی سروشتییە، یا شەهید بێت، یا تەمەنی وای لێ بێت نەتوانێت کار بکات - پێم وایە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا ئیدامەکاری هەر بەردەوام دەبێ... ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی حیزبەکەمانە کە وەزعێکی ئاوای پێکهێناوە ئەگەر نەک دوو، بەڵکوو چەند کەس لەو ڕێبەرایەتییەدا نەمێنن، دیسان ئەو ڕێبەرایەتییە بە ڕێبازی خۆی درێژە دەدات...»

ئەو وتانەی ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو، هەڵقوڵاوی دەروونی تاک بە تاکی ئەندامانی حیزبە؛ و دەبینین دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و سەدان شەهیدی دیکەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو گەردەلوولی ڕووداو و کارەساتەکانی ناوچەکەدا، هەروا قورس و قایم بەپێوە لە مەیدانی خەباتدا بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد ڕاوەستاوە و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێت.

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ڕوانینمان له پەراوێزی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی له چوارەمین ساڵڕۆژی کوشتنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»دا به بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر و بەڵگەمەند، ڕایگەیاندووە له ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی به شێوەی سیستماتیک تاوانی دژەمرۆیی خولقاندووە و لەو پەیوەندییەدا داوای دادئەستێنی و لێکۆڵینەوەی قەزایی له دەیان بەرپرسی کۆماری ئیسلامی دەکا.

به پێی نێوەڕۆکی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سەبارەت به سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» له ساڵی ١٤٠١، بەڵگەی گرنگ و یەکلاکەرەوە له بەردەستدان سەبارەت به قەبارەی ئەو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان، ئەنجامی داوە.

بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە له کاتێکدایە پێشتر لێژنەی سەربەخۆی نێودەوڵەتیی دەرخەری ڕاستییەکان که لەلایەن شوڕای مافی مرۆڤی سەر به ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە به مەبەستی بەدواداچوونی پێشێلکارییە بەربڵاو و ڕێکخراوەکانی هێزە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی له ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا - له ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ - پێکهاتبوو، له ڕاپۆرتی

خۆیدا بە ئەنجامێکی هاوشێوە گەیشتبوو. لێژنەکە ڕایگەیاندبوو بەشێک لە پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕەوتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە ئەنجام دراون، بە ئاستی تاوانی دژی مرۆیی گەیشتوون. ئەم تاوانانە کوشتن، ئەشکەنجە، دەستبەسەرکردنی خۆسەر، دەستدرێژی و جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی، ونکردنی بەزۆرەملێ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرن کە بە ئامانجی جێبەجێکردنی سیاسەتی حکوومەتی ئەنجام دراون و دەکەونە چوارچێوەی تاوانی دژەمرۆییەوە.

لێبوردنی نێودەوڵەتی لە کۆتاییدا داوا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا بەپەلە میکانیزمێکی دادوەری بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە بە ئامانجی کۆکردنەوەی بەڵگەکان، لێکۆڵینەوە و تەعقیبی بەرپرسانی بەشدار لە تاوانی دژەمرۆیی لە ئێراندا پێک بێنێ و جەختی لەوە کردووەتەوە کە بنبەستی سیاسی لە شورای ئەمنییەت، بەربڵاویی تاوانەکان و ئەگەری زۆری دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە پێکهێنانی ئەو میکانیزمە پێویستییەکی بەپەلەیە.
بەپێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی دامەزراوە سەربەخۆ و نێودەوڵەتییەکان، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا کۆمەڵێک ڕووداوی تاک و پەرشوبڵاو نەبووە، بەڵکوو بەشێک بووە لە هەڵمەتێکی بەرفراوان و سیستماتیک دژی خەڵکی ناڕازی. ئەوەی گرینگە لەو ڕاپۆرتەدا سەرنجی بدەینێ ئەوەیە بەڕوونی ئاماژە بە قەبارەی سەرکوت و پێشێلکارییەکانی دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ کراوە و ئامارەکان دەری دەخەن کە ئاستی سەرکوت لەو دوو هەرێمەدا زۆر گەورەترە لە ناوچەکانی تری ئێران.

بە سەرنجدان بە دەرەنجامەکانی هەردوو ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لەسەر دۆزی کورد لە ئێران و ڕابردووی پڕ لە کارەساتی ئەو نەتەوەیە لە سەردەمی هەردوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا خۆی دەنوێنێ، دۆخێک کە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کوردی بە شێوەی ڕێکخراو و بەربڵاو پێشێل کردووە و تاوانی نێودەوڵەتیی گەورەی لێ کەوتووەتەوە. بەردەوامیی ئەو دۆخە، زەرووەرتی بەدواداچوون بۆ ڕیشە پێکهاتەییەکانی پێشێلی مافی مرۆڤ لە کوردستان زیاتر لە هەمیشە دەردەخا؛ کە بریتییە لە وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان وەک پرەنسیپێکی بنەڕەتیی یاسای نێودەوڵەتی و مافێکی بەفەرمی ناسراو لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا. هەر بۆیە چارەسەری بنەڕەتیی کۆتاییهێنان بە سەرکوتی خەڵک و گەڕەنتیی مافەکانی گەلی کورد تەنیا لەو دەریچەیەوە وەدی دێ. ئامارەکانی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە هەڵاواردنی سیستماتیک دژی گەلانی بندەستی ئێران چ پێشێلکارییەکی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤی لێ کەوتووەتەوە.

خەرمانانی ٢٧٢٦

له لایەکی ترەوە پرسی بە نێودەوڵەتیکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، وڵاتانی دێموکراتیک و ئەو دەوڵەتانەی کە لە یاساکانی خۆیاندا سەلاحیەتی دادوەریی جیهانیان بەفەرمی ناسیوە ئەرکدار دەکا زەرفیەتە یاسایی و دادوەرییەکانیان بۆ بەدواداچوون و سزادانی بکەران و بڕیاردەرانی ئەو تاوانانە بەکار بێنن و لە وەدیهێنانی دادپەروەری و ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانەدا بەشدار بن. ناکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە بدا جوگرافیا و سنووره سیاسییەکان و هەروەها نەبوونی ئیرادەی دادپەروەری لەو وڵاتانەدا کە تاوانی گەورەیان تێدا ئەنجام دەدرێ، ببێتە هۆی پارێزراوی بۆ تاوانباران و وەدینەهاتنی دادپەروەری.

وەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی ئەو تاوانانە، بەفەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی بندەستی ئێران و کۆتاییهێنان بە پارێزراویی قەزایی، سێ هۆکاری سەرەکین بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان و تەزمینی داهاتوویەک کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ، ئازادی و کەرامەتی ئینسانی پارێزراو بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پێشوازی لەم ڕاپۆرتە و وەبیرهێنانەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێ بە تێپەڕبوونی کات، تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەبیر بکا. بەتایبەتی ئەوەی کە هەردوو لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە پشتبەستن بە بەڵگە و شایەتییەکان، تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان بە تاوانی دژی مرۆیی ناساندووە، بەرپرسیارەتیی دەوڵەت و بەرپرسانی سیاسی و ئەمنیی ئەو ڕێژیمە زیاتر لە جاران دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕینی بەرپرسان یان خۆشاردنەوە لە پشت پێکهاتە حکوومییەکان، لە بەرپرسیارەتیی ئەو تاوانانە خۆی بدزێتەوە. لەبەر ئەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانە، هەنگاوی بەکردەوە لە پێناو دابینکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان و لێپرسینەوە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بنێن.

هەروەها لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، بەبێ گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتداریّتی لە ئێراندا، پێشێلکاریی بەربڵاو و ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ کۆتایی نایە و گێڕانەوەی مافی تاوانلێکراوان و وەدیهاتنی دادپەروەری ڕوو نادا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

خەرمانانی ٢٧٢٦

٢٧ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی

١٨ی سێپتامبری ٢٠٢٦ی زایینی

٢٧ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

شۆڕشی ژینا؛ شۆڕشێکی نەسرەوتوو تا لووتکەی سەرکەوتن

سۆما ناسری

هەندێک ناو تەنیا بۆ ناسینەوەی کەسەکانن، بەڵام هەندێکی دیکە لە سنووری ناو تێدەپەڕن و دەبنە ناسنامە و ڕەمزی مێژوو. کاتێک ناوێک دەبێتە هێمای نەتەوەیەک و دەنگی سەردەمێک، ئیتر مەرگ ناتوانێت کۆتایی پێ بهێنێت. «ژینا ئەمینی» ئەو ناوەیە کە چوار ساڵە لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی ئازادیخوازیدا، نەک وەک ناوێکی بێدەنگ، بەڵکوو وەک

هاوارێکی پڕ لە ورە و کۆڵنەدان بەردەوام زایەڵەی دێت.

چوار ساڵ لەمەوبەر، ناوی کچێکی کوردی خەڵکی شاری سەقز بوو بە هەوێنی وەرچەرخانێکی مێژوویی کە نەک تەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەڵکوو ویژدانی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا هەژاند. ژینا ئەمینی ئەو ڕۆژەی بە دڵێکی پڕ لە هیواوە وێڕای براکەی بۆ سەردانێکی ئاسایی چوو بۆ تارانی پایتەختی ئێران، بێخەبەر بوو لەوەی شێرکۆ بێکەس گوتەنی: «تاران بەددەم کەسەوە پێ ناکەنێ، بە دەم مەرگەوە نەبێ». پاش ئەوەی پۆلیسی بەناو ڕەوشتی ئێران (گەشتی ئیرشاد) بە بیانووی دیاربوونی چەند تاڵێکی قژی دەستبەسەری کرد، پاش سێ ڕۆژ بەهۆی ئەو زەبرە قورسەی بەر سەری کەوتبوو، لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا دڵی ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران لە لێدان کەوت؛ بەڵام لە لێدان کەوتنی دڵی ئەو کچە کوردە، دڵی ملیۆنان مرۆڤی ئازادیخوازی لە سەرتاسەری جیهاندا خستە یەک لێدان و کردنیە یەک دەنگ.

ژینا؛ ناوێک کە بوو بە ناسنامە

ناوی «ژینا» بە مانای ژیان دێت؛ لە ڕاستیشدا مەرگی ژینای کوردان بوو بە سەرەتای بووژانەوەی ئیرادەی گەلێک کە زیاتر لە چوار دەیە بوو لەژێر چەپۆکی حکوومەتی ئایینیدا بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکرا. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە گۆڕستانی ئایچیی سەقزەوە چەکەرەی کرد، تەنیا دروشمێکی سیاسیی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو دیسکۆرس و فەلسەفەیەکی نوێی خەبات بوو کە تێیدا ڕزگاریی کۆمەڵگە گرێدراوی ڕزگاریی ژن کرا. ئەم دروشمە سنووره جوگرافی و نەتەوەییەکانی بەزاند، بوو بە زمانی هاوبەشی سەرجەم نەتەوە بندەستەکان و وەک مانیفێستی شۆڕشێکی مۆدێرن و ڕزگاریخواز چەسپا.

شکان و هەرەسی دیواری ترس

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا، دەسەڵاتی زاڵ و دژەمرۆیی ئێران بە دڕندانەترین شێواز و لە ڕێگەی زەبروزەنگ، گرتن، ئەشکەنجە، پەتی سێدارە و تۆقاندنەوە هەوڵی دا ئەم دەنگە کپ بکات؛ بەڵام جیهان بینی کە خۆڕاگری و گیانفیداییی ڕۆڵە ئازادیخواز و مافویستەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران دیواری ترسی بۆ هەمیشە درز تێخست و هەرەسی پێ هێنا. لەو کاتەوە تا هەنووکە، ئیرادەی گۆڕانخوازی و ڕزگاریخوازی بە شێوەیەکی نەسرەوتوو لە هەموو هەل و دەرفەتێکدا سەرهەڵدەداتەوە و ڕووبەڕووی داگیرکەران و دەسەڵاتی خۆسەپێن دەبێتەوە.

سێ دەستکەوتی ستراتیژیی ئەم چوار ساڵە بریتین لە:

١- وەرچەرخان لە وشیاریی کۆمەڵایەتیدا: گەورەترین دەستکەوت، شۆڕشی هزری لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بوو. پاش ئەم ڕاپەڕینە، چیتر مافی ژن و ئازادییە بنەڕەتییەکان بابەتی لاوەکی نین، بەڵکوو بوونەتە جەمسەری سەرەکیی هەموو هاوکێشە و دیالۆگێکی سیاسی. ژنان بە کردەوە سەلماندیان کە پێشەنگی بێرکابەری مەیدانن و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بوو بە پەیامێکی گەردوونی کە ئێستاش لە گۆڕەپان و ناوەندە جیهانییەکاندا بە شکۆوە دەگوترێتەوە.

٢- دەرکەوتنی نەوەی بوێر و یاخی(نەوەی Z) ئەم قۆناغە سەلماندی کە نەوەی نوێ بە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی دواکەوتووانە دەستەمۆ ناکرێت. ئەوان لە نێو جەرگەی مەترسیدا بەدوای ژیانێکی شایستە و ئازاددا دەگەڕێن؛ بوێریی بێوێنەی ئەم نەوەیە بووەتە مۆتەکە بۆ ستەمکاران و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە هیچ ڕێگرییەک پاشەکشە ناکەن.

٣- بەدەستهێنانی ڕەوایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا: پرسی ژینا دۆسیەی ئێرانی لە «تەوەری تەناهی و چەکی ئەتۆمی»یەوە گواستەوە بۆ «تەوەری پرسی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ». ژینا بوو بە سیمبولی جیهانیی بەرەنگاری دژ بە فاشیزمی ئایینی، و لەو کاتەوە ئیتر پرسی ئێران لە مەلەفی وزەی ناوکیدا قەتیس نەمایەوە، بەڵکوو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بووە پێوەری سەرەکیی ململانێکان.

باجی گران و پشکۆی بن خۆڵەمێش

لەو چوار ساڵەدا، ڕێگای ئازادی بە خوێنی دەیان هەزار گەنج سوور کرا؛ هەزاران چاو کە بیناییی خۆیان بەخشییە نیشتمان و هەزاران تێکۆشەر کە لە تاریکخانەی زیندانەکاندا وەک چیا خۆڕاگر مانەوە. لە درێژەی ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشی ژینادا، لە نێوان ڕۆژەکانی ١٧ و ١٨ی بەفرانباری ساڵی ڕابردووش بە دەیان هەزار کەس بە دەستی مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامی خەڵتانی خوێن کران. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک هەمیشە سەنگەری پێشەنگی ئەم خەباتە بوو و سەلماندی کە ئیرادەی گەل لە فیشەک و پەتی سێدارە بەهێزترە.

ئەمساڵ کە چوار ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێت، «ژینا» تەنیا ناوێکی سەر کێلی گۆڕێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو قیبلەگەی ئازادی و ڕۆحی شۆڕشێکی بەردەوامە. ئەو نیشانی دا کە دەکرێت لە نێو جەرگەی تاریکییەوە چرایەک دابگیرسێنرێت کە تەواوی جیهان بە تروسکاییەکەی ڕووناک ببێتەوە. ئەگەرچی ڕێگاکە پڕ لە هەوراز و نشێوە و باجێکی

خەرمانانی ٢٧٢٦

گرانمان داوە، بەڵام مێژوو دەیسەلمێنێت کە هیچ زەبروزەنگێک ناتوانێت بەربەست لەبەردەم گەلێکدا دروست بکات کە بڕیاری داوە ئازاد بژی. ژینا ئەمینی چوار ساڵ لەمەوبەر شەهید بوو، بەڵام ئەو هەموو ڕۆژێک لەنێو هاواری «ژن، ژیان، ئازادی»دا، سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە.

٢٨ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کورتە وڵامێک بۆ ڕاگەیەندراوی بەناو «لاوان و سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ» لەسەر کوژرانی ئیسلام کاک دەروێشی

مستەفا مەولوودی

لەو ماوەیەدا ڕاگەیەندراوێک بە ناوی «لاوان و سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ» بڵاو کراوەتەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا کە لە کاردانەوە بە کوژرانی چەکدارێکی ڕێژیم بە ناوی «ئیسلام کاک دەروێشی» بڵاو کراوەتەوە، بەبێ ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەک

«حیزبی دێموکرات» و «کۆمەڵە» تۆمەتبار بە کوشتنی ناوبراو کراون. دوایەش بۆخۆیان دانیان بەوە داناوە کە لە تۆڵەی کوژرانی ئەو «ئیسلام»ناوە، هێرشیان کردووەتە سەر چەند بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت. هەروەک لە هەواڵەکانیشدا هاتبوو، لە ئاکامی پەلاماری ئەو هێرشکەرانەدا ئەندامانی ئەو بنەماڵانە ئەزیەت و ئازاری زۆر دراون، چەند کەسێکیان بریندار کردوون کە بەهۆی سەختیی برینەکانیان لە نەخۆشخانە کەوتوون و هەروەها کەلوپەلی ئەو ماڵانەیان شکاندووە. دیارە دوای ئەو کارە چەوت و دوژمنکارانەیە ڕقی پنگخواردوو لە دڵی ڕەشیان دانەمرکاوەتەوە؛ بۆیە ئەوجارە بەڕەسمی هەڕەشە لە خەڵک دەکەن کە ئەگەر حاڵەتی لەو چەشنە ڕوو بداتەوە، ئەوان بەبێ دوودڵی ماڵیان وێران دەکەن و داراییەکانیان بەتاڵان دەبەن و خۆیان گوتەنی ماڵ و حاڵ و خانووەکانیان تەختی زەوی دەکەن!

پێوەندیدار بەو باسە ئاماژەکردن بە چەند خاڵ پێویستە:

یەکەم؛ ئەوانەی ڕاگەیەندراوەکەیان دەرکردووە، بە هیچ شێوەیەک، زمانحاڵ و نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی نیشتمانپەروەر و مێژووپاکی عەشیرەتی مەنگوڕ «بەم تەعبیرەی ئەوان بەکاریان بردووە» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نین. ئەوانە تاقمێکی بەرژەوەندیخوازن کە بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان و بنەماڵەکانیان، چەکی خیانەت و نیشتمانفرۆشییان بۆ ڕێژیمی کوردکوژی ئێستای ئێران هەڵگرتووە. خەڵکی مەنگوڕ یان وەک دەڵێن عەشیرەتی مەنگوڕ، زۆربەیان خۆشناو، پاک، ڕەسەن و نیشتمانپەروەرن و بە هەراویش لە بزووتنەوەی سیاسی - کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەشدارییان کردووە. لەو پێناوەشدا بە سەدان کەسیان شەهید و بریندار بوون و هەر لەسۆنگەی ئەو چەکدارە نیشتمانفرۆشانەوە، زیان و خەساری گیانی و ماددییان بەر کەوتووە و زەرەرمەند بوون.

دووەم؛ ئەوان لەو ڕاگەیەندراوەدا کوژرانی «ئیسلام کاک دەروێشی» دەخەنە پاڵ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، بەڵام هێرش دەکەنە سەر زەحمەتکێشانی کوردستان و ئازاریان دەدەن، کەلوپەلی ماڵیان تێکوپێک دەدەن و بەوەندەش ئۆقرە ناگرن و هەڕەشە لە کۆی خەڵکی ناوچەکە دەکەن کە ئەگەر حاڵەتی لەو چەشنە ڕوو بداتەوە، خوێن و ماڵ و ژیانی خەڵکی حەلاڵ دەکەن! دیارە ئەو چەکدارانەی لە پشت ئەو ڕاگەیەندراوەدا خۆیان حەشار داوە، باوەڕیان بە قسەی ئەو پاسدارە پلەبەرزەی ڕێژیم هەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا و لە ژوورە داخراوە ئەمنییەتییەکانی خۆیاندا - کە لەسەر هێرشە ئاسمانییەکانی بنکە و بارەگاکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسە و باسیان کردووە- لە نۆرە قسەکەیدا، غیرەت وەبەر خۆی دەنێ و دەڵێ «ئەگەر ئێمە هەموو کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات لەنێو بەرین، دیسان نەمانتوانیوە حیزبی دێموکرات لەبن بێنین؛ لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان هەموو دێموکراتن و دێموکراتبوون بووەتە کولتووریان.» وادیارە ئەو چەکدارانەش هەر وەک کادرە پلەبەرزەکانی ڕێژیم بیر دەکەنەوە و جیاوازی

خەرمانانی ٢٧٢٦

له نێوان هێزه سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانانێن!

سێیەم؛ ئەو چەکدارانە باشتر وایە سەری گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان، بەتایبەتی لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشار بدەن و سەیری ئاکامی هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی خۆیان بکەن، هەر لەو کاتەوە کە پشتیان لە خەڵکی کوردستان کردووە. ئەوکات بەباشی بۆیان دەردەکەوێ سەرەڕای ئەو هەموو خراپەکاری، دژایەتی و ئازاردانی خەڵک لە شار، شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان نەیانتوانیوە باوەڕ، ئیرادە و ئازایەتیی خەڵکی کوردستان تێکبشکێنن. ئەگەر بۆ بەخۆداچوونەوەیش هەر تەنیا ئەوە دەرسێکی باش و ڕوون بوایە، نەدەبوو هەڕەشەی وا قێزەونیان لە خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان کردبا!

چوارەم؛ ئەمن پێم باشە ئەو چەکدارانە لە جێگەی ئەو هەڕەشە بێبنەما و بێجێیانە، گوێیان بۆ پەیامی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرتبا کە لە ٢٦ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤ هەتاویدا ڕایگەیاند. دڵنیام گوێگرتن لەو پەیامە و بەپیلەوەهاتنی زۆرتر قازانجی بۆیان دەبوو. هەر بۆ بیرهێنانەوە لە بەشێک لەو پەیامەدا ئاماژە بە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان کراوە و پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە لەپێناو دەسکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا پێویستە کوردەکان هەوڵی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی خۆیان بدەن. هەروەها گوتراوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەرتەنیا کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی سەرەکیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و داوا کراوە ئەو تاقمە چەکدارانەی لە خزمەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان، بگەڕێنەوە باوەشی گەلی نیشتمانپەروەر و دڵنیاش بن ئەو هەنگاوە باشەیان پێشوازیی لێ دەکرێ.

بۆیە جارێکی دیکە داوا لەو چەکدارانە دەکەین لە جێگەی ئەو هەڕەشە بێبنەمایانە، بەخۆیاندا بێنە و گوێ لەو پەیامە دڵسۆزانەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بگرن. دڵنیابن خەڵکی کوردستان و هاوزمانەکانتان لێبوردە و دڵاوان. ئێستاش دەرفەت ماوە و هێشتا درەنگ نەبووە.

٢٨ی خەرمانانی ٢٧٢٦

مانگرتن؛ تێچوو، دەستکەوت و تاکتیک

شاڕوخ حەسەنزادە

ئەم وتارە لە چوارچێوەی بیروڕای ئازاددا بڵاو دەکرێتەوە و مەرج نیە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و بۆچوونی «کوردستان میدیا» بێت.

مانگرتنی گشتی و ناڕەزایەتیی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی چەندین دەیەی هەیە و

بەردەوام وەک ئامرازێکی کاریگەریی خەباتی سیاسی و بەیانکردنی ئیرادەی جەماوەری بەکارهێنراوە. ئەم جۆرە لە خەبات کە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی ڕێکخراوە سیاسییەکان دارێژراوە، خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەند لە ئەزموونی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا خولی نوێی ئەم مانگرتنانە بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ (دوای مووشەکبارانکردنی قەڵا و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە) دەستی پێکردەوە و لە ڕەوتی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا گەیشتە لووتکەی پەرەسەندنی خۆی. لە نێوان ئەم چوار ساڵەدا، نزیکەی دە جار داوا و بانگەوازی مانگرتنی گشتی لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە کراوە؛ سەرەتا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە، دواتر بۆ هاوئاهەنگیی زیاتر و هێنانی هەموو هێزەکان بۆ بازنەی خەباتێکی گشتگیر لە ڕێگەی ناوەندی هاوکاری و ئێستاش لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران. سەرەڕای ئەم مێژووە پڕ لە ئەزموونە، شیکاریی مەیدانیی ڕەوتی دوایین مانگرتنە گشتییەکان ئاماژە بە گۆڕانکاریی جۆری لە ئاستی بەشداریی جەماوەر بەتایبەت لە کەرتی بازاڕ و کاسبکاراندا دەکات. بە شێوەیەک کە لە خولەکانی دواییدا ڕێژەی بەشداریی گشتی بەرەو دابەزین چووە و بازنەی جوگرافیی شارە بەشداربووەکانیش تەسکتر بووەتەوە، ئەم پاشەکشەیە بە پلەی یەکەم لە شارە بچووکتر بەڵام ستراتیژی و نیشتمانییەکانی وەک شنۆ، پیرانشار، نەغەدە، سەردەشت، مەریوان و بانەدا بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

دابەزینی ئاستی بەشداری لە شارە بچووکەکان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سروشتی ئەمنی و پێکهاتە و شێوەی هێزی سەرکوت و کۆنترۆڵکردنەوە هەیە، چونکە لە شارە بچووکەکاندا بەهۆی کەمیی ژمارەی دووکان و پاساژ و سنووردارbوونی کەرتی بازاڕ بە بەراورد دەگەڵ شارە گەورەترەکانی وەک سنە، کرماشان، بۆکان، مەهاباد و سەقز، ئامرازەکانی چاودێری و کۆنترۆڵی ئەمنیی زۆر ئاسانتر جێبەجێ دەکرێن. دەزگا ئەمنییەکان لەم شارە بچووکترانە بەکارهێنانی توندوتیژیی دەروونی و جەستەییان کردووەتە ئامرازێک بۆ شکاندنی کەرامەتی مرۆیی و ترساندنی بەکۆمەڵ؛ لەوانە دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی کەسایەتی و چالاکانی دیاری بازاڕ، ئەشکەنجەی جەستەیی، بێڕێزی و سووکایەتیی ڕاستەوخۆ بە خێزان وماڵبات، هەڵسوکەوتی ناشیاو بە مەبەستی ڕووخاندنی دەروون و ڕەوان و پێگەی کۆمەڵایەتییان، وەک ئەوەی لە خولی ڕابردوودا لە شاری شنۆ بە شێوەیەکی نامرۆڤانە بینرا. بۆیە ئەم میکانیزمەی سەرکوت و بێڕێزییپێکردنە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی فەزایەک بووە کە تێیدا تێچووی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مانگرتن لە ئاستی ئەرک و توانای بازاڕدا تێپەڕیوە.

لە شارە گەورەکاندا، وێڕای هەموو گوشار و زەبروزەنگێک، خەڵک هەتا ڕادەیەکی زیاتر توانیویانە بەربەرەکانی بکەن، بەڵام شیکاریی پرۆسەکە نیشان دەدات کە ڕێژەی بەشداری لە هەموو ڕووداوەکاندا یەکدەست نەبووە؛ بۆ وێنە لە مانگرتنی ١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٤دا ئاستی بەشداری بە بەراورد دەگەڵ مانگرتنەکانی پێشووتر دادەبەزێت کە ئەمەش ئاماژە بە

بەهێزبوونی گوتاری تێچوو-دەستکەوت لەلایەن جەماوەرەوە دەکات کە دەپرسن بۆچی ناوچەیەک ببێتە پێشەنگ و تێچووی سەرەکیی سەرکوت بدات لە حاڵێکدا ئەگەری هەیە دەسەڵات ئەم چالاکی و هەڵوێستە بکاتە بیانوو بۆ دەستپێکردنی گەڕێکی تری سەرکوت؟ هاوکات ئامارەکان ئاماژە بە مەودایەکی بەرچاو لە نێوان شارەکانی پارێزگاکانی سنە و ورمێ دەگەڵ پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامدا (ئەگەر باسی لۆڕستانیش نەکەم) دەکەن کە دەرخەری ئەوەیە ئاستی یەکگرتوویی و تۆڕبەندیی ڕێکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەییەکان لە تەواوی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتدا بە یەک ڕیتم ناپێورێت. ئەم ناهاوسەنگییە لە خولی پێشووی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی ١٨ و ١٩ی سەرماوەزی ١٤٠٤، بەڕوونی بەرچاو کەوت و کوردستانی بەسەر دوو کەرت دابەش کرد، هەروەها لە شارەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پشکداریی کوردانی ئەم دەڤەرە لەبەر پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی تایبەتی خۆیەوە، هەمووجارێ بەرچاوە.

جیاوازی لە جۆری ڕاگەیاندن و بەستەری سیاسی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر وەڵامدانەوەی شەقام هەبووە، بە شێوەیەک کە مانگرتنی بۆ وێنە خەزەڵوەری ١٤٠١، دوای هێرشە مووشەکی و درۆنییەکان بۆ سەر بنکەی حیزبەکان، وەڵامدانەوەیەکی بەربڵاوی بەدوای خۆیدا هێنا و سەلماندی کە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو، سیاسی و پەیوەندیی نێوان جەماوەر و حیزبەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات پەیوەندییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی قووڵە، بەڵام ئەم ڕووداوە هاوکات پێشانی دا کە ڕادەی سەرکەوتنی مانگرتن بەستراوەتەوە بە کاتی گونجاو و تێگەیشتنی هاوبەش لە ڕەوایەتیی داواکارییەکە. کەمبوونەوەی پەرەسەندنی مانگرتنەکان لە خولەکانی دواییدا ئاماژە بە کۆتاییی کاریگەریی ڕەهای ئەم ئامرازە لەژێر دەسەڵاتێکی داپلۆسێنەردا دەکات، چونکە هێزە ئەمنییەکان کەلێنەکانی بازاڕیان دەستنیشان کردووە و لە ڕێگەی بلۆککردنی حیساباتی بانکی، پلۆمپکردنی دووکانەکان، ئەشکەنجە و زیندانی درێژخایەن، ترسێکی زۆریان لەسەر چینی بازاڕ دروست کردووە.

لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە، پشتبەستن تەنیا بە کەرتی بازاڕ وەک تاقە ئەکتەری مەیدانیی خەباتی مەدەنی لۆژیکی نییە، چونکە کاسبکاران تەنیا بەشێکی زۆر بچووکی کۆمەڵگەن؛ بۆ نموونە لە شارێکی وەک شنۆ لە کۆی ٥٠ هەزار کەس حەشیمەتی ناو شار، تەنیا ٢,٥٠٠ دووکان هەیە کە دەکاتە ٪٥ی تەواوی حەشیمەتەکە، بۆیە کورتکردنەوەی بارگرانیی خەبات لەم ٪٥دا دەرئەنجامەکەی چەوسانەوەی زۆرتر و پاشەکشەی ئەم چینەیە. تێپەڕبوونی زیاتر لە دە خولی مانگرتن نیشانی دا دەزگا ئەمنییەکان توانیویانە مانگرتن لە دەستکەوتی بەهێزی ستراتیژی نەختێک کاڵ بکەنەوە و دووبارەکردنەوەی هەمان شێواز بەبێ گۆڕانکاری لە تاکتیکەکاندا دەبێتە هۆی ساردبوونی کۆمەڵگا و شەقام، بەڵام ئەمە بە مانای نەمانی توانای بەربەرەکانیی کۆمەڵگە نییە؛ بەڵکوو خەباتی مەدەنی ئامرازی زۆر فراوانتر لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت جێگرەوە یان تەواوکەری مانگرتنی بازاڕ بن.

لەم چوارچێوەیەدا، خەباتی مەدەنی دەتوانێت بۆ شێوازی نوێی هاوشێوەی؛ "ڕۆژووی سیاسیی سەرتاسەری"، "مانگرتنی هێمنانە و خۆبواردن لە چوونە ناوشار"، "پۆشینی بەکۆمەڵی جلوبەرگی کوردی یان بەکارهێنانی هێمای دیاریکراوی نەتەوەیی لە ڕۆژانی تایبەتدا" بگوازرێتەوە، ئەمانەش وەک ئامرازێک بۆ بەیانکردنی نارەزایەتی لە بەرەوڕووبوونەوە دەگەڵ دەسەڵات کە ئامرازەکانی سەرکوت تووشی پەککەوتن دەکات و تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگەش لە خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران، فەرمانبەران و ژنان بەشدار دەکات. بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، پێویستە هێزە سیاسییەکان لە تەنیا بانگەوازکردن بۆ داخستنی بازاڕ پێداچوونەوەیەک بکەن و مۆدێلی جۆراوجۆر و جیاوازی خەباتی مەدەنی بەکار بهێنن، هاوکات داواکاریی مانگرتنەکان ببەستنەوە بە کاتە زۆر هەستیارەکان تاوەکو ڕەوایەتیی خۆیان بپارێزن و وێژمانی کوردانە و ناسیۆنالیستیی خۆیان لە چوارچێوەی خواستە ڕاستەقینەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا بەهێزتر بکەنەوە و پەیوەندییان لەگەڵ نەبزی شەقام بپارێزن.

لەم دواییانەدا گوتارێک دروست بووە کە بەشێک لە ئالاهەڵگرانی، کەسانی بەناو ڕەخنەگری حیزبەکانن و لە مێژووی مانگرتنەکانی کوردستاندا بۆ یەکەم جار دژایەتی، بایکۆت و بانگەوازی دژ بە ئاشکرا لە سۆشیال میدیا بەرچاو کەوتووە. ئەم تاقمە کە بەشێکیان لە چینی هەڵبژاردە و نوخبەی کۆمەڵگەی کوردین و جیاوازن لەوانەی ڕقیان هەستاوە و هەستەکی دەجووڵێنەوە یان فێر دەکرێن؛ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حیزبەکان داواکاریی ناواقیعی لە خەڵک دەکەن و دەپرسن؛ "بەرنامەتان بۆ قۆناغی پاش مانگرتن چییە؟ بۆچی دەبێت بارگرانیی ئابووری و تێچووەکەی تەنیا لەسەر شانی بازارییان بێت؟ دەستکەوتی سیاسیی ئەم هەنگاوانە چی بووە و پێشتر چیمان لێ هەڵگرتووەتەوە؟ دۆخی گوزەرانی خەڵک، بەتایبەت کاسبکاران لەوپەڕی خراپیدایە و نابێت لەوە خراپتری بەسەردا بهێنرێت" و... . لە لایەکی ترەوە، بەشێک لەم ڕەخنەگرانە بە ئاماژەدان بە ڕووداوە سیاسییەکانی دوایی لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەوڵی دروستکردنی گومان دەدەن و دەڵێن: "ئەگەر سبەی یەک-دوو کورسیی ڕاوێژکاری لە تاران بە حیزبەکان ببەخشرێت بەبێ هیچ دەستکەوتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی چەک دادەنێن و تێکەڵی پرۆسەی سیاسیی ناوەند دەبن". هاوکات بە بەراوردکارییەک دەگەڵ ئەزموونی باشووری کوردستان و کێشەی گەندەڵی و ناتەبابوون، هەوڵی بێهیواکردنی کۆمەڵگە لەو حیزبانە دەدەن. بە ڕواڵەت ئەم چەشنە پێکگرتن و هەڵسەنگاندنانە کە بووەتە دیاردەیەکی باو و دوژمنیش لەو ئاوە لێڵە ماسیی خۆی دەگرێ! دەبێ لەبەر ئەوە بووبێ کە گۆیا؛ حیزبەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بواری وێژمان و دیسکۆرسی سیاسییەوە کە پێوەندیی بە ناسیۆنالیزمی کوردی و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینەوە هەیە ڕوویان لە پاشەکشێ کردووە و پشتیان لە ڕەسەنایەتیی ڕێبازی کوردانەی خۆیان کردووە (ئەوە قسەی ئەو تاقمەیە). ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئیرادەی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمیشە لەسەر بنەمای کوردایەتی، سەربەخۆیی فکری و جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆماڵی دارێژراوە.

خەرمانانی ٢٧٢٦

لە کۆتاییدا، لێکدانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ لە پێویستیی نوێبوونەوە لە تاکتیک و فراوانکردنی بەستەرەکانی بەشداری. مانگرتنی بازاڕ وەک هێمایەکی مێژوویی و دیاری ئیرادەی نەتەوەیی، هەمیشە قورساییی خۆی پاراستووە؛ بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ئامرازە لەژێر گوشاری گران و بەردەوامی دەزگا ئەمنییەکاندا تووشی کاڵبوونەوە نەبێت، داوای پێداچوونەوەی بەردەوام و گونجاندنی شێوازەکانی خەبات بەپێی گۆڕانکارییە مەیدانییەکان دەکرێت. وەڵامدانەوە بە ڕەخنە و نیگەرانییەکانی چینی بازاڕ و نوخبەی کۆمەڵگە، بە مانای لاوازبوونی سەنگەری نارەزایەتی نییە، بەڵکوو نیشانەی زیندوویی و گەشەسەندنی عەقڵییەتی سیاسیی کۆمەڵگەیە.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاستەنگانە و پاراستنی گوڕوتینی شەقام، گرنگە هێزە سیاسییەکان بەستنەوەی مانگرتنەکان بە کاتە زۆر هەستیارەکان، هاوشان لەگەڵ بەکارهێنانی مۆدێلی جۆراوجۆری نارەزایەتی کە تەواوی توێژەکان لەخۆ بگرێت بکەنە بەرنامەی کار؛ تاوەکو بارگرانی لەسەر کەرتی بازاڕ کەم بێتەوە، هاوسەنگیی تێچوو و دەستکەوت بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە، و پەیوەندیی مێژوویی و یەکگرتوویی نێوان پێشەنگانی سیاسی و جەماوەری کوردستان لە ئاستێکی بەرزتردا بپارێزرێت.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

د. کوێستان گادانی: ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و دێموکراسییەکی تەوافوقی دابڕێژرێتەوە

ئاماژە:

ڕۆژی شەممە، ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦ (٢٨ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی)، لە وڵاتی نۆرویژ کۆنفرانسێک لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات) بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا، بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵێک حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی و ئێرانی بەڕێوە چوو. لەم کۆنفرانسەدا کە تەرخانکرابوو بۆ تاوتوێکردنی ئاسۆی داهاتووی سیاسیی ئێران و ڕۆڵی پێکهاتەکان، وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن دوکتۆر کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، پێشکەش کرا. ئەم وتارە بە خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا و هاوکات تاڵیادی تیرۆری میکۆنۆس، تیشک دەخاتە سەر پێویستیی بنیاتنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لە ئێراندا. ئەمەش دەقی تەواوی وتارەکەیە:

لە بزووتنەوەی ژیناوە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار

چوار ساڵ لە شەهیدکرانی قەتڵی حکوومەتی ژینا و ڕابوونی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»

تێدەپەڕێت. ساڵیادی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئێمە تەنیا بیرهێنەرەوەی سەرهەڵدانێکی مێژوویی مافخوازیی کورد دژی دەیان ساڵ سەرکوت نییە، بەڵکوو ئەم ساڵیادە دەرفەتێکە بۆ وردبوونەوە لە دەستکەوتی خەباتی ئەو چەند ساڵەی دواییمان و تێڕامان لە داهاتووی خەبات و نەخشەڕێی نوێ بۆ سەرخستنی جووڵانەوەکەمان.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە تاڵیادی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا بوو، بۆیە یادکردنەوەی تیرۆری میکۆنۆسیش بۆ ئێمە هەرتەنیا گەڕانەوەیەکی تاڵ بۆ تێچوویەکی قورس لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد نییە. یادەوەریی ئەو دوو تاڵیادە لە نێوان میکۆنۆس و بزووتنەوەی ژینا لەسەر شەقام پێمان دەڵێن خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆریی ڕێژیمی ئێران لە پێنج دەیەی ڕابردوودا خەباتێکی سەخت و پڕتێچوو بووە و دەبێ لە خۆمان بپرسین چۆن دەتوانین لە دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێپەڕین، بێئەوەی ئیزن بدەین دەسەڵاتێکی تر بە هەر ناو و فۆرم و شێوەیەک بەڵام بە هەمان لۆژیک و بە ڕووخسارێکی نوێ بێتە سەر کار؟

ئەم پرسیارە بۆ نەتەوەکانی ئێران لە ئێستادا لە هەر کاتێکی تر گرنگترە. چونکە قەیرانەکانی ئێران تەنیا دەسەڵاتداریی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر نییە، بەڵکوو لە تەنیشت قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتییەکان و نەبوونی مافی نەتەوەکان؛ قەیرانێکی دیکەش سێبەری خستووەتە سەر داهاتووی ئەم وڵاتە، ئەویش قەیرانی ئۆپۆزیسیۆن و ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەتی لە ماوەی دەسەڵاتداریی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا تامی تاڵی هەموو جۆرە سەرکوت و نادادپەروەری و قەیرانێکیان چێشتووە و نکۆڵی لە هەبوون و مافە سەرەتاییەکانیان کراوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بەشمەینەتی، شەکەتی و زیان و خەسارەی بەری کەوتووە، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و خاوەن ویست و توانای گۆڕانە. بۆیە ئێستا دەپرسن ئەگەر ئەم شێوازی حوکمڕانییە چارەسەر نەبووە، دەبێ چی جێی بگرێتەوە؟

ئەم پرسیارە و ئەم ویستە لە ڕووخانی ڕێژیم گرنگتر و بەبایەخترە. ڕووخانی حکوومەت دەتوانێت ساتێکی گرنگ بێت، بەڵام مەرج نییە دێموکراسی و دابینبوونی مافی هەمووانی تێدا مسۆگەر بێت. لە نێوان ڕووخانی دیکتاتۆرییەت و بنیاتنانی دێموکراسیدا کەلێنێکی گەورە هەیە. ئەگەر ئەو کەلێنە بە بیرکردنەوە و بڕیاری سیاسیی دێموکراتیک، بە دامەزراوەییکردنی پرۆژەی ڕوون لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی وڵاتدا پڕ نەکرێتەوە، تەنیا دەسەڵات گۆڕاوە و دەستاودەست کراوە، بەڵام لۆژیکی حوکمڕانییەکانی پێشوو هەر لە جێی خۆیەتی؛ بەتایبەت کە خەڵکی ئێران ئەزموونی ڕێژیمی پاشایەتی و گۆڕینی بە کۆماری ئیسلامییان هەیە و ڕەوا نییە و ناشیانەوێ ئەزموونێک بۆ جارێکی دی تاقی بکەنەوە.

پرسیاری سەرەکیی ئێمە دەبێ ئەوە بێت کە دوای ڕووخاندنی ئەو نیزامە سیاسییە دیکتاتۆرە چ سیستەمێکمان دەوێت؟ دوای ئەزموونەکانی بزووتنەوەی مەشرووتە و ئاڵوگۆڕەکانی ساڵەکانی ١٣٣٢ و خۆماڵیکردنی نەوت، کودەتای دژی دەوڵەتی موسەدیق و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سووڕانەوە لە بازنەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا؛ ئێستا ئیتر ئێران پێویستی بە پرۆژەیەکی سیاسیی دێموکراتیکی ئەوتۆ هەیە کە لەسەر بناغەی دابینبوونی مافە نەتەوەیی، سیاسی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی هەموو پێکهاتەکان، سەروەریی یاسا، دامەزراوەی سەربەخۆ، دابەشکردنی دەسەڵات، بەشداریی هاووڵاتییان لە هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دامەزرابێت؛ پرۆژەیەکی سیاسیی دێموکراتیک کە سیستەمی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی ڕێگە بە سەرهەڵدانی هیچ دیکتاتۆرییەک نەدات. ئێرانی داهاتوو دەبێ بە سەرنجدان و دانان بە ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتە دابڕێژرێتەوە. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی فرەچەشنیی ئێران. ئێران کۆمەڵگەیەکی یەکچەشن نییە؛ وڵاتێکی فرەنەتەوە و هەمەچەشنی زمانی، فەرهەنگی، ئایینی و جوگرافیاییە. هۆکاری کارەساتەکانی هەتا ئێستا ئەوە بووە کە ئەم فرەچەشنییە وەک مەترسی سەیر کراوە و بەردەوام هەوڵ دراوە جۆراوجۆرییەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیدا بسڕدرێتەوە؛ بۆیە ئەو دۆخە لە بناغەوە دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت.

یەکگرتوویی ئێران نابێت بە مانای یەکسانکردنی ئێران بێت. ئەگەر بڕیارە وڵات یەکپارچە و یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەمە بە دابینبوون و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی وەکیەکی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە وەدی دێت. دابەشکردنی دەسەڵات بە مانای هەڵوەشاندنەوەی وڵات نییە، بگرە بەپێچەوانەوە، هۆکاری بەهێزترکردنی پەیوەندیی خەڵک و وڵات و دامەزراوەکانیەتی. ئەمەش لە گرەوی دێموکراسیی تەوافوقیدایە، چونکە دێموکراسیی زۆرینە لە کۆمەڵگەی فرەچەشنیدا ناتوانێ دابینبوونی مافی هەموو جۆراوجۆرییەکان، بەتایبەت کەمینەکان دەستەبەر بکات. بۆیە کۆتاییهێنان بە ستەمکاری و چەوسانەوە لە ئێراندا پێویستی بە دێموکراسیی فرەیی و تەوافوقی هەیە؛ دێموکراسییەک کە جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییەکان بەفەرمی بناسێ و بیانگۆڕێت بۆ نوێنەرایەتیی سیاسی و بەشداریی دامەزراوەیی.

ئەم پرسە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگترە. لە هەموو مێژووی هاوچەرخدا کورد لە ئێران چەوساوەتەوە و بە ڕوانگەی ئەمنییەتی سەیری پرسی کورد و مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کراوە و بەردەوام لە سۆنگەی تێکۆشان بۆ مافەکانی سەرکوت کراوە. ئێرانی داهاتوو کاتێک دەتوانێ یەکپارچەیی خۆی بپارێزێت کە نەتەوەکانی وەک کورد، بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمەن، گیلەک و هەروەها پێکهاتە زمانی، فەرهەنگی و ئایینییەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بە مافە ڕەوا و بنەڕەتییەکانی خۆیان گەیشتبن.

بەڵام پرسی ئێرانی داهاتوو تەنیا پرسی یاسای بنەڕەتی و دابەشکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکوو پرسی قۆناغی ڕاگوزاریشە.

لە ڕۆژی یەکەمی گۆڕینی ڕێژیمەوە، دیموکراسیی تەواو بەدی نایەت. لە نێوان کۆتایی ڕێژیم و دامەزراندنی سیستەمی نوێدا قۆناغێک هەیە کە دەتوانێت لە هەموو قۆناغەکان مەترسیدارتر بێت. لەو قۆناغەدا دەبێت ئەمنییەت دابین بکرێت، بەردەوامیی دامەزراوە گشتییەکان بپارێزرێت، ئابووری لە قەیران و ڕاوەستان دەرباز بێت و ڕێگری لە تۆڵەسەندنەوە و شەڕی نێوخۆیی بکرێت؛ قۆناغێک کە دەسەڵاتی کاتی دەبێ بەوپەڕی بەرپرسیارەتییەوە ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتیی ڕێککەوتنلەسەرکراو هەموار بکات و لە هەمان کاتدا دادپەروەری لەسەر بنەمای گەڕاندنەوەی متمانەی کۆمەڵگە بە یاسا بەڕێوە ببات. دیموکراسی بەبێ دابینبوون و دەستەبەربوونی کەرامەتی مرۆڤەکان، ئەمنییەت، ڕەخساندنی هەلی کار و وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، ئەو مەبەستە نییە کە نەتەوەکانی ئێران ئێستا خەباتی بۆ دەکەن و خوێنی بۆ دەدەن. بۆیە داهاتووی سیاسیی ئێران کاتێک سەقامگیر دەبێت کە چاکسازیی ئابووری، بەڕێوەبردنی کاری کۆمەڵگە و گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی خەڵکی تێدا دەستەبەر بووبێت.

لە نێو هەموو ئەم پرس و بابەتانەدا، پرسی ژنان جێگەیەکی بنەڕەتیی هەیە. ئەگەر بزووتنەوەی ژینا یەک پەیامی سەرەکیی هەبێت، ئەوەیە کە ژن چیتر نابێت تەنیا سووژەی سیاسەت بێت، بەڵکوو دەبێ بکرێتە بڕیاردەر لە سیاسەتدا و بەشێک لە خاوەندارێتی لە دەسەڵات. بە دەربڕینێکی سادە نابێت تەنیا بڵێین «پاڵپشتیی ژنان دەکەین»، دەبێت بڵێین «دەسەڵات لەگەڵ ژناندا دابەش دەکەین»؛ ئەم بنەڕەتەش تەنیا پرسی ژنان نییە، بەڵکوو پرسی دەرخستنی ئاستی دیموکراسییە.

بزووتنەوەی ژینا پرسی ژنانی چەند هەنگاوێک پێش خست، ئەویش بە تێچوویەکی زۆر، بەڵام هەتا لوتکە هێشتا زۆری ماوە. ژنان دەبێ لە هەموو جومگەکانی بەڕێوەبەریی وڵاتدا پشکی شایان و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەبێت. ئەگەر ژنان لە شەقامەکاندا ئازادییان هەبێت بەڵام لە ژوورەکانی بڕیارداندا نەبن، ئەوە هێشتا بەتەواوی لە سیستەمی پیاوسالاری تێنەپەڕیوین. ئازادیی ژنان دەبێت لە دەرکەوتن لە شەقامەوە بگوازرێتەوە بۆ بەشداریی بەبێ هەڵاواردن لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا.

بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ لە ساڵیادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا و لە تاڵیادی تیرۆری میکۆنۆسدا باس لە داهاتووی ئێران دەکەین، پێویستە لە یادەوەری تێپەڕین بۆ بەرپرسیارەتی. پێویستە ئەو قەناعەتەمان لەلا دروست بووبێت کە پێشکەوتنی گۆڕانکاری تەنیا بەوە ناپێورێت ڕێژیمێک چۆن دەڕووخێت، بەڵکوو پێوەر ئەوەیە کە دوای ڕووخان چ نیزامێکی سیاسی جێگای ئەوی پێشووی گرتووەتەوە. خۆ ئەگەر ئێمە ساڵانێکە دەڵێین کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران پێویستی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ هەیە، ئەو گرێبەستە لە پێناو جێگیربوونی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەدایە؛ گرێبەستێک کە تێیدا هیچ

گرووپێک بەتەنیا خاوەنی ئێران نەبێت: نە شا، نە ئایەتوڵڵا، نە سوپاسالارێکی سەربازی، نە بنەماڵەیەکی تایبەت، نە حیزبێکی دیاریکراو، نە نەتەوەیەکی سەردەست، نە زمانێک و نە ئایینێکی دیاریکراو. ئێرانی داهاتوو دەبێت هی هەموو هاووڵاتییەکانی بێت و دەسەڵات دەبێت خزمەتگوزاری خەڵک بێت، نەک ئەوەی خۆی بە خاوەنی خەڵک بزانێت و بۆ مەرامە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی بەبارمتەیان بگرێت.

بەڕێزان!

ئەگەر باسەکەم بە پرسیارێک دەست پێکرد، با کۆتاییی باسەکەشم هەر بە پرسیارێک بێت. پرسیار ئەوەیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبەکان چۆن دەبێ لە داهاتووی ئێران بڕوانن؟

پێش هەموو شتێک پێویستە خوێندنەوەی واقیعبینانەمان بۆ هاوسەنگیی هێز هەبێت. بزووتنەوەی کورد بە پاشخانی نزیک بە یەک سەدە خەباتی مافخوازانە، شەرعییەتی سیاسی و متمانەی بەهێزی کۆمەڵگەی کوردیی لەپشتە. ڕاستە داهاتووی ئێران بەبێ گۆڕانکاری لە ناوەند (تاران) یان بەبێ هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ناگاتە ئامانج. ڕاستە ڕوانین بۆ ئێران دەبێ لەسەر بنەمای دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵ بێت کە مافی بڕیاردانی نەتەوەیی تێدا دەستەبەر بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نێوماڵی کورد دەبێ زۆر پتەوتر لە ئێستا بێت.

ئەم یەکگری و یەکریزییە، کورد لە هێزێکی داواکار یان ئۆپۆزیسیۆنێکی ناوچەییەوە بۆ پێشەنگایەتیی گۆڕانکارییە سەرتاسەرییەکان دەگۆڕێت، وەک چۆن لە بزووتنەوەی ژینادا ئەوەمان سەلماند؛ بۆیە یەکگری و یەکگوتاری، یەکخستنی نێوماڵی کوردی و هاوهەڵوێستی، هەم سەروەریی سیاسیمان مسۆگەر دەکات، هەم دەمانکاتە ئەکتەرێکی سەرەکی لە دارشتنەوەی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا. هێزی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەهێزبوونی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان و لە ڕێکخستنی مەدەنی و خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆیی بە بەهادان بە ڕێکخراوەکانی ژنان، کرێکاران، مامۆستایان، ژینگەپارێزان و ڕێکخراوە مەدەنییە هەمەچەشنەکاندایە. بەڵام ئەم هێزە کاتێک دەتوانێ شوێندانەریی باشی خۆی هەبێت کە پشتی بە دیپلۆماسیی کارا لە ئاستی جیهانیدا بەستبێت و ئەوە بەشێک لەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەیە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو تاک و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک چۆن بزووتنەوەی کورد هەمیشە پێداگریی لەسەر هاوخەباتیی نەتەوەکان لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرین بۆ دروستکردنی ئاڵترناتیڤێکی جێمتمانە کردووە، ئێستاش ڕادەگەیەنین بەئاکامگەیشتنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» و بەدیهاتنی بەری خەبات و تێکۆشانی کورد و

خەرمانانی ٢٧٢٦

نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە گرەوی دروستبوونی پردێکی بەهێز لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێران (کورد، بەلووچ، تورکی ئازەربایجان، عەرەب، تورکمەن، گیلەک، فارس) لەسەر بنەمای دانپێدانان بە مافی وەکیەکی هەمووان و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکی نوێدایە.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

مانگرتن؛ ڕاپرسییەکی بەردەوام

ئاسۆ مینبەری

لە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ٤ ساڵ بەسەر قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا لەژێر دروشمی پێکهاتەشکێنی «ژن، ژیان، ئازادی»دا تێپەڕی.

بەڵام مانگرتنی سەرتاسەریی ئەمجارە، بابەتێکی دیکەشی زەق کردەوە. ئەم مانگرتنە سنووری نێوان شۆڕش و بزووتنەوەشی جارێکی دیکە بەرجەستە کردەوە.

بزووتنەوە دەتوانێ لە ماوەیەکی زەمەنیی تایبەتدا ڕوو بدات و لە شەقامەکاندا کۆتایی پێ بێت، بەڵام جووڵەیەک کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت و ویژدانی گشتیی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە، شۆڕشە!

ئەم ڕاستییە دوای ٤ ساڵ ئەوەمان پێ دەڵێت کە پەیوەندیی سازماندراوی خەڵک لەگەڵ بنەماڵەی ژینا و باقیی شەهیدانی شۆڕشەکە نەک تەنیا نەپساوە، بەڵکوو بەردەوام لە فۆرمی نوێدا خۆی نیشان دەداتەوە و دەیسەلمێنێت کە «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا ورووژانی هەستەکان لە قۆناغێکی تایبەتدا نەبوو، بەڵکوو گۆڕانێکی ئاگامەند بوو کە ناگەڕێتەوە دواوە. کۆمەڵگەی کوردستان، بیرۆکەی گشتیی خۆی پاراستووە و مافخوازیی وەکوو کەرەستەیەک بۆ خەبات، زیندوو ڕاگرتووە.

یەکێک لە گرینگترین ڕەخنەکان کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لەسەر جووڵەی جەماوەریی ساڵی ١٤٠١دا هەبووە، بەکارهێنانی وشەی بزووتنەوە و باسکردن لە بێدەنگبوون و نیشتنەوەی ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام بوو.

بەڵام ڕووداوەکانی مانگی بەفرانبار و هەروەها چوارەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، دەتوانێت وەڵامدەرێکی باش بۆ ئەم ڕەخنەیە بێت.

کۆماری ئیسلامی وەک سروشتی هەمیشەیی خۆی، لە بەرەبەری چوارەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینیدا، هەر لە دەستپێکی مانگی خەرمانانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر ئامادەکارییەکانی خۆی بۆ دژایەتی لەگەڵ خەڵک و بەرزڕاگرتنی یادی ژینا و شۆڕشەکە دەست پێکرد.

لە دەستپێکردنی ڕەشبگیرییەکان بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکەوە بگرە هەتا بەرفراوانکردنی کامێراکانی چاوەدێری لە گۆڕستانی ئایچی و میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و لە هەموویشیان گرینگتر سەقز، زێدی ژینا ئەمینی؛ نیشانیان دا کە کۆماری ئیسلامی چەندە ترسنۆکانە دەیەوێت بە زەبری هێز و سەرکوتی دووبارە، پێش بە بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و شۆڕشێک بگرێت کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

لە ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانەدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بە خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازێکدا، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی، بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لەماڵەکانیاندا پەیوەستی ئەم مانگرتنە گشتییە بن.

هاوپەیمانی ڕایگەیاندبوو کە: «ئەم مانگرتنە جگە لە وەبیرهێنانەوەی یادی سەرجەم شەهیدان و نرخەکانی شۆڕشی ژینا – ژن، ژیان، ئازادی، تێکۆشانێکی مەدەنی و وەڵامێکی جەماوەرییە دژی قەیرانە ئەمنی و ئابوورییەکان و دەبێتە پەیامی زیندووبوونی خەباتی مەدەنی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان. »

لەگەڵ دەرکردنی ئەم بانگەوازە، گوشارەکانی کۆماری ئیسلامیش زیاتر بوون، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان بە هەست بە بەرپرسیارەتی و بوێرانە، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا، ڕۆڵی خۆیان بۆ جارێکی دیکە بەرجەستە کردەوە.

لەکاتێکدا کە شارەکانی کوردستان و بەتایبەت شاری سەقز لەگەڵ یەکێک لە خەستترین شێوەکانی میلیتاریزم بەرەوڕوو بوونەوە و جێگیرکردنی هێزەکانی سەرکوتیش بە شێوەی بەربڵاو ئەنجام درابوو، مانگرتنی سەرتاسەریی خەڵک، وەڵامێکی کۆنکرێت بۆ ئەم بانگەوازە لە چەشنی ڕاپرسییەکی گشتی بوو.

ئەوەی کە خەڵکی کوردستان پاش چوار ساڵ لەگەڵ بنەماڵەی ژینا ئەمینی بوون، سەلماندی کە ئێمە نەک لەگەڵ «شەپۆلێکی نارەزایەتی» بەڵکوو لەگەڵ «ڕەوتێک لە شۆڕش» بەرەوڕووین. شۆڕش تەنیا داگیرکردنی شەقامەکان نییە، بەڵکوو پچڕانی تەواوی کۆمەڵگەیە لە نەزمێک کە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە؛ فاکتەرێک کە لە مانگرتنەکەی ڕۆژی چوارشەممەدا، بە ڕوونی بینرا.

مانگرتن لە دۆخێکی وەک دۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا کە نرخی دۆلار لە ٢٣٠ هەزار تمەن تێپەڕیوە و ئاستی هەڵاوسان بە شێوەیەکی هەوسارپچڕاو بەرز بووەتەوە و خەڵک بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان دۆشداماون، کارێکی ئاسان نییە.

کاتێک کۆمەڵگەیەک لەژێر توندترین کەشی ئەمنییەتی و نیزامیدا، دەست دەداتە مانگرتنی گشتی و ئابووریی کۆمەڵگەکە دەکاتە ئامانج، ئامانجەکەی ئەوەیە کە «نە»یەکی بەهێز و هاوئاهەنگ بە دەسەڵات بڵێتەوە. لە ڕاستیدا لەو دۆخە ئابوورییە نالەبارەدا، ئەم مانگرتنە سەرتاسەرییە، وەک ڕاپرسییەکی بەردەوامە، بۆ ئەوەی کە جارێکی تر وەبیر دەسەڵاتی زاڵ بهێنرێتەوە کە سەرەڕای هەموو زەبروزەنگەکان، سەرەڕای هەموو سەرکوت و گوشارەکان، لە مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکدا، ئەوە وەک هەمیشە خەڵکن کە براوەی مەیدانن.

ئەم مانگرتنە جارێکی دیکە نیشانی دا کە جووڵەی مەدەنی لە کوردستان هێشتا لە ئارادایە و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، بە پێشکەوتووترین چەکە فیزیکییەکانی سەردەمیشەوە، هیچ ڕەواییەکیان لای خەڵک نەماوە.

لەم نێوانەدا ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکان و قورسایی سیاسییان لە کۆمەڵگە، لە وەڵامی ئەرێنیی کۆمەڵگە بە بانگەوازەکەیاندا دەبینرێت کە سەرەڕای کەشی قورسی ئەمنییەتی، ئەوە ئاوەزمەندیی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە کە وا

خەرمانانی ٢٧٢٦

دەکات دووبارە خەڵک بێنەوە بە ئەکتەر و مەیدانداری سەرەکیی گۆڕەپانەکە. ئەم هاوئاهەنگییەی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە سیاسییەکان، خۆی یەکێک لە بنەماکانی شۆڕشگێڕانەبوونی جووڵەکەیە، چونکە نیشانی دەدات کە کۆمەڵگە توانای بەرپەرچدانەوەی ڕێکخراو و هاوئاهەنگی هەیە.

ئەم نەمانی ڕەواییە، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ڕەنگی داوەتەوە و هاوکات لەگەڵ چوارەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و بەڵگەمەند، ڕایگەیاندووە کە هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕەوتی سەرکوتکارییەکانی نارەزایەتییەکانی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، نیشانەی ئاشکرا و سیستماتیکی «جینایەت دژی مرۆڤایەتی» بووە. ئەم ڕاپۆرتە بە جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی چەسپاندنی دادپەروەری و پێداگری لەسەر لێکۆڵینەوەی دادوەری لە دەیان بەرپرسی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران، نیشانی داوە کە کۆمەڵگە نەک تەنیا لە شەقام و مانگرتنی گشتیدا بەردەوامە، بەڵکوو تێچووی سەرکوتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، گەیاندووەتە جێگایەک کە گەڕانەوەی بۆ نییە.

ڕاپۆرتی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەریدەخات کە سەرکوتی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵک، لایەنی تاوانکاریی نێودەوڵەتیی لەخۆ گرتووە و ئەم هەڵوێستە نێودەوڵەتییە، ئاکامی مافخوازیی بەردەوامی بنەماڵەی شەهیدان و بەردەوامیی خەباتی خەڵکە؛ بەڵگەگەلێک کە داوای دادگاییکردن و لێکۆڵینەوەی دادوەری لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەکەن و پەیوەندیی نێوان بەرخودانی نێوخۆیی و مافخوازیی نێودەوڵەتییان پتەوتر کردووە.

تێکەڵاوبوونی ئیرادەی ڕێکخراوی نێوخۆیی لە شێوەی مانگرتنی سەرتاسەری و تاوانبارکردنی کۆماری ئیسلامی بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی بەپێی بەڵگەکانی ناوەندێکی نێودەوڵەتی، نیشانی دەدەن کە هاوکێشە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چیدی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە ئاسوودەیی لە سەرکوتی خەڵک بەردەوام بێت. خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە ئاستێک کە هیچ ڕەشبگیری و سەرکوتێک ناتوانێت پاشگەزیان بکاتەوە و شۆڕشی ژینا لەسەر دەستی ئەوان بەرەو داهاتوو دەچێت. کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسەی ئیرادەی خۆی دەکات و دەسەڵاتی خۆسەپێنیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو داڕمانی ڕەوایەتی یەکجاری دەبات.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ترامپ خەریکی ئامادەکاری بۆ جەنگێکی درێژخایەنە

ئاتلانتیک – نانسی ئا. یوسف، جاناتان لێمیر

لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

هێزی سەربازی خەریکی ئامادەکاریی پلانی درێژخایەن بۆ هێزەکانی لە کەنداوی فارسە کە مەترسیی زەختی زیاتر بۆ سەر هێزی دەریایی لێ دەکەوێتەوە.

بە گوتەی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، جەنگ دژی ئێران هێندەی نەماوە تەواو بێت. دۆخی سەربازیی ئەمریکا شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت: هێزی دەریایی بۆ حزووری بەردەوام تا لانیکەم کۆتایی ئەمساڵ جێگیر کراوە و، بەم شێوەیە بژاردەی بەرفراوانکردنی پێکدادانەکان پارێزراوە.

هێزی دەریایی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر، سامانە هەرە بەرچاوەکەی، بە دەوری دنیادا هەڵدەسووڕێنێت تا دووانیان بتوانن لە دەوروبەری کەنداوی فارس لە کۆتایی ئەمساڵدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت، بە شێوەیەک کە ئەمریکا بتوانێت هێرش بکاتە سەر ئێران و هەروەها حوسییەکانی سەر بە ئێران لە یەمەن، کە لەم دواییانەدا هێرشی هاژەکییان کردووەتە سەر عەرەبستانی سعوودی. لە هەمان کاتدا، بە هۆی «پێداویستییە کارکردییەکان،» سوپای ئەمریکا حزووری لەشکری

ئاسمانیی ٨٢ی درێژ کردووەتەوە کە هەر ئێستا لە ناوچەکەن.

ناکۆکییەکە ئێستا لە حەوتەمین مانگی خۆیدایە و هەر ئێستا گەلێک لە پێشبینییە سەرەتاییەکانی سەرۆک کۆمار لەمەڕ سەرکەوتن لە ماوەی چەند حەوتوودا زیاتری خایاندووە. و کاربەدەستە باڵاکان لەم دواییانەدا ئاستی ناکۆکییەکەیان لەوەی هەیە کەمتر پیشان داوە، کە وێدەچێت هیوادار بن ئەمە ببێتە هۆی کاڵبوونەوەی باسەکە لە مانشێتە سەرەکییەکاندا. جێگری سەرۆک کۆمار ڤانس حەوتووی ڕابردوو لە ئیدیعایەکدا بە هەواڵنێرانی گوت کە ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک لە شەڕدا نییە. هێندەی پێ نەچوو، سەرۆک کۆمار ترامپ ناکۆکییەکەی بە «وردکە پەتاتە» وەسف کرد، ئەگەرچی ناوبراو لەو کاتەوە دەستەواژەی جەنگی بۆ بەکار هێناوە. بە گوتەی ناوەندی فەرماندەیی، پاش بەئامانجگیرانی پاپۆڕە جەنگییەکانی ئەمریکا لە لایەن ئێرانەوە، ڕۆژی سێشەممە هێزی دەریایی هێرشی کردە سەر پێنج پاپۆڕی نەوتهەڵگری ئێرانی. لە کاتێکدا کە هیچ دانوستانێک لە ئارادا نییە و، ئاسۆی کۆتایی دوژمنکارییەکان نادیارە، هێزی دەریایی تا کاتێکی نادیار لە دۆخی ئامادەیی جەنگیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش گوشارێکی مەزن دەخاتە سەر هێزی دەریایی و جبەخانەی چەکوچۆڵی ئەمریکا.

ئەم مەئموورییەتە درێژە نائاساییەی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری یو ئێس ئێس ئابراهام لینکۆڵن، کە سەرنشینەکانی ٢٦٤ ڕۆژی بەردەوام لەسەر دەریا بوون و نزیکەی ٦٨٠ تۆن بۆمب و هاژەکیان لەکار کرد، بووە هۆی کەمیی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی دیکە، دروستبوونی گیروگرفت بۆ بۆرییەکان و دابەزینی ورە. لە کۆتاییدا لینکۆڵن بەرەو تایلەند ڕۆیشت و لەجیاتی ئەو یو ئێس ئێس جۆرج واشینگتۆن جێگای گرتەوە.

واشینگتۆن بە نزیکەی ٢٠ پاپۆڕی دیکەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیوەست بوو، لە نێویاندا یو ئێس ئێس جۆرج ه. و. بوش، پاپۆڕێکی فڕۆکەهەڵگری دیکە کە لە مانگی ئاپریلەوە لێرە جێگیر کراوە. ئێستا پاپۆڕی یو ئێس ئێس تیۆدۆر ڕۆزڤێڵت خەریکی جێهێشتنی پێگەکەی لە سان دییەگۆیە تا جێگای واشینگتۆن بگرێتەوە، کە چاوەڕوان دەکرێت مەئموورییەتەکەی لە کۆتایی ئەمساڵدا تەواو بێت. بە کورتی، بە گوتەی کاربەدەستانی ئەمریکا، هێزی دەریایی خەریکی پلاندانان بۆ هێشتنەوەی دوو تاقم پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە نزیک ئێران تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ی زایینییە. دوای هەڕەتی جەنگی ئەفغانستان و عێراق، زۆر بە دەگمەن هێزی دەریایی بوونێکی وەها بەرچاوی لە ناوچەکە هەبووە و بە گوتەی کاربەدەستان، ئەم هەنگاوە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستییەیە کە بەڕێوەبەرایەتییەکە بەتەمای پەرەپێدانی هەڵمەتی سەربازیی دوای مانگی نۆڤەمبەرە.

ئادمیراڵ داریل کۆدڵ، سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی دەریایی، لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەوانان لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا گوتی سەرنشینانی ڕۆژڤێلتی بۆ کاتی دژواری داهاتوو و مانەوەی درێژخایەن لەسەر دەریا ئامادە کردووە، بەتایبەت ئێستا کە ئێران هێرش دەکاتە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە کەنداو، کە بووەتە هۆی دروستبوونی ئالنگاری بۆ دابەزاندنی دەریاوانان . کۆدڵ دانی بەوەدا نا کە ناوبراو نازانێت ڕۆژڤێلت تا کەنگێ لە مەئمووریيەتدا دەبێت و ئەم ماوەیە ڕەنگبێ بەردەوام درێژ بکرێتەوە.

بە گوێرەی یو ئێس ئێن ئای نیوز، کۆدڵ گوتی، «بێتوو ئێمە بزانین لە زەرەر پێگەیشتن نزیک دەبینەوە، دەبێ ئامادەی دانبەخۆداگرتن بۆ ماوەیەکی دووروودرێژتر لە دەریادا بین. ئێمە ئەم درێژکردنەوانە وردە وردە جێبەجێ دەکەین و، بنەماڵەکان کۆتاییەکەی نابینن، بۆیە ناتوانن بەرنامە بۆ ژیانی خۆیان دابنێن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی دڵەخورپە لە لای دەریاوانان.» ئەو هەروەها گوتی، «من وەک خۆم لایەنگری درێژکردنەوەی نیم و، لەدژی دەوەستمەوە. بەڵام دوژمن کاریگەری هەیە .»

ناکۆکییەکی درێژخایەن بە هیچ شێوەیەک شتێک نییە کە کۆشکی سپی خوازیاری بێت. چەند مانگە ترامپ هەوڵی داوە خۆی لێ دەرباز بکات، بەردەوام لەمە بێزار بووە کە نەیتوانیوە ئێران ناچار بە تەسلیمبوون بکات و، لەمە تووڕەیە کە تاران درێژە بە سەرکێشیکردن لە بەرانبەر هەڕەشە مەزنەکانیدا دەدات. لە چەند حەوتووی دواییدا، بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەڵمەتێکی گوشاری ئابووری دەست پێکردووە بەو هیوایەی کە تاران ناچار بکات بە شێوەیەکی جیددیتر دانوستان بکات. کاربەدەستان بە ئێمەیان گوت کە نیشانەی ئەوتۆ لە ئارادان کە دەیسەلمێنن ئەم هەڵوێستە کاریگەرە و ئابووری ئێران، کە هەر ئێستا لە دۆخێکی نالەباردایە، لەرزۆکتر بووە. بەڵام گوشاری ئابووری چەند مانگ یان چەند ساڵ دەخایەنێت تا کاریگەرییە تەواوەکەی ئاشکرا بێت. و توندئاژۆکان لە ئێران زۆر دەمێکە ویستی خۆیان بۆ پاشگوێخستنی نەهامەتییەکانی خەڵک پیشان داوە، بێتوو ئەمە بە مانای پتەوترکردنی دەسەڵاتی ئەوان بێت. ترامپ دوێنێ لە لێدوانەکانی بۆ ڕۆژنامەوانان لە کاتی سواربوونی فڕۆکەی سەرکۆماریدا ئاماژەی بە لاساریی ئێران کرد و گوتی ئەو پێی وایە تاران هەوڵ دەدات تا کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا خۆ ڕاگرێت. بەشێک لە یاریدەدەرانی پێیان وایە ئەمە ڕەنگبێ تەنانەت زۆرتریش بخایەنێت. ناوەندی فەرماندەیی ئەمریکا بە ئێمەی گوت ئەوان چیدیکە باسی گواستنەوەی هێزەکان ناکەن.

درێژەپێدانی خنکاندنی ئابووری ئەگەری سوودی سیاسی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەیە، چونکە دەبێتە هۆی کپکردنی هەواڵەکان لەبارەی ناکۆکییەکەوە، لە کاتێکدا کۆمارییەکان هەڵبژاردنی ئەم پاییزە بەڕێوە دەبەن. بەڵام لایەنە خراپەکەی ئەم پلانە ئەمەیە کە لە دۆخی هەنووکەییدا نرخی سووتەمەنی لە ئاستێکی بەرزدا دەمێنێتەوە، بۆیە

بەڕێوەبەرایەتییەکە وەها جەخت لەسەر گەرووی هۆرمز، شارێیەکی ژینەکی بۆ دابینکردنی وزەی جیهانی، دەکات. ئێران گەرووەکەی گرت و، لە یەکەم ڕۆژەکانی جەنگدا پێشی بە هاتووچۆ گرت.

یاریدەدەرێکی پلەبەرزی کۆشکی سپی و ڕاوێژکارێکی دەرەکی بە مەرجی نەدرکانی ناوەکانیان گوتیان ترامپ لە دانیشتنە تاکییەکاندا بە ڕاوێژکارەکانی گوتووە پێی خۆشە سەرکەوتن ڕابگەیەنێت و ئەم پرسە جێبهێڵێت، بەڵام دانی بەوەدا ناوە کە لە کاتێکدا کە گەرووی هۆرمز تا ئاستێکی زۆر داخراوە یان ئێران هەڕەشە دەکات، ناتوانێت ئەم کارە بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو بکات. سەرۆک کۆمار ئیزنی هەنگاوی سەربازیی لە دەوروبەری گەرووی هۆرمز داوە تا پێش بە هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی گەمارۆی دەریایی ئەمریکا بگرێت.

بە گوتەی یاریدەدەرێکی پلەبەرز، بەڕێوەبەرایەتییەکە هەروەها دەستی بە ئامادەکاری بۆ ئەگەری پەرەپێدانی هێرشەکانی ئێران بە هۆی چوونەسەری زەختی ئابووری کردووە کە دەبێتە هۆی پێویستیی حزووری سەربازیی بەربڵاوتری ئەمریکا. ئەگەرچی ترامپ پێی خۆشە هەرچی زووتر جەنگەکە کۆتایی پێبێت، ئەو ئاماژەی بەوە کردووە کە ئامادەی دەستپێکردنەوەی هەڵمەتێکی بەردەوامتری سەربازییە، بەڵام وێدەچێت تەنیا پاش هەڵبژاردنەکانی نێوانخولی کۆنگرێس و کاتێک بێت کە پێنتاگۆن جبەخانەی چەکوچۆڵی پۆشتە کردبێتەوە.

ئێستا وێدەچێت ئێران بیهەوێت قەیرانەکە قووڵتر بکاتەوە. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، هێزەکانی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر کەشتیوانیی بازرگانی، هەڕەشەیان کردووە ناوچەی تایبەتی لە کەنداو دەستنیشان بکەن (کە بۆ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی کەنداو قبووڵکراو نییە)، هاژەکیان ئاراستەی پاپۆڕە ئەمریکییەکان کردووە و، بەڵێنیان داوە «بەرپەرچی هەڕەشە، تەنانەت بەر لە جێبەجێکرانیان، بدەنەوە.» بەسەریەکەوە، ئەم هەنگاوانەی تاران پەیامێک دەگەیەنن: ئێمە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی دڵخوازی خۆمان، گشت کارێک دەکەین. ڕێژیم بە هەمان شێوە خەڵکی خۆی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دژواری ئامادە کردووە، هەوڵ دەدات یەکگرتوویی نەتەوەیی لە جەنگەی هەڵاوسانی پەرەئەستێن و کەمیی کەلوپەل بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا، پتەو بکات. بە گوتەی وەلی نەسر، پرۆفیسۆرێکی لە زانستگەی جان هاپکینز، «پەیامی ئەوان ئەمەیە، ئەمریکا زەختی ئابووری بۆ دەستپێکردنی سەرهەڵدانێکی دیکە لە ئێران کە پێشەکیی جەنگی مەزنی داهاتووە، بەکار دەهێنێت. ڕێژیم هەوڵ دەدات خەڵک بۆ قەیرانێکی درێژخایەن ئامادە بکات.»

پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر تەنیا پاپۆڕی خاوەن توانا بۆ پشتگیری لە گەمارۆی دەریایی ئەمریکا لە گەرووی هۆرمز نییە. بەڵام ئەوان شتێک بۆ ئەمریکا دابین دەکەن کە پاپۆڕەکانی دیکە ناتوانن: فڕۆکەخانەیەکی جووڵاو کە لەوێڕا فڕۆکەی شەڕکەر

سەرچاوە
Serchawe

خێرا بتوانن هەستن و بنیشنەوە، بێ ئەوەی پشت بە بنکەکانی ئەمریکا لە وڵاتانێک ببەستن کە ڕەنگبێ بکەونە بەر هێرشی ئێران. بە شێوەیەکی بەربڵاوتر، پاپۆڕە فڕۆکەهەڵگرەکان وەک ئامرازی چاوترساندن بەکار دێن، واتە نیشانەی هێز و ویستی ئەمریکا. لە هەمان کاتدا ئەوان دەتوانن نیشاندەری سنوورداربوونی تواناییەکانی ئەمریکاش بن.

تا ئەو کاتەی دوو لە ١٠ پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکا لە کەنداون، هێزی دەریایی ناتوانێت بەبێ زەختێکی زۆر بۆ سەر هێزەکانی، پاپۆڕێکی لەم جۆرە لە شوێنێکی دیکەی دنیا ڕاگرێت. پاپۆڕەکانی دیکە یان لە کارگەی نۆژەنکردنەوەن یان خەریکی جێگۆڕکێن لەگەڵ پاپۆڕی دیکە. هەرکات ئەمریکا مۆڵەتی مەئموورییەتی پاپۆڕێک درێژ دەکاتەوە، بەرنامەی کارگەی نۆژەنکردنەوەکان بۆ ماوەی چەند مانگ تێک دەچێت. بە هەمان شێوە زەخت دەکەوێتە سەر دەریاوانان و بنەماڵەکانیان. ئەمە هەروەها بەو مانایەیە کە هیچ پاپۆڕێکی فڕۆکەهەڵگر لە ئوقیانووسی ئارام حزووری نییە تا ئیرادەی ئەمریکا بۆ پارێزگاری لە هاوپەیمانان و تایوان لە ئەگەری دەستدرێژیی چین، بسەلمێنێت. هیچ پاپۆڕێکی فڕۆکەهەڵگریش لە نیوەی ڕۆژاوای گۆی زەویدا بوونی نییە.

برایان کلارک، پسپۆڕێکی بەرگری لە ئینستیتۆی هادسۆن دەڵێ، «کاتێک بەڕێوەبەرایەتییەکە بڕیاری دا گەمارۆی دەریایی وەک هەوڵی سەرەکی بێت، ئەوان بەم ئاکامە گەیشتن کە ڕەنگبێ ئەمە هەڵمەتێکی درێژخایەن بێت. بەڵام ڕاگرتنی پاپۆڕە فڕۆکەهەڵگرەکان لە کەنداوی عەرەب بۆ هێرشی تۆڵەسێنەرانە، پێش بە حزووری پاپۆڕەکان لە شوێنی دیکە دەگرێت. ئێمە ڕەنگبێ شاهیدی بنکۆڵبوونی دەسەڵاتی ئەمریکا لە شوێنی وەک بەشی ئاسیایی ئوقیانووسی ئارام، وەک ژاپۆن و تایوان بین.»

کاربەدەستێکی بەرگری پێی گوتم، هاوپەیمانانی ئەمریکا هەر ئێستا چاوەڕوانی کەمبوونەوەی حزووری بەردەوامی پاپۆڕە فڕۆکەهەڵگرەکانی ئەم وڵاتە لە ئاسیان، بۆیە ژاپۆن و فیلیپین خەریکی تاوتوێکردنی ڕێگا جۆراوجۆرەکانن بۆ بەهێزکردنی هێزە دەریاییەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکان لە لایەن چینەوە. هاوکات، ئەمریکا پشت بە تێکەڵاوێک لە پاپۆڕی جۆراوجۆر بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی لە ناوچەی ئوقیانووسی هیند و ئارام دەبەستێت، لە نێویاندا پاپۆڕی شەڕکەری خێرا کە بە شێوەی باو لە کەنداوی فارس کەڵکیان لێ وەردەگیرێت بەڵام ماوەیەکی کورت پاش دەستپێکی جەنگی ئێران بۆ نۆژەنکردنەوە چوونە سەنگاپوور. هێزی دەریایی هەوڵی داوە بەشێک لەوان بەرەو کەنداو بگەڕێنێتەوە.

دەریاوانانی پاپۆڕە فڕۆکەهەڵگرەکان لە کەنداو بەرەوڕووی دۆخێک دەبنەوە کە بە هۆی لاساریی ئێران هاتووەتە ئاراوە. بە هۆی هێرشەکانی تاران لە شەش مانگی ڕابردوودا، ئەمریکا ژێرخانی پشتیوانی بۆ سەردانی چەندبارەی پاپۆڕە فڕۆکەهەڵگرەکان لە بەندەرەکانی بەحرەین و ئیماراتی لەکیس داوە. ئێستا، تا ئەو کاتەی هێزی دەریایی بنکەی جێگرەوە

بۆ پشوو، لە ئەفریقا و ڕەنگبێ هێندە دوور هەتا سەنگاپوور دەدۆزێتەوە، پاپۆڕەکان وێدەچێت دوو پشوویان لە کاتی درێژکرانەوەی مەئمووریبەتەکەیان پێ بدرێت، یەکیان کاتێک کە بەرێوەن بۆ شوێنی مەئمووریبەت و یەکیشیان دوای کۆتایی مەئمووریبەتەکە و گەڕانەوە بۆ ماڵ. و بە کەمبوونەوەی بەندەری ئەمینی نزیک، دابینکردنی کەلوپەل دەبێ لە بنکەی دوورترەوە جێبەجێ بکرێت، وەکوو دییەگۆ گارسیا، کە لەژێر دەسەڵاتی بریتانیایە و لە نێوەڕاستی ئوقیانووسی هیند هەڵکەوتووە. کاربەدەستێکی بەرگری بۆمانی شی کردەوە و گوتی، «ئەمە دۆخی ئاسایی نوێی ئێمە دەبێت.»

مەئمووریبەتی ئاسایی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر لە نێوان شەش بۆ هەشت مانگ دەخایەنێت. بەڵام درێژکردنەوەکانی کەنداو تەنیا بەشێک لە زنجیرەی مەئمووریبەتی درێژمەوداتر لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بوون، هاوکات ئەمریکا بە دوای حزووری دەریایی بەرفراوان لە ئورووپا، ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و، ئێستا نیوەی ڕۆژاوای گۆی زەویدا بووە. یو ئێس ئێس جێراڵد ئار. فۆرد پاپۆڕێکی دیکەیە کە بۆ زەختخستنە سەر کاراکاس بەر لە دەستبەسەرکرانی سەرۆک کۆمار نیکۆلاس مادورۆ لە مانگی ژانوویەدا کەڵکی لێ وەرگیرا.

ئەم مەئمووریبەتە درێژمەودایانە کاردانەوەیان لەسەر گشت هێزی دەریایی هەیە، کە کاتی داهاتوو دەخوات، کاتێک کە بۆ نۆژەنکردنەوە و ڕاهێنان تەرخان کرابوو. ئەمە بووەتە هۆی بنکۆڵکردنی هێشتنەوە و ئامادەیی دەریاوانان. جان پێندڵتۆن، کە بەرپرسی ناوەندی دەوڵەتیی بەرپرسیاری ئامادەیی سەربازی بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵ بووە بە ئێمەی گوت، «کاتێک سامانێک لە ڕادەبەدەر بەکار دێنی، وردە وردە ناچار دەبی تێچووەکەی بدەی.»

هێزی دەریایی ئاسەواری سنووردارێی لەم شێوەیەی لە ڕابردوودا ئەزموون کردووە. لە ٢٠١٧، پاش دوو پێکدادانی کوشندە لە ئوقیانووسی ئارام بە مەودای تەنیا دوو مانگ، کاربەدەستانی هێزی دەریایی دانیان پێدا نا کە ئۆپەراسیۆنێکی چڕی بەردەوام یارمەتیدەری ڕووداوەکان بووە: پاپۆڕەکان بەردەوام چاوەڕوانییان لێ دەکرا داواکارییەکان جێبەجێ بکەن، سەرەڕای کەموکوڕیی ڕاهێنان، پێڕاگەیشتن و دابینکردنی سەرنشینی پێویست، کە بووە هۆی زەختی لەڕادەبەدەر بۆ سەر سەرنشینان و، لە هەندێک دۆخدا، شەکەتبوونیان. نزیکەی یەک دەیە دواتر، مەترسییەکی لەم شێوەیە لە کەنداوی فارس لە ئارادایە.

سەرچاوە:

https://www.theatlantic.com/national-security/2026/09/trump-iran-war-navy/688563/

٣٠ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵ، پێناسەی نەتەوەیەک

ڕەزا دانشجوو

فەیلەسووف و مێژوونووسی فەڕەنسی ئێرنست ڕێنان (Ernest Renan) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی «نەتەوە چییە»، نەتەوە بە «ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵ» بۆ پێکەوەژیان و پێکەوەبوون پێناسە دەکات.

بە پێچەوانەی زۆرێک لە تیۆرییەکانی دیکە، «ڕێنان» پێی وایە کە ڕەگەز، زمان، ئایین و جوگرافیا بنیاتنەر یان دیاریکەری نەتەوەیەک نین. ڕێنان ئەمریکا وەک نموونە دەهێنێتەوە، کە چۆن زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی هاوبەش

دەتوانێت تاکەکان بۆ یەکگرتوویی بانگهێشت بکات بەڵام گەرەنتیی یەکێتیی نەتەوەیی ناکات.
لە ڕاستیدا بە بڕوای ڕێنان، ئەوە ئیرادەی بەکۆمەڵ و ویست و خواستی گشتییە بۆ پێکەوەژیان کە بنەما و بناغەی نەتەوەیەک پێکدەهێنێت.

چاوخشاندنێکی کورت بە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو لە کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵات بەتایبەت، بەڕوونی دەرخەری ئاسەواری ئەم ئیرادە، ویست و خواستە گشتییەیە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورددا بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی؛ ئیرادەیەکی بەهێز بەدەر لە زمان، نەریت و سەروەت و سامانی کولتووریی هاوبەش!

مێژووی ئەم وڵاتە شکۆدارە پڕە لەم ئیرادە و ویستە بەکۆمەڵە بۆ پێکەوەبوون، بۆ بەرخۆدان و مانەوە، بۆ پێکەوەژیان!

وەک نموونەیەک، «ژ - کاف» لە سەختترین بارودۆخی کۆمەڵایەتی - سیاسیی کورددا هاتە ئاراوە؛ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئاگادار و زانا کە چاودێریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی کۆمەڵگەکەیان دەکرد و بیریان لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانن و دەبێت کۆمەڵگەکەیان لە ئاسمیلەکردنی فرەچینی سەردەمی پەهلەوی ڕزگار بکەن؛ لەو شوێنەی کە بیرۆکەی «یەک نەتەوە، یەک ئاڵا»ی پەهلەوی بڕیار بوو هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان لەناوبەرێت و هەموو سەروەت و سامانی کولتوورییان بسڕێتەوە. پێشهاتەکانی دواتر و لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوای مەزنەوە، درێژەی ئەم پرۆسەیە و خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و پێناسەکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. چ لە سەردەمی جووڵانەوەی «ژ - کاف» و چ دواتر لە کۆماری کوردستاندا، بێگومان گەورەترین پارێزەر و یارمەتیدەری سەرەکی، «ئیرادەی بەکۆمەڵی» کوردستانیان بوو؛ ئیرادەی بەکۆمەڵ بۆ گەڕاندنەوەی ناسنامەی دەستبەسەرداگیراو! خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێبکرێت، ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا چەمکێکی تەواو نوێیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩! ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ڕابردوودا سنوورەکان بەو شێوەیەی ئەمڕۆ بوونیان نەبووە و لەسەر بنەمای پێکەوەژیان بووە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ئیسلام بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵی نەتەوەییی دەگێڕا و لە لایەن کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەوە بێ گوێدانە جیاوازیی زمانی و کولتووری قبووڵکراو بوو!

لە ڕاستیدا ئیرادەی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بۆ خۆپاراستن لە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و بەرگریکردن لە بەها و نۆرمەکانی کورد، کاتێک دروست بوو کە داگیرکەرانی کوردستان زۆر ئاشکرا و بەڕوونی خۆیان لە پرەنسیپی پێکەوەژیان دوور خستەوە و هەوڵیان دا نۆرم، کولتوور و زمانی خۆیان وەک نەتەوەی باڵادەست بەسەر گەلی کورددا بسەپێنن.

سەرچاوە
Serchawe

خاڵێکی سەرنجڕاکێش کە لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێبکرێت، بەشداریی بەربڵاوی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەت باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستاندایە، کە ئەوە نیشان دەدات چۆن ئەم ئیرادە و ویستە بەکۆمەڵە بۆ پێکەوەژیان وەک نەتەوەیەک، سنووره دەستکردەکان وەلا دەنێت و بە بەزاندنی بەربەست و ئاستەنگەکان، بەرەو وەرگرتنەوەی شوناسی دەستبەسەرکراوی خۆی هەنگاو دەنێت.

ئێرنست ڕێنان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەتەوەیەک نەک تەنیا بە یادەوەرییە هاوبەشەکان، بەڵکوو بە «لەبیرکردنی توندوتیژی، شەڕ و هەڵەکانی ڕابردوو» دەمێنێتەوە؛ یەکێتیی نەتەوەیی بە مانای توانای هاوبەشکردنی ئەو لەبیرچوونەوەیە و تێپەڕبوونە لە زام و برینە کۆنەکان.
جێبێی دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشەی ئەم ڕستانەی ئێرنست ڕێنان دەتوانرێت لە مێژووی خەباتی ساڵانی گەلی کورددا بدۆزرێتەوە. سەرکوتی خوێناوی و دڕندانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە لە دەیان خاڵی مێژوویيدا، نەک هەر بچووکترین کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ئازادیخوازیی گەلی کورد نەبووە، بەڵکوو هەر جارە و خەبات لە شوێنێکی ترەوە بە ئیرادەیەکی بەهێزترەوە دەستی پێکردووەتەوە. دیارە وەستان بۆ ماوەیەکی کورت و دیاریکراو یان گۆڕینی شێواز و شێوەی خەبات و بەرخۆدان بە هۆکارگەلێکی جیاواز و بارودۆخی نەگونجاو و نەخوازراو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و قبووڵکراوە، بەڵام خەبات و بەرخۆدان بەردەوام بووە. هەر لە سەرکوتکردنی خوێناویی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر و هەڤاڵانی لە لایەن پەهلەوییەوە تا تیرۆرکردن و لەسێدارەدانی دەیان سەرکردە و هەزاران تێکۆشەری شەهید، هیچ کام لەمانە ئەم ڕێبازە شکۆمەندەیان ڕانەگرتووە. بە دڵنیاییەوە هەڵە، خەتا، ناکەرامەیی و لێنەوەشاوەیی زۆر لەسەر ئەم ڕێبازە ڕوویان داوە و ئەزموونی زۆر تاڵ وەک تێکهەڵچوون، لادان، دابڕان و تەنانەت شەڕی براکوژیش نەیتوانیوە کۆتایی بەم ڕێگا شکۆدارە بهێنێت. ئەم ئیرادە و ویستە گشتییە بۆ پێکەوەبوون و پێکەوەمانەوە بووە کە کۆتاییهێنەری هەموو ئەم ململانێ و ناکۆکییانە بووە و دەوا و دەرمان، چارە و چارەسەری هەموو برینە کۆن و تازەکان بووە و دەبێت.

کاتێک دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و دەستبەسەرداگرتن و زەوتکردنی شۆڕش لە لایەن خومەینی و داروودەستەکەیەوە، لە سەرتاسەری ئێراندا و لەژێر کاریگەریی پۆپۆلیزمی کۆماری ئیسلامیدا زۆرینەی خەڵک ملکەچی فەرمان و قسەکانی خومەینی دەججال بوون، ئەوە ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵی کوردستانیان بوو کە بێ هیچ دڵەڕاوکێ و دوودڵییەک، بایکۆتی ڕیفراندۆمی گاڵتەجاڕی کۆماری ئیسلامیی کرد! هەرچەند باجی ئەم بایکۆتکردنە، هێرشێکی دڕندانە و ترسنۆکانە و ساڵانێک وێرانکاری، هەڵاواردن، کینە و ڕقێکی بێکۆتایی بوو، بەڵام هەر ئەم ئیرادە و ویستە بەکۆمەڵە بوو کە ئەم قۆناغە سەخت و دژوارەشی تێپەڕاند. هەر ئەم ئیرادە گشتییەی کوردستانیان بوو کە دوای کوشتنی کیژۆڵەیەکی بێتاوان و بێئازاری کورد لە لایەن ڕێژیمەوە وەها هاتە خرۆش کە بناغەی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی هەژاند؛ هەژاندنێک وەها بەسام کە لەو

ڕۆژەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت ساتێکی ئارامیشی نەبینیوە و بێگومان ئیتر هەرگیز نایبینێت. هەر ئەم ئیرادە و ویستە پیرۆزە بوو کە کاتێک سوپای ڕەشایی هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژهەڵات خەو لە چاوانی نەهات و لە ڕۆژئاوا زیاتر نیگەران و بەپەرۆش بوو. ڕاستیی ئەوەیە هەر کات بەشێک لە جەستەی ئەم جوگرافیا بەندکراوە بە هەر هۆکارێک تووشی ئازار و ژانێک بووبێت، تەواوی ئەم جەستەیە بووە بە چاو، بووە بە گوێ، بووە بە زمان و بووە بە یارمەتیدەر، چارە و چارەسەر.

بێگومان زمان و کولتووری هاوبەش دەتوانێت نیشانەی نەتەوەیەک بێت، بەڵام زۆر لەوە زیاتر، ئەوە ویست و ئیرادەی بەهێزی گشتییە بۆ پێکەوەبوون و پێکەوەمانەوە کە دەتوانێت ببێتە پردێکی قایم و بەرین بۆ پەڕینەوە و دەربازبوون لە کێشە و ئاستەنگەکان. هەر ئەم تایبەتمەندییە ناوازەیە، کوردستانی وەک وڵاتێکی سەربەخۆ و کوردی وەک یەک نەتەوەی زیندوو هێشتووەتەوە! ساڵانێک ئاسیمیلاسیۆنی پلاندارێژراو و ئامانجدار و سەپاندنی زمان و کولتوورێکی ساختە هیچ شتێکی نەگۆڕیوە! ڕەنگە کەم نەبن ئەو کوردانەی کە تەنانەت توانای قسەکردنیان بە زمانی کوردی نییە، یان بە واتایەکی تر لێیان سەندراوەتەوە، بەڵام زیاتر لە زۆر کەسی تر پەرۆش و خەمخۆری وڵات و نیشتمانەکەیانن.

«ڕێنان» میللەت بە دیاردەیەکی وەستاو، نەگۆڕ و بەمیراتگەیشتوو نازانێت، بەڵکوو وەک «ڕیفراندۆم و ڕاپرسییەکی ڕۆژانە» باسی لێوە دەکات کە ڕۆژانە بە ئیرادە و ڕێککەوتنی هاووڵاتییان بۆ پێکەوەژیان بەردەوام دەبێت.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ڕابردوو، دەیان نموونەی بێوێنە لەم ڕیفراندۆم و ڕاپرسییەمان لە کوردستان پێشان دەدات:

کۆماری کوردستان، بایکۆت و «نا»گوتن بە ڕیفراندۆمی گاڵتەجاڕی کۆماری ئیسلامی، بەرخۆدانی کۆبانی، ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دەیان نموونەی دیکە! ڕیفراندۆم دوای ڕیفراندۆم! ڕاپرسی دوای ڕاپرسی!

و ئێستا تازەترین ئەڵقەی ئەم ڕیفراندۆم و ڕاپرسییە بەردەوامە!

ساڵیادی شۆڕشی ژینا! مانگرتنی سەرتاسەریی ڕۆژهەڵات! شەقام بە شەقامی نیشتمان! زیندووتر و دڵنیاتر لە هەمیشە، بۆ پێکەوەبوون، بۆ پێکەوەژیان، بۆ پێکەوەمانەوە!

خرۆشی دووبارەی ئیرادە و ویستی کۆڵنەدەر و سەربەرزی بەکۆمەڵی کوردستانیان! پێناسەی نەتەوەیەک!

٣٠ی خەرمانانی ٢٧٢٦

لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە بۆ دروستکردنی هێزی سیاسی

گوڵان هیجری

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» یەکێکە لە بەرچاوترین و قووڵترین وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران. ئەوەی لە خەرمانانی ٢٠٢٢دا و دوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی سەری هەڵدا، لە ماوەیەکی کورتدا لە نارەزایەتییەکی سەرەتایی بەرانبەر بە حیجابی زۆرەملێ، پەرییەوە بۆ شۆڕشێکی چەمکساز و بزووتنەوەیەکی گشتگیر دژ بە تەواوی پایە ئایدیۆلۆژی و بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی.

لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا، مستەفا خەلیلی لە گۆڤاری پرۆتێستدا، ئەم بزووتنەوەیەی بە بێوێنەترین و فراوانترین شەپۆلی نارەزایەتی لە ئێراندا لە دوای ساڵی ١٩٧٩ەوە پێناسە کردووە. خەلیلی جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازیی سەرەکیی ئەم سەرهەڵدانە لەگەڵ «بزووتنەوەی سەوز»ی ٢٠٠٩دا، تەنیا لە فراوانیی پانتایی شەقامەکاندا نەبوو، بەڵکوو لە گۆڕانی چۆنایەتی و بنەڕەتیی گوتار و داواکارییەکاندا بەرجەستە بوو؛ واتە تێپەڕین لە وەهمی چاکسازیخوازیی نێوخۆیی بەرەو داخوازیی ڕادیکاڵانەی هەڵوەشاندنەوە و ڕووخاندنی تەواوەتیی ڕژێم.

بێگومان گرنگیی مێژوویی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» هەر بە ژمارەی بەشداربووان و قەبارەی شەقام پێوانە ناکرێت؛ بەڵکوو یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتە ئێپیستیمۆلۆژی و چەمکییەکانی ئەوە بوو کە ژن لە ئۆبژەی دەستی سیاسەتەوە گۆڕدرا بۆ سوژە و کاراکتەری سەرەکیی گۆڕانکاریی سیاسی. ژن چیتر ئەو جەستە و بوونە پاسیڤە نەبوو کە دەسەڵات و یاسا پیاوسالارەکان بڕیار لەسەر چارەنووس و شێوازی ژیانی بدەن، بەڵکوو خۆی بوو بە خاوەن ئیرادە، پێشەنگی گۆڕەپان و مانیفێستی ڕزگاریخوازی.
ئەم وەرچەرخانە فیکرییە پێویستی بە تێگەیشتنێکی تیۆریی قووڵ هەیە؛ چونکە کاتێک ژن دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر جەستە، جلوبەرگ و شێوازی ژیانی لە ڕژێم دەستێنێتەوە، ململانێکە لە بازنەی مافێکی فردی و تاکەکەسی دەرباز دەبێت و ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی داتەکاندنی سنوورە پیرۆزکراوەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتار؛ لێرەدایە کە جەستە و ژیانی ژن دەبێتە چەقی ململانێی سیاسی. بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو گرکانە جەماوەرییەدا، پرسێکی ئێپیستیمیک و چارەنووسساز سەرهەڵدەدات: ئایا ئەو سەرمایە و هێزە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خوڵقا، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی شێوەیەکی دامەزراوەیی وەربگرێت و ببێتە هێزێکی سیاسیی بەردەوام و بڕیاردەر؟

ئەم پرسە ئێجگار گرنگە؛ چونکە لە کۆمەڵناسیی شۆڕشەکاندا، «شەپۆلی وشیاریی کۆمەڵایەتی» بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک نابێتە «دەستکەوتی سیاسیی بەردەوام». بزووتنەوەکە توانیویەتی تابۆکان بشکێنێت و سنوورەکانی گوتار لەسەر ژن، ئازادی، چەوسانەوە و دەسەڵات بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەرفراوان بکات و نەوەیەکی نوێ بهێنێتە نێو کایەی ململانێ؛ بەڵام وشیاریی کۆمەڵایەتی بەبێ میکانیزمی سیاسیی ڕێکخراو، بە تەنیا ناتوانێت سیستەمی حوکمڕانی بگۆڕێت یان لەپەلی بخات. بزووتنەوەی جەماوەری دەتوانێت پایەکانی دەسەڵات بلەرزێنێت، بەڵام بۆ گۆڕینی هاوکێشەی حوکمڕانی، پێویستیی بە چوارینەی: ڕێکخستنی پتەو، بەرنامەی سیاسی، ستراتیژیی کارا و توانای دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسیی بەرفراوان هەیە.
ڕێک لەم خاڵەدایە کە گرێکوێرەیەکی ستراتیژیی بزووتنەوەکە دەردەکەوێت: بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە سەرەتادا بە شێوەیەکی خۆڕسک، تۆڕی و فرەناوەند (شێوە ریزۆمیک) پەرەی سەند. ئەم تایبەتمەندییە لە ساتەوەختی

سەرهەڵداندا خاڵێکی بەهێز بوو، چونکە نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی دیاریکراو و ناوەندی، دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیمی بۆ ماوەیەک تووشی سەرلێشێوان کرد و دەرفەتی سەرکوتی خێرای لێ سەندنەوە؛ بەڵام هەمان خەسڵەت لە قۆناغی دواتردا بووە گەورەترین ئاستەنگی سیاسی: ئەویش پەرشوبڵاوبوونەوە و بێوەڵاممانەوەی ئەم پرسیارە بوو کە چۆن دەکرێت ئەو وزە شۆڕشگێڕییە ئاراستە بکرێت و کەناڵیزە بێت بۆ خزمەت پرۆژەیەکی یەکگرتوو و ڕێکخراوی سیاسی؟

ئەم دۆخە نابێت بە لێکدانەوەیەکی ڕووکەش بە «شکست» لە قەڵەم بدرێت؛ چونکە لە فەلسەفەی سیاسیدا، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و پرۆژەی سیاسی دوو پرۆسەی جیاوازن بەڵام تەواوکەری یەکترن. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەلیسمی ترس دەشکێنێت، چەمکەکان دادەڕێژێتەوە و بیاڤی گشتی وەئاگا دەهێنێتەوە؛ کەچی پرۆژەی سیاسی پێویستی بە دامەزراوەسازی، چڕکردنەوەی تواناکان و گۆڕینی هێزی شەقامە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسیی کارا.

لە بەرامبەریشدا، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە چەکی سەرکوتی خوێناوی پێش بەم تەوژمە نەگرتووە؛ بەڵکوو پشتی بە سیستەمێکی ئاڵۆزی پێکهاتەیی بەستووە کە تۆڕێکی لە دەزگای یاسایی، ئەمنی، سەرکوتکاری دەروونی و سەرمایەداریی ڕانتخۆر لەبەردەستدایە و بە شێوەیەکی فرەڕەهەند مانۆڕی پێوە دەکات تا کۆنترۆڵی کات بکات و ناڕەزایەتییەکان بتوێنێتەوە. بۆیە هەر هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا، دەبێت تەبایی و هاوسەنگی لە نێوان گوڕوتینی هێزی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕێکخستنی سیاسی و دامەزراوەییدا دروست بکات.

هاوکات، کەمبوونەوەی ڕێژەیی دەرکەوتنی جەماوەر لە شەقامدا نابێت وەک کۆتاییهاتنی ئەم ڕەوتە مێژووییە سەیر بکرێت. شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بە یەک فۆرم و بە شێوەیەکی هێڵی بەردەوام نابن؛ زۆرجار کاتێک شەقام کەمێک بێدەنگ دەبێت، بزووتنەوە لە شادەماری ژیانی ڕۆژانەدا ڕەگ دادەکوتێت؛ لە زانکۆکان، ژینگە ئەدەبی و هونەرییەکان، ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و بەتایبەت لە بەرگریی ژنان دژ بە ستەمی باڵادەست. کەواتە دەبێت جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان «دامرکانی شەپۆلێکی سەر شەقام» و «کۆتاییهاتنی بنەماکانی بزووتنەوە»دا بکەین.

بۆ ژنانی کورد، ئەم ململانێیە خاوەنی فرەڕەهەندییەکی مێژوویی و جیۆپۆلیتیکی قووڵترە. چەمک و مانیفێستی «ژن، ژیان، ئازادی» لە هەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانەوە سەری هەڵدا و ژینا ئەمینی بوو بە هێما و سیمبولی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری. بەڵام ژنی کورد هاوکات لەگەڵ ستەمی ڕەگەزیدا، لەژێر قورسایی توندی سەرکوتی سیستماتیکی نەتەوەیی، سیاسی و میلیتاریزەکردنی بەردەوامی نیشتمانەکەیدا دەژی. کەواتە پرسی ژنی کورد هەرگیز لە چوارچێوەی داخوازیی «مافی ژنان»دا قەتیس نابێت، بەڵکوو بە هاوکێشەی ڕزگاریی نەتەوەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چارەسەری ستەمی نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە بەستراوەتەوە.

سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر بزووتنەوەکە تەنیا لە ڕووبەری دروشم و هێما سۆزدارییەکاندا چەق ببەستێت، کاریگەرییە سیاسییەکەی پاشەکشە دەکات؛ بەڵام ئەگەر ئەو زەین و هۆشیارییە مێژووییەی خوڵقاندی، بگۆڕدرێت بۆ دیسکۆرس و گوتارێکی سیاسیی هاوچەرخ و فرەدەنگ، ئەوکات دەتوانێت وەڵامی مانیفێستی داهاتوو بداتەوە: دەسەڵاتی داهاتوو چۆن و لەسەر چ مۆدێلێک دادەمەزرێت؟ هاوسەنگیی مافی تاک و مافی بەکۆمەڵی پێکهاتەکان چۆن زامن دەکرێت؟ پێگەی نەتەوەکان لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا چۆن ڕێک دەخرێتەوە؟ و لە هەمووی گرنگتر، ژن لە پێکهاتەی بەڕێوەبردن و ناوەندی بڕیارداندا چۆن دەبێتە بکەرێکی خاوەن دەسەڵات؟

لێرەدایە کە خەباتی ژنان پێ دەنێتە فازێکی باڵاتر؛ پرسیارەکە چیتر تەنیا ئەوە نییە کە «چۆن دەسەڵات تووشی تەنگژە بکەین؟»، بەڵکوو ئەوەیە کە «چۆن ئەم وزە جەماوەری و کۆمەڵایەتییە بگۆڕین بۆ سەروەریی سیاسی و توانای بڕیاردانی کارا؟».

گۆڕانکاری لە ساتەوەختی شکاندنی دیوارەکانی ترسەوە دەست پێدەکات، بەڵام گەیشتن بە مەنزڵی سەرکەوتن، پێویستیی بە دیسپلینی فیکری، پلاندانانی ڕێکخراوەیی و دیدگایەکی ڕوون بۆ داهاتوو هەیە.

لە کۆتاییدا، میراتی زیندووی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» نابێت لە ئەرشیفی بیرەوەریی شەقام و دروشمە کاتییەکاندا کورت بکرێتەوە؛ بەڵکوو پێویستە لە وەڵامی ئەم پرسیارە بنیادنەرەدا بپشکنرێت: ئایا ئەو کۆمەڵگەیەی بوێریی شکاندنی ترسی هەبوو، ئامادەیی و لێهاتوویی ئەوەشی هەیە کە داهاتوویەکی دێموکراتیک و فرەڕەهەند بنیاد بنێت؟

ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت، کەواتە ئەرکی لەمەودوای هێزە شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە لە ناڕەزایەتییەوە بەرەو ڕێکخستنی تۆکمە، لە ڕێکخستنەوە بەرەو مانیفێست و بەرنامە، و لە بەرنامەشەوە بەرەو داڕشتنی هێزێکی سیاسیی ڕەوا و بڕیاردەر هەنگاو بنێن. تەنیا لەو کاتەدایە کە «ژن، ژیان، ئازادی» لە ناوی ڕاپەڕینێکی مێژووییەوە، بە کردەوە دەبێتە پرۆژەی ڕزگاریی مرۆڤ و گۆڕینی ڕیشەییی چارەنووسی کۆمەڵگە.

سەرچاوە:

(Mostafa Khalili, “From ‘Green Movement’ to ‘Woman, Life, Freedom’: Continuity and Change in the Evolution of the Protest Movement in Iran,” Protest, Vol. 3, No. 1, 2023, pp. 133–140).

٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کەماڵ کەریمی: مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەڵات هاوکێشەی مووشەکەکانی قەڵای دێموکراتی پێچەوانە کردەوە

وتووێژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

١٧ی خەرمانان، ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتدا بە وەرچەرخانێکی ئەمنی و سەربازی هەژمار بکرێت، لە ناخی ئەو کەسانەی لە ناو هۆڵی پلینۆمەکەدا لە نێوان دووکەڵ، دار و پەردوو و خەڵتانی خوێندا ژیانەوە، داستانێکی پڕ لە خۆڕاگری و ڕاپەڕینەوەیە. لەم وتووێژەدا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و شاهیدێکی زیندووی ئەو چرکەساتە سامناکانە، پەردە لەسەر لایەنە نادیارەکانی ئەو کارەساتە هەڵدەداتەوە. ناوبراو بە وردی جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن ڕێژیم بە پیلانێکی داڕێژراو و لە ڕێگەی خیانەتکارانەوە ئامانجی سڕینەوەی جەستەیی ڕێبەریی حیزب بوو، بەڵام چۆن ئیرادەی ڕاپەڕیوی شاری کۆیە و وەڵامی ئاگرینی شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردەوە. ئەم وتووێژە تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوێک نییە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی قووڵە بۆ وانە ئەمنی و سیاسییەکانی حیزبێک کە لە نێو ئاگر و مووشەکدا، دووبارە خۆی داڕشتەوە.

شەهرام سوبحانی: لە کۆبوونەوەی پلینۆمدا، کاتێک دەنگی تەقینەوەکە هۆڵەکەی داگرت و هەمووان لە نێوان مان و

نەماندابوون، یەکەم وێنە یا بڕیارێک کە لە مێشکتاندا خێرا بووەوە چی بوو؟ لەم ساتە سەختەی ناو دووکەڵ و وێرانییەکەدا، چۆن توانای خۆتان و هاوڕێکانتان کۆکردەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی مەیدانەکە بکەن و کارەساتەکە قووڵتر نەبێتەوە؟

کەماڵ کەریمی: سپاس بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» و زەحمەتی ئێوەش بۆ یادکردنەوەی کارەساتی زیانباری ١٧ی خەرمانان. لە ڕاستیدا لەوانەیە ئاسان نەبێت بتوانم بە قسە ئەو هەستە دەروونییە دەرببڕم کە لەو چرکەساتەدا تووشی بووم. پێشتر ناوەندی ئەمنییەتی حیزب ئاگادار بوو لەوەی کە مەترسیی هێرش بۆ سەر حیزب هەیە. بەپێی ئەزموون لە شێوازەکانی هێرشی ڕێژیم، لە دەرەوە و دەوروبەرمان ڕێوشوێنی پاراستن ڕەچاو کرابوو، بەڵام لە هۆڵێکی داپۆشراودا و سەرقاڵی باس لەسەر ئەرک و بەرپرسیارەتیی ڕێبەریی حیزب بووین کە کتوپڕ دەنگێکی سامناکی چاوەڕواننەکراو هات و دار و پەردوو بەسەر هاوڕێیاندا دەباری؛ هەستم کرد شتێک گەورەتر لەوەیە کە چاوەڕوان دەکرا. مووشەکبارانێک کە کەس بیری لێ نەدەکردەوە، ئەویش بەو شێوازە! بە دەنگی یەکەم نەماندەزانی چی ڕووی داوە. کاتێک زانیمان لەژێر بارانی مووشەکەکانی ڕێژیمداین و هاتینە دەرەوە، زانیمان لە ناو قەڵادا زۆر کەس لە هاوڕێیانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە شەهید بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون. هەروەها زانیمان لە فێرگەش دوو هاوڕێی کادری حیزب شەهید بوون، کە سەرجەم بوونە ١٦ شەهید و دەیان کەسیش کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو، بریندار بوون.

لەو کاتەدا تەنیا شتێک کە دەتوانی بیری لێ بکەیتەوە، خۆڕاگری و لەسەر پێ بوونە. کاتێک لە نێو کەسانێکدا خۆت دەبینیتەوە کە سەرەڕای سامناکیی ئەو جینایەتە و لە نێو وێرانی و دیتنی ئەو هەموو قوربانییەدا پێشمەرگانە خەم لە چارەسەر دەخۆن و بە ورەبەرزی و ئەرکەوەخۆگرییەوە لە دەوروبەرت دەمێننەوە، دەبێ بە شێوەیەکی کاتی خەمەکان لەبیر بکەیت. بیری خۆڕێکخستنەوەیەکی نوێ، هەناسەیەکی تازەت وەبەر دێنێتەوە. ئەمە لەگەڵ ناخۆشییەکانی کارەساتەکەدا، دڵخۆشییەکی گەورە بوو. ئەمە ئەو ساتانە بوو کە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی لەوێ بوون بیرمان دەکردەوە دەبێ چی بکەین. لە پاراستنی قەڵا و ئۆرگانەکان و کەلوپەلە پێویستەکانەوە تا ئاگاداربوون لە حاڵی بریندارەکان و پێراگەیشتن بە ڕاگەیاندنەکان، ئەرکی ئەو هاوڕێیانە بوو کە لە قەڵا کۆ ببوونەوە و هەر کەس و گرووپێک بە ئەرکێک ڕادەسپێردرا.

شەهرام سوبحانی: پێکان و وردبینیی ئەو هێرشە دەریخست کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دوو سیخوڕەوە ئامێری GPS ی لە شوێنی کۆبوونەوەکە جێگیر کردووە؛ حیزب چۆن پەردەی لەسەر شێوازی دزەکردن و خیانەتی ئەو دوو کەسە هەڵدایەوە و کەشفبوونی ئەم درزە ئەمنییەتییە چ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی پاراستنی حیزبدا دروست کرد؟

سەرچاوە
Serchawe

لە ڕاستیدا کاتێکی زۆری برد تا توانرا ئەو خائینانە دەستبەسەر بکرێن. هەر زوو هەست بەوە کرا کە ئەو دوو خائینە دەستیان لەو کارەدا هەیە و بە جۆرێک هاتووچۆ و هەڵسوکەوتیان لەژێر چاوەدێریی هاوڕێیانی کۆمیتەی ئەمنییەتدا بوو؛ ئەوان دڵنیا بوون لە بەشداریی ئەو دوو کەسە لەو خیانەتەدا. بەڵام بۆ ئەوەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەست کەوێت کە نەتوانن حاشای لێ بکەن، لە ڕێگەی جۆراوجۆر و کۆنترۆڵکردنی هاتووچۆ و پەیوەندییەکانیانەوە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێژیم کەڵک وەرگیرا؛ دوای بەدەستهێنانی کۆمەڵێک بەڵگە و دڵنیابوون لە خیانەتەکەیان، دەستبەسەر کران.

لە سیستەمی پاراستنی حیزبدا پێشتر بەهۆی شێوازی پیلانەکانی ڕێژیمەوە، زیاتر سەرنج لەسەر دەوروبەری شوێنی پێشمەرگە و بنکەکانی حیزب بوو. بەڵام ئەم ڕووداوە وای کرد کە لە پاڵ ئەوەدا بیر لە شێوازی نوێی بەرەوڕووبوونەوە و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکان بکرێتەوە و وردتر بڕواننە هەموو ڕەوت و جووڵەکانی ڕێژیم لە دژی حیزب، لە دوور و لە نزیکەوە.

شەهرام سوبحانی: لەم ڕووداوەدا ژمارەیەک لە بەئەزموونترین کادر و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب شەهید بوون؛ وەک کەسێک کە لە نزیکەوە شاهیدی ئەو لەدەستدانە بوون، ئەم ڕووداوە تا چەند کاریگەری لەسەر بەتاڵبوونی درێژخایەنی ناوەندی بڕیاردان و گواستنەوەی ئەزموون بۆ نەوەی نوێی حیزب بەجێهێشت؟

کەماڵ کەریمی: ئەوەی جێی خۆشحاڵییە، لە حیزبی دێموکراتدا ئێمە هەمیشە شاهیدی بوونی بڕوا و پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانە بووین. حیزبی دێموکرات بەوەوە ناسراوە کە لە هەلومەرجە سەختەکاندا لەسەرپێ وەستاوە و چۆکی دانەداوە. ڕاستە لەو ڕووداوە تاڵەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب شەهید بوون و جێگەی بەتاڵیان لە کار و بەڕێوەبەریدا دیار بوو، بەڵام ئەو هەستە شۆڕشگێڕییەی لە باقیی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکاندا بەدی دەکرا، ئەو بەتاڵاییەی کەمڕەنگ کردبووەوە. ئەوەی من بەبیرم بێت، هەر لە ساتەکانی دوای مووشەکباران و ڕۆژانی دواتر، ئەو جموجووڵەی لە حیزبدا دەبینرا کەموێنە بوو. هەستت دەکرد سەرەتای شۆڕشێکی نوێیە و بۆ هەر ئەرکێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب ئامادە بوون. بەڵام ئاسان نەبوو لەو هەلومەرجەدا کە نیوەی ئەندامانی ڕێبەری شەهید و بریندار ببوون، هەست بە قورسایی ئەرکەکان نەکرێت. لەژێر ئەو بارە قورسەدا، بەخۆشییەوە زۆری نەبرد ڕێبەریی حیزب توانی بەرپرسیارەتی و جێگەی خاڵیی هاوڕێیانی شەهیدمان لە ئۆرگانەکانی حیزبدا پڕ بکاتەوە و درێژە بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکان بدرێت. دواتریش لە کۆنگرەدا جێگەی ئەوان ئەسپێردرا بە کۆمەڵێک لەو کادرە گەنجانەی کە ساڵانێک بوو لەگەڵ هاوڕێیانی شەهیدیان کاریان کردبوو و لە نزیکەوە لێزانی و چۆنیەتیی ئەرکی بەڕێوەبەرییان لەگەڵیان ئەزموون کردبوو.

خەرمانانی ٢٧٢٦

شەهرام سوبحانی: ئێران لەو هێرشەدا بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا مووشەکی دوورهاوێژی بەکارهێنا بۆ سەپاندنی هاوکێشەیەکی نوێی سەربازی. بە بڕوای ئێوە، ئایا ئامانجی تاران تەنیا لێدانی فیزیکی بوو یا دەیویست جۆرێک لە تۆقاندنی ستراتیژیک بەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێنێت؟ حیزب چۆن ئەو هاوکێشەیەی بەرپەرچ دایەوە؟

کەماڵ کەریمی: لەو پەیوەندییەدا زۆر شت هەیە باس بکرێت و زۆر پرسیاریش هەبوو. بەدوور لە هەموو ئەو باسانە، ئەوەی ڕاستی بێت و ئێمە زانیاریمان لەسەری هەبوو، هێرشێکی ئامانجدارانە و بەرنامەداڕێژراوی ڕێژیم بوو کە ئەو ڕۆژە ئەنجامی دا. ئەوەی کە ئەو جۆرە مووشەکە دووربڕ و خاڵپێکەی بەکارهێنا کە پێشتر لە هیچ شوێنێک تاقی نەکرابووەوە، پرسیاری زۆری لەسەر بوو. بەڵام ئامانجی هێرشەکەی ڕێژیم دەریخست کە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی مووشەکەکانیان نەبووە، بەڵکوو بۆ دڵنیابوونیان بووە لە پێکانی ئامانجەکەیان؛ هەروەک دیتمان بە باشی شوێنی مەبەستیان پێکا. ئەگەر ئاورێک لە ماڵپەڕ و پەیجەکانی سوپای پاسداران بدەینەوە و تەنانەت لانی کەم بۆ جارێک لە دەنگ و ڕەنگی ئێران، فەرماندەکانی سوپا ماوەیەک بەر لەو هێرشە تاوانکارییە، هەڕەشەیان لە حیزبی دێموکرات دەکرد و بە ئاشکرا دەیانگوت ئێمە لە سەری سەرکردایەتییەکەیان دەدەین و ئەو کارەشیان کرد. خۆ ئەگەر ئەو جۆرەی ویستیان بوو نەیانتوانی بە ئامانجەکەیان - کە وەک خۆیان دواتر گوتیان لەناوبردنی تەواوی سەرکردایەتیی حیزب بوو - بگەن، بەڵام توانییان هەم تاقیکردنەوەکەیان بکەن و هەم بە بەشێک لە ئامانجەکەیان بگەن.

دیارە لە ڕووی سەربازییەوە خۆدەرخستنێکی نوێ بوو، نەک تەنیا بۆ حیزب و بزووتنەوەی چەکداریی کوردستان، بەڵکوو بۆ ئەو لایەنە دەرەکییانەش کە ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی کێشەی لەگەڵیان هەیە و هەڕەشە لە یەکتر دەکەن، کە ئاکامەکەی دوو شەڕی یەک ساڵی ڕابردوو بوو لە ئێران و ناوچەکەدا. سەبارەت بە کێشەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، حیزبی دێموکرات کە ئاساییە توانای سەربازیی لە شەڕی مووشەکیدا نەبێت، ئەوەی هەیە توانا و بەرهەڵستکاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتدا، گۆڕان بەسەر هاوکێشەکان لە نێوخۆدا دێنێت. هەروەک دیتمان تەنیا چەند ڕۆژ دواتر و بەدوای پەیامی کاک خالیدی عەزیزی کە دوای مووشەکبارانی قەڵا ڕایگەیاند ئێمە لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات وەڵامی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، مانگرتنێکی سەرتاسەریی سەرکەوتوو لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تووشی شۆک کرد و دانیان پێدا نا کە دوای ئەو مووشەکبارانە چاوەڕوانی شتێکی وامان لە هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵات نەدەکرد. ئەوان پێیان وابوو بەو تاوانە و ئەو زەبرەی لە حیزبیان داوە خەڵک دەتاسێنن، کە پێچەوانەکەیان دیت.

شەهرام سوبحانی: بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامی کە پێی وابوو حیزب تووشی ئیفلیجبوونی ڕێکخراوەیی دەبێت،

ڕۆژانی دوای ١٧ی خەرمانان شوێنەواری سیاسی و دەروونیی ئەم ڕووداوە لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵات و وەرەی پێشمەرگە چۆن ڕەنگی دایەوە؟

کەماڵ کەریمی: بە دیتنی خۆم ئەو مووشەکبارانەی کە زیانی گیانیی زۆری بە ئێمە گەیاند، نەتەنیا نەبووە هۆی دابەزینی وەرەی پێشمەرگە، بەپێچەوانەوە وەک پێشتریش باسم کرد ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە بیر و زەینی تاکتاکی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبدا گەشەی سەند. لەو ڕۆژانەدا ڕۆحی کارکردن و ئەرکوەئەستۆگری لە بوونی هەمووانداا دەبینرا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەک تەنیا بە مانگرتن، بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆری چالاکییەکانیان بوونی خۆیان بۆ جارێکی دیکە سەلماند.

باشە باس لەوە بکەین کە چوار ساڵ دواتر و بەدوای شەهیدکردنی ژینای بێتاواندا چۆن ئەو ڕقە پەنگخواردووەی خەڵک بە ڕووی ڕێژیمدا تەقییەوە و جگە لە کوردستان هەموو ئێرانیشی گرتەوە؛ ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕە بەم شێوازە بە ڕێژیمیان سەلماند کە هیچ جینایەتێک ئەو نەتەوەیە لێک دانابڕێت و هەروەک حیزبی دێموکرات گوتوویەتی: «مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی ئێمە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە»، ئەوان لەو مەیدانەدا سەربەرزانە دەمێننەوە.

شەهرام سوبحانی: دوای تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر ئەو جینایەتەدا، کاتێک وەک شاهیدێکی زیندووی ناو هۆڵی پلینۆمەکە ئاوڕ لە ١٧ی خەرمانان دەدەنەوە، گرنگترین وانەی سیاسی، ئەمنی و فەرماندەیی کە حیزبی دێموکرات لەو تاقیکردنەوە سەختەوە وەریگرت چی بوو؟

کەماڵ کەریمی: ئەگەر لە سیاسەت بدوێین، دەبێ ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین کە حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانییەوە بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، بووەتە نوێنگەی بیری ڕێکخراوی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بیرکردنەوەیەک کە ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی، سەرەڕای هەموو تاوانێک کە دەرهەق بەو نەتەوەیە لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا کردوویانە، نەیانتوانیوە لە مێشکی خەڵک دووری بخەنەوە. بەپێچەوانەوە، ساڵ بە ساڵ ئەم بیرکردنەوەیە وەک بیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و بە شێوازێکی زانستییانەتر خۆی نوێ کردووەتەوە و خەڵکێکی زیاتری لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی پێ گۆش کراوە.

لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات، وەک ئاڵاهەڵگری ئەم بیرە نەتەوەییە، توانیویەتی سوکانی ڕێبەری لە هەناوی بزووتنەوەی کورددا بەدەستەوە بگرێت. لەم پێناوەدا و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، لاوان و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی لە

خەرمانانی ٢٧٢٦

ڕیزەکانی خۆیدا پەروەردە کردووە. بەم جۆرە و بە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکرات وەک هێزێک سەیر دەکرێت کە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێت؛ دژایەتیی توندی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش دەبێ لەم سۆنگەیەوە سەیر بکرێت.

کاتێک لە ١٧ی خەرمانانەوە چاو لەو مەبەستە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆکداهێنانی خەڵک و لاوازکردنی حیزب، جیاواز لە پەلاماری هەمەلایەنە بۆ سەر تێکۆشەرانی گەلەکەمان، پەلاماری ڕێبەرانی حیزب دەدات؛ لە شەهیدکردنی دوکتور قاسملووەوە هەتا دوکتور شەرەفکەندی و هەتا دواتریش. بۆیە دەبێ بە وردبینی و تێگەیشتنێکی قووڵترەوە لە ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بڕوانین. لەو جۆرە ڕوانینەدا هیچ شوێنێک بۆ بیرکردنەوە لە مەسەلەی کورد و چارەسەری کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی نییە، بەڵکوو ئەوان تەنیا بیر لە ئەمنییەتیکردنی زیاتری کوردستان، سەرکوت و بەرەبەرە ئاسیمیلاسیۆنکردنی کوردستان دەکەنەوە. لێرەوە پێویستە وردبینییەکی زیاتر لە داڕشتنی سیاسەت و شێوازی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بکرێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو پیلانەکانیان لە دژی حیزب و نەتەوەکەمان.

لە بواری ئەمنییەت و پاراستنی حیزبیشدا ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە، ڕێژیم لە هەموو شێوازێک کە پێوەندیی بە بەرنامە تێرۆریستییەکانییەوە هەیە کەڵک وەردەگرێت؛ لە کاری سیخوڕی و تێرۆرەوە بگرە تا بۆمبنانەوە و مووشەکبارانکردن و هەر کارێکی دیکە کە بۆی بێتە ئاراوە. ئەم کارانە لە بنکەی جیاوازەوە لە دوور و نزیکەوە چاوەدێری و ئاراستە دەکرێن. ئەمەش سەلماندی کە حیزبیش پێویستە لە هەموو شوێنێک چاوەدێرییان بکات. پێداچوونەوە بە ڕابردووی ئەو کەسانەی پێوەندی بە حیزبەوە دەکەن و لە کار و چالاکییەکاندا بەشدارن، خاڵێکی گرنگە بۆ ناسینی باشتری ئەو کەسانەی کە لەوانەیە لەلایەن ڕێژیمەوە ئەرکدار کرابن. بەگشتی، دەبێ لە بازنەیەکی بەربڵاوتردا گرنگی بە پاراستن و ئەمنییەتی حیزب بدرێت.

٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٣٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠١٦ی زایینی

سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و لێدوەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe